تصوير ابو عبد الرحمن الكردي
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کورتەی مێژووی فەلسەفە

مەحمود مەلا عززەت

کورتی کردۆتەوەو کردویە بە کوردی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

٦٦

کورتەی مێژووی فەلسەفە

کورتەی مێژووی فەلسەفە

مەحمود مەلا عززەت

کورتی کردۆتەوەو کردویە بە کوردی

پێشەکی بۆ دەقەکە نوسیوەو، فەرهەنگی بۆ ڕێکخستوە

چاپی سێیەم

٢٠٠٦

بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر
زنجیرەی ژمارە(٦٦)

ناوی کتێب : کورتەی مێژووی فەلسەفە
بابەت : فەلسەفە
وەرگێڕ : مەحمود مەلا عززەت
بڵاوکەرەوە : کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر
شوێنی چاپ : سلێمانی : چاپخانەی سیما
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم سوید- ١٩٨٨)
چاپی دووەم- (سلێمانی- لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)- ٢٠٠٣)
چاپی سێیەم: (کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر -٢٠٠٦)
ژمارەی سپاردن : ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠٠٥ ی دراوەتێ

ئەم دەقە كوردیە پێشكەشە بەو تێكۆشەرەی كە:

ڕەشەبای ناو ژیانی پڕ كوێرەوەریی خەبات

چرای بیركردنەوەی زانستییانەی ناكوژێنێتەوە..

گەرداوی دەریای تیۆری لەواقیعی خەباتی

ناو بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نیشتمانەكەی لای نادات..

ئەم چاپەی کورتەی مێژووی فەلسەفە

بەکوردی کردنی ئەم کورتەی مێژووی فەلسەفەیە بەرهەمی کاری ڕووناکبیریی ناو بارودۆخی خەباتی قۆناغێکی سنورداری بزوتنەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازی کوردستانە لە دەرەوەی نیشتمان. مەبەستیش لەوەرگێڕانی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاریی سیاسیی و ئایدیۆلۆجیی تێکۆشەرانی ناو ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرجەم خەباتگێڕانی سەر ڕێبازی بزوتنەوەی کوردایەتی بوو.

لە گەڵیشیدا بووبە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لە چەند زانکۆیەکی ڕوسیادا دەیانخوێند چونکە ئەسڵی بەرهەمەکە بە زمانی روسیی نوسراوە. تا ئێستاش کتێبێکی بڕیار لەسەردراوە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کۆلێج و بەشی مرۆڤایەتی لە

زانکۆکانی ڕووسیای فیدرالدا، ئەوەش بایەخی بەرهەمەکە و ئەم بە کوردیکردنە زیاتر دەردەخات. . .

دوای زیاتر لە ١٦ ساڵ لەوەرگێڕان و ١٤ ساڵ لە چاپکردنی ئەم دەقە کوردییە لە ئەورووپا، کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، هەمان مەبەست و سەنگ و سوودی لەو زەمەن و زەمینەی بەرهەمەکە، سەرلەنوێ بیری چاپکردنەوەی لە کوردستان هێنایەوە ئارا.

بە تایبەتیش چاپی یەکەمی هەر لە ئەورووپا کراو بڵاوکرایەوە کە بەهۆی نائاسایی ڕێگەوبان لەو سەردەمەدا و قەدەغەکردنی هێنان و بردنی کتێب و بڵاوکراوەو نووسین، خوێنەری کوردستان لەو بەرهەمە بێبەش بوو، تاکوئەرا نەبێت کە بەزەحمەتێکی زۆر دەگەیەندرایە زانکۆ و کتێبخانە گشتییەکان. . .

ئەوەی پێویست و گرنگە کە لێرەدا ڕووناکیی بخرێتە سەر چەند تێبینی و باری سەرنج و بۆچوونێکە لە سەر تیۆری و ڕێبازە بنچینەییەکەی ئەم بەرهەمە.

لەناو گۆڕان و پێشکەوتنە مەزن و خێراو پڕکاریگەرییەکانی ئەم سەردەمەی بە جیهانیبووندا، لەگەڵ ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەکەی نەمانی جەنگی ساردو هەڵوەشانی ڕژێمی سۆسیالیستیی لەو وڵاتانەداو دەرخستنی ئەو دۆکومێنتانەی کە پەردەی لەسەر

---

1 لەناو ئەم قوتابیانەی هاتنە لام و ئەوەیان باسکردو سۆراغی دەقە کوردییەکەیان دەکرد ئەوانەی لە بیرم مابن: ئازاد کەرکوکی و چابوك عومەر بوون...

دیکتاتوریەت لەو ولاتانەدا، بە هەموو شێوەکانییەوە، هەڵدایەوە، دوای ئەوەی پرۆسەی مافی مرۆڤو بەسەرکردنەوەی، بەرین و ڕۆلبینەر بوو، بیروباوەڕەکانی دیموکراسیی لە زۆر ولات و ناوچەی دنیا بلاوبووەوە، کە دیموکراسییە ناتەواوو بە سنوورەکەی ئەو تیوریەو دیکتاتۆرییەتی بلۆکەکە خرانە ڕوو، ڕوون و ئاشکراتر هەندێك لە هەڵەو کەلێنەکانی تیوری مارکسیزم لینینیزم ولایەنێکی فەلسەفەکەی دەرخرا، بۆ چوون و لێکدانەوەی‌نوێ و جۆراو جۆر هاتنە ئاراوە، بازنەی ئەو پیرۆزیی و دۆگمایەی جاران شکێنران، بۆیە تێگەیشتنەکان زیاترو زانیارییەکان بەرین و فراوانتر بوون...

ئەم بەرهەمە لەلایەن سیی و شەش لە مامۆستایانی سۆڤییەت کە سەردەمی گۆرو باوو هێزی یەکێتی سۆڤییەت بوو، دانراوە.

بۆیە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە گەلێك بیرو ڕاو بۆچوونی تێدایە سەلماون و تا ئێستاش جێگەی خۆیان لەناو فەلسەفە و گۆڕڕانە نوێیکاندا گرتووە، ڕاو بۆچونی واشی تێدایە کە لەگەڵ گۆڕڕانەکانی سەردەم و شارستانییەت و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆدا ناگونجێن، زانیاریی ناو ئەرشیفە بەردەستخراوەکانیش پەردەیان لەسەر زۆر لە ڕەوتی ڕوودلوو هەڵەو کارە نائاسایی و خوێناوییەکان هەڵداوەتەوە.

وەك گوتم دەکرێ بڵێین بنەمای وای تێدایە سەلماون و تا ئێستاش جێگەی تایبەتی خۆیان لەناو فەلسەفەی سەردەم و گۆڕڕانە نوێیەکاندا گرتووە و لە تەکیشدا هەر سەردەمێکی زۆر کورتی دوواییدا، هەڵەکانی هەندێك لایەنی تری کەوتنەڕوو، دیسان هی تری وای تێدایە کە پێچەوانەی پێشکەوتنەکانی سەردەمن، زیاتر لەوانە، هەندێکیشی هێندە

بــه وشــكوبرنگی و جامیــدی وه‌رگــیراون کــه زیــانی گــه‌وره‌یان لێبکه‌وێته‌وه...

بۆ نموونه گوتراوه شۆرشه دیموکراسیه بۆرژواکانی ساڵی ۱۸٤۸ لـه ئه‌وروپا ئه‌وه‌یان سه‌لماند که بۆرجوای لیبرال بووه بـه چینێکی دوژمـن به پێشکه‌وتن، لام وایه ئه‌وه ته‌واو پێچه‌وانه‌ی واقیعی پێشـکه‌وتنه‌کانه. هه‌ر چه‌نده پێشـکه‌وتنه‌کان بـه هێـزی بـازوی چینی گارگـه‌رو ئـامرازی به‌رهه‌مهێنان بووه، به‌لام ئه‌قڵ و هێـزی بـیری ئـابووری و تـه‌کنیك هـه‌ر چینی بۆرجوا بوو، دیسان بۆچونه‌کان له‌سـه‌ر ئـایین جێگـه‌ی مشـتومرو نـه‌گونجاوو ململانێیـه‌کی بـه‌رده‌وام بـوون... که زیـانێکی گه‌وره‌ی لـه تیورییه‌که‌و ڕژێمه دامه‌زراوه‌کان دا... خۆ هه‌ر نـاوه‌روکی ئـه‌م به‌رهه‌مـه ئه دەستنیشانکردنه پێشه‌نگه ناوداره‌کانی تیۆری و زانسـت و هونـه‌ر و ئابوری ..که هـه‌مووی ئـه‌ناو چـینی بـورژواوه بـوون ئـه‌و بۆچـونانه‌مان ده‌سه‌لمێنن.. زیاتریش له‌وانه:

بنه‌مایـه‌کی سـه‌ره‌کیی ئـه‌و تیۆرییـه، دیکتاتورییـه‌تی پرۆلیتاریایـه، ئه‌زموونه‌کانی حزبه کومونیست و ڕژێمه سۆسیالیسـته‌کان؛ ده‌رکـه‌وتنی شـوێنه‌واری پیـاده‌کردنی ئـه‌و دیکتاتوریه‌تـه، هه‌ڵـه‌و بۆشـاییه‌کانی، سـه‌لماندوویانه کـه ئـه‌و دیکتاتوریه‌تـه زیـان و کاره‌سـاتی گـه‌وره‌ی لێکه‌وته‌وه، تا ئه‌وه ئاسته‌ی که ئـه‌مڕۆ ناحـه‌زو دوژمنـانی سۆسـیالیزم، هه‌م ڕژێمه‌که‌و هه‌م کرده‌وه‌و شوێنه‌واره‌کانی، به‌هاوتاو هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ نازیزم و فاشیزمدا بده‌نه قه‌ڵه‌م، به له‌دایکبوی یه‌ك منالدانی مرۆڤایه‌تیی دواکه‌وته‌یان دابنێن.

دیکتاتوریه‌ت هه‌ر جۆرو ڕه‌نگێك بێت هه‌ر دیکتاتوریه‌تـه، سـه‌پاندنی ده‌سه‌لات و به‌رژه‌وه‌ندییه ته‌سکه‌کانی به‌شێکی بچوکی کۆمه‌ڵه به زۆری

هێز، بەسەر هەمووانـدا، زەوتکردنی ئازادی و دیموکراسـی و هـەلبژاردنی گشـتیی و ئـازادی و عەدالـەتی کۆمەلایەتییـە لــە زۆربــە، ئـیتر دیکتاتوریەتێەکە هی پرۆلیتاریا بێت یان سەرمایەداریی، هی حزبێك بێت یـان گروپــە ئەفسـەرێك، هــی بنەماڵەیـەك بێـت یـان هــی خێڵێـك، دیکتاتوریەتی ئایینیو مەزەبی بێت، یان هی سیاسی و رەگەز...

لایەنێکی نێگەتیڤی پیادەکردنی ئـەو تیوریـە لـە حزبـی پرۆلیتاریـای کلاسـکیدا، پێرەوکردنــی سـەرجەم بنــەماکانی تیورییکەیـە، بــەبێ ئاوردانەوە لە گـۆڕان و لـە هەڵـەکان، دەنگی ئینديڤيـد(تـاك)و دەنگـی کەمایـەتیی لـە دەری بازنـەی شـانە، لـە بۆنـە تایبـەت و دەگمەنەکانـدا نــەبێت، تەنانــەت لــە ڕێکخستنەکەشــیدا خنکێنــراوە، ناوەنــدێتی دیموکراسـیی کـە بنەمایـەکی سـەرەکی بنکـەی ڕێکخسـتنەکانی حزبـە مارکسیە لینینییەکان کە لە سـەردەمێکی دواتـردا کـرا بـە ئـامرازێکی دیکتاتۆری حزبی لە ناو حزبەکەشدا، دیالۆگی شارستانیی و ڕادەربرینی خسـتوتە نـاو ئەلقەیـەکی تەسـك و داخـراوەوە، لـەناو ئـەو ئەلقـە زۆر تەسکەشـدا سـنورێکی تەسـکتر بـۆ خـاوەن ڕا ئـازاو بـە جورئەتـەکان هەیە..دەبێت لە دەری ئەو سنورە، پێچەوانەی بیرو بۆچوونەکانی خۆی قسە بکات، ڕای خوی نەلێت و بەرگریی لە ڕای خـەڵکی تـر بکـات، ئـەو دیـاردە درێــوو ناموێــە تــا ئێسـتاش تەنانــەت ســەرجەم حزبــە کلاسیکییەکانیشدا، نەك وەك جـاران، بـەڵام لـە شێوەیەك لـەو شێوانە درێـژەی هەیـە، چـونکە لــە ســەر شـێوازی حزبــە ستالینیسـتەکان دادەمــەزران، پێـرەوی نـاوخۆش کلێشـەیەکی ئـەوانبوون کـە لاسـایی دەکرایەوەو زۆربە ڕەقوتەقیش پێرەو دەکرا. زنجیرەی دیکتاتوریـەت لەوانــەدا هــەرەمێکی نــەگۆڕە، لــە دیکتاتوریــەتی یــەك چـینەوە بـۆ

دیکتاتوریەتی سەرکردە کە باڵاو توندو تیژو نایاسایی و ترسناکترین دەسەڵاتی تاکە، لەویشەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی و ئینجا بۆ لێپرسراوە هەمە جۆرو هەمەپلەو پایەکان.. لە ویدایە کە ئیندڤیدو کەمایەتی و لە سەرەنجامدا زۆریەتیش بێ دەسەڵات دەمێنێتەوە، دەبێت ملکەچی تاکە کەس بن، تەنانەت لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکانیشدا چەواشە دەکرێن ئیتر ناتوانن و بۆیان نییە ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن، دەبێت ملکەچی بڕیارێک بن کە دژ بە بۆچوونەکانی خۆیانە...لەوەشەوە مافی زۆربە دەخەنە ناو هەمان بازنەی داخراوەوە، کە بەرووکەش نەبێت هیچ مانایەك بۆ ڕاو دەسەڵاتی یاسایی و ئاسایی ناهێڵرێتەوە.

ئەگەر پرسیارێکیش دەربارەی ڕۆڵی پێشەنگی چینی کرێکار بکرێ و بگوترێ: دەبێت ئەو چینە بە پێی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواریی و ڕووناکبیریی و ڕادەی توانای دارشتنی تیۆری سەنگی ئابوریی و ئەقڵی تەکنیکی کە دەزانین لە چ ئاستێکدان، بەتەنها چی پێدەکرێت و چۆن دەتوانێت ڕۆڵی پێشڕەویی ببینێت؟ وا وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت.

ئەمڕۆ خەباتی تاك و یەك چین و ئەو دیکتاتۆرییەتەو ناوەندێتیی دیموکراسی و حوکمی تاك و کەمایەتی، کەوتونەتە بەردەم ڕێگەیەکی داخراوەوە، بەتایبەتی بۆ میللەتانی ژێردەست و چەوساوە، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا.. چونکە خەبات و ئامانجە نیشتمانیی و کۆمەڵایەتیی وسیاسیی و دیموکراتییەکان، هی هەمووان و بۆ هەموانە، جگە لە وابەستەو خاوەن بەرژەوەندە تەسك و بەزیانەکان...

پیادەکردنی هەندێك سیاسەتی هەڵە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی ناو بلۆکەکەی، چ وەك پیادەکردنی لایەنە نەگونجاوەکان لەگەڵ گۆڕانەکاندا و چ وەك بەشێك لە هەڵەو وبەهەڵە لێکدانەوەی تیۆرییەکە بێ گوێدانە گۆڕان و پێشکەوتنەکان، هەم لاوازیی تیۆرییەکەو هەم بێزراوی دیکتاتۆرێتەکەیان دەرخست:

کوشتوکوشتاری دەیان ملیۆن مرۆڤی بێتاوان لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژوی یەکێتی سۆڤیەتدا... پەرش وبڵاوەپێکردنی کەمینە نەتەوەو گەلانی تری ناو سنوری سۆڤیەت و دوورخستنەوەیان لەزێدی باوو باپیرانیان بۆ ناوچە دوورو نامۆکان پێیان.. لەوەدا گەلی کوردیش دووچاری هەمان سیاسەت کرا...

پێشێلکردنی مافەکانی ئادەمیزاد لە بێزراوترین شێوەدا...

پشتگیریکردن ویارمەتیدانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، لەهەموو ڕوویەکەوەو لەسەرجەمە کیشوەرەکانی سەرنەرز، لەناویاندا ڕژێمی بەعسی عیراق، تەنانەت لە تراجیدیەکانی ئەنفال و چەکی کیمیایی و تارومارکردنی سەرجەم ناوچە دێهاتییەکانی کوردستان، نەك هەر بێدەنگ مایەوە بگرە ئەسە یارمەتیدانی بەعس بە چەك و جبەخانەو شارەزاو پسپۆری عەسکەری و لە ڕاگەیاندنەکانیشدا بەرگریی لێدەکرد...

لە ئەزموونە مێژووییەکەی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی جنوبی کوردستان، مەلیك مەحمود بەنامە بۆ سەرکردایەتی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەی سۆڤیەت، داوای یارمەتی و ئاوڕدانەوە، لە کوردی زوڵملێکراوو لە بۆردومانکردنی چەند جارەی شاری سلێمانی و

ناوچەکەنی تری کوردستان کردبوو... بەڵام سەرکردایەتی کورد هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە.

لە ئەزموونەکەی مەهاباد بەگشتیی و لە دامەزران و ڕوخانی جەمهوریەتی کوردستان بەتایبەتی، ڕۆڵێکی نا بەرپرسیارانەو بەگورگانخواردوانی ئەو جەمهوریەتەو کۆماری ئازەربایجان بینیی...نامەکەی ستالین بۆ کیشەوەری سەرەك كۆماری ئازەربایجان نمونەی هەلپەرستیی و لەخشتەبردنی گەلانی بندەستن لەپێناو بەرژەوەندیی ئیمپریالیستەکەی شای ئێران... (بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، جەمهوریەتی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠١).

دەرکەوتنی ڕۆڵی موخابەراتی ئەڵمانیا لەبەرپاکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرفکردنی دەیان ملیۆن مارك بەپەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕابەرانی شۆڕشەکە بەلینینیشەوە. لایەنێکی بەرپرسیایشی لە سیاسەتی چەوتی حزبە شیوعیەکانی دنیا بەگشتیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بەرەوڕووی ئەو دەوڵەتە دەبێتەوە، کە لەسەرەنجامدا دووچاری کارەسات و لاوازبوونی بەردەوام بوون...

مێژووی تاقیکردنەوە و ژیان و گەشەکردنەکانی گەلان سەلماندوویانە کە نکوولیکردن لە سەرجەم ئیدیالیزم وبنەما سەرەکییەکانی، بێ سەرنجدان لەو لایەنانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە بینای فەلسەفەو گەشکردنەکان و بینای شارستانییەت بینیوە، بەبێ سەرنجدان لە هەندێك بنەمای سەرەکیی چارەنووسسازو بە ڕەواجپێدانی هەندێك بۆچوونی نەگونجاوو هەڵە، بە گوێ نەدان و بەلاخستنی پیرۆزییەکانی سەدەها ملێون لە خەڵکانی سەرەبەم نەتەوەو ئایین یان بەو نەتەوەو ئایین، بووە هۆی خوڵقانی بەرەیەکی فراوان لەدژی.

کورت و پوخت ئەو تیۆرییە مارکسیزم ـ لینینیزمەی زیاتر لەسەدەو نیویّك لەمەوبەر دابکراوەو گەلیّ بۆشایی و کەموکورتی تیّدابووە.. زیاتر لەهەندیّ ڕووەوە خەیاڵی بوو، بەتایبەتی بۆ ئەم سەردەمانەی دنیای جیهانگیری و پێشکەوتنە گەورەکان و ئالوگۆڕ لەڕۆڵی چینە کۆمەلایەتییەکان.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم بەرهەمە لەلایەنەکانی ترەوە بەگشتی، نرخی میّژوویی و زانستیانەی خۆی پاراستووە، ناوەڕۆکەکانی لەسەربیرو ئایدیۆلۆجی و فەلسەفە، بایەخێکی تایبەتی و گرنگیان هەیە، نەك هەروەکو زانیارییە میّژووییەکان، بەڵکو وەك بەشێکی گرنگ لەبیرو لە فەلسەفە کە تائێستاش جێگەی خۆیان، وەك ڕاستییە میّژووییە هەڵهێنجراوەکان، پاراستووە، وەك میّژووی سەرهەڵدان و ژیان و گەشەکردن و بەرێوەچوونی کۆمەڵگەو ململانێیەکان کە سەنگی زانستیی و میّژوویی و فەلسەفیی خۆیان هەیە... مەبەستم لەوەدا دیالێکتیکە کە عەرەبییەکەی (جەدەل)ە.

یاساو بنەما یاسا ناسراوەکانی دیالێکتیك سەرنجی ڕیالیست و زانستانەیە بۆ گۆڕانە چەندایەتییەکان بۆ چۆنایەتی، بۆ نەفی نەفی و بۆ یەکێتیی ململانێی دژەکان... مانای کۆڵینەوەیە لەیاسا بنچینەییەکان جوڵەو گۆڕانەکان، لە سروشت و لەکۆمەڵ کە تێیدا ناکۆکییەکان بە سەرچاوەو بنچینەو خوڵقێنەری گۆڕانەکان دادەنێت بەو پێیەی کە مەتریال لە گۆڕانی یەکبینەدایە... مەتریالیزمی دیالێکتیکیش زانستی یاسا گشتییەکانی پەرەسەندنە لە سروشت و لە کۆمەڵدا، گەوهەری تیۆری دیالێکتیك بڕوابوونە بە بوونی ناکۆکی لە هەمووشتێك و لەهەر شتێکدا، بەبوونی دوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، واتە بوونی لایەنی

چاکەو لایەنی خراپە، یەکێکیان دەفەوتێت و ئەوەکەی تر دەخولقێت و گەشە دەکات، لە گۆڕانی چەندایەتییەکان بۆ چۆنایەتی گەشەکردن و بڕینی قۆناغە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان، مەسەلەکانی یەکێتیی و زۆرانبازیی دژەکان، یەکگرتن و سەرلەنوێ دابەشبوون و پۆلینبوونەوە.. تاد.

ئەوانە بەشێکی گرنگی فەلسەفەکەن و بنەما سەرەکییەکانی گۆڕان و گەشەکردنەکان دیارو شیدەکەنەوە کە تائێستاش سەنگی زانستیانەی خۆیان پاراستووە.

روخانی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالیزم، ڕوخانی هەموو لایەنەکانی تیۆرییەکە نەبووە، ڕووخانی ئەو لایەنانە نەبووە کە لەگەڵ دیموکراسیی سەردەم و ئازادیی بیروباوەڕ و کۆمەڵگای شارستانی دەگونجێن، بەڵکو ڕوخانی کۆمەڵە دەوڵەتێك بوون کە لەناو هەمان بۆشاییدا دەژیان بەکەلەکەبوونی گەلێك هەڵەو بۆشایی تر تا ئەو ئاستەی کە لەسەرروو کۆمەڵگەکانی سۆڤیەت و دەسەڵات و یاساو بیروباوەڕەکانەوە، چینێکی نوێ سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست بکات، کە هەموو دەسەڵاتێکی گرتبووە دەست و لەگەڵانی سۆڤیەت دابڕابوو، لەناو ناز و نیعمەتدا، کەرەنجی شانی ئەو چینانەبوون کە ئیدیعای نوێنەرایەتییان ئەکردن، دەژییان.

بۆیە ئەو وخاندنانە، ڕووخانی عەدالەتە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنەگەشەکەی سۆسیالیزم نەبوو، بەڵکو ڕوخانی هەڵەو لایەنە چەوتەکان بوو کە لەگەڵ ڕەوتی ژیان و پێشکەوتنەکان نەدەگونجان، باونەمانی ئەو بۆچوون و بیروباوەڕانە بوو کە هەر لەسەرەتاوە هەڵەبوون و بەهەڵەتریش پیادە دەکران، ڕوخانی سستێمی کپکردنی

دەنگی ئیندڤید و کەمایەتی بوو، کورت و پوخت ڕوخانی دیکتاتۆزیەت بوو.

چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی وا بە پێداچوونەوەو هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و بۆشاییەکان، درێژەی مەبەستە سەرەکییەکەی چاپەکەی ئەوروپایە، بەتایبەتی لەم قۆناغە مێژووییەی ڕزگاریی نیشتمانیداو لەم سەردەمەی ژیانی ئەزموونی کوردستانی فیدرالخواز، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەم هەلومەرجەدا کە وەك دیاردەیەکی بەرچاو، بەها فیکری و تیۆرییە فەلسەفییەکان و بەهاکانی ڕەوشتی حزبایەتی و گیانی هاوڕێی و هەڤاڵێتی، کراون بە ملکەچیی و بەئامرازێ بۆ پاراستنی دەسەڵات و پلەوپایەو ڕابواردن، تا ئەو ئاستەی کە شۆڕشگێڕێتی جاران کرابێت بە قوربانی حەزی خۆ، هەست و هەستی نەتەوەیی و دڵسۆزیی بۆ نەتەوەو نیشتمان ببنە پەراوێزی ڕووداوەکان، پەراوێزی ژیانی ڕۆژانە، لەوانەدا نەوەکانی سەردەم لەبەردەم هەڵوێستەو وەرچەرخانێکدان کە ئەگەر ئاوڕێکی بەپەرۆش ب بەبەرنامەیان لێنەدرێتەوە وا لەو ونبوونەی ئێستادا بەردەوام دەبن و ئایندەیەکی نائاسایی و نادروستتر چاوەڕوانیان دەکات... زیاتریش لەوانەو تا ئێستا بزوتنەوەی ڕووناکبیریی ئەم لایەنەی لاواز و کتێبخانەی کوردیشی هەژار کردووە، ئەوانەش بۆ خۆیان هۆیەکی تری ئەم چاپە نوێیە بوو، دەمەوێت جەختیش لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم کتێبە بۆ سەپاندن یان سەلماندنی دۆگمانەی تیۆرییەك، یان بیروباوەڕێك نییە، بەڵکو بۆ هاوبەشییەکی ڕووناکبیرانەو خستنەڕووی کۆمەڵە بیروباوەڕێکە کە هەمووی بەردەوام جێگەی مشتومڕن، بە لەسەرکردنەوە یان ڕەتاندنەوە، بەتایبەتی ئەم جۆرە زانیارییانەی هاوتەك لەگەڵ سەرجەم

بیرو تیۆرییە نوێیەکاندا، بۆ ئەمرۆی ئەوە نوێیەکان هەم مەیدانی زیاتر قسەکردن گەیشتن بەڕاستی بەرین دەکات، هەم بۆ ئەوەی ئەوە نوێیەکان لەو لایەنانەدا دابڕاو نەبن، واتە ئەم کارە مانای ئەوە نییە کە هەموو بیربۆچوونەکانمان سەلمێنراوبن، جێگەی مشتومڕنەبن، بەڵکو ئەمە هەروەك ئەو کارە ڕووناکبیرییەیە کەلەگەڵ سەرجەمی تیۆری و بیروباوەڕە جیاجیاو هەمەڕەنگ و هەمە چەشنەکاندا دیدێکی سەرجەمییترمان دەخەنە بەرچاو، کۆی هەموویان ئاسۆی بیرکردنەوەو تێگەیشتنمان ڕوون و بەرینتر دەکەن، قوتابخانەکانی بیرو فەلسەفە دەوڵەمەندتر دەکەن.

دەقی ڕووسییەکەی ئەم کورتەی مێژووی فەلسەیە لەساڵی ١٩٧١دا دارلفکر لەمۆسکۆ یەکەم چاپی بڵاوکردەوە.

لەساڵی ١٩٨٠ پیشدا دارو لجەماهیر ئەلشەعبیە لەشام و دارولفارابی لەبیرو

ئەم دەقە عەرەبییەی کە مامۆستا ئیبراهیم سەللوم پێی هەستبوو چاپ و بڵاویانکردەوە.

لەساڵی ١٩٨٦یشدا ئەم دەقە کوردییەم تەواوکرد، یەکەم چاپیشی لە ١٩٨٨دا لەسوێد بڵاوکرایەوە.

ئەم بەرگە کورتکراوەی بەرگی یەکەم و دووەمی نوسخە عەرەبییەکەیە کە هەر بەناوی "کورتەی مێژووی فەلسەفە" وەیە کە سەرجەمی مێژووی باسەکانی هەموو باسەکانی هەموو سەردەمەکانی پێش مارکسیزم دەگرێتەوە.

ئەم چاپە وەك چاپی یەکەم، فەرنگی زاراوەکانیش دەگرێتەوە خۆی، دیارە بە پێداچوونەوەیەکی ورد و نەهێشتنی هەڵەو پەڵە، بەڵام

لەبەر قەبە نەکردنی بەرهەمەکەو هۆی تریش پیشەکیەکەی لەگەڵدا چاپ نەکرایەوە..

لەچاپی یەکەمدا گەڵێك براو دۆستانم یارمەتیدەر بوون لە تایپکردنی و چاپکردنندا، لە ناویاندا کاك ئازادی کاکە مستەفابوو کە دڵسۆزانە هەر لەسەرەتای کۆمپیوتەرکردنەوە لە لەندەن تا ئامادەکردنی بۆ چاپ و ناردنەوەی بۆم بۆ سوید، هاوکارم بوو،

لەم چاپەشدا یارمەتیدەرانم ئەم دوستە ئازیزو دڵسۆزانە بوون:
دوکتۆر محەمەد مەحوی لە پێداچوونەوەی زمانەوانیی فەرهەنگەکە...

خوشك و برایانی بەرێز لە مەکتەبی بیرو هوشیاری شەماڵ عەبدولا، دلێر عباس... تاهیر شوکرو سازان عومەر و هێمن نورالدین و ڕوژگار معروف کە تایپەکەیان ئەنجامدا، شۆرش ئەحمەد کە نەخشەی بەرگەکەی کێشا.

بەختیاری مەلا عززەت و فاتح عەزیز ئەحمەد بە بەراورد کردنی دەقی چاپی یەکەم و ئەم دەقە هەستان... پڕبەدڵ سپاسیان دەکەم.

دیارە هەر هەڵەیەکیش ڕوویدابێت هەر خۆم لێی بەرپرسیارم.

مەحمود مەلا عززەت
سلێمانی - نۆڤەمبەری٢٠٠٢

بەشی یەکەم

- مێژووی فەلسەفە وەکو زانستێك.. بابەت و بەرنامەو بایەخی.
- فەلسەفە لە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکاندا.
- فەلسەفە لە کۆمەڵگەی کۆیلەیەتیدا: لەمیسر، بابل - چین - هیندستان - یۆنان - ڕۆما.
- سەرەتای دەرکەوتنی دیالیکتیك و میتافیزیك.
- مەتریالیزمی سەردەمی پەرەسەندنی دیمۆکراسیی کۆیلەیەتی.
- فەلسەفەی کۆمەڵگەی کویلەیەتی لە ڕۆمای کۆندا.
- فەلسەفەی سەردەمی هێلنیستی.

مێژووی فەلسەفە وەکو زانستێك.

. بابەت وبەرنامە وبایەخی.

فەلسەفە philеosophia شێوەیەکە لە شێوەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهان.هەموو ئەو ڕاو دیدانە یە کە دەربارەی مەسەلە گشتییەکانی پەرەسەندنی بوون وهۆشن،بە تایبەتی مەسەلەی پەیوەندیی بیر بەبوونەوە، یان گیان بە سروشتەوە، کە مەسەلەی بنچینەیی لە فەلسەفەدا پێك ئەهێنن. فەلسەفە شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەلایەتی و ئاوێنەی ئایدۆلۆژی چینێکە لە کۆمەڵێکی فرە چینیدا، لە ناو پەرەسەندنیدا بوە بە زانستێکی سەربەخۆی وا کە بابەتی جیاوازی خۆی هەبێت و بە پێی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی زانیارییە زانستییەکان گۆڕاوەو ئەشو نمای کردووە.. تا لە لوتکەی گەشەکردنی بیری پێشکەوتووانەیدا لە فەلسەفەی مارکسیزم– لینینیزمدا، لە مەتریالیزمی دیالیکتکیدا خۆی بینیوەتەوە.

مەسەلەی سەرەکی و بنچینەیی فەلسەفە.. مەسەلەی بیرو بوونە، هی گیان و مەتریالە، واتە لە مەتریال و لە گیان کامەیان کۆنترە، لە بیرو لە بوون، کامەیان ئەزەلییە.

هەندێ هەن لەگەل کونێتی هۆش یا بیر یا گیان دان، ئەمانە بلۆکی ئیدیالیزم پێك ئەهێنن و فەلسەفەکەشیان فەلسەفەی ئیدیالیزمە .

ئەوانەش کە لەگەڵ کۆنێتی سروشت یا مەتریال دان .. بلۆکی مەتریالیزم پێك ئەهێنن و فەلسەفەکەشیان فلسەفەی مەتریالیزمە.

دووەم مەسەلەی گرنگی فەلسەفە مەسەلەی توانستی ناسینی گێتییە، ئایا دەکرێ دیدو تێگەیشتەکانی خەڵك بابەتی و یەقینی بن،یان گێتی لەزانین یاخییە و توانستی دەرکپێکردنی نییە و سەرەنجام، بوونی ڕاستیی بابەتیی لە بیری مروڤدا نییە. فەلسەفەی بڕوای سەرەتایی بەتێگەیشتنی گێتی هەیە و هۆش بە ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی دائەنێت، بەڵام ئیدیالیستەکان ئەگەر باوەڕ بە توانستی ناسینی جیهانیش بێنن.. وا نکوڵی ئەکەن لەوە کە هوشی خەڵك واقیعی بابەتیی ڕەنگ پێدەداتەوە، زوربەی فەیلەسوفە ئیدیالیستەکان نکولین، واتە نکوڵی لە توانستی تێگەیشتنی گێتی ئەکەن.

زیاتر لەسێ هەزار ساڵ لەمەوبەر لەوڵاتانی خورهەڵاتی کوندا فەلسەفە هاتۆتەئاراوە، هەر لەسەرەتاشەوە دوو شێوەو دوو ڕێبازە بووە: مەتریالیزم و، ئیدیالیزم. لە دوو بەرنامەی دژ بەیەکدا بوون کە دیالیکتیك و میتافیزیکە لە کۆڵینەوەدا، بەرنامەی دیالیکتیك، سەرجەم دیاردەکان وەرئەگرێ.. بەپەیوەندییەکانیانەوە، بەدەرخستنی:کامانەیان لە ئالوگۆڕا سەر بەیەکن.. بەپەرەسەندن و گۆڕانەکانیان، لایەنە دژ بەیەکەکانی ناوخۆیان ئەدوزێتەوە کەململانێی نێوانیان سەرچاوەی ئەو پەرەسەندنە پێکدەهێنێت.بەڵام میتافیزیك هەر دیاردەکان شیتەڵ ئەکات و جیایان ئەکاتەوە بەبێ ئەوەی

گوێیداتە ئەو شتانەی پێکیانەوە ئەبەستێت،بێ سەیر کردنی گۆڕان و پەرەسەندنیان، وا سەیری دیاردەکان ئەکات کە گۆڕانی چەندایەتییە وهیچی تر.. بەبێ ناکۆکی ناوخۆو بەبێ زۆرانبازی نێوان دژەکان ڕوو ئەدەن. بەو جۆرە دیالیکتیك و میتافیزیزیك تەنها دوو دەروازەی جیاواز نین بۆ تێگەیشتنی جیهان و بەس بەڵکو دوو لێکدانەوەی جیاوازیشن بۆ جیهان.

لەمەوبەرو ئێستاکەش مێژووی فەلسەفە بایەخی داوە بەکۆڵینەوە لە پەیدابوون و پەرەسەندنی مەزەب و ڕێبازەکان.. لەمەسەلە فەلسەفییەکاندا ئەم یان ئەو چارەسەر.. لێکدانەوەی مەتریالیزم یان ئیدیالیزم.. دیالیکتیکی یان میتافیزیکی داناوە. لای مارکسیزم مێژووی فەلسەفە مێژووی مەسەلە فەلسەفییەکان و چارەسەرکردنیانە.. بایەخێکی تایبەتی ئەدات بەمەسەلەی پەیدابوون و پەرەسەندنی مەتریالیزم و ئیدیالیزم بەزۆرانبازیی نێوانیان لەسەردەمە جۆربەجۆرەکاندا. فەلسەفە لەمێژووی پەیدابوون و پەرەسەندنی واتاو تێگەیشتەی زانینە بنچینەییەکان ئەکۆڵێتەوە.

مێژووی فەلسەفەی مارکسیزم، بایەخێکی تایبەتی بەتوێژینەوەی دروستبوون و پەرەسەندنی مەتریالیزمی دیالێکیکی ئەدات، سەبارەت بەوەی کەمەزەبێکی زانسنستی فەلسەفی کامڵەو بەرنامەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی جیهانەو بنەمای فەلسەفییە بۆ ئایدولۆژی چینی کرێکارو هەموو ئەو هێزانەی بۆ سەرکەوتنی سوسیالیزم خەبات دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت واقیع بگۆڕین..سروشت بێت یان کۆمەڵ..وانەبێت لەو واقیعە بکەین..مرۆڤ بەهۆی زانستە جۆراو جۆرەکانەوە گێتی ئەناسێ،هیچ شتێکیش دایی خەباتی کرێکاران نادات لە پێناوی ژیانێکی باشتردا جگە لە تێروانینێکی زانستیانە نەبێت بۆ جیهان،ئەم تێروانینە زانستیانەیە...فەلسەفەی مارکسیزم یا مەتریالیزمی دیالیکتیکە.

فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم لە زانست جۆدا ناکرێتەوە بەڵام سیفەتی جیاوازی نێوانیان ئەمەیە:

مەبەست لە زانستەکانی فیزیك و بایلوجی و سایکۆلۆجی ئەوەیە کەلەو یاسایانە دەکۆڵنەوە کە پەیوەندیان بە بەشێکی سنووورداری واقیعەوە هەیە، بەڵام مەتریالیزمی دیالکتیکی لە گشتیترین یاساکانی گەردوون دەکۆڵتەوە، فەلسەفەی مارکسیزم سەرنجی زانستیانەیە بۆ جیهان، ئەمەش تاکە سەرنجی زانستیانەیە کە لەگەل ڕێگەو شوێنی زانستیەکاندا یەك ئەگرێتەوە.

ئنگلس ئەلێت:سەرنجدانی مەتریالید تانە بۆ جیهان، مانای ئەوەیە سەرنج لە سروشت بدەیت وەکو هەیە..بەبێ هیچ زیاد کردنێکی دەرەکی لەسەری.

مارکسیزم: ئەو زانستەیە کەلەیاساکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمۆڵ و سروشت دەکۆلێتەوە، ئەو زانستەیە کە لە شۆڕشی چینەزۆر لێکراوو چەوساوەکان دەتوێژێنەوە، ئەو زانستەیە کە سەرکەوتنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمان فێر دەکات.

خۆێندن و تێگەیشتنی فەلسەفەی مارکسیزم، فەلسەفەی چینی کرێکار، بۆ کرێکاران و بەتایبەتی بۆ پرۆلیتار..بۆ خۆشی ڕابواردن و لەزەت نییە، بەڵکو ئەوە ئەرکێکی گرنگی چینەکەیان و خەباتی چینایەتییە.هەر تەمەڵی کردنێك لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، مانای وایە کەرێگە بۆ مانەوەی ڕوانگە و بای سەرنجی نازانست و کۆنە پەرست خۆش ئەکرێت و دەرگاش لە سەر بزوتنەوەی کرێکاران دائەخرێ و ناهێلرێ بەشە پێشەنگەکەی ڕێگای ڕاستەقینەیان بۆ دەستنیشان بکات.

مێژووی فەلسەفە..مێژووی دەرکەوتنیمەسەلە فەلسەفەییەکان و چارەکردنیانە، بۆیە مارکسیزم بایەخێکی تایبەتی ئەدات بەجۆری پەرەسەندن و بەربڵاوبوونی مەتریالیزم و ئایدیالیزم.. بەململانێی نێوانیان..بەدەرکەوتنی دیالیکتیك و ململانێی لەگەڵ میتافیزیکدا، لەهەموو ئەو پلەو سەردەم و قۆناغانەی پێیاندا تێپەڕ بوون.

مێژووی فەلسەفەی مارکسیزم گرنگییەکی تایبەتی ئەدات بەکۆڵینەوە، بەپەیدابوون و پەرەسەندنی مەتریالیزمی دیالیکتیك، سەبارەت بەوە کەمەزەبێکی زانستیانەی فەلسەفیی تەواوە، بەرنامەیەکە بۆ تێگەیشتنی جیهان و گۆڕینی، بەڵام گۆڕینێکی شۆڕشگێڕانە کە بنچینەی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی چینی کرێکار بێت.

لەسەرەتادا، پێش دەرکەوتنی زانستی تایبەت بەسروشت و کۆمەڵ و بەشێوەکانی بزوتنەوەی مەتریال.. فەلسەفە لە یەکەم شێوەو دەقی

سەرەتاییدا بوو، بۆ زانینی تیۆری گشتی بوو. بەلام لەگەڵ پەرەسەندی زانیاری مرۆڤ و دابەشبوون و لك لێبوونەوەی، زانستی تایبەتی پەیدا بوو کەلە فەلسەفەو جیانەبووەوە..هەر زانستە ئەبوو بەمەیانێکی تایبەتی ئیتر بەرە بەرەفەلسەفەو ئەو جێگەیەی وەك زانستی زانستەکان گرتبووی وەك جاران نەما.. بەڵکو تەنها لە سنووری کۆلینەوەی لە مەسەلە سەرەکیەکانی:بوون و زانینداماوەیەوە. دوای ئەوە لە فەلسەفە کەوتە لێکوڵینەوە لە واقیعی بابەتیی گێتی..ئایا سروشت، یا گێتی، هەر خۆی هەبووە..مەتریالە..یان هێزێکی نەپەنی و لە تێگەیشتن نەهاتوو درووستی کردووە..؟ئەم جیهانە ئەمرە..خوا کردە یان نە ..؟سروشت لە بزوتنەوەدایە، نوێ بوونەوەی بەردەوام..بەپێی یاسا بابەتییەکانە کە لەهۆش جودان و سەربەخۆن؟ئایا دەسەلاتی خوا یا کردگار بەدەر پەرە دەسێنێت یا خوای کردگار رۆڵ وازی نەکات..؟

لەمەسەلە گرنگەکانی تری فەلسەفە، مەسەلەی پەیوەندی مرۆڤە بە جیهانەوە،ئەو پەیوەندییەی کە لەچالاکی پراکتیك و تیوریدا دەرئەکەوێ،کە بە شێوەیەکی گشتی سروشتێکی کۆمەلایەتی وەرئەگرێ و لەسەرەنجامدا بەشێوازی بەرهەمهێنانی زاڵ لە کۆمەڵدا سنوودار ئەکرێ(١).

لە سەرەتادا،فەلسەفەی سروشت هاتە کایەوەو یاسا گشتییەکانی سروشتی دارشت، لەگەڵ دەرخستن و دیارکردنی دیاردە جۆر بە جۆرو جیاوازەکاندا، ئەمە تا نیوەی سەدەی نوزدەیەم وەکو بەشێکی گرنگی

فەلسەفە مایەوە. ئیتر لە دوای ئەوەوە پەرەسەندنی زانستە سروشتیەکان بایەخی هێشتنەوەی ئەو جۆرە فەلسەفەیان نەهێشت، بۆ ئەوەی گشتێتی بەرهەمی تایبەتی زانستەکانی سروشت جێگەیان بگرنەوە سەبارەت بەوەی کە فەلسەفە هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندی ئەم یا ئەو چین وبەشی کومەلاتییە..بۆیە هەمیشە گرنگی ئەدات بەتۆژینەوەلەبنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتی و هۆی گۆڕانەکان...لەپەرەسەندنی کۆمەلگەی مرۆڤ ئەکۆڵێتەوەو یاسا ئاراستەکەرەکان هەڵئەهێنجێ و دەری ئەخات:ئایا ئەو یاسایانە بابەتین،یاخود، بەخواستی خواوەندو هێزە غەیبییەکانەوە بەستراونەتەوە..هەروەها بایەخ ئەدات بەرۆڵی‌مرۆڤ لەکومەڵدا..بەدوزینەوەی مانای مێژوو و هێزە بزوێنەرەکان و ئاسوی پەرەسەندی کۆمەڵگەی مرۆڤ. بەفەلسەفەی مێژو ناو براوە و تا ئێستاکەش بایەخی تیۆری و پراکتیکی خۆی پاراستووە.

کۆن و تاڕادەیەك ئێستاکەش، مەسەلەکانی زانستی کۆمەڵایەتی(ژیانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی،پەیوەندییە بەرامبەرەکان لەنێوان لایەنە مەتریال و گیانییەکانداو پەیوەندی ناو خەڵك هی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ، زانستی ڕەوشت،پرنسیپەکانی ژیانی ڕەوشتی و یاساکانی،زانستی جوانیی، جوانیی چییە،پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع چییە،هتد...)ئەمانە،لەناو مەسەلە فەلسەفییەکاندا دائەنرێن.

ئیتر لە کاتێکدا هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی مەتریال و یاسای گەشەکردنیان.بوون بە مەتریالی تایبەت بە زانینی سروشت، فیزیك و کیمیاو بایۆلۆجیی (زیندەوەرزانی) هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی پەرەسەندن(ئابوری،سیاسی،زانستی ڕەوشت،زانستی جوانیی..هتد)ئەمانە مەتریالی زانستی کۆمەڵایەتییان پێك ئەهێنا.لەوکاتانەدا فەلسەفە بوو بەسەرچاوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە زیاتر گشتی تربوون لە دەربارەی بوون وزانین وپەرەسەندنی ڕی فەیلەسوفەکان بە درێژایی سەدەکان و ئەو فەلسەفانە.. ئەوەش خۆی بابەتی، مێژوی فلسەفە پێك دەهێنێ.

فەلسەفەی مارکسیزم– لینینزم لای وایە کەمێژووی فەلسەفەی شانۆی ململانێی بەردەوامی هەردوو بەشەکەی فەلسەفەیە واتە مەتریالیزم و ئیدیالیزم. بۆیە فەلسەفەی ئەم سەردەمە هەروەك دوو هەزار ساڵ لەمەویە پێش سەریە لایەك بووە، بەڵام ئەم لایەنگرییەی مارکسیزم - لینینزم لە زانستییەکەی جۆێ ناکرێتەوە، چونکە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاری شۆرشگێرو هێزە تێکوشەرەکانی تر لە پێناوی سۆسیالیزمدا، لەسەرەنجامی شیکردنەوەدا، لەگەل ناوەرۆکی بابەتیی پەرەسەندنی مێژویی تێکەڵ دەبێت و لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو پەرەسەندنەدا تەواو دەگونجێت، بەم جورە مارکسیزم توانستی زانینی واقیع و یاساکانی و ئاسوی پەرەسەندنی بۆ ئەو هێزانە ئەرەخسێنێ. مارکسیزم لە لێکولینەوەی فەلسەفەکانی پێشوو،

لەهەلسەنگاندنیاندا پشت بەدیدی مێژوویی دەبەستێت و لینین فێری کردووین چۆن بریار لەسەر جێگەو پایەی ڕوناکبیران بدەین، بەپێی بەرهەمەکانیان، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ پێش و ئینجا سەردەمی خۆیاندا، نەك لەگەڵ سەردەمی ئێستادا،((گیانی مارکسیزم و بەرنامەکەی وا پێویست ئەکەن کە هەر مەسەلەیەك:١-لەرووی مێژوییەوە.٢-لەرووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەسەلەکانی تردا.٣-لەبەر ڕوشنایی تاقیکردنەوە مێژووییەکانی بەرچاو...لێی بکۆڵرێتەوە)).

کەوابو پرنسیپی مێژوی وا ئەخوازێ کە فەلسەفەی ئیدیالیزم فڕێ نەدرێتە لاوەو چاو لە ڕۆڵی و لە پەرەسەندنی فەلسەفی نەپۆشرێو دەبێ ڕەگوریشەو ناکوکییەکانی دەربخرێ..چونکە خولقاوی ناو پروسەی زانینە. ئینگلس دەڵێت: ئیدیالیزم، لەراستیدا، شێوەیەکی هەلەیە لەشێوەکانی فەلسەفە بەلام هەلەیەك بوو هەر ئەبوو لەکاتی خۆیدا ڕوویدات و ئەنجامێکی حەتمی ڕێرەوی پەرەسەندنی زانین خۆیەتی.(٢)

سەرانی ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئیدیالیزمی سەردەمیش لەتوماویزمی نوێو ئایدولۆژی گیانیی spiritualism و بەشەکانی تری فەلسەفەی ئیدیالیزمی بابەتی زیاتر هەڵوێستیان لە دیدی ئایینەوە نزیك کردووەو دەیانەویست، هەروەك ئەوانەی ئەیانەویست، فەلسەفە بخەنە ژێر ڕکێفی لاهوتەوەو مێژوی فەلسەفە ببەستنەوەبە مێژوی ئایینەوە..لەدژی فەلسەفەی مەتریالیزم بن و نکولی لەناوەرۆکی پێزەتیفی مێژوی

فەلسەفە بکەن.بەڵام جەوهەری بەرنامەی مارکسیزم بۆ مێژوی فەلسەفە لەوەوە دەست پێ دەکات کە فەلسەفە دوو ڕووی پێکەوە بەستراوی هەیە:یەکەم" ڕووی زانیارییەکە کەم وزۆر بایەخ بە زانیاری جیهانی ئەدات و هەندێ جاریش هەندێ ئەرکی زانست ئەگرێتە ئەستۆی خۆی.دووەم: ئایدولۆژییە"کە فەلسەفە بەشێك لەپێکهاتنی سەرخانی ئایدیۆلۆ ژی پێك دەهێنێت..بۆیە ئەرکی فەلسەفەو مێژوەکەی، دەرخستنی پەیوەندی مەزەبsckt و تەییار curentە*فەلسەفەیەکان بە: پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و بە شێوەی بەرهەمهێنان و زورانبازی چینایەتی و بە پێشکەوتنی زانستەکان و بە شێوەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتییەوە..لە یەك سەردەمی دیار دا.

مارکسیزم–لینینیزم ،یاسا گشتییە دیالیکتیکییەکان، کەهەموو شێوەکانی پەرەسەندنی بوون وزانین بەرێوە ئەبەن و یاسا تایبەتییەکان کە لێك جیاکەرەوەی هەموو شێوەکانی هوشیاریکۆمەلایەتیین لە گەڵ یاسای چۆنایەتی پەرەسەندنی فەلسەفەو مێژووی فەلسەفە..بەو پێیە کە شێوەیەکی جیاوازە لە هۆشیاریی کۆموڵایەتی..جیاوازییەکانیان دەردەخات..ئەمانەش یاسای گشتی و تایبەتمەندەکانی گەشەکردن و پەرەسەندنی فەلسەفەن..یاسا دیالێکتیکە ناسراوەکانیش:بوونی گۆرانە چەندایەتییەکان بۆ چۆنایەتی، نەفی نەفی، یەکێتی ململانێی دژەکانن. بەستنەوەی هەموو جۆرە بیرێکی فەلسەفی تەنها بە بنکەی ئابورییەوە کارێکی هەڵەیە چۆنکە

هەر چەندە پەرەسەندنی فەلسەفە بە بنکەی ئابورییەوە بەستراوە.. بەڵام فەلسەفە هەروەك شێوەکانی تری هۆشیاریی کۆمەڵایەتی(٢)، جۆرە سەربەخۆییەکی نیسبی هەیە..لەمبارەیەوە ئینگلس ئەڵێت:((هەموو ئایدولوژییەك، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە..بە بەستراوەیی لەگەڵ سەرجەم دیدە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرەئەسێنێت و لەناو ئەوەدا هاوبەشی ئەکات لە ڕاستکردنەوەی ئایندەدا..))بۆ نمونە زۆر جار بیری فەلسەفی پێش گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ئەکەوێت، وەکو دەرکەوتنی مەتریالیومی دیالیکتیکی و مێژویی لە ناو هەناوی سەرمایەداریدا..هەر چەندە بنچیەی تیوری ئایدولۆژی سوسیالیزم پێك دەهێنن.

ململانێی چینایەتی هەر بەتەنها لە سیاسەتدا ڕەنگ ناداتەوەو بەس، بەڵکو ئایدولوژیش ئەگرێتەوە.

لە مێژوی ئایدولوژیدا بە فەلسەفەشەوە بە شێوەیەکی یاسایی پەرەسەندنی هۆشی کۆنەلایەتی لە ناو پەیوەندی دیالیکتیکیانەی نێوان دۆخە نیشتیمانی و جیهانیەکاندا ئاشکرا ئەبن.

مێژوی فەلسەفەی مارکسیزم دژی ئەو بیروڕا هەڵانەی ئەو فەیلەسوفانەیە کە ئەڵێن، گەل هەیە هاوبەشی دەولەمەند کردنی فەلسەفەو پەرەپێدانی کردووە و هەشە ئەو هاوبەشییەکی نەکردووە یا هاوبەشییەکی کەمی کردووە کە شایانی باسکردن نییە...

زانستی مارکسیزم-لینینیزم کە هەمیشە ئەنترناسیۆنالیزم ڕێنمایەتی ئەیسەلمێنێت کە بیری فەلسەفی لە ڕۆژهەلات، و ڕۆژئاوادا وەکو یەك پەرەئەسێنێت و مەزەبە فەلسەفەییەکان کەلە وڵاتە جیاجیاکاندا دەرکەوتوون، خودی مەسەلە فەلسەفییە بنچینەییەکانیان چارەسەرکردووە هەر یەکەیان بەشی خۆی هاوبەشی لە دەوڵەمەند کردنی بەرهەمی بیری فەلسەفەی جیهانیی کردووە.بەو جۆرە لە دژی ئەو بیرو تیوریانەش بووە کە دەڵێن تەنها ڕۆژهەلات مەلبەندی ڕاستەقینەی فەلسەفەیە..و گوایا هەموو فەلسەفەکانی تری خورئاوا، بەمەتریالیزمی فەرەنسی و فەلسەفەی کلاسیکیی ئەلمانی و تەنانەت بەمارکسیزمیشەوە لەوەوە داهێنراون.

سەبارەت بەوە کە پەرەسەندنی فەلسەفە وەکو شێوەکانی تری هۆشی کۆمەڵایەتی بە پەرەسەندنی لایەنی ئابوری کۆمەلایەتی و گۆڕانەکانیانەوە بەستراوە..بۆیە مارکسیزم مێژووی زۆرانبازی چینایەتی بەم جۆرە دابەش کردوە:فەلسەفەی سەردەمی کویلەیەتی، فەلسەفەی سەدەکانی دەرەبەگایەتی، فەلسەفەی قوناغی گواستنەوە لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری، فەلسەفەی سەردەمی پێش پەیدا بوونی مارکسیزم، فەلسەفەی سەردەمی سەرمایەداری پێش دەرکەوتنی مۆنۆپۆل، سەردەمی پەرەسەندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا، فەلسەفەی سەردەمی بینای سوسیالیزم و زۆرانبازی هەردوو

ستێمە جیهانیەکە:سۆسیالیزم و کەپیتالیزم و سەردەمی سـەرکەوتنی کۆمۆنیزم.لەنێوان ئەو قوناغانەشدا پلەو ماوەی جیاجیا هەیە.

مێژوی زانستانەی فەلسـەفە مێـژوی بـیری فەلسـەفی ئـەکات بـەدوو بەشـــی ســـەرەکییەوە: یەکـــەم: مێـــژوی فەلســـەفە لـــە پـــێش مارکســـیزمدا،دووەم:مێـــژوی فەلســـەفەی دوای دەرکـــەوتنی مارکسیزم.دیارە پەرەپێسەندنی لنینیانـەی مـەتریالیزمی دیـالیکتیکی و مێژویی لە سەردەمی ئیمپریالیزم وشورشی پرۆلیتاریادا و لە سـەردەمی ململانێی دوو سستێمەکەو سەرکەوتنی کۆمۆنیزمدا، سەردەمێکی نوێیـە لەو مێژووە کەلینینیزمە.

فەلسەفە لە قۆناغە کۆمەڵایەتیەکاندا :

فەلسەفەلەکۆمەڵگەی کۆیلەیەتیدا :

لەمیسر :

ئاشکرایەکە کۆشك و هەرەم و پەرستگاکان و شارستانێتی کونی میسر، لەسەر شانی کویلە دروستکراون ودامەزران.لەسەرەتایی سێ هەزار سالەی پێش عیسادا سستێمی کۆیلەتی گەیشتە نۆتکەی گەشەکردن..کشتوکاڵ و ئاودێری و بینا دروستکردن، پێویستییان بەوە بوو کە زیاتر بایەخ بدرێت بە زانیاری..ئەم ڕووەوە مارکس ئەڵێت:"پێویستی حیسابکردنی بەرزو نزم بوونەوەی ئاوی ڕوباری نیل..ئەستێرە زانیی لای میسرییەکانی خوڵقاند.(٤)

پێویستییە ئابوورییەکان بایەخی دانانی سالنامەیەکی وردی هێنایەکایەوە کەلەسەربناغەی زانیار مانگ ڕۆژ وئەستێرەکان دانرا..ژیانی ئابوری لەمیسر لەسەرکشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن بوو، ئیتر ئەوی پەیوەندی بەوانەوە هەبوایە پێش ئەکەوت، ئاودێری، ئەستێرە زانی، حیساب وئەندازیاری و ساڵنامە و ساڵ دابەشکردن بە (٣٦٥) ڕۆژ چارەکی ڕۆژێك.هەروەها ئەفسانە ڕۆڵی خۆی بینی وبوو بە فەلسەفە زیاتر لەوەی بە ئاییني بمینێتەوە..زانیاری و زانست گەشەیان کرد، ململانێی نێوان کۆیلەو خاوەنەکانیان پەیدا بوو.نوسراوەکان لە

سەر دەرخستنی گومـان لـە ڕاستیی بـیروڕا ئایینیـەکان کەوتنـە ڕوو..هەروەها دەربارەی ژیانی هەمیشەیی ئەو دونیا، گومان لە ڕەوایـی ئەو سستێمەی لە سەر زەبرو زەنگ دروست کراوە.. و لە بیروڕای چینی دەسەلاتدار بەمەبەستی پاراستنی دەسکەوت و پایە و دەسەلاتی دژ بەکۆیلە و شۆڕشەکانیان..بلاوئەبوونەوە.بۆیە بیری فەلسەفی لـە یەکـەم هەنگاوەکانی دا لە زانستی سروشت و فەلەك و ماتما تیك لەلایەك ، لـە ئەفسانەکانەوە لـە لای دووەم..دروست بوو، هـەر چـەندە لەسـەرەتادا وەکو شێوەیەکی جیاواز لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەلایەتی نـەبووە.. زۆر بەرهـەم دەربـارەی ئـایین نووسـرا..ململانێـی چـینایەتی بـەهێز بوو.جارجار یاخی بوونی چەکداریش ڕووی ئەدا.

لە بابلیشدا:

لەسـەرەتای سـێ هـەزار سـالەی پ.ع، سسـتێمی کۆیلەیـەتی گەیشـتە لوتکـەی پەرەسـەندن..پرۆژەکـان بەکۆیلـە دروسـت ئـەکران.بیری فەلسـەفی لـە ئەفسـانەکانەوە و لـەو هەوڵانەوەکـە خـەلك ئەیدا بۆ ئـەوەی لە دیـاردە سروشتییەکان بگـەن سـەری دەرئـەهێنا، وردە وردە ئـەو ئەفسـانانەی باسـی ئەسـلی خوایـان ئـەکردو هـەنگاوە زانستییەکان و دیـاردە سروشتییەکان، بۆنـە بنچـینەی زانیـاری دەربـارەی ئەسـلی جیهـان، مـانگ لای بابلییەکان"باوکی خواکـان"بـوو، ئەستێرەکانیش یەزدانەکانن و شـەوی تاریـك ڕوونـاك ئەکەنـەوە..بـەلام کـە خـۆر دێـت

دەیانکوژێنیتەوە، بۆیە خۆر سەرچاوەی تاریکییە، ئەو هێزەیە کە(جیهانی خوارەوە)جیهانی ناو جەرگەی زەوی بەرێوە ئەبات، بەلام مانگ دوای مردنی، زیندوونەبێتەوە بۆیە لای بابلییەکان نیشانەی ژیان و نەمری بووەو ڕووناکیشی هارگیز کوژاندنەوەی بۆ نەبووە.

دروستبوونی ململانێ کۆمەلایەتییەکان بوونە هۆی دەرکەوتنی هەندێ نووسراو کەڕای بڕوا نەبوون بەبیرورا ئاینییەکانی تیل دەرخرابوو، لەوانە ((دیالوگی نێوان کۆیلەو خاوەنەکەی-دەربارەی-مانای ژیان-بوو))ئەم نووسراوە گالتەی بەدیدو پرۆسە ئایینیەکانی دەکرد.

ئەو کورتە باسە مێژوویەی بیری فەلسەفی لە میسۆپۆتامیار دۆلی نیل، سەرەتاکانی بیری فەلسەفی و کۆمەلایەتی دەرئەخات..شوێنەواری ئەدەبی فیرعەونی، هەر چەندە لە شێوەیەکی سادەدا بووە-بەلام مەسەلەی بنچینەیی مەتریالی دیاردەکانی سروشتی خستوتە ڕوو.باسی ئاوی سارد ئەکات کە هەموو زیندەوەرەکانی لێوە دروست بووەو هەموو شتێك لەوەوە دێتە دەر...

بەگشتی بیرە مەتریال و بڕوا بە ئاین نەبووەکان، هەرچەندە لای میسری و بابلییەکان سادەو ساکار بوون..بەلام کاری خۆیان

کردە سەر پەرەسەندنی ئایینددەی زانست و بیری مەتریالیستی لەجیهانی کۆندا.

فەلسەفەی کۆنی چین:

لە سەدەکانی ٨-٦ی پ.ع، لەگەل پەرەسەندنی کۆمەلگەی کۆیلەدا، دوو ڕێبازی بیری دژ بەیەك هاتنە کایەوە:کۆنپارێزو پێشکەوتن خوان، واتە غەیبی و مەتریالیستی.

ئایینی کۆنفۆشیۆس:ئەم ئایینە، کۆنفۆشیۆس(٥٥١-٤٧٩پ.ع)دایناً، فرمانە ڕەوشتی وسیاسییەکانی جێگەیەکی درەوشاوەی لەمێژووی چینی کۆندا گرتووە، زۆر بەرهەم ئەگێرنەوە بۆ ئەو، لەوانە: پەرتووکی گۆرانی و، بەهارو پاییز.

ئەم ئایینە ئەلێت:ئاسمان سەرچاوەی سامان ودەسەلاتە.

کۆنفۆشیۆس ئەلێت:"هەموو خەلك لە ڕووی سروشتیەوە وەك یەکن بەلام لە ناو پەروەردەکردنیاندا ئەگۆڕێن"."بۆ ئەوەی لە نوێ بگەین ئەبێ کۆن بخوێنینەوە و تێیبگەین.خوێندن و فێرکردن بەبێ بیرکردنەوە بێ کەلکن، بیر کردنەوەش بەبێ زانست بێکەلك و بۆشە".دوای کۆنفۆشیۆس زۆر جێگرو شاگردی هاتنە ئاراوە .لەو فەیلەسوفانەی کە دژی کۆنفۆشیۆس وەستان-میتزو-بوو، تیوریەکەی کە دەربارەی زانین بوو هەندێ بیری مەتریالی تیابوو، وەکو: زانین لە کۆلینەوەو لە ڕاستەوخۆی واقیع پەیدا ئەبێت، ئیتر زۆر زاناو فەیلەسوف هاتنە کایەوە

و لەپەرەپێدانی فەلسەفەی کۆنی چین رۆلیان وازی کرد، بەتایبەتی بیروراکانی-سن تزو-وقوتابخانەی-فیتشپا- و- فان تشون- بەو جورە لە ناو ململانێی مەتریالیزم و ئیدیالیزمدا، هەروەك فەلسەفەی ولاتانی تر، فەلسەفەی کۆن لە ولاتانی چیندا پەرەی سەند کە لە ناو ئەو رێرەوەدا..دۆخی مێژویی تایبەت بە چین، مانەوەی نەریتی خێڵەکی و پاتریارەکی و سروشتی دواکەوتنی پەیوەندی کۆمەلایەتی کۆیلەتی، هۆی سەرەکی پالپێوەنەری خو تەرخان کردنی زاناکان بوو بۆ چارەسەر کردنی مەسەلە کۆمەلایەتی و رەوشتی و سیاسییەکان.

فەلسەفەی کۆنی هیندی:

ناوەراستی یەکەم هەزار ساڵەی پێش عیسا..سەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفەی هیندی بوو، لەو سەردەمەدا سەرکردایەتی خێڵەکی براهماتییەکان فەرمانرەوا بوو، "راجاکان"سەرداری دەوڵەتۆکەکان بوون و پشتیان بە دەسەلاتی ئورروستۆکراتەکانی زەوی و خاوەن مولکەکان دەبەست، سستێمی پاتریارکی، رۆلی گرنگی لە پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکاندادەبینی.ڤیدا-پەرتوکی زانیاری-کۆنترین شۆێنەواری ئەدەبی هیندییەکان بوو کە دەربارەی ئاین بوو.لە دوایيدافەلسەفەی ئیدیالیزم ومەتریالیزم لەدوو رێبازدا سەریان دەرئەهێنا:کونپاریز کەبروای بە پیروزی" ڤیدا"بوو، کونە پارێزی کە بروای بەو پیروزییە نەبوو..زۆربەی ئەو قوتابخانانەی دەهاتنە کاییەوە سەر بە رێبازی

یەکەم بوون، لەوانە:ڤیدانتا، نیایا..لە قوتابخانەکانی سەر بە ڕێبازی دووەمیش–بوزی–بوو کەلەنێوان سەدەی٦و٥ی پ.ع دا هاتە کایەوە.

بوزی.. یەکێکە لەئایینە جیهانییەکان. زیاتر لە ناو هەژاراندا. بڵاو بووەوە، هەرچەندە لە دواییدا دەسەلاتدارەکان توانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن.ئەم ئایینە نەسەر ئەفسانەی میر(سیدهارتا)گاوتاما بۆزای پێغەمبەر دامەزراوە."ترپیتاکا"یەکەم سەرچاوەی فەلسەفی ئاینەکەیە مەسەلەکانی:

١–ژیان پڕە لە ئازار. ٢– هۆیەك هەیە کە ئازاری پەیدا کردووە.
٣– لە تواناداا هەیە کە ئازار بوەستێنرێت.. سەرچاوەی بیروڕاکانی ئەو ئایینە بووە. زانا هیندییەکانی ئەو سەردەمە وایان دەڕۆانییە–زانین–کە ڕێگەیەکە بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ لە ئێش و ئازار، ئەمەش هەر لەسەر زەمین ئەکرێت نەك لە ئاسمان.. بڕوایان بەگیان نەبوو، بڕوایان بەگۆڕانی گشتی هەبوو، ئەوەی پێویستایە ببێتە مرۆڤێکی ڕەسیو، ئەبوو ببێتە خاوەنی هەشت چاکە کە: ڕەوشتی دروست و شێوەی ژیانی ڕاست و قسەی باش و مەبەستی چاك و دڵنیایی و بێزار نەبوون.. زەمینەی بوون.

نهێنی بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە تا گەیشتە چین و ژاپۆنیش.. ئەوەدا بوو کە ئایینی سەرفرازی بوو، هیوای ڕزگاری لەمێشکی هەژاراندا ئەچاند، بەڵام هەروەکو ئایینەکانی تر هەوڵی نەداوەو نەیتوانیوە ڕەگ و ڕیشەی چەوساندنەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەربکێشێت. سەرەنجام

ئەم ئايينە بووە چەند بەش و قوتابخانەيەك.. جگە لەوانە چەندين قوتابخانەی تر دامەزران، کەهەر یەکە سەر بەبەرەیەك بووە، بەلاّم مەزەبی پێگەیشتوانەی مەتریالیزم ـ بۆ ئەوە سەردەمە ـ فایشیشیکا ـ بوو سەدەی ٦، ٥ پ.ع، باس و قسەی ئەم ئايينە لەسەر: لێکدانەوەی واقیع و گەردیلەو گیان و لۆجیك و جەوهەرو وتەی گشتی و تایبەتی و.. هتد بوو.. ئیتر هێدی هێدی شێوەی ئايينيی ئاشکرا ترئەبوو.

فەلسەفەی کۆمەلگەی کۆیلەیەتی لەیۆنان و ڕۆما:

لەیۆنان:

سەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفە لەیۆنان لەشارو دەوڵەتۆکەکانیدا لەنێوان سەدەی ٧، ٦ پ.ع، لەرۆخی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك و ئینجا لەخواروی ئیتالیاو لەدوایشدا لەئەسینادا.. بوو. لوتکەی گەشەسەندنی لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی جێگرەکانیدا بوو. تالەسەدەی شەشەمی دوا عیسا ڕوونـاکی نەما. بەلاّم لە رۆمای کۆندا..ئەو سەرەتایە لە سەدەی دووەم و یەکەمی پێش عیسادا بوو.لەو ساتانەدا شێوەی بەرهەمی کۆیلەیی لە یونان و ڕۆمادا گەیشتە لوتکەی گەشەکردن..ئیتر کاری کۆیلەکان بووە هۆی خۆشکردنی زەمینەی گونجاوی گەشەکردنی کولتور وشارستانێتی..بەسوود وەرگرتن لە شارستانێتی گەلانی کۆن.داستانەکانی هزیۆد و هومیرۆس و مێژووەکەی هێرۆدۆت و شانۆگەری سافۆکلیس و پەیکەرەکانی ڤیدی و

فەلسەفەکانی هیراکلیتس و دیوکریتس و ئەفلاتون و ئەرستۆو ئەبیقورو هتد...نیشانەی ئەو ئاستە بەرزە بوون کە شارستانێتی یۆنانی و رۆما پێی گەیشت..دیارە کۆیلە و کویلەیەتی سەرچاوەی ئەو پێشکەوتنانە بوون، هەروەك ئنگلس ئەڵێت: کۆیلەیەتی نەبوایە نە دەوڵەتی یونان و نە هونەری یۆنانی و زانستی یۆنانی و هەتا خودی ئیمپراتورێتی رۆماش نە ئەبوون(٥).

یۆنانییەکان زیاتر بیروڕای فەلسەفی گەلانی بابل و ئێران و میسری کۆنیان وەرگرت، بەتایبەتی لە بابلیەکان زانستی ماتماتیك و فەلەك و جوگرافیا و سستێمی پێوان و سەرەتاکانی جەبرو ئەندازیارییان وەرگرت، فەلسەفەی یونانی ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی فەلسەفەی جیهانیدا بینی.

مارکس و ئنگلس ئەلێن:ئەو فەلسەفەیە "لەڕووی مێژوویيەوەی ئەم شێوەی دیالیکتکیە لە لێکولینەوەی ئەم فەلسەفەیەدا دەرئەکەوێت کە چۆن هەردوو ڕێبازی ئیدیالیزم و مەتریالیزم و ململانێی نێوانیان و پەرەسەندنی فەلسەفە لە ناو سەیرکردن و تێڕوانینی ئەفسانەوە هاتنە ئاراوە.

سەرەتای فەلسەفەی مەتریالیزم لە مەلاتییەی ئاسیای بچوك هاتە کایەوە، هەر لەو کاتانەوە بۆ فەیلەسوفەکان دەردەکەوێت کە هیچ شتێك مردوو نییە، هەموو شتێك گیان لەبەرەو ئەجولێت، زۆر تێبینی و

پێشبینی و تێگەیشتەی فیزیکی و بایۆلۆجییان دارشت، زۆر دیاردەی میتۆرلۆگیا پێش بینی کرد.

"تالیس" یەکەم فەیلەسوفی مەلاتیا بوو کەپراکتیك و کۆڵینەوەی قوڵی سروشتی پێکەوە گرێداو لەبازرگانییەکەیدا زۆر زانیاری کۆکردەوە، کەڵکی لەزانستی بابلی و میسرییەکان وەرگرت. بەڵام خۆی دوای پێشبینییەکەی لە رۆژگیرانەکەی ٢٨ی ئایاری ساڵی ٥٨٥ پ.ع دا، ناوبانگی دەرکرد. بۆچوون و باری سەرنجی زیاتر مەتریالیستانە بوو، ئەیووت هەموو شت لەمەتریالێکی شێدارەوە، یاخود لەئاوەوە پەیدا بووە، زەمین لەسەر ئاوە، ئەم جیهانە پڕە لەیەزدان، زۆر هەوڵی دا جێگەی رۆژو مانگ و ئەستێرەکان دەستنیشان بکات. دوای خۆی قوتابییەکەی "ئەناکسمیندری" بایەخی دا بەجۆری دروستبوونی کتێبی، لەجوگرافیاو سروشتەوە هەنگاوی ناو دەستی کرد بەزانیاری کۆکردنەوە دارشتنی فەلسەفییانەیان. یەکەم کەس بوو نەخشەی ئەرزی دروست کرد، رای زۆری لەسەر ئەستێرەوانیی هەبوو. ئەیووت: مەتریال سنووری بۆ نییە. لای وابوو لە دروستبوونی گێتیدا، لەپێشدا هەواو ئاو ئینجا ئەستێرەو وشکانی دروست بوو.. کە ئاژەڵ دروست بوو پێستی درکاوی هەبوو، کەهاتە سەر وشکانی ئەو پێستەی فڕێ دا.. مرۆڤ لەناو سکی ماسیا ئەژیا، کە گەورەو خورت ئەبوون ئینجا ئەهاتنە دەری بۆ سەر وشکانی و ئەوسا شێوەو روخساریان ئەگۆرا. لای وابوو، هەوا سەرچاوەی ژیان و دیاردە ئەروونییەکانە..

ئەم بیرو بۆچوونانەی شاری مەلاتییە بەشارەکانی تری یۆناندا بڵاو بوونەوە، "ئەکسانوفان" یەکێکە لەو فەیلەسوفە بەناوبانگانەی کە گاڵتەی بەهەبوونی چەند خوایەك دەکردو ئەیگوت خەڵك خۆیان دروستکەری خواکانن بەپێی شێوەو ڕوخساری خۆیان. لەیەکەم کەسانێ بوو کەبڕوای بەیەکێتی هەبوونی مەتریال بوو، جیهان لای ئەو نەمرەو ڕزینی بۆ نییە ئەمەش ئەو خوایەیە کەلەگەڵ هەموو شتێکدا جووت ئەبێ و یەك ئەگرێ.لە دوایدا "فیساغورس"٥٨٠-٥٠٠پ.م، یەکێتی فیساغورسییەکانی لە شاری ئەفروتون پێکهێنا.ئەم یەکێتییە ئایینی بوو.سەبارەت بەوەی هیچ نوسراوێکی ڕاستەوخۆ لە خویەوە نەماوە و قوتابییەکانیشی زۆر شتیان بە دەمەو هەڵبەستووە.. بۆیە زانینی ڕاو بۆچوونەکانی، وەکو خۆیان، زەحمەتە.بە گشتی بیروڕا ئایینی و ڕەوشتی و سیاسی و باری سەرنجی فەلسەفی و بۆچوونەکانی، زانستی بوون.. خۆخەریککردنی بە حیساب و ئەندازیارییەوە کاری کردە سەر بیرە فەلسەفییەکانی..مەزەبەکەی لە تێروانینی ئەفسانەو خەیاڵ تێکەڵ وبیروڕای ئیدیالیزمیش لەرای فیساغورسییەکاندا بەدی ئەکرێ.

سەرەتای دەرکەوتنی دیالیکتیک و میتافیزیك.

هیراکلیس: زەمینەی مەزەبەکەی ئەم فەیلەسوفە لەو سەرچاوەوەیە کە دەڵێ: دروستبونی هەموو شتێك لە مەتریالەوەیە.ئەیوت:((ئەم جیهانە بۆ هەموو شتێك وهەموو بوویەك هەر هەمان جیهانە، نە یەزدان و نە هیچ کەسێك دروستی نەکردووە، بەڵکو لەمەوبەرو ئێستاکە و لە پاشە ڕۆژی بێ کۆتایشدا ئاگرێکی لە کوژاندنەوە نەهاتووە بەبڕ بەردەوام ئەبێ و هەر بەبڕیش ئەکوژێتەوە)).

لینین دەربارەی ئەم واتایە ئەڵێت:(٧) دەرخستنێکی سەرکەوتوانەی دیالیکتیکە. بۆیە هیراکلیس بەیەکێك لە دانەرەکانی دیالیکتیك دائەنێت. یەکێك لە خەسلەتە سادەو سەرەتاییەکەی دیالیکتیك لای ئەم فەیلەسوفە ئەوەیە کە: بڕوای بە لێکدانەوەی بەردەوامە بۆ هەموو بوویەك و بڕوای بە بوونی ململانێیە لە نێوان سەرەتا دژەکاندا وەك هۆیەك بۆ گۆران. لای وابو ((ململانێ باوکی هەموو شتێکە و گەورەی هەموو شتێکە)) لە ململانێی دژەکاندا یەکێتی ناو خۆییان دەرئەکەوێت، ئەمرەکان لە ناو ئەچن و لە ناو چووەکانیش زیندوو دەبنەوە وژیانی هەندێك مردنی هی ترە.لێرەدا چاك وایە جۆری ڕێکخستنی گواستنەوەی شتەکان بۆ دژەکانیان سەرنج بدەین((ئاگر مردوویی خۆڵ ئەژێنێتەوە، هەوا مردویی ئاگر ئەژێنێتەوە، ئاو مردویی

هەوا ئەژێنێتەوە، خۆڵ مردویی ئاو ئەژێنێتەوە وئاژەڵ مردوویی ڕوەك ئەژێنێتەوە، وە مرۆڤ مردوویی هەردوكیان ئەژێنێتەوە)).

هیراكلیس نیسبییەتی سیفەت بە چەند تاقیكردنەوەیەكی هەلهێنجراوی نا بینینی مرۆڤ و ئاژەل ئەسەلمێنێ"ئەگەر ئیختیار بدرێتە دەست كەر ئەوا جۆ هەلئەبژێرێ نەك ئاڵتون"ئەمەش مانای وایە كە نرخی ئالتون نیسبییەو هەر بۆ مرۆڤ بە نرخە، ئاوی دەریا باشترین ئاوە بۆ ماسی و ناساز ترینە بۆ مرۆڤ چونكە بە كەلكی خواردنەوە نایەت، ئیتر بە هەمان شێوە لە شێوەكانی ڕەوشت وجوانیی و چاكەدا هەمان پێوانەی نیسبییەتی هەیە.بەگشتی ڕا ئەرستۆكراتەكانی، هەندێ بیری پێشكەوتوانەیان تیا بووە.

لە سەدەكانی ٦و٥پ.ع، مەلبەندەكانی پەرەسەندنی بیر لە یونانەوە گوێزرانەوە بۆ خوارووی ئیتالیا كە زیاتر كشتوكاڵ و خواردن دروستكردنی تیا باو بوو. بۆیە ئایین كارێكی گەورەتری كردە سەرفەلسەفە و فەلسەفەش زیاتر ئیدیالیستی بوو. لەشاری""ئیلیادا""" بارمیندسی فەیلەسوف و زینونی قوتابی ژیاوە-٤٩٠-٤٣٠پ.ع- بارمیندس دژی ڕاكانی هیراكلیس بوو.جیهان لای ئەم فەیلەسوفە تۆپێكی مەتریال وپێكەوە بەستراوو بێ بۆشاییە تا ئەگاتە تەماشا كردن لە بزوتنەوە، دەركەوتن، مردن لە گێتیدا. ئەڵێ: لەبەر ئەوە گێتی، یەكە، بۆیە نەبەش و نەزۆری تیا نییەوە ئەوەش كە بەچاو بەو جۆرە ئەبینرێ لەهەڵخەڵەتاندنی هەستەكان زیاتر هیچی ترنییە.. بەو جۆرە

بارمیندس ئەگاتە ئەو مەڵبەندەی کەنکوڵی لەو جوڵەو، دەرکەوتن، و لە ناوچوون بکات، تێگەیشتەی میتافیزیکی بۆ هەبووی یەقینی وای لێ کرد کە بێ بڕواو باوەڕ بێت بەرامبەر بەتابلۆی جیهان.

بەڵام - زینۆن - ی قوتابی.. بەرپەرچی دایەوەو ئەرستۆ (سەدەی چواری پ.ع) ناوی لێنا "پێشەنگی دیالیکتیک" کە ئەوەش لەو سەردەمەدا مانای "هونەری گەیشتن بوو بەیەقین".. بەهۆی دەرخستنی ناکۆکییەکانی ناو قسە دژەکانەوەو ئینجا نەهێشتنیان، بەڵام ناوبراو بەمانای سەردەم دیالیکتیکی نەبوو.

مەتریالیزمی سەردەمی پەرەسەندنی دیمۆکراسیی کۆیلەیەتی.

لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش عیسادا، مەڵبەندی بیری فەلسەفی گوێزرایەوە بۆ ئەسینا، دوای ئەوەش لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا هێرشی فارسەکان وەستێنراو شکێنرا جێگەی ئابووری و سیاسی پتەوبوو.

"برکلیس" ئەناکساغۆری - ٥٠٠ - ٤٣٨ پ.ع - لەخۆی نزیك کردەوە. بەڵام دوژمنانی دیمۆکراسی کۆیلەیەتی بەخوانەناس تاوانباریان کرد چونکە ئەیووت (ڕۆژ - تەنێکی مەتریالە) نیتر بەناچاری ئەسینای بەجێ هێشت و لە (لامباسکی) ئاسیای بچوك جێگیربوو، هەر لەوێش مرد. ئەم فەیلەسوفە لای وابو کە جیهان هەر یەکەیەکی غەریب نییە لە زۆری و جیاوازیی و بەس، بەڵکو لەژمارەیەکی بێ سنور لە (تۆو) پێك هاتووە، واتە لەوردیلە، کەبێ ئاکام بەسەر خۆیاندا دابەش ئەبن. هەموو بوونێك

بەشێکی بوونێکی تری تیا هەیە، هەروەك چۆن: تووك و نینۆك و دەمارو ئێسقان و بڕی خۆێن لە (تۆو) دان، هەر بەو جۆرە شت لەناو یەکتردا هەن.. ڕەش سپی و سپیش ڕەشی تیایە، قورسی سوکایی تیایەو سوکاییش قورسی تیا هەیە.. هتد، هانی خەڵکی ئەدا بۆ تێگەیشتنی ئەفسانە ئایینیەکانی ناو شیعرەکانی هۆمیرۆس، چونکە لای ئەو نموونەی مانای چاکەو یەکسانین.

بەگشتی بیروراکانی ناوبراو دەسکەوتێکی گەورەی فەلسەفەی مەتریالیزم و زانستی سروشت بوون. لەسەر دەستی ئەم و ((ئەنبا دۆقلیس)) فەلسەفەی مەتریالیزم هەندێ شێوەی دەرکەوتوی وەرگرت، کەلەوەو بەر بەو جۆرە ئاشکرا نەبووبو.

سوفستائیی sophists

لەسەدەی پێنجەمی پ.ع لەزۆر لەشارەکانی یۆناندا، ستێمی دیموکراسی کۆیلەیەتی جێگەی دەسەلاتی ئەرستوکراتیی کۆنی گرتەوە، لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا هەندێ دامودەزگای هەڵبژێردراوی وەك ئەنجومەنی میللی هاتەڕوو کە لەزۆرانبازی نێوان چین و پارتی دانیشتووە ئازادەکاندا ڕۆڵکی گرنگیان وازی کرد. مشتومڕی سیاسی و یاسایی بووبەباو سەبارەت بەوەی کەزانین هێشتا دابەش نەبووبو بەفەلسەفی و زانستی تایبەتی، لەبەر ئەو پایەیەی فەلسەفە لەناو ڕووناکبیراندا هەیبوو.. بۆیە مامۆستا نوێیەکان هەر بەوەوە نەوەستان کەزانیاری سیاسی و یاسایی بەخەڵك ڕەوان بکەن، بەڵکو ئەو جۆرە زانیاریانەیان

ئەبەستەوە بەباوەڕو مەسەلە گشتییە فەلسەفەییەکانەوە، ئەمانە بەسوفسەتایی ناوبران. واتە ـ زاناکان ـ حەکیمەکان ـ مامۆستای زانیاری. لەدواییدا نووسەرانی دژ بەم ڕێبازە پێیان دەوتن سوفسەتاییەکان نایانەوێ بگەنە ڕاستی، بەڵکو ڕای درۆ ئەچەسپێنن و پشتگیری لێ دەکەن، ئەم وەسفەش خاڵی نەبوو لەڕاستی، چونکە زیاد لەپێویست سروشتی نیسبییان ئەلکاند بە هەموو زانینێکەوە، تەنانەت حاشایان لەهەق و ناهەق، لەخێرو شەڕ ئەکرد، شانازییان بەوەو ئەکرد کە ئەتوانن لەیەک کاتا لایەنگیری ڕایەک بن و دژایەتیشی بکەن. لەڕاستیدا ژمارەیەک لەفەیلەسوفەکانی ئەم فەلسەفەیە ڕوناکبیری گەورەو زانا بوون، بەڵام تێندێنسی خۆیەتی وای لێ کردن کەنکوڵی لەزانستی شت بکەن و بەرەو خۆیی بیانبات. لینین دەڵێ "فرمانەکانی گورگیاس، بۆ نمونە هەر تەنها نیسبیی نین و بەس بەڵکو هەروەها گومانیشن ـ بۆیە سوفسەتاییەکان ـ هەر چەندە هاوبەشییان لە دانانی دیالیکتیکدا کرد بەڵام هەندی جار هەوڵیان ئەدا فرمانی بێ بیروباوەڕی و نەبوونی پەتی دابڕێژن، کە ئێستا بەسوفسەتایی دەناسرێت" (٨).

سوکرات ٤٦٩ ـ ٣٩٩ پ.ع:

یەکەم فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی کۆن بوو کەڕێگەی خۆش کرد تا ئیدیالیزمی بابەتی بێتە ئاراوە. خۆی پەیکەرتاش بوو. لە ئەسینا نیشتەجێ بوو، گەڵێ قوتابی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو دەستی کرد

بەرەخنەگرتن لە دیموکراسیەکەی ئەسینا.. بۆیە فەرمانڕەواکان ڕقیان لێ هەلگرت و بەتاوانی خراپکردنی بیری لاوان بەهۆی بیروباوەڕی ئایینی ئازادەوەو نکولی کردن لەخوای کۆن و شتی تر ووتن.. درا بەدادگاو لە ئاياری ۳۹۹ پ.ع دا بەکوشتن بڕیاری لەسەر دراوو دەرمان خواردیان کرد کوشتیان.

سوکرات هیچی نەنووسی، بەڵام قوتابی و هاوسەردەمەکەی: ئەکسانۆمان و ئیفلاتون و ئەرستۆ.. زۆر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە کە دەبێت بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیریان بکرێت. بۆ ئەوەی لەسوکرات بگەین دەبێ بەوردی لەو نووسیانە بکۆڵینەوە.

لەبەر ئەوەی سوکرات لەسەردەمی سوفسەتایەکانا بوو، بۆیە چەند ڕێگەو شوێنێکی لەوانەوە وەرگرت، هەر چەندە خۆشی دژیان بوو. بۆچوونی سوکرات خاڵی نەبوو لە گومان و تێندینسی گومانی.

لای سوکرات ڕۆڵی فەلسەفە ئەوە نییە کە: سەیری سروشت بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵکو فێری کردنمانە کە چۆن بژین، بۆیە بەرەنگاری زاناکانی سروشت بووەوە. بڕوای وابو کە دەسەلاتی مرۆڤ لە سنوری دەرووندایە، نەك سروشتی دەرەکی یا جیهان، بەو جۆرە زانینی ڕاست ڕەواناسینی دەرونە، کاری سەرەکی زانینیش ناسینی خۆیە "خۆت بناسە". سوکرات ڕای وابو کە مرۆڤ خراپە ناکات، ئەوەی ئەیکات لەسنووری زانیاریدایە و لەڕووی چاکە و خێرەوەیە ئەگەر بزانێت خراپەیە وا نایکات، کەس بە ئارەزووی خۆی خراپە ناکات، نەزانی و

لادان سەرچاوەی خراپەن. بەو پێیە سوکرات لەفەلسەفەکەیدا ئیدیالیست بوو، ئەم بیروڕایانەی سوکرات لەسەر دەستی "نوێنەرانی قوتابخانەی سوکرات" میگارێە، ئیلدێە، ئیرترێە - یاکەلبێیە - دا پەرەیان پێدار. هەروەها ئیفلاتونیش لەلایەنگرانی بوو.

دیموکراتیوس

شێوەیەکی نوێ لە شێوەکانی فەلەسەفەی مەتریالیزم و مەتریالیستی گەردیلەیی لەسەر دەستی "دیموکراتیوس" هاتە ئاراوە. ئەم زانایە دەرکەوتووترین فەیلەسوفی ئەم مەیدانە بوو، سەردەمی دیموکراتیوس سەرەتای سەدەی چوارەمی پ.ع بوو. سەفەری زۆری بۆ ولاتانی ڕۆژهەلات کرد، هاوبەشییەکی زۆری لە: زانست و هونەرو فەلەسەفەو لۆجیك و زانستی دەرون و ڕەوشت و زمان و ماتماتیك و فیزیك فەلەك کردووە. ئەم ڕێبازەی دیموکراتیوس، ژیان و دەرونی مرۆڤیشی دەگرتەوە، هەروەکو فەیلەسوفە ئیدیالیستەکانی پیش خۆی، پەیدا بوونی زیندەوەری ئەگێڕایەوە بۆ بوونی هەلومەرج و فاکتۆری سروشتی بێ مەبەست و بێ هۆی جیاوازکەر. لای وابو گیان لەگەردیلە لە (ئەتۆم) پێك دێت، کەژیان و مردنی زیندەوەر ئەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتن و جیابوونەوەی گەردیلەکان.

تیۆرییە مەتریالیستییەکەی دیموکراتیوس دەربارەی زانین لەگەڵ تێگەیشتنی مەتریالیستانەی بۆ سروشت ئەگونجا.

هەست لای ئەم سەرچاوەی زانین و بناغەیەتی، کەنەك هەر نمونەی مەتریالی ئەنجامکردەی شتەکانی ناو هەستەکان ئەبینێ و بەس بەڵکو هەروەك وێنەی گواستراوەی خودی شتەکان ببینن لەڕێگەی ئەندامەکانی هەستی دەرەکییەوە ئەچنە ناو لەشی مرۆڤەوە، ئەم وێنانەش مەتریالن لەتەنەکان دەبنەوەو ئەبنە گەردو لەناو هەموو بۆ شایی ئاسمانا بڵاو ئەبنەوە، کە دەگەنە ئەندامانی هەست، لەڕێگەی کونەکانیانەوە دەچنە ناویانەوە خۆ ئەگەر وارێکەوت کەقەبارەی کونکەو شێوەکەی لەگەڵ وێنەی شتەکان کەلێیانەوە دەچنە ژوورەوە، یەك کەوتن واوێنە هەستییەکان بەشێوەیەکی ڕاست شتەکان عەکس دەکەنەوە. بەو جۆرە وێنەی هەستی بنچینەی زانین پێك دەهێنن. بەڵام هەندێ شت و خسڵەت هەن بەهۆی بچوکییانەوە، بەهەشت دەرك پێناکرێن، بەڵکو تەنها بەئەقڵ دەرك پێدەکرێن لەگەڵ ئەوەشا ئەو دەرك کردنە ئەکرێ یەقینی بێت.

ئەم فەیلەسوفە گەلێ مەسەلەی تری وەك: جودا کردنەوەی واقیع و مەزەنە لەیەکتر، مەسەلەکانی لۆجیك و پەیوەندی بەتیوری زانینەوەو بەکارهێنانی ڕێگەی لەیەك چواندن Analogy و هتد.. هێنایە ئاراوە.

بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایەخی بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان داو لای وابو کەسیاسەت گرنگترینی هونەرەکانە.. و ئەرکی گەورەشی مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی گشتی خەڵکە. لەژێر سایەی دیموکراسیی کۆیلەیەتیدا.. لایەنگیری گەرمی ئەم جۆرە دیموکراسییەتە

بوو:"هەژاریی ژێر سایەی دیموکراسی لەژیانی بەناو خۆشیی ژێر سایەو سێبەری قەیسەرەکان باشترە". گرنگی دا بەدابەش کردنی کار، بەچالاکی بەرهەمهێنان و بەدەولەت و.. هتد. لای ئەم ئامانجی گرنگ ژیان بوو کەئەبووت ئەبێ بەیاساو پرنسیپ بپارێزرێت بۆ ئەوەی هێمن و بێ کەدەربێت. لای وابو کەمەرجی پێویست بۆ ژیان.. دابەشکردنی ئیشە، دیارە ئەمەش دیدی خاوەن کۆیلەکان بوو. لەرووی رەوشتەوە، لای وابو کە لەزەت وەرگرتنی راستەقینە لەژیان، لەهێمنی دەروون و ئارامیدایە. ئەمەش بەخۆگونجاندن لەگەڵ سروشتا پەیدا ئەبێت، بەکار ئەنجامدان و خۆبەستنەوە بەسنوورێکەوە لەهەموو شتێکداو بەئازایەتی دەرون و جورئەتی بیرکردنەوە دێتەدی، تاکە رێگەی گەیشتن بەوانە هەر خوێندنە، لاشی وابو کە خوێندن لەپەروەردە جودا ناکرێتەوەو بێ ئەو زانیاری و هونەر بەدەست نایەت.

تائەو کاتەش ئەم بوو کەمەزەبێکی مەتریالی کاملی داناو ناو خاوەنەکەی بەدرێژایی سەدەکان نەمر کرد. فەلسەفەی دیموکراتیوس مەنگاوێکی مەزن بوو بۆ پەرەسەندنی مەتریالیزمی یۆنانی.. خاوەنەکەی شیاوی ئەو ئازناوە بوو کەلینین لەرێبازە مەتریالیستەکەی ناو لەناو فەلسەفەی یۆنانیدا بە "هێڵی دیموکراتیوس"، واتە بەناوی خۆیەوە ناوی ئەبرد. ئەوەشی دوپاتی کردەوە کە فەلسەفەی مەتریالیزم، بەرادەیەکی گەورە، لە قوڵی و روونی و هێزی سەلماندن، لەلایەن دیموکراتیوسەوە چارەسە کرا، مارکس و ئنگلس(٩) بەزانایەکی

ئەزموونی و یەکەم ئەقڵی ئینسکلۆپیدی یۆنانی کۆنیان دانا. بۆیە تەنانەت لەسەدەی نۆزدەیەم و بیستەمیشدا ئیدیالیستەکان هەروەکو دوژمنێکی زیندوو هێرشی توندو تیژیان کردۆتە سەر.

ئەفلاتون ٤٢٧ ـ ٣٤٧ پ.ع:

تاسەدەی پێنجەمی پێش عیسا مەتریالیزم بەرێبازی بنچینەیی باوو، لەناو بیروڕای فەلسەفەی یۆنانیدا مایەوە لەباسەکانی لۆجیکدا ئەفلاتون زیتر بایەخی داوە بەم باسانەی خوارەوە:

١ـ رێگەی زانینی مەزەنە کردن: ئەفلاتون بەم بەشەی کۆلینەوەی لۆجیکی وتووە "دیالیکتیك" وە دانراوەی "تۆپۆی" "TOPOI" ((ئەم باری سەرنجە گشتیانەی کە حوکمە مەزەنە کراوەکانی لێوە پەرە ئەسەنێت))ی بۆ تەرخان کردووە.

٢ـ بایەخدان بەهەردوو رێگەی بنچینەیی مەزەنەو یەقین ـ پێناسکردن و سەلماندن ـ وەك یەك.

٣ـ مەسەلەی رێگەی دۆزینەوەی پایەگاکانی زانین ـ INDUCTION ـ استقرا.

ئەفلاتون هەر دانەری زانستی دەروون نیەو بەس، بەڵکو هی زانستی چالاکیی دەروونیشە، نامەکەشی ((لەدەروندا)) بێگومان، بەنرخترین دانراوەکانێتی. تیایا لە کێشەی دەروون و دیاردەکانی و دەرك و زەین، دەکۆڵێتەوە. لای ئەم ئەقڵ بەشێکە لەدەروون کە بەپێچەوانەی

بەشەکانی ترەوە مردن و ڕزینی بۆ نییە، بەلام قسەکانی دەربارەی دەروون و ئەقل.. بێ تەمومژ نین و وای لێ کرد جێگەی بگرەو بەردەش بن. لەگەل ئەوەشدا ڕێبازی دیالیکتیکی پێوە دیارە.

دەربارەی ڕەوشت و گەردوون گەلێ بیروڕای دەرخستووە. بەلام بیروڕا سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و دیاردەکانی بەقوڵی دەرخستووە. مارکس ئەڵێ: ئەفلاتون جگە لە شیکردنەوەی دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ و شێوەکانی بیر، یەکەم کەسێ بووە کەلەشێوەی "بەها" کۆڵیوەتەوە(١٤) . هەر چەندە پەیوەندییە کۆیلەتییەکانی ئەو سەردەمە توانستی بینینی جەوهەری ڕاستەقینەی دیاردە ئابوورەییەکانی لێ شاردبۆوە لەگەڵ ئەوەشدا: توانینی نرخی ئاڵوگۆڕی شمەك نرخی وەك یەکیان ببینێت. ئەفلاتون لەراکانیدا دەربارەی دەوڵەت پشتی بەدەستووری ١٥٨ دەوڵەت لەشارەکای یۆنان بەستووە. کە قوتابییەکانی، لەساڵی ١٨٩دا کۆیان کردەوە، یەکێك لەو دەستوورە دۆزراوانە دەستووری ئەیسنا بوو. ڕاکانی ئەفلاتون دەربارەی چینە کۆمەلایەتییەکان و شێوەکانی حوکم، گرفتی کۆمەڵگەی کۆیلەتی لە ئەسینادا دەردەخات، ڕەنگدانەوەشە بۆ سەرەتای داتەپانی چینی خاوەن کۆیلە. لای ئەفلاتون ددەسەلاتدارێتیی خزمەتگوزار بەگەڵ: پاشەیەتی، ئەرستوکراتی و بولیتیا (واتە فرمانڕەوایەتی چینی ناوەڕاست)یە بەلام خراپەکانیان: زۆرداری، ئۆلیگارکی و دیموکراسی لاتنگیرە.

ئەفلاتون ئەیووت: "بیرەکان" هەرەمێکن.. لەسەرو هەموویانەوە "ئیدیە"ی خێرە، ئەم "ئیدیە"یەش سەرچاوەی هۆی بوونی شتەو مەرجی زانینێتی و هەر ئەمیشە ماهییەتەکەی ئەداتێ..لێرەدا فەلسەفەکەی ئەفلاتون سروشتی مەبەستیی telelogy وەرئەگرێ.

ئەفلاتون ئەیووت:جیهانی شتی هەستیی جیهانی ڕاستەقینە نییە چونکە شتی هەستپێکراو لە گۆڕان وجوڵەی هەمیشەییدایە،دروست ئەبێ و ئەڕزێ،هیچ شتێکی یەقینی و نەگۆڕی تێدا نییە.بەڵام ماهییەتی ڕاستەقینەی شتە هەستپێنەکراوەکان، لە مەتریال بێبەرین،تەنها بەئەقڵ دەرك ئەکرێن و جیاکەرەوەن،فەیلەسوف پێی ئەڵێ (بیرەکان)یان بێهاوتاکان(مپل)...

بەشێکی تیورییەکەی ئەفلاتون وا بنیات کراوە:هەبوون خۆی ناکۆکی تیایە،خاوەن دژەکانە: یەکێکە و زورە نەمرە ونەمرێ، نەگۆڕێ، ئەبزوێ و نابزوێ. بەڵام ناکۆکییەکان بەتەنها لە ڕا مەزەنەکراوەکانا دەرئەکەن کەلە بەشی خواروی گیانا دروست دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجێکی پێویستە بۆ ماندانی دەروون کەبیر بکاتەوە. بەڵام هونەرێ کە ماندەری بیرکردنەوەبێ بەڕێگەی دەرخستنی ناکۆکییەکان، لەدیدی ڕۆژانە یاخود ڕامەزەنەییەکانە، ئائەوە "دیالیکتیکە".

لە کۆسمۆلۆژیدا - زانستی پێکهاتنی کەون - لەژێر کارتێکردنی فیساغۆرسییەکاندا ئەفلاتون بەردەوام ئەبێ و دووبارەی دەکاتەوە کەیەکەم سەرەتاکانی هەموو شتەکان لەسێگۆشە پێکهاتوون و دابەش

نـابن، یـان گەردیلـە هەندەسـیین و لەمـەتریال بێبـەرین، یا "کـەون" یـەکانیش لـەبیری گیـانی جیهانیی و گیـان چوونە لەشێکی تـرەوە - تەناسـوخی گیـان - بنیـات دەکـات و ئـەڵێت: زۆریـەی خـەڵك بـەتوانای تایبەتی خۆیان ناتوانن بەکەماڵ بگەن، بۆیە پێویسـتە دەوڵـەت و یاسـا هەبێت.. دەوڵەتیش ئەبێت لەسـەر بنچینەی دابەشـبوونی کـار لـەنێوان هاوڵاتییـە ئازادەکانـدا دابمـەزرێت، ئەمـەش بـەقازانجی هـەموو کۆمـەڵ دەگەرێتەوە - لەڕاستیشدا هەر خـاوەن کۆیلـەکان دەگرێتـەوە - ئـنگلس ئەڵێت: ئەفلاتون بلیمەتانە بیری لەدابەشکردنی کار کردۆتەوە کە ئەڵێت بنچینەی سروشتی شـارە، شـاریش لای یۆنـانی کـۆن بـەمانای دەوڵـەت بەکار دەهـات، هـەروەها مـارکس ئـەڵێت: کۆمـاری بێوێنـەی ئـەفلاتون، لـەڕووی کـار دابەشـکردنانە، هـیچ نییـە تـەنها وێنەیـەکی ئیدیالیسـتی ئەسینایی نەبێ کەلە ستێمی چینایەتی میسری کۆنەوە وەرگیراوە(١٠).

ئـەفلاتون لای وابـو کـە: موڵکایـەتی تایبـەتی و خێـزان سەرچـاوەی ناخۆشـییەو هەرەشـەش لەیـەکێتی کۆمـەڵ ئـەکات، بۆیـە - لەشـاری بێوێنەدا - پێشنیار دەکات کەسەرکردەو سەرباز مافی موڵکدارییان نەبێ و داوای هاوبەشێتی بەختیاریـیش لەدڵنیاییدایە، لەنەبوونی ترس و لـەرز دایە.

بەگشتی: فەلەسەفەی ئەفلاتون کارێکی گەورەی کردە سـەر ڕەوتـی گشـتیی پەرەسـەندنی بـیری فەلەسـەفی دوا خـۆی، بەتایبـەتی لەسـەر ئیـدیالیزم - لیـنین پـەنجـە بـۆ ئـەوە ڕادەکێشـێت و ئـەڵێت: بـۆ چـوونە

بنچینەییەکانی، پەرەسەندووترین فەلسەفەکانی ئیدیالیزم، لەجەوهەردا، لە فەلسەفەی ئەفلاتون جوادا نین(١١).

ئەرستۆ ٣٨٤ ـ ٣٢٢ پ.ع:

یەکێك بووە لەشاگردە بلیمەتەکانی ئەفلاتون، لەڕاستیدا فەلسەکەی کۆلەکەیەکی گرنگی کۆشکی فەلسەفەی یۆنانی بوو ئەگەر هەرە گرنگەکەیان نەبێ. سەردەمی داتەپانی ستێمی دیموکراسی ئەسینای بینیوە، لەو کاتەدا مەکدۆنیا بەهێز بووە پارتی خۆی دامەزراندووە، واپێ دەچێ ئەرستۆش لایەنگیریی کردووە، ئەم فەیلەسوفە نووسینی زۆرەو بەتەواوی نەگەیشتۆتە دەستمان، ئەوەی گەیشتووتە بێگومانە کە دەستکارییان زۆر کراوە،بەناو بانگترینیان:"لە پشتی سروشتەوە" یان "متیافیزیکا" یە شاگردەکانی کۆیان کردۆتەوە ئەرستۆ لەناو زۆر بابەتا کاری کردووە: لۆجیك، زانستی دەروون، تیوری زانین، هەبوون، فەلەك، سروشت، زانستی ئاژەڵ، سیاسەت، ئابووری سیاسی، ڕەوشت، پەروەردە، خوتبە، زانستی جوانیی...

لە زۆر حالەتا، نووسینەکانی بەبەنرخ و ووردترین سەرچاوە دانەنرێن کە زانیارییەکانمان دەربارەی ئەو ڕێبازە فەلسەفیە کۆنانە زۆر ئەکەن..

فەلسەفەی ئەرستۆ جۆرێکی ئیدیالیزمی بابەتییە بەڵام تەبانییەو جارجار هەندێ بابەتی جەوهەری مەتریالی تێکەڵە. لینین ئەڵێت:"ڕەخنەکانی ئەرستۆ لەتیوری ـ مپل ـ، لەوە دەرئەچێت

کەرەخنە لە ئیدیالیستیی ئەفلاتونی بێت بەڵکو بەگشتی ئەشبێت بەرەخنە لە ئیدیالیزم" (١٢) هەر چەندە خۆشی لەو سنوورە ئیدیالیستییە دەرنەچووە، بەڵام هی ئەرستۆ گشتی و بابەتی و دووربین تر بوو لەوەی ئەفلاتون، بۆیە فەلسەفە سروشتییەکەی لەمەتریالیزم نزیکتربوو.

بۆ تیوری زانین، ئەیووت: واقیعی بابەتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەزات، هەیە، هەستی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی شتەکانی ناو جیهانە ئەرستۆ یەکەم فەیلەسوفی یۆنانی کەبەرهەمە بەدەست گەیشتووەکانی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بەبەرنامە مەسەلەکانی لۆجیك چارەسەر دەکات.

یەکێك لەمەسەلە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەرستۆ لەسەر ((بوون))، مەسەلەی پەیوەندی گشتییە بەتایبەتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکی دیالیکتیکییە.. سەبارەت بەوە، لۆجیکی ئەرستۆ پەیوەندی هەبووی نێوان بیردکان بەپەیوەندیە، یان، سنووردارىی هەبوون دائەنێت بۆیە مەسەلەی دیالیکتیکیش ئەخاتەڕوو. لینین ئەڵێت: لای ئەرستۆ هەمیشە لۆجیکی بابەتی لەگەڵ لۆجیکی خۆیدا تێك دەئاڵێ، هەرچەندە، دەرکەوتووەکانی، هەمیشە بابەتییە ئەویش لەهەر هەنگاونانێکا هەردەم دیالیکتیك بەتایبەت ئەخاتەڕوو.(١٣)

بەو جۆرە بۆ یەکەم جار فەلسەفەی ئیدیالیزم لەسەر دەستی ئەفلاتوندا گەیە ڕادەی ڕێبازی فەلسەفەی گشتی و وەك ڕێبازی

فەلسەفی دژ بەڕێبازی مەتریالیزم خۆی نواند. بەو شێوەیە مەتریالیزم و ئیدیالیزم لەیۆنانی کۆندا دەرکەوتن ئەفلاتون لەخێزانێکی ئەرستوکراتی ڕەسەن لەئەسینا هاتبووە دونیاوە، تادوا ڕۆژی ژیانی لەدژی دیموکراسیتەکەی ئەسینا بوو، باسەکانی لەسەر ئەمانە بووە: هەبوون، جیهان و پەیدابوونی، دەروون، زانین، کۆمەڵ، دابەشکردنی کار، پەروەدەو هونەر.. هتد.

فەلسەفەی سەردەمی هێلنیستی

لەکۆتایی سەدەی چواری پ.ع دا، بەڕوونی نیشانەکانی ئەو تەنگوچەلەمەیەی کە دیموکراسیی کۆیلەیەتی ڕامالی.. دەرکەوت. ئەم تەنگوچەلەمەیە بووە هوی ئەوەی ئەسیناو شارەکانی تر سەربەخۆیی سیاسییان لەدەست بدەن.

ئەسیناش بووبە بەشێك لەو ئیمپراتوریتەی ئەسکەندەری مەکدونی دایمەزراند، هەڵوەشانی ئەم ئیمپراتۆریەتەش دوای مردنی ئەسکەندەر، لەبەرەو خراپتر چوون و زیاتر ئاڵۆزی و تەنگوچەلەمەکەی نەگۆڕی و بووە هۆی گۆڕانێکی قوڵی ژیانی بیر. لەم سەدەیەدا سێ تەیاری سەرەکی لەفەلسەفەی هیلنیستی لەئارادا بوون: مەزهەبی گومان Seepticism، ئەبیقۆری و ڕواقی Stoicism، یەکەمیان.. مەزهەبی گومانییە:

رابەرەکەیان بـیرۆن (دەوروبـەری ٣٦٥ ـ ٢٧٥ ق.ع) بـوو.. لای ئـەم، فەیلەسوف ئـەو مرۆڤەیـە کـەئامانجی بەختیارییـە ئافرەتیشـی دەکردە منداڵ پەروەردەکردنیشی بۆ دەوڵەت دائەنا.دیارە ئەوانە هیچیان فریان بەسەر کۆمۆنیزمەوە نییە، وەك فەیلەسوفەکانی بـۆرژوا باسـی دەکـەن چونکە ئـەفلاتوون کاتـێ داوای نەهێشتنی موڵکایـەتی تایبـەتی ئـەکات یاداوای دابەشکردنی بەرهەم ئـەکات، کەئەوانـە تـەنها لـەباری سـەرنجی دەستکەوتی چینی دەسەڵاتدارەوە بێت.

بیرون لای وابـوو، ئـەو مرۆڤـەی خواسـتی ئـەوەبێ بگاتـە بـەختیاری وائەبێت وەرامی سێ پرسیار بداتەوە: ١ـ شـت لـە چـی پێکهـاتووە؟ ٢ـ ئەبێ هەلوێستمان بەرامبەری چی بێت؟ ٣ـ چ سودێك لەو هەلوێستەمان وەردەگرین؟

بـۆ پرسـیاری یەکـەم هـیچ وەرامـی نییـە، چـونکە قـەت نـاتوانین بڕیاردانێکی بڕینەرەوە بۆ پرسیاری یەکەم هەبێت، بیرۆن ئەچێتە سـەر پرسـیاری دووەم: هەلوێسـتی فەلسـەفی ڕاسـت بەرامبـەر شـتەکان وا ئـەخوازێت کـە هـیچ بڕیارێـك دەربـارەی نـەدرێ. ئەمـەش واناگەیـەنێت کەشتی یەقینی لەئارادا نـەبێت، چـونکە دەرکـی هەستیمان و سەرنجە هەست پێکراوەکانمان حەتمەن یەقینین، بەڵام هەڵـە لەحوکمەکانەوەیـە لـەکاتێکا کـە ئەمانـەوێ بڕیـار لەسـەر ئـەوەی دیارە یـا ئـەوەی لـەڕوو بەسرشـتی شـت دەرئەکـەوێ.. بـدەین. لێرەدا وەرام لەسـەر پرسـیاری سێیەم دێتە پێشەوە: ئەو کەڵکەی لە نـەدانی حوکمـەکان وەریئـەگرین،

حاڵەتێکی ئارامی و دڵنیایی و بێ بێزاری و بێ پەشیمانییە، لوتکەی بەختیاری تیایە کە فەیلەسوف ئەتوانێ بەدەستی بێنێ.

ئەم فەلسەفەیە لەدواییدا لەسەر دەستی لایەنگرەکانی بیرۆن پەرەی پێدرا. فەلسەفەی ئەبیقۆر: مەزەبی مەتریالیزمی گەردیلەی یۆنانی لە فەلسەفەکەی ئەبیقۆردا (٣٤١ ت ٢٧٠ پ.ع) گەیشتە لوتکە. ئەبیقۆر لای وابوو کە ئەرکی گرنگی فەلسەفە.. دانانی ڕەوشت و بناغەکانی ڕەفتارە کە دەبێتە هۆی بەختیاری. ئەبیقۆر مەزەبی هەستیی sensualism مەتریالی پەسەندکردو پەرەی پێدا.

بیری ئەبیقۆری دەربارەی جوڵەی خۆیی گەردیلە، هاوبەشییەکی نایاب بوو لەپەرەپێدانی مەتریالیزمدا. ئەم فەیلەسوفە لەم تیۆریی ساکارەوە دەست پێدەکات و ئەوە دووپات ئەکاتەوە کەلادانی گەردیلە، مەرجێکی پێویست و بنچینەییە بۆ سەربەستی مرۆڤ.

هەروەها فەلسەفەکەی لەدژی ئەفسانەو واهیمەی ئایینی ئاراستەکرد، چونکە ئەوانەی بەسوك کردنی کەرامەتی مرۆڤ دائەنا.

مەبەستی ڕەوشت بەختیارییە، بەختیاریش لەهەست بەلەزەت کردندایە، هەرشتێکیش ببێتە هۆی ئەوە، خێرەو ئازاریش شەڕەو هەرشتێکیش ببێتە هۆی ئازار هەر شەڕە. فەلەسەفەکەی ئەبیقۆر دوا فەلسەفەی مەتریالیزم بوو لەیۆنانی کۆندا. بیروڕا ڕێڕەی ژیانی، کەنزیك بوو لەوازهێنان لەدونیا.. جێگەی ڕێزو پایە بەرزیی بوو لای ڕۆشنبیرە یۆنانییەکانی دوای خۆی..

رواقی ـ ستویزم ـ ی یۆنانی:

زینۆن ـ دەوروبەری ٣٦٦ ـ ٢٦٤ پ.ع ـ دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە بوو. دژایەتییەکی توندی بەرامبەر فەلسەفەی ئەبیقۆری کرد، رواقییەکانیش هەروەك ئەبیقۆرییەکان لەوەوە هەنگاویان هەڵهێنا کەدەیانوت: ڕەوشت چەقی فەلسەفەیەو ئامانجە بنچینەییەکەیەتی، فیزیکەکەشیان تێکەڵەیەك بوو لە فیزیکی ئەرستۆو بیروڕا سروشتیەکانی هیراکلیتس. دەربارەی گێتی ئەیانوت: یەك لەشە، زیندووە، دابەشە، گیانێکی مەتریال بەناویدا ئەڕوات، سیفەتی خوایەتی ئەنێن بەجیهانی مەتریالەوەو لەگەڵ خوادا جووتی ئەکەن. بەسروشتی خوایەتی ـ نان بەجیهانەوەو بەو گیانەی پیایا دەڕوات و ئەو ئەقلەی کەلەجیهاندا ئەبێت، بەوانە بەربەرەکانیی ئەبیقۆرییەکانیان ئەکرد.

لە ڕەوشتیدا: جیاوازییان لەگەڵ ئەبیقۆرییەکان لە دیدی هەر لایەك بۆ ئازادی و بۆ دوا مەبەست لەژیانی مرۆڤایەتیدا دەرئەکەوێت فیزیك و ڕەوشت لای ئەبیقۆر لەبناغەدا بۆ ئەوە ئاراستە کراوە کەمرۆڤ لەکۆتوپەیوەندی "پێویست" سەرفرازبن، کەچی هی رواقی بڕوای بەحەتمیەتی (قەدەرو چاردنووس) لەناو چوونی سەرجەم گێتی هەبووە.. ئیترەوە ئەمان "ئازادی" خۆیان جوێ ئەکەنەوە چونکە لایان وایە کرداری خەڵك جیاوازن نەك بەوەی ئازادە یان نە، چونکە هەموو لەبن دەستی ئەو "پێویستە" بەزەبرەدان کەچاری خۆلێلادانی لەئارادا نییە.. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئایا ئەم بندەست بوونە لەخۆوە

بووه یان بەزۆر بووه، چۆنکه قەدەر، ئەوەی ملکەچی بێت ڕازی ئەکات و ئەوەی بەریەرەکانێشی بکات ناچاری ئەکات.

له ڕۆمادا: هەر لەکۆنەوه ئابووری ڕۆما لەسەر کشتۆکاڵ بووه. پەرەسەندنی پەیوەندی کۆیلەیەتی، بەجێگیربوونی هێزی دەوڵەت و بەرفراوان بوونی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەوه هاوپەیوەند بوو کەناوچەی فراوانی ڕۆژهەلات و خوارەوەی گرتبوەوه، ئەمەش کاری کرده سەر زۆربوونی کۆیله بەرادەیەکی فروان گەوره بوونی سامان و دەوڵەمەندی خاوەن کۆیلەکان.

ڕۆمان لاگەشەکانی شارستانیەتی یۆنانییەکانی وەرگرت.. زاناو وتاربێژو هونەرمەنده فەیلەسوفه یۆنانییەکانی ڕاکێشا بۆ لای خۆی..

مەتریالیزمی "لوکریتس کار" (دەورووبەری ۹۹ - ۵۵ پ.ع)، کەخاوەنی باوەڕی بلیمەتانەی فەنسەفی "لەسروشتدا" بوو، گەورەترین بەرهەمی فەلسەفەی ڕۆمانی بوو. سەردەمی ئەم فەیلەسوفه زۆر ئالۆز بوو، لەڕۆژانی دیکتاتوریەتی "سۆل" و ململانێی لەگەڵ "ماری"و کەرت و پەرت کردنی چینی سوارەکان و ڕاپەرینەکەی کۆیلەکان بەسەرکردایەتی سپارتاکۆس ۷٤ - ۷۱ پ.ع دا بوو. ئەو ڕووداوانه ناکۆکییه چینایەتییه قوڵ و گرژبووەکانی نێوان کۆیلەو ئازادەکان، وردە جوتیارو خاوەن موڵکه گەورەکان، دوایش لەنێوان خاوەن کۆیلەکان خۆشیاندا - لەنێوان سەرکردایەتی کلاسیکی کۆن و بازرگان و سوخورەکاندا.. ئەو ڕووداوانه ئەم ناکۆکیانەی ئاشکرا دەرئەخست.

"لۆکریتس" مەزەبی گەردیلەو گێرانەوەی بۆ سەر ڕەگەکەی کە مەزەبی ئەبیقۆرە، شتیاڵ کردەوەو هەروەك پێشووەکەی، لای وابوو کەئامانجیی، ئامۆژگاری کردنی مرۆڤە بۆ ژیانێکی ئارام و دڵنیا کەترس و لەرزی تیا نەبێ، نەلەدۆزەخ و نەلەوەو دونیا، نەلە دەست تێوەردانی خوا لەکارە تایبەتییەکانمانا. لۆکریتس.. لای وابوو کە ئەرکی فەلسەفە خەباتە لەدژی ئەو دوژمنانە.. کە گەورەترین دوژمنی بەختیاری مرۆڤن.

لۆکریتس دوو بیری بنچینەیی ئەبیقۆری دووپات ئەکردەوە:

١- بیری لەناوچوونی گیانی مرۆڤ و بڕوانەبوونی بەڕۆژی قیامەت.

٢- بیری نەتوانینی خوا کەکار بکاتە سەر ژیانی مرۆڤ.

ئەم نکولیی لەبوونی خوا ناکات بەڵام هەروەك ئەبیقۆر، جێگەیەکی تایبەتی لەناو ئەو بۆشاییانەی کە جیهانەکان لێك جیا ئەکاتەوە، بۆ داناوە.. حاشا لەوە ئەکات کەئەم خوایە توانستی دەستخستنە ناو ڕێڕەوی ڕوداوەکانی هەبێت و ئەڵێ: هیچ شتێ نییە لەهیچ لەدایك ببێ، سەرجەم شتەکان لەتۆوەوە هاتوونەتە خوارێ.. ئەو تۆوانەش نەمرو ئەزەلین، ئەگەر وانەبوایە واهەر لەدێرزەمانەوە هەموو تۆودکان خراپ ئەبوون.

ناتوانین ڕێبازی پەرەسەندنی فەلسەفەی کۆمەڵگەی کۆیلەی کۆن و سروشتەکەی تێبگەین، هەر تەنها لەبەر ڕۆشنایی ئەو کارتێکردنە نەبێت کەستێمی کۆمەلایەتی ڕۆمای کۆن کردییە سەر فەلسەفە، ئەو سەردەمە سەردەمی ڕوخانی دەوڵەتە کۆنەکان بووە کەرێگا قووتی دان

و له سەریەخۆیی سیاسی بیبەشی کردن.. سەردەمی زیاتر هەژاری و کوێرەوەری جەماوەر دەرکەوتنی چینێکی خاوەن جێگە بوو لەمشەخۆرەکانی ڕۆما.. گۆڕانە سیاسییەکان بەخێرایی و یەك بەدوای یەکدا دەهاتن، بوونە هۆی هەڕەشەکردن لەچارەنووسی پێرسونالّی سەڵتایەتی و شڵەقاندنی ئارامییەکەی. ئەو قولّبوونی ناکۆکییە کۆمەلایەتییانەو زیاتر ڕووت و ڕەجاڵی و کارەسات، بوونە هۆی ئەوەی ڕەش و ڕووت و هەژارەکان ڕوویکەنە ئایین کەچاوەڕوانی دڵدانەوەو خۆشییان لێ ئەکرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەش لەدەرکەوتنی عیسا، ڕووکردنە ئایین لەلایەن چینە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵگەی ڕۆمانەوە زیاتر نەبوو، ئەو شەپۆلە ئامۆژگاری و کردارە ئایینیانەی لەرۆژهەلاتیشەوە دەهات کاری کردە سەر ئەم ئیمپراتۆریەتەو زەمینەیەکی لەباری لەکۆمەڵی ڕۆماندا دۆزییەوە.. لەسەدەی چوارو پێنجیشدا ئیفلاتۆنیی نوێ بووبە قوتابخانەیەکی تەواو کەلەدواییدا کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی ئایینی مەسیحی.

لەناودارەکانی ئیفلاتۆنی نوێ: ئەفلۆتین و فۆرفیریۆس (سەدەی سێیەمی دوای عیسا)و ئەبرۆقلۆس.. بون ئەم نوێ بوونەوەیەی ئیفلاتۆنی.. هەروەك ئایینی مەسیحی، لەئەنجامی تەنگو چەڵەمەی گیانیدا بوو کەبووە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵگەی کۆیلەیەتی کۆن.. بۆیە کاری گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی مەسیحییەت.

دوای ئەم کورتە باسەی فەلسەفەی یۆنان و ڕۆمان، ئەبێت ئەوە دەربخەین و بلێین کە: ئەم فەلسەفانە پلەی بەرزی پەرەسەندنی بیری فەلسەفی بوون لەکۆمەڵگەی کۆیلەیەتیدا.. نرخی مێژوویی و گەورەی ئەم دوو فەلسەفەیە لەوەدایە کە کۆمەڵێك مەسەلەی بنچینەیی و زۆر گرنگیان خستەڕوو، لەم قۆناغەشدا بوو کەلایەنە ناکۆك و دژ بەیەکەکانی فەلەسەفە دروست بوون و زۆرانبازی نێوان مەتریالیزم و ئیدیالیزم دەرکەوت کەناوەرۆکی بنچینەیی مێژووی فەلسەفە دروست ئەکات. هەروەها یەکەم شێوەی مێژووی دیالیکتیك دامەزراو گەیشتە ڕادەیەکی بەرز لەپەرەسەندن. ئەمەش بەتایبەتی، بایەخی مێژوویی و نەمری فەلسەفەی یۆنان دەرئەخات.

بەشی دووەم

- فەلسەفە لەسەردەمەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا:

١- بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی خۆرهەڵاتدا: چین - ئێران - ژاپۆن - بیزەنتە - هیندستان - فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی.

- سۆفیزم و تەیارە کۆنپارێزەکان. فەلسەفەی جولەکە.. فەلسەفەی گەلانی پشتی قۆقاس و ئاسیای ناوەڕاست. بیری فەلسەفی لە ئەرمەنستان - لەجۆرجیا.

٢- فەلسەفە لەوڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوادا.

٣- بیری فەلسەفی لەروسیادا (سەدەی نۆیەم - سەدەی حەڤدەیەم).

- فەلەسەفە لەسەردەمەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا:

١ـ بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی خۆرهەڵاتدا:

لەچین:

لەنێوان هەردوو سەدەی سێ و چواری د.ع، هێزەکانی هۆن و دوای ئەمانیش خێڵە بەربەریەکانی تر چینیان داگیرکردو هەتا کۆتایی سەدەی شەشەم ناوچاکانی باکوور لەژێر دەستیاندا مایەوە، ئیتر باری ئابووری داڕوخا.. خەڵکێکی زۆر کوژرا.. لەو بارودۆخەدا کۆنفۆشی کەئایدیۆلۆژی سەردەمی خێزانی هۆن بوو بەرەبەرە جێگەی خۆی لەژیانی گیانیی وڵاتەکەدا ون ئەکرد (سەدەی دووەمی پ.ع ـ سەدەی دووەمی د.ع). لەهەمان کاتدا سۆفییەتی "بوزی" و "تاوی" گەشەیان ئەکرد.. بوزی ئەو بیروڕا فەلسەفییە لاهوتیانەی بڵاو ئەکردەوە کەژیانی ئەم جیهانەی بێ بایەخ ئەکردو بڕوا بەئەمری گیان و بەگیان چوونە لەشێکی ترەوەو بڕوا بەنەبوون و بەوەی کەلەناو کەماڵی هۆشی خۆییەوە ئەگەین بەئارامی گیانیی، بەهێز ئەکرد. ژمارەیەك لەزاناكان بەتایبەتی فان شین ـ سەدەی پێنجەم و شەشەم ـ کە لە دژی بیروباوەڕی ئەو ئایینەبوون مان شین ئەیووت: ئەوەودونیا دڕێیەو نییە، گیانی مرۆڤ شێوەیەکە لەشێوەکانی بوونی لەش کە ئەم نەما ئەویش نامێنێ.

لەسەردەمی تـانج دا ٦١٨ ـ ٩٠٦ دەرەبەگایـەتی گەیشتە پادەیـەکی بەرز لەپـەرەسەندن.. پۆشنبیری و هونەرو ئەدەب گەشەیان کرد.. بوزی بەباشی بلاوئەبوەوەو جێگـەی بەکۆنفۆشی و تـاوی، لێژئـەکرد.. بـەلام ئەم ئایینە خۆشی دووچـاری گێروگرفـت و پارچـەبوون بـوو، کـەلاوازی کردو پێگەی بۆ کۆنفۆشی خۆش کرد تا سەر لـەنوێ هـەوڵی گێرانـەوەی دەسـەلاتی کـۆنی بـدات.. کۆنفۆشـییەکانی ئـەم سـەردەمە نوێنـەری دەسکەوتی دەرەبەگیی دونیایی بوون. هان لوی لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا ناوبانگی پەترپارکی قوستەنتینییە "فـوتی" داکـەوت کـە هەڵبـژاردەی فەیلەسوفە جۆر بـەجۆرەکانی کۆکردەوە لەدانراوەکەیـدا "کتێبخانـە" بلاوی کردەوە. ئەرستۆی پەسند کردو ئەفلاتونی بەنازانستی و خـەیاڵی و نـاکۆك تاوانبـار کـرد. دوای ئـەم شـاگردەکانی بەپێچـەوانەی خۆیـەوە لایـەنگیری ئـەم و لـەدژی ئەرسـتۆبوون.. بـەو جـۆرە نـاکۆکی لـەنێوان لایـەنگرانی ئەرسـتۆتاڵی و ئـەفلاتونی لەبیزەنتـە پەیـدابوو، تـاگرتنی قوستەنتینییە لەلایەن تورکەکانەوە درێژەی کێشا. لەسـەدەی پـانزدەو دوانزدەشـدا.. ژمارەیـەك فەیلەسـوف لەبیزەنتـە ڕۆڵـی گرنگیـان لەپەرەپێـدانی بـیری فەلسـەفی و کۆمەلایـەتی و سیاسـیدا وازی کـرد. لـەنێوان سـەدەکانی ٩ــ١٤دا بزوتنـەوەی بـەرینی دژ بەدەرەبەگایـەتی لەبیزەنتـەدا پەیـدابوو.. ڕاپەڕینـە میللـی و هەرتەقییـەکان.. ڕووی ئاشـکرای ئـەو بزوتنەوەیـە بـوون کـەخۆی لـەزۆرانبازی نێـوان دوو بیروباوەڕدا ئەنواند: خێرو شەڕ..

بیری فەلسەفی لە ئێران:

هەر لەکۆنەوە، لە ئێران و وڵاتانی تری دراوسێ لە ڕۆژهەڵاتدا.. ئایینی زەردەشتی، ئایینی "ئەهورامزدا"و پەرتوکە پیرۆزەکەی "ئاڤێستا"و * ناوبانگی پێغەمبەرەکەی "زەردەشت" بڵاوبوەوە.

زەردەشتی مەزەبێکی دوانە Dualistic یەو شوێنەواری دەرکەوتووی ئەفسانەی پێوە دیارە. بیری سەرەکی ململانێی دوو هێزی ناکۆکە: ڕووناکی و تاریکی، ژیان و مردن و خێرو شەڕ.. هتد. نرخی مێژوویی زەردەشتی لەوەدایە کەبیروڕاکانی لەسەر: جەوهەری، یا، هەردوو پرنسیپی کەونییە، ئاوێنەی ئەو بیرە بووەکە دەیووت : ململانێی نێوان ناکۆکەکان بنچینەی هەموو ئەو شتانەیە کەهەن. لەسەدەکانی سێیەمەوە تاحەوتەمیش، ئاڵۆگۆڕی گەورە لەزەردەشتیدا کراوە، هۆی ئەو ململانێیانەی لەنێوان ڕێبازە جۆر بەجۆرەکانیدا پەیدابوون لەریزەکانیدا زیاتر مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە گەرم بوو: ئایا یەکەم جەوهەر تاک بووە یان جووت، لەناو لایەنگرانی تیوری تاک جەوهەردا،

---

*ئەهوار مزدا: خوای خێر، ئەهریمەن: خوای شەڕە.. نیشانەی خوای خێر ڕۆژە لەئاسمان و ئاگرە لەسەر ئەرز.. لەمەوە ڕێزو ئاگر پەرستی دا کەوتووە. وە ئاڤێستا بەزمانی زەندی Zand نووسراوە.

ژمارەیەکیان ڕای مەتریالی خوانەناسییان هەبووە "دەهرییەکان" ئەیانووت هیچ شتێك نییە مەتریال نەبێت. نەیەزدان و نەئاسمان و نەگیانی نەمر هیچیان نین نەبەهەشت هەیەو نە دۆزەخ. هەر شتێك لەگێتیدا ڕوویدات ئەگەڕێتەوە بۆ زەمانی بێ کۆتایی (زەرفان دەهر).

لەسەدەی سێیەمیشدا ئاینێکی فەلسەفی نوێ پەیدابوو: "مانەوی". مانی (٢١٦ یا ٢١٧ ـ ١٧٦) دامەزرێنەری بوو، خولیای دانانی ئاینێکی نوێ بوو کەبە تێکەڵکردنی فرمانەکانی دەهری و بوزی بێنە ئەنجام. مانەوی لەرووی فەلسەفییەوە جۆرێك بوو لە "فنوسی" (ئەمەش مەزەبێکی سوفی غەیبی بوو، بڕوای بەبوونی زانینێکی تایبەتی هەبوو کەنهێنییەکانی بوون و ڕێگەی سەرفرازی گیان دەردەخات). "پانتیزم" pantheism ی* ڕۆهەلاتی؛ لەرووی"سامکار"دا (سەدەی نۆیەم) دەرئەکەوت. کەبڕوای تەواوەتی بەهەبوونی موتڵەقی یەك گیانی کەونی ـ براهمان هەبووە لەگەڵ هاوسەرەکانیدا کە ئەمانەن: بون، هۆش و بەختیاری.

ململانێی نێوان ئیدیالیزم و مەتریالیزم هەرگیز وەستانی بۆ نەبووە.

---

*مەزەبی یەکێتی بوو، دەیووت: خوا لەگەڵ سروشت تێکەڵەو لەناویدا بڵاوبۆتەوە.

بەدرێژایی ماوەکانی نێوان سەدەکانی یانزدەو پانزدە مەزەبەکانی سکولانیزم و ئیدیالیزم لەهیندستاندا زاڵ بوون و کاری سەلماندنی دروستی باوەڕە ئایینییەکانیان لەبەرچاو گرتووە. ئەهرۆ ئەم سەردەمە وا باس ئەکات: "گیانی پێشخواستن و لەزەتی بەڵەدویستی نەهێشت بۆ ڕێگە پاککردنەوە بۆ لۆژیکی ڕوکەشی و مشتومڕی نەزۆك، تەنانەت براهمانی و بوزی دەستیان کرد بەداڕوخان، گەلێ شێوەی نزم لەپەرستن دەرکەوت، بەتایبەتی چەند پەرستێنکی تەنتەری و ئەو شێوانندنانەی بەمەزەبی "بۆغا" وە لێکنران هاتنە پێشەوە" (١٥).

لەسەدەی پانزدەو شانزدەوە دەرەبەگایەتی لەهیندوستان کەوتە داڕزان و هەڵوەشان.. شان بەشانی ئەو پرۆسەیە بزوتنەوەی دژ بەدەرەبەگێتی دەستی پێ کرد گەبەرگ ئایینی بوو. بەلام داخوازی ئەوەبوو کەملکەچی هەر بۆ یەك خوا بێت، بەتایبەتی بزوتنەوەی "بەهاکت" کەلەنێوان سەدەکانی شانزدەو هەژدەدا گەیشتە لوتکەی بەرین بوون، شاعیری بەناوبانگ تویس داس (١٥٣٢ ـ ١٦٢٤) لەناودارەکانی ئەم ڕێبازە بوو.. بیروڕای زاناکانی بەهاکت، هەرچەند سروشت ئایینی بوو، بەلام ڕوخساری پێشکەوتوانەی کۆمەلایەتییان پێوە دەردەکەوت، بەتایبەتی کاتێك کە لەدژی سستێمی جیاکەرەوەدو جیاوازی کۆمەلایەتی و لەدژی دەمارگیریی کوێرانەی ئایینی کوێرانەی ئایینی ودستان. لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمیشدا شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگانە لەداڕوخان و گەندەڵ بوون بەردەوام بوو..

لەسنورێکی فراواندا بیروڕای "فیرانتی" ئیدیالیزمی بانەتی بلاوبووەوە کەبۆ خزمەتی ڕێبازە ئایینیە کۆنەپارێزەکان بەکارئەهێنرا.

ژاپۆن:

لەژاپۆنیشدا سەرەتای بیری فەلسەفی لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی هیندی و چینی کوریاییدا دەرکەوت.. کۆنفۆشی و بوزی دوو تەیاری باوبوون لەژیانی بیری سەدەکانی ١٢ـ ١٥دا.. لەسەدەی حەڤدەیەمیشدا زانای وادەرکەوت کەدەیووت: گێتی خەڵق نەکراوە، بەڵکو ئەزەلییەو بەپێی پێویستی سروشتی پەرەی سەندووە. تاگەیشتۆتە ئەم شێوەی بوونەی ئێستاکەی.. "کایبا ئیکیین" لەفەیلەسوفە گەورەکانی ژاپۆن بوو کە نەمری مەتریالی سەلماندو حاشای لەوە کرد کەگیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەمەتریال هەبێت، دژی سستێمی دەرەبەگێتی ـ پاشایەتی ژاپۆن بوو. لەکۆتایی سەدەی حەڤدەو نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا ژمارەیەك فەیلەسوفی مەتریالیست دەرکەوتن کەهەموو لەدژی سستێمی کۆمەلایەتی دژ بەگەل قسەیان ئەکرد..

بیری فەلسەفی لەبیزەنتە:

لەبیزەنتەی دەرەبەگایەتیشدا، هەروەکو وڵاتانی تری ژیاوی ناو ئەو سستێمە وا سەیری فەلسەفەیان ئەکرد کە خزمەتگوزاری لاهوتەو ئەرکی سەرشانی سەلماندنی ڕاست و دروستیی بیروباوەڕە ئاینییەکانە، بەتایبەتی هەبوونی یەزدان و نەمیی گیان.. فەیلەسوفە ناودارەکانی

تری ئەم فەلسەفەیە ٧٦٨ ـ ٨٢٤ ڕەخنەیان لەبوزی ئەگرت و هەندێ ئیدیەی مەتریالستانەشیان ئەخستەڕوو.. بەڵام هەر کەسەرکەوتنیان بەدەست هێنا ئیتر پشتیان کردە ئەو بیروباوەڕانەیان و سەر لەنوێ ئاڵای ئیدیالیزمیان بەرزکردەوە.. کۆنفۆشی نوێ بوو بەئایدیۆلۆژی ئەرستۆکراسی وڵاتی چینی دەرەبەگایەتی.. لەناو ئەم نوێکردنەوەیە کۆنفۆشیدا فەلسەفەی ئیدیالیزم و ئینجا بەرامبەرەکەی، مەتریالیزم هاتنە کایەوە.

لەو ڕێڕەوەدا، لەسەردەمی فرمانڕەوایەتی خێزانی مینج دا ـ ١٣٦٨ ـ ١٦٤٤ توندوتیژی ناکۆکییەکانی ناو سەرجەم کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی زیاتر بوبوو.. بۆیە ڕێگەو شوێنەکانی مەتریالیزمی دژ بەئیدیالیزمی کۆنفۆشی، بوون بەبناغەی بیری جوڵانەوەی دژ بەدەرەبەگایەتی.. لەسەدەی شانزدەیەمیشدا زیاتر گێرمەو کێشەی دەرەبەگایەتی قوڵ و دژوارتر دەبوو.. ئەوەش بەهۆی هێرشی بەردەوامی خێڵەکانی سەرروو جەنگی ژاپۆنەوە بوو.

لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمیشدا مەنشوریا چینی داگیرکرد.. لەم کاتەدا ئەخەڵکی چین دژی داگیرکەران وەستان بەرگرییان لەزەوی و وڵاتەکەیان ئەکرد، سەرکردایەتی دەرەبەگێتی پشتی داگیرکەرانی ئەگرت و کۆنفۆشی نوێ بوو بەچەکێکی ئایدۆلۆژی کۆنەپەرستانە بەدەست سەرکردایەتییە دەسەڵاتدارەکەوە.

زۆر لەفەیلەسوف لەدژی راوبیرە کۆنەپەرستانەکان راپەڕین و هاوبەشییەکی کاریگەریان لەخەباتی چەکداریی دژ بەداگیرکەراندا کرد.. لەناو بیری مەتریالیستانەی ئەواندا، یەکێتی عەفەوی نێوان نیشتمانپەروەری و مرۆڤپەروەری ئاشکرا بوو، بوو بەچەکێکی ئایدیۆلۆژی دژ بەو سەرکردایەتییە. لەسەدەی هەژدەیەمدا زیاتر دەسەلاتی بنەماڵەی مەنشوریا بەهێزبوو.. قوتابخانەی ئەرسۆزوکسی بووە ئایدیۆلۆژی زاڵ و رەسمی.. لەبەرامبەریشی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی دژ بەبەندەگێتی دەرەبەگایەتی و داگیرکردنی مەنشوریا رۆڵێکی گرنگی وازی کرد، رای پێشکەوتنخوازانە زیاتر پەخش ئەبوو.. بەتایبەتی "دای تشین" بەتیورییە کۆمەڵایەتییەکەی دژی بەندەگێتی دەرەبەگێتی و داگیرکەرە مەنشورییەکان ئاراستەی دەکرد، رۆڵێکی باشی وازی کرد.

بیری فەلسەفی لەهیندستان:

دەرکەوتنی سستێمی دەرەبەگێتی لەهیندستاندا ئەگەڕێتەوە بۆ پێش عیسا، لەنێوان سەدەکانی چوارو شەشەمیشدا جێگیربوو. کاتێک لەشکری ئیسلام ئەم وڵاتەیان گرت.. کارتێکردنی عەرەب وئێرانییەکانیش رۆڵی خۆیان لەسەر رووداوەکان وازی کرد.

لەم وڵاتەشدا.. هەروەکو هەموو شوێنێکی تر، لەگەڵ گۆڕان و بەرەو چەسپین چوونی سستێمی دەرەبەگایەتی.. دەسەلاتی ئایینی و ئایدیالیزم بەهێزتر ئەبوو..

براهمـانی زیـاتر لەهـەموو ڕێبـازە ئایینـەکانی تـر بڵاوبـووەوە، لەدواییشدا بوو بەئایینی هیندۆسی.. بەڵام بـوزی کۆنپارێز ئـەو جێگـەو دەسـەڵاتەی نـەما. لـەنێوان سـەدەکانی چـوارەم و نۆیەمـدا نـۆ ڕێبـازی فەلسەفی کۆنپـارێزو کۆننـەپارێز بڵاوبوونـەوە، هەرچـەندە هەریـەك لـەو تەییارانە تایبەتمەندی خۆیی و کێشـی تایبـەتی خـۆی هـەبوود، دیسـان هەموو، هەر لەدووبەرەکەدا: مەتریالیزم و ئیدیالیزم کۆبوبوونـەوە. لـەو سەردەمەشـدا زیـاتر ئیـدیالیزم زاڵ بـووە، بەئاشـکرایی لـەکردارەکانی فەیلەسـوفی براهمـانی چـینایەتییەوە، دەرخـەری نـارەزایی و بێـزاری جـەماوەری چەوسـاوەبوو لـە دژی دەرەبەگایـەتی دەرکـەوتوو. مـانی: داوای خواپەرستی و وازهێنـان لـەم ژیانـەو لەوەچەخسـتنەوەی ئـەکرد، وەکو ڕێگەیەکی پێویست بۆ سەرکەوتنی خێـر بەسـەر شـەڕدا، ئەمـەش جیاوازی سەرەکی نێون مانەوەی و زەردەشتی بوو.

لەسەدەی پێنج و شەشیشدا "مـەزدەکی" لـەئێران و ئازەربایجـان و ئاسـیای ناوەڕاسـتدا بـەزۆری بڵاوبـوەوە، ڕابـەری ئـەم بزوتنەوەیـە - مەزدەك - (لەساڵی ٥٢٩ دا کۆچی کردووە) بـوو کـە ڕەواجـی دا بـەبیری مسـۆگەربوونی سـەرکەوتنی ڕووونـاکی بەسـەر تاریکیـداو خێـر بەسـەر شـەڕداو یەکسـانی کۆمەڵایـەتی بەسـەر زۆر و نایەکسـانیدا.. داوای بەکارهێنانی زەبروزەنگی ئەکرد بۆ لابردنـی جیـاوازی کۆمەڵایـەتی و بـۆ هاوبەشی کردنـی موڵکایـەتی کەهـەموو کـەس وەکـو یـەك سـوودی لـێ وەربگرن. مەزدەکی کـارێکی گـەورەی کردە سـەر خـەڵك.. هـەژارەکان

راپــەڕین و بــەزۆری هێــز موڵکومــاڵی دەوڵەمەنــدەکانیان زەوت کــردو دەرەبەگــەکانیان دەکــرد. بــەڵام دوای ســەرکەوتنێکی کورتخایــەن بزوتنەوەی مەزدەکی خامۆش کراو زۆر دڕندانە سزای لایەنگیرانی درا..

لـە ڕۆژانـی فەرمانڕەوایـەتی کیسـرای یەکەمـدا ـ سـەدەی شەشـەم ـ زانسـت و فەلسـەفەی یۆنـانی کاریـان ئـەکردە سـەر بـیری فەلسـەفیی فارسـی. کـە قوتابخانـەی فەلسـەفی ئەسـینا داخـراو نوێنـەرەکانی لەبیزەنتە دەرکران، "کیسرا" میوانداریی کردن. دانراوەکـانی ئەرسـتۆو ئـەفلاتون کـران بەفارسـی و چـەند مەڵبەنـدێکی زانسـتی کرانـەوەو لێکوڵەرەکانیش گرنگییـان ئـەدا بـە پزیشـکی و زانستەکانی سروشـت و فەلـەك و فەلسـەفە. بـەڵام لەسـەردەمی ئیسـلامدا ڕوونـاکبیری بـەرز هەڵکەوت، لەوانە ئەبوبەکری ڕازی (٨٦٤ ـ ٩٢٥) پزیشـك و کیمیاگـەر.. ئـەیووت: ئـەبێت پێشەسـازی پزیشـکی لەسـەر بیـنین و ئـەزموون دابمـەزرێت. ڕازی هـەروەك زانایـەکی زانسـتی سروشـت بەرزنـەبووەوە، بەڵکو وەك فەیلەسوفێکی مەتریالیسـتی دەرکـەوتویش نـاوی دەرکـرد.. ڕازی، مـەتریال و هـەردوو هاوسـەرە سـەرەکییەکەی ـ شـوێن و کـات ـ لەگەڵ خوادا، شان بەشانی یـەك، دایئـەنان و لای وابـوو کەپرنسـیپەکان هـەر لەئەزەلـەوە هـەن ئـەیووت پەیوەنـدی تونـدوتۆڵ لـەنێوان گیـان و لەشدا هەیە، جوڵانـەوەی دائـەنا بەسـیفەتی بنچینەیی مـەتریال کـەلێی جیانابێتەوە.. لەزانیندا لایەنگری مەزەبی هەستیی مەتریال بوو.

فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی.

گۆڕانە قوڵەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەنیمچە دوورگەی عەرەبیدا.. لەدوای هەڵوەشاندنی سستێمی هاوبەشێتی سەرەتایی و بالاکردنی پەیوەندییە دەربەگاتییەکان و پەرەسەندنیان.. بەبەستراوەیی لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا هاتنە ئاراوە. ئسلام خێڵە دژ بەیەکەکانی عەرەبی لەدەوڵەتێکی یەککگرتووی شێواز دەرەبەگییدا یەکخست. گرتنی وڵاتانی تریش لەلایەن عەرەبەکانەوە.. بوە هۆی ئەوەی دەوڵەتێکی تیۆکراتی فرەنەتەوە (خەلافەت) بێتە ئاراوە کە عەرەب بارێکی تایبەتی تیا هەبوو، ئیسلامیش ئایینی ڕەسمی بوو.. لەو سەردەمەدا، لەسەر بناغەی تێگەیشتنی فەلسەفەی عەرەبی ـ ئیسلامی دەرکەوت و پەرەی سەند کە ـ شان بەشانی عەرەبی ـ فارس و قیپتی و جولەکەو تورک و تاجیک و ئوزبەکی و ئازەر.. هاوبەشییان تیاکرد. ئەم فەلسەفەیە لەنێوان سەدەکانی دەو سیانزدەیەمیشدا لەچوار ڕێبازی سەرەکیدا بەگەلالەیی دەرکەوت:

١ـ گەڕیدەیی ئەرستۆتالی ـ خۆرهەلاتی.

٢ـ فرمانەکانی "ئیخوان و لسەفا".

٣ـ سۆفیزم؟

٤ـ فەلسەفەی دەقیی کۆنپارێزی ئیسلامی.

ئیخوان و لسەفا: کۆمەڵێکی نهێنی بوو لەنیوەی دووەمی سەدەی دەیەمدا لەبەسرە دامەزراو ٥١ پەیامیان* دانا کەزانیاری مەیدانە جۆر

بەجۆرەکانی زانست فەلسەفەی سەردەمی خۆیان تیا کۆکردەوە. سودیان لەبەرهەمەکانی ئەرستۆو جالینۆس و ئەفلاتوون و فیساغۆرس وەرگرت. ئیخوان و لسەفا لایان وابو کەزانین بەسێ ڕێگە دەست ئەکەوێت: بەئەندامانی هەست، بەئەقڵ و بەخەملاندن. ئەمان لەلایەنگرانی یەکخستنی هەموو ئایین و مەزەب فەلسەفییەکان بوو لەسەر بنچینەی زانیارییە زانستی و فەلسەفییەکان کە ئایین لەواهیمەو ئەفسانە ڕزگار بکات.

گەڕیدەیی خۆرهەلاتی Periatetikos :

کندی ۸۰۰ ـ ۸۸۹ یەکەم فەیلەسوفی عەرەب بوو کە ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە خۆش کرد، بایەخی بەلۆجیك و زانیندا، کندی بڕوای بەمەرجی هۆیی دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ و سروشتە یاساییەکەی هەبووە.

---

*جگە لە کۆپەیام کەبە (٥٢) هەمین پەیامی ئیخوان و لسەفا دائەنرێ.

فارابی و ئیبن سیناو بیرونی لەنوێنەرانی ناوبەرزی ئەم فەلسەفەیەن. فارابی زانیارییەکی زۆری دەربارەی ئەرستۆ هەبوو.. فەیلەسوف و پزیشك و زانای ماتماتیك و ئیدیالیست بوو، بەڵام بڕوای بەوە بووە کە جیهانی دەرەکی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەهێزە لەئاسا بەدەرەکان

هەیەو ئەبووت لەتوانادا هەیە لەجیهان بگەین، سەرچاوەی زانینیش ئەندامانی هەست و مێشکولەو ئەقڵە.

بیرونی (٩٧٣ - ١٠٤٨) زاناو ڕووناکبیرێکی بەرزبوو.. ژمارەیەک نووسراوی دەربارەی زانستە جۆر بەجۆرەکانی نووسی، لەفەلسەفەدا ئیدیالیست بوو، بەڵام ڕا سروشتیەکانی هەندێ بیری مەتریالیستانەی تیایە.. لای ئەم سروشت لەگۆڕان و پەرەسەندنێکی بێ وەستاندایە.

بەڵام ئیبن سینا (٩٨٠ - ١٠٣٧) ناودارترین زاناو ڕووناکبیری وڵاتانی خۆرهەڵات بوو لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا.. مەیدانێک نەبووە لەمەیدانەکانی زانست کاری تیا نەکردبێ، بەلام لەفەلسەفەو پزیشکیدا دەستێکی باڵاتری هەبوو، زیاتر لە ٢٠٠ دانراوەی نووسیوە کە ٥٠ دانەیەکی دەربارەی فەلسەفەیە. بوونی بابەتیی سروشتی ئەسەلماند، زۆر جار مەڵبەندی ئیدیالیستی و ئاینی بەجێ ئەهێشت بەرەو مەتریالیزم... کەیاساکانی بیری لۆجیکی و شێوەکانی ئەخستەڕوو، ئەقەلای ئەدا کەلەخودی تایبەتمەندەکانی بوون هەڵیانهێنجێ. سەرنجی تایبەتیشی بۆ پەیوەندی ئاڵوگۆڕکەری نێوان فیزیک و لۆجیک و میتافیزیک تەرخان کرد. جیاکردنەوەی "ماهییەت" و "بوون" لەلایەن ئیبن سیناوە ڕۆڵێکی گەورەی لەمێژووی فەلسەفەدا بینی. بەپێی تیوری هاپەیوەستی Immanence (الفیض)ی ئیبن سینا گێتی بۆ یەزدان نەخوڵقێنراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی، واتە ناڕاستەوخۆ، لەوەوە دەرچووەو بەهۆی چەند ئەقڵێکەوە دەکرێ، ئەم فەلسەفەیە کەتەوەری

بنچینەی میتافیزیکی ئیبن سینایە لای وابوو کە: خواوەند، بێ بوونی توانستی خۆی ناتوانێت هیچ شتێك بخوڵقێنێت، سەرچاوەی ئەو توانستەش مەتریالە خوڵقێنراو نییەو ئەمریشە، خۆ ئەگەر یەزدان ئەمر بێت. واجیبهانیش دیسان، ئەمر ئەبێت، چونکە ئەگەر ئەویان هەبێت واهیچ چارنییە ئەبێت ئەمیشیان هەبێت. هەرچەندە ئەم بۆچوونە ڕووی ئایینی لاهوتی پێوە دیاربوو، بەڵام پایەگاکانی ئایدۆلۆژی ئایینی غەیبی لەق کرد، دیسان بیری ئەمریی گێتی مەتریال بەتەواوی پێچەوانەی دیدی ئایینی بووە لەدەربارەی دوایی هاتن و سنووردانێتی گێتی. هەر بۆیە ناویراو دووەم مامۆستا دوای ئەرستۆ "یەکەم مامۆستا".

سۆفیزم و تەیارە کۆنپارێزەکان.

سۆفیزم و فەلسەفەی ئایینی و غەیبییە کۆنپارێزەکان، وەکو بەرپەرچدانەوەی بڵاوبوونەوەی بیری مەتریالیستی و ئەقڵی هاتە کایەوە. سۆفیزم ـ مەزەبێکی زۆر نزیکە بەئەفلاتونی نوێ. لەناو ئەم ڕێبازەدا دوو تەیاری لەیەك جیا هەبوو: کۆنپارێزو هەرتەقی.

غەزالی ١٠٥٩ ـ ١١١١ لەدژی فارابی و ئیبن سینا قسەی کردو بەتوندی بەرامبەر بیری ئەمریی و ئەزەلی و یاسایی گێتی وەستا.. ئەم لای وابوو کەخوا گێتی لەنەبوو دروست کردووەو خواستی خوا هەمیشە ڕێڕەوی ڕووداوەکان ئاراستە ئەکات.

لەناوەڕاستی سەدەی دوانزدەیەمیشەوە ئایدیۆلۆژی غەیبیی کۆنپارێزی کۆنەپەرست بەهەردوو باڵەکەیەوە، ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عەرەبی گرتەوە، ئیتر بەدرێژایی چەندین سەدە بڵێسەی زانست و فەلسەفە کوژایەوە.

هەر لەم سەدەیەدا فەلسەفەی عەرەبی ـ ئیسلامی لەخۆرئاوای عەرەبی (ئەندەلوس و بەشی خۆرئاوا لەسەرووی ئەفریقیا) گەیـیە لوتکەی گەشانەوە "گەڕیدەیی خۆرهەڵاتی" لەسەر دەستی ئیبن باجەدا (کۆتایی سەدەی یانزدە ـ ١١٣٨)و ئیبن توفەیل (دەوروبەری ١١١٠ ـ ١١٨٥)و ئیبن ڕوشد (١١٢٦ ـ ١١٩٨)، پەرەسەندنێکی تری بەسەر هێنرا. بەتایبەتی لەسەر دەستی ئیبن ڕوشددا.. ئەم فەیلەسوفە لای وابو کە جیهانی مەتریالی لەزەماندا بێ کۆتاییە، بەڵام بۆ زەمین سنورێکی هەیە، ئەو دیدە لاهوتیەی ڕەت کردەوە کەلای وابوو جیهان لە "شت" دروست نەکراوە. خواو سروشت هەر لەئەزەلەوە هەن، هیچ کاتێکیش خوا لەپێش بوونی سروشتا نەبووە. خوا سەرچاوەی ئەزەلیی واقیعە، بەڵام مەتریال تاکە بنچینەیە بۆ بوون و سەرچاوەی ئەزەلیشە بۆ زەمین. مەتریال و وێنە پێکەوەن و هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تر نییەو ناتوانرێ جیا بکرێنەوە لەزەیندا نەبێت.. هەر لەبەر ئەوەشە کەزەمان و واقیع یەکێتییەك پێك ئەهێنن. مەتریال سەرچاوەی تەواوو ئەزەلی جوڵانەوەیەو جوڵانەوەش ئەزەلی و ئەمرو هەمیشەییەو هەموو

جولەیەکی نوێ لەیەکێکی پێشووتری دەرنەچێت. بەلام بیرە مەتریالیستەکانی ئیبن ڕوشد لەگەردی ئیدیالیزمیی بێ بەری نەبوون.

لەو مشتومڕەی لەسەر تێگەیشتە گشتییەکان کرا، ئیبن ڕوشد ڕێڕەوێکی مەتریالیستانەی گرت.. ئەم فەیلەسوفە دوا ناوداری پایە بەرزی مێژووی فەلسەفەی عەرەبی ـ ئیسلامی سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو.*

فەلسەفەی جولەکە:

فەلسەفەی جولەکە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا بەپەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ فەلسەفەی عەرەبی ـ ئیسلامیدا پەرەی سەند. نووسینەکانی زۆربەی زاناکانی جولەکە لەو سەردەمەدا بەعەرەبی بوون. سۆفیزم و سکولانیزم لەسەدەی ناوەڕاستدا زاڵ بوون، سۆفیزم لەدوو ڕێبازدا خۆی نواند: کاباڵا، ئەفلاتونی نوێ. بەناوبانگترین زانای ئەفلاتونی نوێ سلمون کوڕی جبرویل (١٠٢١ ـ ١٠٧٠) بوو، لەنووسراوەکەیدا "بنەچەی ژیان" هەوڵیدا تیوری خوای تاقانە Monothism ی جولەکە لەگەڵ پانتیزم Pantheism ی ئەفلاتونی نوێ یەك بخات. لەسەدەی دوانزدەشدا، موسای کوڕی مەیمون (١١٣٥ ـ ١٢٠٤) نوێنەری ئەرستۆتالی بوو لەناو فەلسەفەی جولەکەدا، ئەم فەیلەسوفە ویستی بیسەلمێنێت کە ئەتوانرێت ئایینی جولەکەو فەلسەفەی ئەرستۆ پێکەوە بگونجێنرێت.. بۆیە هەوڵیدا ئایین و فەلسەفە لەگەڵ یەك بسازێنێت و فەلەسەفەی جولەکەش بە فەلسەفەی

یۆنانی و ئیندیستە ئەقڵییەکەی موتوریە بکات.. کە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی پیاوانی لاهوتی جولەکە کۆنپارێزەکان هێرش بکەنە سەر ئەم فەیلەسوفە.

*ئەبێت زۆر کورت کردنەوەی باسەکە بوبێتە هۆی ناو نەبردنی ئیبن خەلدون ١٣٣٢ ـ ١٤٠٦ لینین زۆر بایەخی بە "پێشەکی" یەکەی ئیبن خەلدون دا، کە ڕۆڵی فاکتورە ئابورییەکانی لە کۆمەڵگەکاندا دیارکرد.. لینین پرسیاری ئەکرد: "تۆ بڵێی لە ڕۆژهەڵاتا فەیلەسوفی تری وەکو ئەم نەبێت؟".

فەلسەفەی گەلانی پشتی قۆقاس و ئاسیای ناوەڕاست

بیری فەلسەفی لای گەلانی پشتی قۆقاس و ئاسیای ناوەڕاست، لەسەردەمی دەرەبەگێتیدا گەیشتە ئاستێکی بەرز بەبەراورد کردن لەگەڵ گەلانی دراوسێیاندا.

لە ئێران:

لەسەدەی سێیەم و چوارەمی - د.ع - لەئازەربایجاندا پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان دروست بوون. لەکۆتایی سەدەی حەوتەمیشدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە.. وەکو هەموو ناوچەکانی پشت قۆقاس و ئاسیای ناوەڕاست فەلسەفە لەناو فەلسەفەی عەرەبی - ئیسلامیدا پەرەی سەندو بەتایبەتی مەزدەکی و مانەوی و سۆفیزم و گەڕیدەیی ڕۆژهەڵاتی.. باهمینار(ساڵی ١٠٦٥ کۆچی کردووە) لەبەناوبانگەکانی گەڕێدەیی ڕۆژهەڵاتی بوو، دانراوەکانی بەعەرەبی نووسیوەو هەوڵی داوە فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتونیی نوێ یەك بخات.

لەناودارو ڕووناکبیرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی ئەم وڵاتە شاعیرو ڕوناکبیر نظامی غیاندجفی (١١٤١ - ١٢٠٩) بەناو نابانگ بوو، بەگشتی ئیدیالیست بوو لەفەلسەفەکەیدا، بەڵام کردارەکانی چەند بیرێکی مەتریالیستی و دیالیکتیکی عەفەوی تیا بووە... بەتوندی ڕەخنەی لەستێمی کۆمەڵایەتی و ژیان و ڕەوشتی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی گرتووە، خواستی جەماوەری بەرینی چەوساوەی دەرخستووەو

ئازایەنـە لـەدژی زۆرداریـی کۆمەڵایـەتی و چەوسـاندنەوەی بـێ ڕەزای دەرەبەگـەکان وەسـتاوە، کۆمەڵگـەی دەرەبەگایـەتی بـە ـ بەندیخانـەی شوم ـ ناوبردووە.. لە "ئیقبال نامە" دا نظـامی نەخشـەی شـارێکی بـێ وێنـە ئەکێشـێ کـە نـەفرمانڕەوای تیایـەو نەرەعیـەت، نەدەوڵەمەنـدو نەهەژار.. هەموو کەس لەژێر سایەیدا ئازادی تەواوو مـافی یەکسانیـیان هەیە.

لە ئەرمەنستان:

لەسەردەمی پێکهاتنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، لەسـەدەی چوارەمدا، بیری کۆمەڵایـەتی و فەلسـەفی لەئەرمەنسـتان دەرکـەوتووە. لەسەدەی پێنجەمدا "یزنیك کوهپستی" دانـەری زمـانی ئـەدەبی کۆنی ئەرمـەنی، یـەکێك لـە ڕوونـاکبیرە دەرکـەرتووەکان بـووە کـە هێرشـی کردۆتە سەر فەلسەفەی مانیی و دوانەیی Dualist لەسەدەی شەشەم و حەوتەمیشدا گەلێ فەیلەسوف هاتنە پێشـەوە، وەکـو داڤیـد ـ سـەدەی شـەش ـ کـە ڕوونـاکبیری سـەرکردایەتی دەرەبـەگێتی و فەیلەسـوفێکی ئیدیالیست و نوێنەری ئەفلاتونیی نوێ بووە.. جیهانی مەتریالی لای ئەم بەرهەمی گیانی جیهانییە یان یەزدان. تەنها دەسەڵاتی یەزدانە کـە ئـەم جیهانـە بـەڕێوە ئـەبات. ئـەم ڕا ئیدیالیسـتانەی هەنـدێ ڕەگـەزی مەتریالیسـتانەی تێکـەڵ بـوو. ئـەوەی جێگـەی سـەرنج ڕاکێشـانە لـە فەلسەفەکەی ئەم فەیلەسوفەدا: تیۆرییەکەیەتی دەربـارەی سـێ شـێوە بۆ هەبوون: "یان بەمەزەنە، یان لەوانەیـە لـەبیردا بێـت، یـاخود بەسـەر

بەخۆ لەبیر" هەروەها تیورییەکەیەتی دەربارەی زانین. سروشت هەروەکو یەزدان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەهۆش هەیەو دەتوانرێ جیهان دەرك پێبکرێ.. پرۆسەی زانین لەهەستەکانەوە دەست پێ دەکات - کەپلە یەکەمی زانینە، ئینجا خەیاڵ کردنەوەو مەزەنەو تێوربوونەوەو ئەقڵ بەدوایا دێن. بەلام "شیراکسی" جوگرافی زان و فەلەك ناس و زانای ماتماتیك بەناوبانگترین ڕووناکبیری زانستی و فەلسەفی ئەرمەنستان بو لەسەدەی حەوتەمدا.. هەوڵیدا کە لەدانراوەکانیدا وێنەی جوڵان و گۆڕانی جیان دەربخات..

"فوروتنیسی" ۱۳۱۵ دەوربەری ۱۳۸۸ ڕۆڵێکی گرنگی لەپەرەپێسەندنی بیری فەلسەفی لەئەرمەنستان بینیوە.. ئیدیالیستانە بیری کردۆتەوە، بەلام لای ئەم سروشت لەیەزداندا نییە بەلکو لەدەرەوەیەتی، هەروەها لەتیوری زانیندا هەندێ ڕەگەزی مەتریالیستانەی تیابوو.. دوای ئەمیش فەلسەفە هەر لەپەرسەندندا بووە.. بەلام لەدواییدا دووچاری گرفتی قوڵ بووە کە داڕوخانی گشتی ژیانی ئابوری و کەلتوری ئەم وڵاتە دروستکەری ئەو گرفتانەبوو.

لە جۆرجیا:

لەسەدەی شەشەمەوە لە جۆرجیا ئایدولۆژی دنیایی دژ بەدۆگماتیزمی کلێسە دەرکەوت. نوێنەرانی ئەم ڕێبازە لایان وابوو کە بایەخدان بە مەسەلەکانی ژیانی ئەم جیهانە ئەبێت ئەرکی ئیدیۆلۆگەکان بێت. سەدەی دوانزدەو سێنزدەیەمیش سەردەمێکی گرنگ بوو

لەمێژووی جۆرجیا چونکە لەو ماوەیەدا ئەم وڵاتە سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێناو لەیەك دەوڵەتی ناوەندیدا یەکخرا، لەو ماوەیەدا بیری فەلسەفەی یۆنانی بڵاوکرایەوەو لەسەدەی دوانزدەیەمیشدا "شوتا رۆستاڤیلی" شاعیر رۆڵێکی دەرکەوتووی لەپەرەسەندنی بیری کۆمەلایەتی لەجۆرجیادا وازی کردوە.. قەسیدەکەشی (سوارێك لەبەرگی پڵنگدا) لوتکەی رۆشنبیریتی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی جۆرجیا کۆن بووەو یەکێکە لەجوانکارییەکانی ئەدەبی جیهانی.. راستە ئەم شاعیرە وشەی "یەزدان" و "ویستی خوداوەند"ی بەکارهێناوە بەلام ئەم خوداوەندە بەوە تێدەگات کە "کەماڵی هەموو بوونێکە" و هیچی تر.. تارادەیەکی زۆر، گرنگی دابوو بەمەسەلەکانی رەوشت، وای دانابوو کە راستی و هەڤاڵێتی گرنگترین سەرەتاکانی رەوشتن. "رۆستاڤیلی" شاعیرێکی مرۆڤپەروەری گەورە بوو کە مرۆڤ و ژیانی جیهانی واقیعی.. هەموو بیری داگیرکردبوو. لە لایەنگرانی دامەزراندنی یەك دەوڵەتی ناوەندی بوون، داوای سنووردار کردنی دەسەلاتی پاشای ئەکردو ئەیووت پێویستە، رەوایەتی و دروستی، زۆر بەوردی لەبەر چاوبگیرێت،..

١ـ فەلسەفەی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست:

لـــەنێوان ســـەدەکانی چـــواردەم و شەشـــەمدا پەیوەندیـــیە دەرەبەگاییەکان لەئاسیای ناوەڕاستدا دەستیان کرد بەدەرکەوتن و بەدرێژایی هەردوو سەدەی نۆیەم و دەیەمیش میرنشینی دەرەبەگایەتی ناوچەیی دائەمزران کە لەخەلافەتی عەرەبی سەربەخۆ ئەبوون.. لەو ناوچانەی ئاسیای ناوەڕاستدا زانستەکانی سروشت گەشەیان کرد. ئەبو بەکر خوارەزمی ـ سەدەی نۆیەم ـ زانایەکی گەورەی جوگرافیاو فەلەك و ماتماتیکی ئەو سەردەمەبوو. بەرهەمەکانی ماتماتیکی هیندی و یۆنانی عـەرەبی پەرەپێـداو بـڵاوی کـردەوە. یەکـەم کـەس بـوو کەجـەبری بەزانستێکی ماتماتیکی نوێ داڕشت.. لەناودارەکانی تری ڕوناکبیرانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا: فارابی و بیرونی و ئیبن سینا بوون*..

لەدوایـیشدا ئـەبێت پەنجـە درێژکـەین بـۆ شـاعیرو فەلـەك نـاس و ڕوناکبیری گـەورەو زانـای ماتماتیـك عومـەر خـەیام ـ ١٠٤٠ ـ ١١٢٣ ـ کارەکـانی لەجەوهـەردا مەتریالیسـتانە بـوون. ئازایانـە بـیری ئایـینی ڕەخنە لێ ئەگرت و حاشای لەنەمریی دەروون و بوونی جیهانێکی تر ئەکرد.

---

*کەلەشوێنی خۆیدا باسیان کراوە..

٢ـ فەلسەفە لەوڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا.

ئۆخی پەرەسەندنی فەلسەفە لەکۆمەڵگەی دەرەبەگێتیی ئەورووپا خۆرئاوادا:

دەرەبەگێتی (بەندەگێتی) لە ئەورووپای خۆرئاوادا لەسەر شوێنەواری کۆمەڵگەی کۆیلەیەتی دروست بوو. ئەوانەی لەزەوی دەرەبەگەکاندا کاریان ئەکرد لەلایەك و دەرەبەگەکان، کە بەری ڕەنجی ئەوانیان بۆ خۆیان ئەبردو دەسەڵاتیان هەر لەدەستی خۆیاندا چڕ ئەکرد، لەلایەکی تر.. ئەوانە دوو چینی سەرەکی بوون لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا.. شان بەشانی ئەو دوو چینە، پیشەگەریش هەبوو کەلەناو جوتیاران و بازرگانەکانەوە پەیدا ئەبوون. پیاوانی کڵێسەش ڕۆڵێکی گەلەك گرنگیان لەژیانی کۆمەڵدا ئەبینی، چونکە مولکدارێتی کڵێسە بۆ زەوی زۆرو بەربڵاو وای لێکرد کەببێتە هێزێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی گەورە. کڵێسوکەش بوو بوون بەقەڵاو مەڵبەندی کاری کشتوکاڵ لەسەر شێوازی دەرەبەگی و دام و دەستگای ڕێناکیری و کەلتوری ئەو سەردەمە.

لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و بەدرێژایی سەدەکانی سستێمی دەرەبەگایەتی، ئایدیۆلۆژی ئایین بەسەر ژیانی ڕۆشنبیریدا زاڵ بوو، ملمی ئێی چینایەتیش لەو سەردەمانەدا بەرگی ململانێی ئاینی پۆشی بوو. فەلسەفەش کرا بوو بەخزمەتکاری لاهوت.

گەلانی خۆرهەلات پەرەیان بەو زانیارییە زانستی و فەلسەفییانەدا کە کۆمەڵگەی کۆیلەیەتی بەدەستی هێنابوو.. لەدواییشدا، لەبارودۆخی کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی نوێدا، لەسەرخۆ پەرەی پێدرا. لەگەڵ ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا، لە ڕۆما خۆی و لەو دەوڵەتە ساوایانەشدا کەلەو ناوچانەی لە پێشا لەژێر دەستی ڕۆمادا بوون، داڤەمەزران (ئیتالیا، ئسپانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیاو ئینگلتەرەی ئیستاکە) ئاستی کەلتوری بەشێوەیەکی هەست پێ کراو نزم بووبووەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاییني مەسیحی کڵێسە بووە پارێزەری کەلەپوور ئینجا ڕۆشنبیرکردن لە ئەوروپادا.. بەڵام هەڵوێستی دژانەی بەرامبەر مەتریالیزم، پاڵی بەپیاوانی کڵێسەوە نا کە تەنها کەلەپوری فەلسەفی ئیدیالیستانە بلاو بکەنەوە.بۆیە شتێکی سەیرو سەمەرە نەبوو کەزانستەکانی عەرەبی ـ ئیسلامی، کەلە وڵاتانی خۆرهەلات و ئەندەلوس گەشەیان ئەکرد، بەدرێژایی چەندین سەدە ـ تانزیکەی سەدەی شانزدەیەم ـ لەپێش زانستەکانی ئەوروپای خۆرئاواوە بن، بەڵام پەرەسەندنی ڕۆشنبیری لەگەڵ جیاوازی ئاستیاندا لەخۆرهەلات و خۆرئاوا، پەرەسەندنی یەك ڕەگەزی بوو کە سستێمی دەرەبەگایەتیی بوو.

بۆیە هاسان نەبوو کە، ئاییني مەسیحیش ببێتە ئایدیۆلۆژی زاڵ و بێ بەربەرەکانی لە خۆرئاوادا.. چونکە ئەبوو زۆرانبازییەکی توندوتیژ بکات تابەسەر ناحەزو دوژمن و بەرهەڵستکەراندا سەر بکەوێت،

بەتایبەتی لەبێزەنتەو ڕۆما و لەناوچەکانی هیلنیستی و لەسەرووی ئەفریقاو پێشەوەی ئاسیاو لەدەوڵەتانی ئەورووپای خۆرئاوادا کە هاتنە سەر ئەم ئایینە نوێیە. دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەکیش، لەسەدەی پێنجەمدا کە ئایینی عیسا لە یۆنان و ڕۆمادا کرا بەرەسمی، ئەو ساکاری فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ و دژی ئاینی مەسیحی یە لەناو ڕۆشنبیرەکاندا بەهێزبوو. ململانێی نێوان لاهوتیەکانیش لەدوو تێندێنسدا خۆی ئەنواند: لایەك داوای ئەکرد کە نکوڵی لەمەزەبە فەلسەفییە ئیدیالیستە کۆنەکان بکرێ، لەیەکەی تریش داوای بەکارهێنانیانی ئەکرد - ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت - بۆ ئەوەی بەرگری لە ئایین پێ بکرێ و دروستیی باوەڕەکانی پێ بسەلمێنرێ.. لەم سەردەمی زۆرانبازی مەسیحییەت و تێندێنسی بڕوا بەچەند خوایەك کردندا زانستی ئاخاوتنی مەسیحی Apologeties بەرگریکەر لەباوەڕەکانی ئایینی مەسیحی و دوای ئەمیش "نووسینەکانی کڵێسە" patristies و نووسینەکانی "باوکانی کڵێسە" کە بنچینەکانی فەلسەفەی مەسیحییان دانا، دەرکەوتن و هەردوو ڕێبازەکەش لە یۆنان و ڕۆمادا پەرەیان سەند. هەر لەسەرەتای سەدەی سێیەمیشەوە زاناکانی ئاخاوتن هەوڵیاندا ئیمپراتۆرکان تێبگەیەنن کە ئایینی مەسیحی هەر هەمان ئەو پرسیارانە ئەخاتەڕوو کە فەلسەفەی یۆنانی "بت پەرستی" خستبویەڕوو، بەڵام ئایین وەرامی کاملتری داوەتەوە.

لەسەدەی دووەمدا لەنێوان ئاینی مەسیحی و گنۆستیزم Gnosticism کەلەسەدەی یەکەمدا دەرکەوت و لەسەر بنچینەی تێکەڵکردنی باوەڕی مەسیحی و ئاینی جولەکەو ئاینی کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، دروست بوو، کە لەدوایدا پەرەیسەند بۆ دوو ڕێباز: مەسیحی و بت پەرستی.. زۆرانبازی لەبەینیاندا توندوتیژ بوو. لەئیدیۆلۆگە بەناوبانگەکانی "باوکانی کلێسە" ئۆگەستین بوو ٣٥٤ ـ ٤٣٠ بیرەکانی ئەم کارێکی گەورەیان کردە سەر پەرەسەندنی فەلسەفەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی. بیروڕاکانی ئۆگەستین ناکۆکییە قوڵەکانی کۆمەڵگەی کۆیلەیەتی دەرئەخست کەبەرەو نەمان ئەچوو، هەروەها کۆسپەکانی ڕێگەی کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی نوێی ئەخستەڕوو کە ئەبێتە جێگرەوەی کۆمەڵگەی پێشوو.

سکولانیزم لەوشەی لاتینی Sehola ـ قوتابخانەوە هاتووە، ڕێبازێکی سەرەکییە لەفەلسەفەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا.. ئەم فەلسەفەیە لەپێشەوە لە قوتابخانەکان و لەسەرەتای سەدەی دوانزدەیەمیشەوە لە زانکۆکاندا دەخوێندرا.. لەسەدەکانی دوایشدا ئەم وشەیە بووە هاوماناى زانستی لەژیان دابڕاو نەزۆك لەڕووی پراکتیکەوەو دوور لە تێوردبوونەوەو ئەزمون و بەستراوە بەملکەچی کوێرانە بۆ ڕووناکبیرانی پێشوو. ئەم فەلسەفەیە بەسێ پلەدا تێپەڕبوو: سکولانیزمی سەرەتایی، پلەی پێگەیشتن، پلەی داتەپان.. کەلەسەدەی نۆوە تاسەدەی پانزدەیەمی خایاند. مەسەلەی پێوەندی نێوان زانین و

ئيمان تەوەری سەرەکی ئەم فەلسەفەیە بوو. زۆربەی سکولانییەکان لە لایەنگرانی "ریالیزم"بوون ـ سەدەی دوانزدە ـ بەلآم لە سەدەی یانزدەوە بۆ یەکەم جار دژەکانی ریالیزم دەرکەوتن کەلایان وابوو توخم و جۆرەکان شت نین (Res نین) بەڵکو دەنگ و وشەو ناون (Nomina). رۆسلان (دەوروبەری ١٥٥٠ لەدایك بووە) رابەری ئەم رێبازەبوو کە بە "ناویی" ناوبراو. لەناو ریالیستەکانی سەدەی یانزدەیەمدا، ئیدیۆلۆگی ئیتالی ئانسلم ـ ١٠٣٣ ـ ١١٠٩ ـ دەرکەوت، ناوبراو ریالیستێکی لاتنگیر بوو، لای وابوو کەتێگەیشتەکانی خێر، ماف، رەوا، بۆ خۆیان هەن، ریالیستن، لەدەری کردەوەی سەڵتن کەخەڵك وەکو کردەوەی خێرومەند هەڵیاندەسەنگێنن و لەدەری تێگەیشتەکانن کە خەڵك وەك تێگەیشتەی رەوا ئەیاننرخێنن، لەدەری کردارەکانن کە خەڵك بەکرداری رەوا پێناسیان ئەکەن. لەگەڵ ئەم لاتنگیریەشدا، تێندینسی "ئانسلم" لەسەلماندنی هەبوونی یەزداندا، پەنابردنە بەر ئەقڵ بوو.

لەناودارانی سکولانیزمی خۆرئاوا لەسەدەی دوانزدەیەمدا، پێتر ئەبلیار ـ ١٠٧٩ ـ ١١٤٢ ـ ناوبانگی دەرکرد، لەدژی هەردوو فەلسەفەی ناوێتی لاتنگرتەو ریالیزم وەستاو لای وابوو کەئەبێت ریالیستیی تێگەیشتە گشتییەکان یان ماناکان بسەلمێنرێ بەلآم لەزەینی یەزاندا. هاوبەشی ئەو هەوڵدانەی کرد تا، تێندێنسی ریالیستیی مامناوەندی بخرێتە ناو سکولانیزمەوە، بەلآم بەرەی کۆنەپەرستی سکۆلانیزم، بەربەرەکانییەکی بەهێزی بیروراکانی کرد.

سۆفیزم مەزەبی باوەڕ بوونە بەتوانستی مرۆڤ کەراستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ یەزداندا هەبێت. سۆفییەکان ئەم هەستە خۆییەی (واهیمەیە) پەیوەندی مرۆڤ بەیەزدان - یان ئەخستە سەروو هەموو باوەڕێکەوە، بەهی کڵێسەش خۆیەوە. سۆفیزم هەندێ جار شێوەیەکی بەربەرەکانی ئایدیۆلۆجی ئاینی بوو لەکۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا.. ئینگلس ئەڵێت: "بەربەرەکانی شۆڕشگێڕانەی دژ بەدەرەبەگایەتی، هەموو سەدەکانی ناوەڕاستی گرتەوە، بەپێی دۆخی هەر سەدەیەك یان بەشێوەی سۆفیزم یان هەرتەقەی ئاشکرا یان بەشێوەی ڕاپەڕینی چەکدارانە دەرئەکەوت (١٥) ". دیارە باڵە کۆنەپەرستانەکەی ئەم ڕێبازەش نوێنەرانی خۆی هەبووە، بەناو بانگەکانیان "بیرنار ئۆف کلێرفۆ" (دەوروبەری ١٠٩١ - ١١٥٣) بوو. سکولانیزمی خۆرئاوویی، لەسەدەی سیانزدەیەمدا، گەیشتە ترۆپکی گەشەکردن. سەبارەت بە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و.. بەرین بوونی چوار چێوەی فەلسەفەو بڵاوکراوە زانستییەکان، پاڵپێوەنەرێکی گەورەبوون بۆ پەرەسەندنی فەلسەفەی سکولانیزم. لەمەدا دانراوەکانی ئەرستۆو ئەفلاتونی نوێ ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەدژی هەموو جوڵانەوەیەکی هەرتەقی دژ بەکڵێسەو بۆ ململانێی لەدژی بیرە نوێیەکانی فەلسەفە کە پێدزەیان کردبووە ناو لاهووتەوە. بۆ چەسپاندنی جێگەی کڵێسەی کاسولیکی.. لەساڵی ١٢١٥دا دومینیکانی دروست بوو.. کە خاوەنەکانی ناوی خۆیان نا Dominicanes - ڕاهیب - جگە لەدۆمینیکانی و

فەرەنسیسکانی، پاپایەتی پەنای بردە بەر دادگای پشکنین بۆ بەهێزکردنی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتەکەی خۆی...

بڵاوبوونەوەی بیروڕا خوانەناسییەکان لەسەدەی سیانزدەیەمدا، بایەخێکی گەورەیان هەبوو بۆ پەرەپێدانی بەریەرەکانی ئەنتی سکولانیزم Antischolastic، بۆ دژایەتی کردنی ئەم بەریەرەکانییە کڵێسە گەلێك دامودەستگاو فەیلەسوفی دڵسۆزی خستە مەیدانەوە.. لەوانە "تۆمای ئەکوینی" بوو.. ئەم زانایە لای وابوو کە ئەقڵ و ئیمان یەك یەکێتی گونجاو پێك ئەهێنن و هیچ جیاوازییان نییە... بەڵام ئەقڵ لەکۆڵینەوەیدا بەدوای ڕاستیدا لەوانەیە لەگەڵ باوەڕە ئاینییەکاندا بکەوێتە ناکۆکییەوە.. لێرەدا ئەکوینی ئەڵێت بەبێ گومان هەر ئەبێت یەکێکیان ڕاست نەبێت، لەبەر ئەوەی ئیلهامی یەزدانی هیچ شتێکی هەڵەی تیا نییە، بۆیە سەرەنجامی ناکۆکییەکە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەقڵ ناڕاستە نەك ئیمان، فەلسەفە نەك لاهوت. هەروەها ڕیالیستی لەگەڵ شوێندا جیا ئەکردەوەو ئەیووت: هەموو شتێك یەکگرتنی "مەتریال" و "وێنە"یە. "مەتریال" توانستی قبولکردنی وێنەیەو "وێنەکە"ش "ڕیالیستە" بەنیسبەت مەتریالەوە کە ئەو وێنەیەی وەرگرتووە. لای وابو: کە مەتریال دابڕاو نابێت لەوێنە، بەڵام بەبێ مەتریال هەیە بەوە دەیەوێ بڵێ، مەتریال لەیەزدان سەربەخۆ نییەو نابێت.. لەو تێگەیشتنانەوە ئەکوینی دەستی کرد بەپەرەپێسەندنی "سەلماندنەکان" لەسەر بوونی یەزدان. جیهان لای ئەم لەگەڵ کڵێسە

گونجاوە، جیهانێکی کۆتایی و سنووردارو داخراوە، ئەستێرەکانی ناگۆڕێن و لەناو ناچن. لەژێر کاری جوڵێنەرە ئەقڵییەکاندا دەبزوێن. دیسان ئەیووت لەبەر ئەوەی ئەقڵ بەستراوە بەهەستەوە بۆیە زانین لەبارنەی جیهانی هەستی دەرناچێت، بەڵام جیهانی سەروو هەستی نایگێڕێتەوەو دیسان مەزەنەکردنیش نایگێڕێتەوە. تۆمای ئەکوینی بەو پێیە لەلایەنگرانی ریالیستی مامناوەندی بووە، حاشای ئەکرد لەبوونی هاووێنەیی یان بەرامبەری تەواو لەنێوان بیرەکانمان و واقیعدا.

ئەم زانایە لای وابوو کە دەسەڵاتی دەوڵەت لەیەزدانەوە دێت، بەڵام ئەبێت شێوەکانی بەپێی گۆڕانی دۆخەکان بێت. لای ئەم پاشایەتی لەهەموو شێوەکانی تر باشتر بوو... هەورەها دەیگوت ژیانی جیهانی ناوە دەوڵەت تەنها پلەیەکی خۆ ئامادەکردنە بۆ ژیانی گیانیی پاشە ڕۆژ.....

لە زانا بەناوبانگەکانی تری سکولانیزم: "دونس سکۆت" دەورووبەری ۱۲٦٥ ـ ۱۳۰۸ ـ بوو. مەسەلەی سەرەکی لای ئەم پەیوەندی لاهوتە بەفەلسەفەوە.. فەلسەفەکەی لەبنچێنەدا ئیدیالیستی بوو.. یەزدان لای ئەم تەنها وێنەیە. بەڵام هەبوون و شتەکانی تر هەمووی لەوێنەو مەتریال پێکەوە دروستبوون. ئەمەش مانای وایە کەشت هەمووی مەتریالە، بەگیان و فریشتەکانیشەوە.. گیان لای "سکۆت" وێنەی لەشی مرۆڤە کەیەزدان هەر لە لەدایك بوونەوە لەلەشدا خوڵقاندوویەتی و

بەدرێژایی ژیانی لێی جیا نابێتەوە. گیان یەکەو نەمرە. ڕەخنەکانیشی لەسکولانیزم لەخزمەتی لاهوتدا بووە.

شان بەشانی سکولانیزم.. ژمارەیەك زانا لەسەدەی سێزدەیەمدا هەڵکەوت.. لەدەرکەوتوترینیان "ڕۆجەر بیکۆن" (دەوروبەری ١٢١٤ ـ ١٢٩٤) زانکۆی ئۆکسفۆردی خوێندو لەپاریس بوو بە ئەندامی فەرەنسیکانی.

فەلسەفەکەی "بیکۆن" بێزاری بوو لەدژی پایەگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی. لەکەس نەئەترساو بەپڕکێشییەوە ڕەخنەی لەرەوشتی سەردەمی خۆی گرتووەو ڕەحمی بەکەس نەکردووە تەنانەت بەخودی پاپاش. ئەم ڕەخنانەی بوونە هۆی تووڕەیی کڵێسەو لەزیندان توندکردنی لەساڵانی ١٢٧٨ ـ ١٢٩٢ لە دوای ئەوەش زۆری نەخایاند کە مرد.

نرخی مێژوویی بیرە زانست و فەلسەفەییەکانی "بیکۆن" یەك لایی نەبووە. لەزانست و دەستپێکردنی زانستدا نوێخوازو داهێنەرێکی وابوو کەزۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو.. بۆ فەلسەفەش نەك هەر کەمتەرخەمی لەرا زانستییەکانی نەکردووەو بەس، بەڵکو هەر بەو جۆرەش بووە بەفەلسەفەی سەردەمی خۆی، بەڵام ڕاکانی دەربارەی زانین شوێنەواری سۆفیزم و لاهوتیان پێوەلکاوە.. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەی بۆ سکولانیزم خستەڕوو، هەروەها تێگەیشتنێکی نوێی بۆ زانست و ئەرکی سەرشانی دەرخست.

تێگەیشتەی مەتریالی لە تێگەیشتەی یەزدان جیا کردۆتەوەو گەڵێ بیری هاوپێوەند بەشێوەی تەنەکان و گێتی و جوڵان و زمان و ئەزەلی و بۆشایی پەرەپێدا..

ئەزمون و بیری لۆجیکی و ڕای پێشینان، سەرچاوەی سەرەکی هەموو زانیارییەکانمانن: هەتا دروستترین بیر (بەمانا لۆجیکییەکەی) ئەبێت یەقینەکەی بەتاقیکردنەوە بنجبەست بکرێت.. ئینجا ئەیووت: لەگەڵ ئەوەشدا بەتەنها ئەزموون بەس نییە بۆ بەیەقین گەیشتن... بەڵکو شێوە بەرزەکانی زانین کەلاهوت و فەلسەفەیە، یارمەتیدەرن. بەو جۆرە بیکۆن ـ لەخستنەڕووی پلەکانی زانیندا ـ مەڵبەندی زانست بەجێ ئەهێڵێ و بەرێگەی سۆفیتی و غەیبیێتیدا ئەڕوات.

لەسەدەی چوارەیەمیشدا مەزەبی "ناویی" Nominalism بەرەوڕووی بوژاندنەوەیەکی گەورە بوو، "ولیەم ئۆکان" ـ دووروبەری ١٣٠٠ ـ دەورووبەری ١٣٥٠ ـ ڕابەری ئەم بوژاندنەوەیە بوو، قوتابخانەی ئۆکامی دامەزراند، ئەمیش ئەندامی فەرەنسیسکانی بوو.. لەدژی چاو ئەزیرە سیاسییەکانی کڵێسە بوو.. زانست ئەکات بەدوو بەشەوە: ڕیالیستی و ئەقڵیی.. سیمای ڕێبازی ئۆکامی "دوانەیی" بووە. لەلایەک ئەو ڕایانەی پەرەپێدەدا کەدەیووت ئەزموون سەرچاوەی زانینە، لەلایەکی تریش ئامرازەکانی زانین بە "نیشانەکانەوە ـ ڕەمز" ئەبەستێتەوە. تێندێنسی "ناویی" لەرا سایکۆلۆجییەکاندا ڕەنگی

ئەدایەوە. ئەم فەلسەفەیە نەك هەر لەئینگلستان بەڵكو لەدەوڵەتەكانی تری ئەورووپاش بڵاوبووەوە.

لەلایەنگرەكانی ئەم فەلسەفەیە "نیكولای دوتركور" بوو كە ئەنجامی لاتنگیری لەراكانی "ئۆكام"دا هەڵهێنجا. حاشای لەوە ئەكرد كە بتوانرێ دروستیی سەرەتاكانی ئایینی بەسەلماندنی فەلسەفی بكرێ. ئەم فەیلەسوفە لەرا سرەشتییەكانیدا رادیكاڵتر بوو،چونكە رووی خۆی لە ئەرستۆتالی وەرگێراوە رووی كردە گەردیلەیی ئەبیقوری وە لەسەر دەستی ئەمدا بوو كەسكولانیزم بە هەندێ بیری مەتریالیستانە موتوربە كرا.

سكولانیزم شێوەیەكی تایبەتی بوو لەشێوەیەكانی فەلسەفە كە ژیانی گیانی كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی پێ جیاواز ئەكرد.فەلسەفە یا زانستی ناو ژیانی زیاتر لە هەزار سالی كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی ئەنجامێكی وای نەبوو كەشیاوی یاسكردن بێت،چونكە روناكبیران،هەتا دەركەوتووەكانیشیان،چاویان نەبرییە كۆڵینەوە لەراستیی،بەڵكو بیریان لای رێگەو شوێنی سەلماندنی دروستی باوەرە ئایینییەكان بوو. بۆیە فەلسەفەیەك لەسەر ئەو بناغانە وەستا بێت ئەبوو هەر بەرەو داروخان بچێ،بەتایبەتی لەبارودوخێكدا كەزانست جێگەكانی خۆی بەهێز ئەكرد و رووی كردبروە مەیدانی كۆلینەوەی تا رادەیەك سەربەخۆ.. ئەوەبوو ئەكاتێكا كە شێوەی بەرهەمهێنانی نوێ لەناو هەناوی دەرەبەگایەتیدا دەستی پێكرد و پەیوەندییە كۆمەلایەتییە سەرمایەدارەكان دروست

ئەبوون کەرێگەی خۆشکردن بوو بۆ هاتنە ڕووی کۆمەڵگەی سەرمایەداری،لە هەمان کاتدا ئەو دیاردەیەش هاتە ئاراوە.

٣-بیری فەلسەفی لە ڕوسیادا(یەدەی نۆیەم-سەدەی حەڤدەیەم)

بەدرێژایی چەندین سەدە گەلە سلاڤییەکان ناچار بوون کە خەباتێکی توندو تیژ بکەن لەدژی خێلەکانی هون و خێلە شوانکارەکانی ئاڤازی و هازاری و بتشنگی و بولوڤی و خێلەکانی تر، کە هەولیان ئەدا بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.بەدرێژایی ماوەکانی نێوان سەدەی شەشەم و هەشتەم پروسەی پێکهاتنی قەومی*روسی بەردەوام بوو، کە ئەمەش بووە هۆی یەکخستنی خێلە سلاڤییەکانی ڕۆژهەلات لە ناو چوار چێوەی دەولەتی یەکگرتووی ڕوسیای کۆن لە نێوان سەدەی نۆیەم و دەیەمدا،بەڵام پێشەکییە کۆمەڵایەتییە-مێژووییەکانی دروست بوونی ئەم دەولەتە دەرەبەگایەتییەی ڕوسیا بەکورتی ئەمانە بوون:دەرکەوتنی پاشایەتی دەرەبەگێتی تایبەت بەزەوی و بوونە هۆی گەندەڵ بوونی سستێمی خێلەکی-هاوبەشێتی و پەیدابوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی ولە گەیشدا توندو تیژبوونی ناکوکی و دەستپێکردنی سەرەتای ململانێی چینایەتی لەنێوان دەولەمەندو هەژار،تێرو تەسەل و بێ بەشەکانداو لە دواییشدا بەرپابوونی ڕاپەڕین ویاخیبونی عەفەوی جوتیاران لە دێهات و لەناو پیشەگەرەکانی شارەکاندا.

گەلانی سلاڤی کۆن چەند خوایەکیان ئەپەرست.نووسینی ڕوسیش لە نێوان سەدەی هەشتەم و نۆیەمدا دەرکەوت و کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەپێدانی کولتوری ڕوسی.لەسەدەی دەیەمیشدا ڕووداوێکی

گەورد لە ژیانی کولتووریی و گیانیی ڕوسدا هاتەڕووئەوەبوو کە ئاییینی مەسیحی بوو بەرەسمی،ئەمەش کارێکی پێشکەوتوانە بوو،چونکە شارستانێتی بیزەنتەی کۆنی بەگەلی ڕوسیا ناساند و هەروەها لە ناو ئەوەشدا شارستانێتی یۆنان و ڕۆمانیشی پێناساند.زیاتر لەوەش یارمەتی جێگیرکردنی پایەگاکانی دەولەتی دەرەبەگێتی ڕوسی داو پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ دەولەتانی ئەورووپای خورئاواو خۆرهەلاتی ناوەراستدا پتەو کرد.

*قەوم پلەیەکی ناوەڕاستە لە شێوەکانی کۆبوونەوەی خەڵك لەڕووی مێژوویەوە،کە لە نێوان خێڵ و نەتەوەدایە.

پەرەسەندنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانیش بوونە هۆی زیاتر دەولەمەندیی و زیاتر چەسپاندنی دەسەلاتی دەرەبەگ و میریی ناوچەکان،

کە ئەوەش تێندێنسی جیابوونەوەی زیاتر لەبەهێز ئەکرد.سەر ئەنجامیش بەوە دوایی هات کەئەم دەولەتە لەسەدەکانی پانزدەو دوانزەدا دابەش بوو بە میرنشینی بچوکی لەیەك جیا..کە تا سەدەکانی سێنزدە و چواردە درێژەی کێشا و کارێکی خراپی کردە سەر چارەنووسی مێژویی ڕوسیا..چونکە ولاتەکە کەوتە ژێر دەستی دوژمنە بیانییەکانەوە،مەغول و پاشاکانی سویدو ئەلەمان و تورك..هتد کە ئەیانەویست سامانی تالان کەن و عەرزی زەوت کەن وگەلی ڕوسی بچەوسێننەوە..لێرەوە بایەخی زیاتر گرنگی پێدانی ئیدیۆلۆگ و

سیاسییەکانی ڕوس بە مەسەلەی یەکخستنەوەی ئەرزی ڕوسیا لەیەک دەوڵەتدا کەسەربەخۆیی و ئارامی ولات مسوگەر بکات،دەرئەکەوێت.سەبارەت بەوەی کەفەلسەفە لە مەیدانەکانی تری زانین جیا نەبوو بوەوە..بۆیە پەیوەندییەکی توندی بەلاهوتەوە هەبوەووە مەسەلە فەلسەفییەکان کەدەربارەی گێتی و مروڤ لە سروشت و کۆمەڵداو مەسەلەکانی سایکۆلۆجی و ڕەوشت لە ئەفسانەو سەر گوزەشتەو پەندو ئامۆژگاری دوعاو نزای کۆندا خرابونە ڕوو کە زانیارییە مێژووییە جۆربە جۆرەکاندا تێکچرەژا بوون و-بەشێوەیەکی ئاسایی-بەروخساری ئاینانە نەخشیان کێشرابوو.لە سەدەی یانزدەو دوازنزدەیەمیشدا زاراوەی"فەلسەفە"یان "خۆشەویستی زانین"لەسەر لاپەرەکانی کتێب و نوسراوەکان،چ هی کلێسەو چ هی تر،بەکار ئەهێنران.لەنێوان سەدەکانی یانزەو پانزدەشدا ڕوسیا بەنووسین ە بەرهەمی زاناو فەیلەسوفەکانی یۆنان و ڕۆماو سەدەی ناونجیی ئەورووپای خۆرئاوا.. بەباشی ئاشنا بووبو.

بەدرێژایی سالانی سەدەکانی یانزەو سێنزدە..ئیدیولوگە پێشکەوتنخوازەکانی ڕوس،لەبەرامبەری مەترسی پارچە پارچە بوونی ولات بەدەوڵەتۆکەی دژ بەیەک بێئارام بوون بۆیە ئەوان گرنگییان ئەدا بە مەسەلەی یەکێتی گیانیی میرنیشینەکان و پاراستنی سەربەخۆیی زەوی ڕوسیا و بەهێز کردنی..لە سەرەتای سەدەی پانزدەدا"وتارێك لە پاساو بەختەوەریدا" بلاو بووەوە کەدەربارەی بیرێکی سەرەکی بوو

ئەوەش بانگکردن بوو بۆ یەکگرتنی گەلانی سلافی ڕۆژھەلات لە دەولەتێکی یەکگرتوودا؛لەگەل ستایش و سرود ووتن بۆ ئەرزی ڕوسیا..نووسراوەکەش"ئیلاریۆن"داینابوو."ئامۆژگارییەکانی ڤیلادیمێر موناخ"و زۆر دانراوی تر..سەرەتا وێنەکانی ڕەوشتی سەردەمی دەرەبەگێتی سەرەتاییمان ئەخاتە پێش چاو..

داگیر کردنی ڕوسیا لە لایەن مەغولە-تەتارەکانەوە-سەدەی ١٣-١٥ کارەسات و وێرانکارییەکی بێسنوری دروست کردو بەسەدان سال پەرەسەندنی ئابوری و ڕامیاری و گیانیی ولاتی دواخست کە شوێنەوارێکی خراپی لەسەر پەرەسەندنی فەلسەفە وبیری کۆمەلایەتی-ڕامیاری بەجێھێشت.لەو سەردەمانەو سەدەی شازدەیەمیشدا..ململانێیەکی توندو تیژ لە بەینی لایەنگرانی دروستکردنی دەولەتێکی ناوەندی و لایەنگرانی خواستی جیابونەوە دروست بوو..لەو کاتانەدا میرنیشینی مۆسکۆ دروست بوو..ئەو ململانێیە لە ئەدەبیاتی سیاسی و ھونەریدا ڕەنگی ئەدایەوە.."فیلوفی"تیوری"مۆسکۆ-ڕۆمای سێیەم"ی ھێنایە گۆڕێ..کەدوای کەوتنی ڕۆمای کۆن و ڕۆمای نوێ-قوستەنتینیە-،موسکوی بە جێگیری ئەمینی ئاینی مەسیحی ئەزانی و وای دانابووکە ھەردوو ڕۆمای پێشوو خیانەتیان لە ئاینی ڕاستەقینەی مەسیحی-ئەرسۆزوکسی- کردوە،زۆر لە فەیلەسوف و ئیدولۆگەکان لەدژی جیابوونەوە خوازەکان بوون، لەوانە"ئیڤان بیریسفیتون" کە ھاو

سەردەمی "ئیڤانی تۆقێنەر"بوو..راکانی "بیریسفیتون" بۆسەردەمی خۆی پێشکەوتوانە بوو.

سەدەی پانزدەو سەرەتای سەدەی شازدەیەمیش مشتومڕی نێوان"یوسفییەکان"و"نستیجییەکان"ی بینی..یەکەمیان دوسەلاتی گیانیان خستە سەروو دەسەلاتی جیهانی..بەلام دووەمیان هەندێ ڕای ئازادانەیان هەبوو،داوایان ئەکرد سەرنجی ڕەخنەگرانە بدرێت لەئینجیل و لەدژی لەسێدارەدانی هەرتەقەکان بوو...سەرەنجام تاقمی یەکەم سەرکەوتن..چونکە نستیجییەکان بە لایەنگرانی هەرتەقە تاوانبار کران و کەوتنە بەردەم پەلەماری کلێسەی ڕەسمی.

بەلام لەنێوان سەدەی چواردەو شانزدەدا بیری هەرتەقی ڕا ئازادە دژ بەئایدیۆلۆجییە بلاوبووەوە.خاوەنی ئەوبیرانە گومانیان لەرێگەو شوێن و نهێنییەکان ئاین ئەکرد، بێزارییان دەربەبری لە دژی پیاوانی لاهوت و تەماع و پۆخڵ بوونی ڕەوشتییان..هەلوێستێکی ڕەخنە گرانەیان لەتەورات وئینجیل وەرگرت.لە سەدەی شانزدەیەمدا بیری هەرتەقی لەسەر دەستی"ماتفی باشکین"و فیوروسی کوسوی"پەرەیان سەند،کوسوی لە ڕوناکبیرە هەر ناودارەکانی ڕوسیای سەردەمی سەدەی شانزدەیەم بوو،هیچ شتێك لە دانراوەکانی نەگەیشتوونە دەستمان،ئەوانە نەبێ کە لە ناو نووسینی نەیارەکانیدا هاتوون..لە ناو یەکسانی هەموو ئادەمیزادەوە بەرامبەر بەیەزدان،"کوسوی"داوای لابردنی جیاوازی و زوڵمی کۆمەلایەتی و نەهێشتنی باجی ئەکرد،داوای

دانانی یاسای رەواو دروستی ئەکرد،کە خەلك یەکترییان خۆش بوێت و دەستی یارمەتی بۆ یەمتری درێژ بکەن..بۆیە لەترسی کڵێسەوە ڕای کردە دەرەوەی ولات.

بیروڕا ئازادەکانی ئەو فەیلەیوف و زانایە بەتێندێنسی ئەقڵی چەند ساتێکی پۆسەتیڤ بوو لە مێژوی بیری فەلسەفەی ڕوسیدا..لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامێکیان نەگەیشتە پلەی نکولی کردن لە یەزدان.

لە سەدەی حەڤدەیەمدا نوسەرو ڕوناکبیری بەناو بانگ"سیمون پۆلۆتسکی"١٦٢٩-١٦٨٠لەکتێبەکەیدا(فیرتۆگراد)ی ڕەنگاو ڕەنگ داوای لە بازرگان و فرمانرەواو پیاوانی ئایینی ئەکرد کە خەڵکیان خۆش بوێت،بەهێمنی بڕیارەکانیان بدەن،لەڕەفتاریاندا سادەو ساکار بن،ستایشی ڕیناکبیری و هەڤالێتیو خۆشەویستی ئەکرد،دژی زۆرداری و توندو تیژی بوو،ئەیووت جیهانی مەتریالی و گیانی بۆ خوا دروست کراون..کاری فەلسەفەش ڕێ پیشاندانی خەڵکەو چاککردنی ڕەوشتیانەو چارەسەری نەخۆشییەکان و فێرکردنی زانین و ئاراستەکردنیانە بۆ ژیانی ڕاست.لە سەدەی حەڤدەیەمدا تیوریەکەی کۆپەرنیکۆس:دەربارەی ناوەندێتی خۆر Heliocentrieism لەهەموو ڕیسیادا بلاوبووەوە...

کەوابێ لە ڕێگەی بیزەنتەوە بۆ یەکەم جار بیری فەلسەفی و هەندێ دانراوی یونانی کۆن بیزەنتەو لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست گەیشتنە ڕوسیا.. گۆڕان و چاکردنیان لە سەرکرا کەئەرخێکی گەورەیان هەبوو،

ئیدیۆلۆگەکان سەرنجێکی تایبەتییان ئەدا لە ڕێگەو شوێنەکانی ڕەوشت دا کە لەگەل نۆخی ڕوسیای دەرەبەگایەتیدا ئەگونجا.شان بەشانی ئەوانە.. لەنێوان سەدەکانی نۆیەم و حەفدەیەمدا ئیدیۆلۆگە پێشکەوتنخوازەکان سەرنجی پڕۆسەی مێژوییان ئەداو بایەخیان بەپاشەڕۆژی نیشتمان دا.بۆ بەگریکردنی لەگەلی چەوساوە هەندێکیان ڕاپەڕین و نارەزاییان بەرامبەر کۆیلەتی و ڕەتاندنەوەی دەربڕی..ئالەوانەشدا نرخی مێژوویی و بیری فەلسەفی و کۆمەلایەتی ڕوسیای نێوان سەدەی نۆو حەفدە دەرئەکەوێت.

بەشی سێیەم

-فەلسەفە لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا لە قۆناغی گواستنەوەدا لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری

-کولتوری مرۆڤایەتی و سەردەمی بوژاندنەوە-رینیسانس.

-سۆسیالیزمی یۆتۆپی

فەلسەفە لەوڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا لە قۆناغی گواستنەوەلە دەرەبەگێتییەوە بۆ سەرمایەداری

-سەدەی ١٥تا سەرەتای سەدەی ١٧

لەسـەردەمەکانی هـەردوو سـەدەی چـواردەو پـانزدەدا سـەرەتای شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە هەندێ شاری حـەوزی دەریـای سپی ناوەراستدا سەری‌هەڵدا.لەئیتالیادا هەر لە سەدەی چواردەیەمەوە سەرەتای مانیفاکتۆرە دەرکەوت، ئەمەش وای ئەگەیاند کە پیشـەگەری دەسـتکردو شـێوازی بەرهـەمهێنانی دەرەبـەگیی بـەرەوپێش رۆشتووە.نیسـان لـە گەشـەکردن و گـەورەبوونی شارەکانیشـدا پـێش ولاتانی‌ترکەوت،ئـەوەش بـەهۆی ئـەوەوە بـوو کەرێگـەکانی بازرگـانی بەدەریای ناوەراستدا ئەرۆیشت.

ئـەو بازرگانییـەو پەیـدابوونی سووسـەلەم و چەوسـاندنەوەو بەکری‌گرتـەیی کرێکـارو وردە پیشـەکارد دەسـتکردەکان بوونـە هـۆی پەیدابوونی تاقمێك لەخاوەن بانك و بازرگانی پێشەسازی کە دەسـەلاتی سیاسییان لە شارەکانی ڤینیسیاو جەنەوەو زۆر شاری ترا گرتە دەست.

پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێن لە دۆزینەوەی تەکنیکە گەورەکاندا بەرووونی دەرکەوت.بۆ پێشەوە چوونی گەورە لە تەشی و لە ماشینەکانی تری چنیندا ڕوویدا،دۆلابی ئاو وئاشی هەوا گۆڕانی گەورەیان بەسەر بەرهەمدا هێنا کە تا ئەو کاتە ئەرکی گەورەی کەوتبووە سەر هێزی بازووی مرۆڤ و ئاژەڵ..ئەم گۆرانانەش تەوژمێکی باش بوو بۆ پێشەوەچوونی پیشەسازی بەتایبەتی چەك،چونکە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر هونەری شەڕدا هێنا، دروستکردنی چەکی گڕدار لە نرخی جەنگی دەستگای سوار چاکی هانیە خوارێ.. هەروەها داهێنانی قیبلەنما زۆر گرنگ بوو.. مارکس بەکارهێنانی باروت و قیبلەنما و چاپخانە لە ئەوروپا لە ناوەڕاستی سەدەی پانزدەدا، بە پێشەکیکەکانی دەسپێکردنی بەرهەمهێنانی بورژوایی داناو(١٦).

بەڵام سەرکەوتنەکەی دوایی بۆرژوا لە وڵاتانی ئەورووپای خورئاوادا بەدۆزینەوە مەزنە جوگرافییەکانەوە بەستراببوونەوە– کۆتایی سەدەی پانزدەو سەرەتای سەدەی شانزدە– دۆزینەوەی ئەمەریکاو ڕێگەی دەریایی ڕودو هیندیستان و گەشتەکەی ماجەلان بەدەوری زەویدا..بوونە هۆی شکاندنی سنووری کۆنی زەوی،بەڕادەیەك کە ئەنگلس ئەڵێت:"ئێستاکە و تەنها بۆ یەکەم جار جیهان بەڕاستی دۆزرایەوە و بنچینەی بازرگانیی ئایندەی جیهانی دانراوو پیشەسازی دەستکرد گواسترایەوە بۆ مانیفاکتۆرە،هەر ئەوە گواستنەوەیەش بووە هێزی ئاوکی پیشەسازییە مەزنەکەی سەردەم(١٧)".

ئەم گۆڕانە ئابوریانە کە لەکۆتایی سەردەم ١٥ و سەرەتا سەدەی ١٦دا ڕوویاندا و تارادەیەکی زۆر بەوەچەرخانی ڕێگەو بانی بازرگانییەوە بەسترا بوونەوە..بوونە هۆی پەیدابوونی مەڵبەندی نوێی پەرەسەندنی ئابوری و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئیسپانیا و خوارووی ئەڵەمانیاو سەرووی فەرەنسا،بەتایبەتی پەرەسەندنێکی سەرمایەداریی بە تەوژم لە هۆڵەندەو ئینگلستاندا خولقا،کە هێلی مۆلبۆونی سەرمایەداریی سەرەتاییان،بە ڕادەیەکی زور بەرز، بەبەراورد لەگەل ولاتانی تری ئەوروپادا،تیا بڵند بوبو.سەرکەوتنەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، بوونە هوی بەرپابوونی هەوەڵین شۆڕشە بورژوازییەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ،یەکەمیان لە ئەلمانیا لەساڵی ١٥٢٥دا ڕووی داو شێوەی ڕیفۆم و شەری جوتیاریی وەرگرت،بەڵام سەرنەکەوتنی بووە هۆی ملکەچی بورژوای ئەلمانی بۆ دەسەلاتی ئابوری سیاسی دەرەبەگەکان..دووەمیش لە هۆلەندە ڕووی دا–کۆتایی سەدەی شانزدە– کە شێوەی جەنگی نیشتیمانیی و ئایینی دژ بە ئیسپانیای دەرەبەگایەتی– زۆردارو کاسولیکی بوو. ئەنجامەکەشی کۆماری بورژوای سەربەخۆی هۆلەندە دامەزرا.

گۆڕانە کۆمەلایەتی و ئابوری و تەکنیکییە ڕادیکالەکان لە پشت ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەوە بوون کە ژیانی گیانیی گەلانی ئەوروپای گرتەوە. دەرکەوتنی شێوە نۆییەکانی ڕێکخستنی ڕامیاری چینی دەسەلاتدار–سستێمی پاشایەتی موتڵەق لە ئیسپانیاو فەرەنساو ئینگلستان و

هتد..پاڵپشتیکردنی دەسەلاتی سەرەکی میری بەگشتی کاریکی گەورەیان کردە پەر لاواز کردنی نفوزی ئابوری و سیاسی کلێسەی کاسولیکی رۆمانی کە بە درێژایی سەدە ناونجییەکان هەمووی،هێزی ئایدیۆلۆژی زاڵ وبەرزترین یاسا Sanchion دەرەبەگایەتی بوولەئەوروپادا.هەروەها نفوزی ئایدیۆلۆژی کلێسەش شلۆق بوو بەهۆی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی شانزدە،بە تایبەتی لۆسەری و زونگلی و کالڤینی..کە تەقەلای بورژوای گەورەیان دەرئەخست بۆ ڕزگار بوون لە دەست پێسپێریەکانی کلێسەی کاسولیکی ڕۆمانی پاڵپشت بەدەرەبەگاییەتی و بۆ دامەزراندنی سستێمێکی نوێی بورژوازی بۆ کلێسە.

سەرکەوتنی بزوتنەوە ریفۆرمخوازەکان بووە هۆی تەسك بوونەوەی دەسەلاتی کلێسەی کاسولیکی ڕۆمانی لە هەندێ ولاتی ئەوروپادا..هەرچەندە بزوتنەوەکان بە شێوەی دوژمن بەدەرەبەگایەتی بوون،چونکە هەر لەناو چوار چێوەی ئاییندا ئەجولانەوە..شورشە بورژواکانی سەرەتاش هەر دروشمی ئاییینیان بەرز کردبووەوە و ڕوخساری ئاینی ئاشکرایان هەبووە..ئەمەش هەر وەکو مارکس سەرنجی دا..سەبارەت بەوە بووە کە "ئەم چینە نوێیە ماوەیەکی دوورو درێژ بەکۆتو زنجیری زۆر قایم بەلاهوتەو بەسترابووەوە (١٨)".

کولتوری مرۆڤایەتی و سەردەمی بوژاندنەوە-رینیسانس-

ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە-ئابوریانە بوونە هۆی دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیری بورژوازی کەزیاتر بەهونەرو زانستەوە خۆیان بەستبوەوە..لەو سەردەمەدا کولتورێکی نوێ هاتە ئاراوەو بە تێندێنسی مرۆڤایەتی Humanism ناسرا..ئەومرۆڤ پەروەرانە Humanists بەربەرەکانیی زانستی سکولانیزمی کلێسەیان بە زانستی جیهانی ئەکرد.ئەم ڕێبازە زیاتر کەلەپوری کولتوری کۆنی بەکار دەهێنا. چونکە ئەو کولتورە بتپەرستانەیە زیاتر لە سروشتی بۆرژوای نەشونما کردووە نزیك بوو وەك لەکولتوری کۆمەڵگەی دەرەبەگیی و ئیدیۆلۆژە کەی.. سەبارەت بەوەی کاری ڕۆشنبیری کۆن لەڕادە بەدەر مەزن بوو بۆیە ئەم سەردەمەیان ناو نا سەدەی بوژاندنەوە Renaissance،سەدەی بوژاندنەوەی زۆر لایەنی کولتوری کۆنینی دەولەمەند لە دوای بیرچوونەوەی زیاتر لە هەزار ساڵ.

کولتوری بۆرژوای تازە پێگەیشتو سەرکەوتنی نایابی لە مەیدانەکانی ئەدەب و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و هونەری بیناکردن و زانست و فەلسەفەدا بەدەست هێنا...ئیدیۆلۆگەکان بۆرژوای بالا کردوو داوای پەرەپێدانی چەندلایی پێرسونالییان ئەکرد، چونکە پەرەسەندنی گونجاو لەو سەردەمەدا هەر بۆکەسانی دیار ژمێر دەرەخساو بۆ هەموو گەل نەدەلوا. هەر لەو کاتەشەوە یەکێك لە شەقڵە سەرەکییەکانی

کولتوری بۆرژوا دەرکەوت کەسەڵتایەتی Individualism بوو.بەڵام ئەو تێندێنسە سەڵتایەتییە لە دۆخی ئەو سەردەمەدا دیاردەیەکی پێشکەوتووانە بوو،چونکە ڕۆخساری پێویستی ڕزگاربوونی مرۆڤی دەرئەخست لەکۆتو و پەیوەندی سەدەکانی ناوەڕاست– لە تایەفەگەری پلەی جیاجیاو دەسەڵاتی کڵێسە.

ئەم سەردەمە نوێیە بووە هۆی پەیدابوونی دیدی نوێ دەربارەی ماهییەتی کۆمەڵ و سروشتی مرۆڤ ...هتد...گرنگترین شەقلەکانی ئەم دیدە کۆمەڵایەتییە نوێیە،تێگەیشتنی کۆمەڵ بوو کە کۆیەکی حیسابیی خەڵکانی لەیەك دابڕاوە.

"**نیکۆلای میکیاڤیلی**"(١٤٦٩–١٥٢٧) لەسیاسییە بورژواکانی سەرەتا بوو،لە دانراوەکانیدا(تیوردبوونەوەیەك لە یەکەمین دە وتار لە مێژوی تیتولیڤیو)و(ئەمیر) دا هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە هۆی بزوێنەری چالاکی مرۆڤ–خۆپەرستیی و بەرژەوەندی مادییە، میکیاڤیلی ئەڵێت:خەڵك مردنی باوکیان زوتر لە بیر ئەچێتەوە وەك لەکیسچونی موڵکو مالیان.بەو جۆرە میکیاڤیلی شەقل بنچینەییەکانی سەڵتایەتی کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتن، ئەکاتە شەقلی بنچینەیی بۆ سروشتی مرۆڤایەتی بەگشتی.ئەم ئیدیۆلۆگە فلۆرەنساویە،تیوری تیوکرات؛کە دەولەت بەکلێسەوە دەبەستێتەوە،ڕەت ئەکاتەوە، هەروەها تێگەیشتەی لاهوتیی بەربەرەکانی کرد. مارکس ئەڵێت:ئیدیۆلۆگەکانی سییەکانی سەدەی نوێ،لە میکاڤیلییەوە،"وا هێزیان ئەبینی کە

بنچینەی مافە،بەوەش لێکولینەوەی تیۆری سیاسەت لە ڕەوشت سەرفراز بوو(١٨)".سەبارەت بەوەی گەسەکردن و شکلۆداری دەولەت-لای میکیافیلی- بەرزترین یاسایە بۆ سیاسەت، بۆیە هەموو ئەو ڕێگەو شوێنانەی بەرەو ئەو ئامانجە ئەچێ،سروشتی و ڕەوایە،بەرنگە بێ ڕەوشتیانەی وەك-بەرتیل ،کوشتن، ژهەر دەرخواردان،خیانەت،غەدریشەوە...ئەبوت ئەو فرمانرەوایەی کە ئەیەوێت دەولەتێکی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنێت،ئەبێت خەسلەتەکانی شێرو هی ڕێویشی تیا بێت...لێرەوە ئەو تێندێنسەی میکیافیلی هاتە پێشەوە کە ئەڵێ:هەموو ڕێگەو شوێنێکی گەیەنەر بە ئامانجە سیاسییەکان ڕەوایە..(١٩)".

-سوسیالیزمی یۆتۆپی١:

لەولاتانی ئەورووپادا جەماوەری گەل لە جوتیارو پیشەگەرو پێشەنگە دەرکەوتووەکانی پۆلیتاریا..بێ ئیدیۆلۆگ نەمایەوە،بەلکو نوێنەرەکانیان هاتنە مەیدانەوە تا پێشبینییەکانیان دەربخەن،لەوانە:تۆماس مونزر(دەوروبەری ١٤٩٠-١٥٢٥)رووی دەرکەوتووی بزوتنەوەی"ریفورمی گەل"بوو بەلام هەرزوو لە ریفورمی بۆرژوازیانە Burgher کەمارتن لۆسەر ئیدیۆلۆگی بوو، جیابووەوە، بۆئەوەی بەرنامەیەکی سیاسی ڕادیکالانەدابنێت وداوای لابردنی مولکداریتی تایبەتی بکات وبکرێتەمولکداریتی گشتیی،جیاوازی پلە وپایەو دەسەلاتداریتی نامۆ بەگەل لابرێن و یەکسانی تەواوەتی بلاو

بکرێتەوە...ئنگلس ئەو نمونە کۆمەڵایەتییەی مونزر چاوی تێ بڕیبوو، بەوەی دائەنا کە "دەسپێشخەری بوو بۆ کۆمۆنیزم بەخەیاڵ". دوای ئەمیش "توماس مۆر"١٤٧٨-١٥٢٥ قوولتر گۆڕانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی گەل خستە بەر چاو،کتێبەکەشی "یۆتۆپیا"کە خاوەنەکەی کردە پێشەنگی سوسیالیزمی یۆتۆپی،داوای سستێمیکی کۆمەڵایەتی باشتری ئەکرد...نرخی مێژویی یتۆپیا هەر لەوەدا نەبوو کەپەردەی لەسەر شێوەی دەوڵەمەند بوونی چینە دەسەڵاتدارەکان لادا، بەڵکو لەوەش زیاتر ئاشکرای کرد هۆی سەرەکی ڕووتو ڕەجالی گەلْ و هەموو کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان موڵکدارێتی تایبەتی بووە،بۆیە داوای لابردنی ئەکرد.((کار))ی بە ئەرکی سەر شانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دائەنا ئەیووت دانیشتوانی یۆتۆپیا بە گونجاوی لە ناو سروشتاندا ئەژین... دەولەت کەلْ وپەلی بەرهەمی دانیشتوان بە سەر هەمووواندا دابەش ئەکات.

"**تۆمازو کامپانیلا**"١٥٦٨-١٦٣٩ی فەیلەسوف و زانای زانستی کۆمەڵایەتی ...بیر کارێکی تری ئەم ڕێبازە بوو.بزوتنەوەی ڕزگاریکردنی خوارووی ئیتالیای لەچنگ ئیسپانیەکان سەرکردایەتی کرد.بە هۆی سەرنەکەوتنیەوە گیراو (٢٧) ساڵ بەند کرا. "شاری خۆر" بەرهەمی سەرەکی بوو کە لە بەندیخانە داینا،لێرەشدا هەروەکو دورگەکەی یۆتۆپیا موڵکدارێتی تایبەتی نییە... خەڵك ژیانێکی کۆمەڵ و

هاوبەشییان هەیە، بەڵام ئەمیش وەکو مۆنزر دیدی پانتیزمی بووە... کە ژیانیی میشاعەی بەیاسای یەزدان و سروشتیی دائەنا.

بیری سەردەمی بوژاندنەوە، بەتایبەتی فەلسەفەی "مرۆڤ پەروەران"لە دژی سکولانیزم بوو...تیۆری "دوو ڕاستی"("ڕاستی دوانەیی "TwofoldTruth")کە مەیدانی زانست(کۆڵینەوە لە سروشت)و مەیدانی ئایین (سەرفرازیی گیان)لێك جیا ئەکاتەوە... ئەم تیۆرییە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە جیابوونەوەی فەلسەفە لە لاهوت... یارمەتی پێکهاتنی هۆشیاریی زانستانەی داو بە باشی بڵاو بووەوە. پەیدا بوونی "فەلسەفی سروشتی Natural philosophi") کەدوور لە دیدی لاهوتانە، لە سروشت ئەکوڵێتەوە،بایەخێکی گەورەی هەبوو لە سەر پێشخستنی فەلسەفە ...بەگشتی ئەم فەلسەفە زانستییە،تێندێنسی پانتزیمی هەبوو کە بەئاشکرا نکوڵی لە هەبوونی یەزدان ناکات بەڵکو یەزدان و سروشت هەردووکیان یەك ئەخات.

"**نیکۆلای ئۆف گوزا** "(١٤٠١-١٤٦٤)یەکەم بەناوبانگی پانتیزمی بوو.یەکەم مەسەلەی سەرەکی فەلسەفە ئیدیالیستانە چارە ئەکات، سروشت، بە مرۆڤیشەوە لە یەزدانەوەیە-کە بەرزترین هەبووی موتڵەقە-بەڵام هەروەکو فەیلەسوفێکی پانتیزم- لە ڕاستیدا نکوولی لەوە دەکات کە یەزدان گێتی دروست کردبێت. یەزدان و سروشت لەیەك نزیك ئەکاتەوە سیفتی یەزدانی بەسروشتەوە ئەلکێنێ. لەتیوری زانیندا"گوزا"چەند بیرێکی قووڵ ئەخاتەڕوو.بڕوابوونی بەبێ سنورێتی

گێتی وای لێکردکە تێگەشتنێکی نۆیی لەدەربارەی خودی پرۆسەی نـوێی زانـین هـەبێت... جیـاوازی ئـەم فەیلەسـوفەو سـکولانییەکان بەدووبارەکردنــەوەی ئـــەقڵ وەك توانســتێکی ز زانینـــی...قـولتر بو،تاگەیشـــتە دەرککــردن بەوراســـتییە دیالیکتیکییـــەی کەئــەلێت"هەمووشــتێك لەناکوکــەکان پێــك هاتوودبــەلام بەپلــەی جیاجیا"...لەدوایشدا تیۆرییە دیالیکتیکییەکەی لە سەر"جوتبوونی دژەکـان"پەرەپێـدا.پێشـکەوتنە مەزنـەکانی زانسـتی سروشـت لـە دوزینـەوە–ئیکتیشـافات–زور گرنگەکانـدا ڕەنگـی دایـەوە...بەتایبـەتی پێشـــکەوتنی ماتماتیـــك زور فـــراوان بـــوو...ئـــیتر دامـــەزراوە مەزنـەکان...پێشـکەوتنی پیشەسـازیی پـاپۆرو ئـەو کۆڕانەگرنگانـەی بەسەرشـێوەوئامرازی بەرهەمهێنانـداهات، ئەمانـە، بـۆ بەرهـەمهێنان، بەکارخستنی زانستیانکردەپێویست...هەر لەوماوانەدا زانستی سروشتە ئەزمونیەکان دەرکەوت کەئەمەش پاڵپێوەنەرێکی گەوردی پەرەسەندنی رێبازە مەتریالیستەکانی فەلسەفەبوو.لەزانستی فەلەکدا پێشکەوتنی گەورە بەدەست هێنـرا، ئەوپێشکەوتنەش–بەشێوەیەکی سـەرەکی – پەیوەندی بەپێویستییەکانی ڕێگەوبانی دەریاو پێویستی چاککردنی سـالنامەو هـەبوو،ئـەوەش دەسـکەوتی زۆر گـەورەی لـێ بـە ئـەنجام هات،ئایدیۆلۆژی لاهـوتیی سـکولانیزمی،کەلە سـەر چـەقێتی زەوی لـە کەونـدا Geo centricsm دامەزرابوو،داتەپانـد.هـەرە گرنگترینـی ئـەو دوزینەوانەش تیوری چەقێتی خـۆر Helio centricism بـوو کـە زانـای

گەورەی پۆلۆنی "کوپەرنیکوس"(١٤٧٣-١٥٤٣)دایناو لەسەر بناغەی ئەمەش زانستی نوێی فەلەك بیناکرا...ئەم تیۆریەش لەسەر ئەم دوو پرنسیپە دامەزرا:١)زەوی‌لە چەقی گەوندا وەستاونییە...بەڵکو بەدوری تایبەتی خۆیدا ئەخولێتەوە٢.)زەوی بەدەوری ڕۆژدا، کە چەقی کەونە، ئەخولێتەوە.کەبەوانەش شەوو ڕۆژ لە دوایەك هاتن وبەڕواڵەت بزوتنەوەی ئاسمان و ئەستێرەکان و بزوتنەوەی بە ڕواڵەتی خۆرو ئەستێرەکانی لە کاتی نیشانگەرییدا ڕوون کردەوە،سەرەڕای ئەوەش هەروەك ئنگلس ئەڵێت "لەمەسەلە سروشتییەکاندا سنووری هەیبەتی کڵێسەی شکاند کە لێرەشەوە مێژووی ڕزگارکردنی زانستەکانی سروشت لە لاهوت دەست پێئەکات ١"ئەم تیورییەی"کوپەرنیك"کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی بیری فەلسەفی وقوڵکردنی مەتریالیزمی دیالیکتیکی...بڕوای بە توانای ئەقڵی مرۆڤ بە هێزو قوڵ کردو ڕوناکبیری زانینی بەرین کرد تا گەیشتە زانست و فەلسەفەش...کەبوونە هۆی دەرکەوتنی چەندین بیری مەتریالیستانەی شۆڕشگێر...بەڵام هەرچەندە زانیاریەکی زۆری دربارەی فەلەك هەبوو...دیسان هاوبەشیی ئەو دیدەی کرد کەدانی بە سنوردارێتی کەوندا ئەنا،جگە لەوەش،هەرچەندە بەپێی تیورییەکەی کوپەرنیك زەوی بە چەقی کەوندا نەما،سەر لەنوێ بە هەڵە چەقێکی تری بۆ کەون دانا کە ڕۆژە...لە لایەکی تر هەمان بیروراکانی ئەرستو

درەبارەی ڕێرەوی بازنەی ئیدیالیستانەی جوڵانەوەی ئەستێرەکان بەدەوری ڕۆژدا– ی پارێزگاری کرد.

بەڵام"گوردانۆ بۆنۆ"١٥٤٨–١٦٠٠هات و بەرەنگاری ئەو هەڵانە بوو.ئەم فەیلەسوفە قەشەی ناو برایانی دۆمەنیکان بوو،بەڵام بە هۆی تێندێنسی مرۆڤ پەروەری و فەلسەفەی سروشتیی ئیتالیاو تیۆری کۆپەرنیک لە کلێسە جیابوەوە قەشەیەتی بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوەی ئیتالیا...بەگشتی فەلسەفەکەی"برۆنۆ"ناوەڕۆک مەتریالیست و شێوەی پانتیزم بوو،یەزدان لای ئەم بەیەکجاری لەناو سروشتدایە کە هەر وەکو خۆی ئەڵێت"یەزدان لە شتەکاندا"یە.بڕوای بە بێ سنووریی سروشت و بێ سنووریی شوێن و بێ سنووریی ژمارەی گێتییەکانی کەون هەبووە...ئەم ڕایانەی پەرەپێداو کردی بە بناغەی باوەڕە مەتریالیستەکەی کە دژ بە غەیبی بوو...لەسەر ئەو ڕێگەیە ئەم فەیلەسوفە تیورییەکەی کۆپەرنیکی لە خڵتەی کۆسمۆلۆگیا ڕزگار کرد...چەقێتی خۆری ڕوون کردەوە و ئەیووت ڕۆژ تەنها چەقی ئەم سستێمی ڕۆژەی ئێمەیە کە تەنها سستێم نییە.. ڕۆژ، هەروەکو ئەستێرەکان هەموویان،ئەستێرەی ئاسایی ناو ژمارەی بێ شوماری بێ سنووری ئەم کەونە بێ کۆتاییەن.

لە تیورییەکەیدا دەربارەی گێتی،ئەم فەیلەسوفە بیرێکی گرنگی تری خستەڕوو،ئەوەش سەلماندنی لە یەکچوونی فیزیکی هەموو گێتییەکانە...

لەتیوری زانین و دیالیکتیکدا "برونۆ" لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ بەشێکی سروشتەو لێی جیانابێتەوە،سەبارەت بەوەی کە جیهانێکی بچوکە و ئاوێنەی جیهانە گەورەکەیە ...بەو هاوبەشیی فەیلەسوفە سروشتییەکانی ئەو سەردەمەی کرد...ئەیووت ناتوانرێت پشت بەدەرەکە هەستییەکان ببەسترێت چونکە هەندێ جار هەلمانئەخەڵەتێنن...وەکو دەرخستنی وەستاوی زەمین و ڕۆژ جوڵان...بۆیە لای ئەم ئەقڵ خاوەنی بڕیارە...بەڵام دیدی ئەم فەیلەسوفە بۆ بێ کوتایی جیهان،بەرەو دیالیکتیکی جووتکردنی دژەکانی برد لە بێ سنوریی لە گەورەییدا و بێ سنوریی لە بچوکیدا.

شان بە شانی دانراوەکانی فەیلەسوفە سروشتیەکان...بیری فەلسەفی لەم سەردەمەدا لە سەر دەستی زانا مەزنە سروشتیەکان پەرەی سەند...لەوانە: "لیۆناردۆ دافنشی" و "گالیلۆ" و گەلێکی تر...بەڵام جیاوازی ئەم زاناو بیرکارانە لەگەڵ فەیلەسوفە سروشتییەکان ئەمانە بوو:

١ـ زیاتر خۆیان بەریالیستەوە،بە پێویستییە پراکتیکییەکانی بەرهەمهێنانی سەردەمەوە بەستبووەوە...

٢ـ هەوڵی ئەوەیان ئەدا ڕێبازو مەزەبی گشتیی بهێننەکایەوە کە سروشتیش بگرێتەوە، کە بەو پێیە ئەبێ ئەو ساش هەندێ ڕەگەزی خەیالیشیان تیابێ.

٣ـ بـيری میتودۆلـۆگی بـەنرخیان دارشـت و بیروبـاوەری نـوێی هاسانکردنی تێگەیشتنی سروشتیان داناو سەرەتای پلەیەکی نوێیان بۆ پەرەسەندنی مەتریالیزم دارشت.

لـە سـەردەمی ڕێنسانسـدرا هونـەر گەیشـتەپلەیەکی بەرز،هونـەری وێنەکێشـی وبینـاو پەیکەرتاشـی پـەرەیان سـەندوپەیوەندییەکی تونـدوتۆڵیان لەگـەڵ:ماتماتیـك و میکانیـك و توێکـاریی و پزیشـکی و سەرەتایی کیمیـاوە هـەبوو...ئـنگلس ئـەڵێت:"زاناکانی ئـەو سـەردەمە لەرووی گشتی و زانستەوە پیاوانی زۆر مەزنی ئەو سەردەمەبوون[١].

لیۆناردۆ دافنشی ١٤٥٢-١٥١٩:

لوتکەیـەکی نـاو لوتکـە بـەرزەکانی هونـەری جیهـانی وزانایـاکی ئینسـکلۆپیدی هەڵکـەوتوو هونەرمەنـدێکی گـەورەو ڕابـەری زانسـتە سروشتییەکانی سەردەم و یەکەم ئیۆیۆلۆگ بوو کە بەرنامەی ئەزمونی-ماتماتیکی لەلێکولینـەوەی سروشـتدا بـەکار هێنـا.زانایـەکی بـەرزی نـاو زاناکـانی بیرجـوانیی سـەردەمی خـۆی بـوو دژی ئەسـتێرەگەری و جادوبـازی بـووە ...یەکخسـتنی ئـەزموونی پراکتیکـی و لێکدانـەوەی زانسـتیانەی سـەلماند وەك ڕێگـەی سـەرەکی دۆزینـەوەی ڕاسـتییە نوێییەکان...ئەیوت ماتماتیك لە هـەموو زانستێکی تـر یـەقینی تـرەوە پێویستترە بۆ تێگەیشتنی تاقیکردنەوەو گشتی کردنی.

"لیۆنـاردۆ" هاوبەشـییەکی گەورەشـی کـرد لەپەرەپێـدانی بـیری هونـەرو-جـوانیی لەسـەردەمی ڕێنسانسـدا کەهونـەری ڕیـالیزمی لـە

ڕادەریەدەر تیا گەشایەوە..." شێوەی خواوەند"و"مۆنا لیزا" و هونەرە جوانەکانی تر کارێکی گەورەیان کردە سەربزوتنەوەی هونەر لە نـاوەوە و لە دەرەوەی ئیتالیادا...هـەروەها لیۆنـاردو وەك تیوریسـتێکی مـەزنی هونـەر دەرکـەوت، بـڕوای بـەوە بـوو کـە هونـەر و کـو زانسـت ئامـانجی تێگەیشـتنی جیهـانی ڕیالیسـتەو هـەر یەکەشـیان تایبەتـە بەلایـەنێکی دیاری جیهان...زانست ئەچێتە ناو قوڵایی شتەوە کەسروشت دروستی کردووەو لەیاسا چەندایەتییەکانیش ئەکۆڵێتەوە،بـەڵام هونـەر بایـەخ بـە خەسڵەتە چۆنایەتییەکانی ئەو شتانە ئەدات بەو جۆرە جوانیی سروشت ئاشکرا ئەبێت کە "مرۆڤ پەروەرەکانی"سـەردەمی ڕێنیسانسـی کـرد بـە پێچەوانەی سۆفییەکانی سەدەکانی ناونجی ...چونکە لـەزەت وەرگـرتن لەجوانیی سروشتیان کردە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ژیانی مـرۆڤ هەر وەك زاناو هونەرمەند تایبەتمەنـدی و جـوانیی گیـان و لەشـی مـرۆڤ وەرئـەگرێ...لـەتابلۆ و کـرداری هونەرییـە بەرزەکانیـدا وەك زانایـەکی توێژەری بلیمەتەو لە پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی لەشـی مـرۆڤ هونـەر مەندێکی تیپی یەکـەم و سـایکۆلۆژیکی نایـاب و وێنـە کێشـێکی خـاوەن بەهرە بووە لەدەرخستنی جوانیی دەروونی مرۆڤدا...

گالیلۆ گالیلی ١٥٦٤-١٦٤٣:

ئەم زانا ئیتالییـە مەزنـە پێشـەنگی بەرنامـەی ئـەزمونیی ماتمـاتیکی بوو،لە لێکۆڵینەوەی سورشتدا...لەکاتێکدا کە لیۆناردۆ دافینشـی تـەنها

هێڵــە گشــتییە تەقریبییــەکانی ئــەم بەرنامەییــەی بــۆ بــەجێ هێشــتین،"گـالیلۆ"باسـێکی دوورودرێـژی خسـتە بـەردەممان پرنسـیپە سەرەکییەکانی تێگەیشتەی میکانیکی جیهانی داڕشت.

لە شاری بیزا،نزیك فلۆرەنسا لـە دایـك بـووە... بوو بـە مامۆسـتای ماتماتیك...چالاکییەکانی زانسـتی فراوانـی نواند بەتایبـەتی لـە بـواری میکانیــك و فەلەکــدا.بەتەلەســکۆپەکەی نۆڵ و چــیاکانی مــانگی بینــی،کۆمەڵەئەســتێرە بــێ شــومارەکانی بینــی کەرێگــەی کاکێشــان پێکدەهێنن.هــەروەها چـوار مانگەکـەی موشـتەری و گـەلێ شـتی تـری بینی.بەهۆی ئەمانەوە بوو کەناویانگی دەرکردو ناویـان نـا"کۆلۆمپسـی ئاسمان".ئەو دۆزینەوانەش ڕاستی تیۆرییەکـەی کۆپـەرنیکی سـەلماندو گـەلێ بـۆ چـوونی "برۆنـۆ"ی چەسـپاند،بەتایبـەتی دۆزینـەوەی جـۆری پێکهاتنی ئەستێرەیی ڕێگەی کاکێشان سـەلمانێکی ناڕاسـتەوخۆی بـێ سنووریی گێتییـەکانی نـاو گەردوونـە.بـە ئەزموونـە زانستییەکانی نیـدی نادروسـتی هەڵتەکانـد و زانسـتێکی نـوێ لـە زانسـتەکانی میکانیـك- دینامیکــ، یــان زانســتی بزوتنــەوەی تەنــەکانی دانــاوە.بــەهۆی کوڵینەوەکانی،گەیشــتە گــەلێ یاســای بنچــینەیی لەزانســتی میکانیکــدا...دوای ئــەوەی گــالیلۆ یاســاکانی میکــانیکی دۆزییـەوە"کپلـەر"یاسـای جوڵانـەوەی ئەسـتێرەکانی دۆزینـەوە و ئـەو یاسـایانە لـە شـێوەی وردی ماتماتیکانـەدا داڕێـژران...ئیـتر تـوانرا ئـەو تێگەیشتنانە لە سەر زەمینەیەکی پتەوی فیزیکی دابمـەزرێنرێن...ئـەوە

بوو بۆ یەکەم جار تێگەیشتەی یاسای سروشت ناوەڕۆکێکی زانستیانە وردو سنورداری وەرگرت...

"**گـالیلو**"یاسـا میکانیکییـەکانی بـۆ سـەلماندنی تیۆرییەکـەی کۆپەرنیکۆس–ی بەکارهێنا،دانراوەکەشی"مشتومڕێك دەربارەی هەردوو سستێمە بنچینەییەکەی جیهان–بەتلیمۆسی و کۆپەرنیکی"(١٦٣٢)بوو بەهۆی ئەوی کڵێسە ئەوە بەدەرچوون لە"پەرتوکی پیروز"تاوانباری بکات و بیدات بە"دادگای پشکنین"و لە ١٣شوباتی ١٦٣٢دا لە بەردەم "دادگـا پشـکنین"دا ناچـار بـوو بەروکـەش پاکانـە لـە"واهیمـەو سەرلێتێکچونەکانی"بکات.راستە کڵێسە توانی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی گالیلۆ قەدەغە بکـات...بـەڵام ئیتر لـە توانایدا نـەبوو کـە بیروڕاکـانی کۆپـەرنیك و برۆنـۆو گـالیلۆ لەبڵاوبوونـەوەو سـەرکەوتن پـەك بخات...گالیلۆ ئەیووت بابەتی زانست– سروشت و مرۆڤە،بەڵام بابەتی ئاین ژیانی ڕەوشتە.وەلەبەر پرشنگی ئیدیەی بێ کوتایی کەون ئەم ئیدیەۆلۆگە مەزنە ئیدیەی زانینی قولی:

دەر کێنکردنی حەقیقەت پروسەیەکی بێ کۆیتاییە –ی خستەڕوو. ئەم ڕوانگەدژیەسکولانیزمە ئاراستەی دانانی بەرنامەیەکی نوێی زانینـی کـرد.لـەرێرەوی دامەزرانـدنی میتۆدۆلۆگیـدا گـالیلۆ ئاشـکرای کـرد کەتاقیکردنەوەتـەنیا ڕێگـەی گەیشتنەبەڕاسـتی... پرنسـیپەکانی لێکۆڵینـەوەی زانسـتانە سروشـتی فورمەلـە کـردو ڕۆڵی برینەرەوەیئەزمونی سـەلماند.دەریخسـت کەلەکۆلینەوەیسروشـتدا

ئەبێت بەرنامەیەکی دوانە بەکاربهێنرێ: شیکاری Analytical ئاوێتەیی .syntheticall

بەلام میتۆدۆلۆگیای زانستی کە گالیلۆدایندا سروشتی شیکاریی یەك لایەنەی هەبوو،ئەم سروشتەش لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی بەرهەمی مەنیفاکتورەو دابەشکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆچەندپرۆسەیەك ئەگونجا...هەروەها دەرکەوتنی ئەم میتۆدۆلۆگە بەسترابووەوە بەجۆرێ زانیارییە زانستییەکە خۆیەوە.

دیدی ئەم زانایە بۆ مەتریال ئەوە بوو کەلەژمارەیەکی بێ سنور لەتـــەنی وردیلـــە پەیـــدا بـــووەو هەریەکـــەیان فـــورمێکی دیاریکراووژمارەوجێگەیەکی سنوردار لەبۆشاییدا داگیرئەکات، ئەجولێ و جێگیرئەبێت بەلام ڕەنگ وتام و بونی نییە...لەدیدی میکانیکی گالیلۆدا بۆ گێتی سروشت ئەمرێ.

سروشتی میکانیکی ڕاکانی ئەم فەیلەسوفەوپێنە گەیشتوویی ئایدۆلۆژی چینی بورژوا کەگالیلۆ ئەینواند... ئەیهێشت بەتەواوی لەدیدی لاهوتیی دەربارەی یەزدان قورتاری ببێ... سەبارەت بەمیتافیز یکییە کەشی نەیتوانی ئەوهەنگاوە بنێ... تێندێنسی ئیدیالیستانەی گالیلۆلە ڕوانینی بۆ ئەسڵی ڕۆژ ئاشکرا ئەبێت...

دیسان گالیلۆ لەپێشەوەی ئیدیۆلۆگەکانی سەردەمی نوێوە بووەکە دیدی دایزمی deism بۆ سروشت دارشت.بەو جۆرە گالیلۆ ئیدیۆلۆگی پێشەنگی سەردەمی نوێ بوو...ژیانیزانستی و فەلسەفی ئەم زانایە

سەرەتای پلەیەکی نوێی بوو بۆ پەرەسەندنی بیری فەلسەفی لەئەورووپادا... مەتریالیزمی میکانیکی ومیتافیزیکی هەردوو چەرخی حەڤدەو هەژدە...

بەشی چوارەم

- پەرەسەندنی فەلسەفەو لەسەردەمی شۆرشە بورژوازییە کاندا کوتایی سەدەی ١٦–کوتایی سەدەیی ١٨–
- زاناو ئیدیۆلۆگەکانی فەلسەفەوی بورژاوی: لۆك دیکارت –هوبس– سپینۆزا–
- فەلسەفە لەئینگلیستاندا کوتایی سەدەی ١٧–١٨.
- فەلسەفەی ئەڵمانی لەسەدەی حەفدەهەمدا...
- ڕوناکبیریی فەرەنساوی لەڤوڵتێرو–کوندیاك–ڕۆسۆ.
- مەتریالیستەفەرەنساویەکان لەسەدەی هەژدەمدا:دیدرولامتری– هولباخ–
- دانانی ئینسکلۆپیدیا.

پەرەسەندنی فەلسەفە لە سەردەمی شۆڕشە بورژوازییەکاندا

کۆتایی سەدەی ١٦-کۆتایی سەدەی ١٨-

لەناو هەناوی سستێمی دەرەبەگایەتی گەندەڵبودا، بەدرێژایی هەردوو سەدەی شانزدەو حەڤدە،لە پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا،شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە هێواشی نەشونمای ئەکرد تابورژوا بو بەچینێکی سەربەخۆو سەرکردەی خەباتی جەماوەری فراوان لە دژی دەسەڵاتی دەرەبەگێتی.ژمارەیەکیش لەمیرو پاشا دەرەبەگەکان،ناوچەکانیان لەگەل ئەو دۆخە و ئەو پەیوەندییە بورژوا نوێیانەدا ساز کردو لە ئینگلستاندا کەوتنە تەلبەند کردنی ناوچەکان و گۆڕیانن بە لەوەڕگا...بەو جۆرە تاقمێك لە نوبەلا نویێ هاتە سەر شانۆ کە لە گوزەران و بەرژەوەندیدا لە بورژوازی باڵاکردوو نزیك بوو...بەوەش زەمینەی لەباری سازش لە نێوان چینی نوبەلاو چینی بورژوازیدا رەخسا،ئەوش لە دامەزراندنی سستێمی مۆنارشیدا (پاشایەتی)دەرئەکەوت...مارکس ئەلێت:مۆنارشی لە سەدەکانی گواستنەوەدا پەیدا بوو،لەو کاتەنادا بوو کە بەشە کۆمەڵایەتییەکانی سستێمی کۆمەلگەی دەرەبەگایەتی لەیەك ئەترازان و بەرەو نەمان ئەچوون،چینی بورژوازی نوێش لە ریزی دانیشتوانی شارەکانا

نەشـــونمای ئەکرد،بـــەڵام جـــاریَ هـــیچ کـــام لـــەم دوو هێـــزە لژ بەیەکە،سەرکەوتنی بە سەر ئەوی تردا بەدەست ئەهێنا بوو١.

تەلبەندو شورەکردن مانای زەوتکردنی موڵکی بەرهەمهێنە گچکەکان بوو بە زۆری هێز.ئینجا دەرکەوتنی چینی کارگەرو بە کریَگرتنی ،بووە شێوەی ئاسایی گردبوونەوەی سەرەتای سەرمایە لە ئینگلستان. هەمان دیاردەش لـەولاتانی تـری ئـەورووپا ڕوی دا، بـەڵام بەشـێوەیەکی کـەمتر ئاشـکرا.لەسـەر ئـەم زەمینەیــە ململانێــی چــینایەتی لــە نێــوان بەشـــەکانی...خـــوارەوەی کۆمـــەڵ وچـــینی دەرەبـــەگی خـــاوەن دەسەلاتدا...توندو تیژ دەبوو،کە ئەمەش هاوبەشیکردن بوو لە داتەپانی پەیوەندییـــە دەرەبەگایەتییەکان،داڕێـــەردووی پێویستیشـــی بـــۆ شۆڕشەکانی چینی بۆرژوا ڕەخساند.بەتایبەتی لە هۆڵەندەو ئینگلستان و فەرەنسا.. جەنگی جوتیاران لە ئەلەمانیاو ئەو ڕاپەڕینەی کە"ڕۆبەرت کێت"لەئینگلستان سەرکردایەتی کردو ڕاپەڕینی "پێخاوسەکان" لە فەرەنساو گەلیَ ڕاپەڕینی تری چەوساوەکانی ئەو سەردەمانە سەرەتای شۆڕشە بورژوازییەکانی ئەورووپای خۆرئاوا بوو.

گەنیو بوونی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان بـووە هـۆی گـۆڕانێکی ، گەورەلـەو ڕۆڵـەی کـە ئـایین لـە کەمەڵدا وازی ئـەکرد...پایەگـەکانی دیکتاتورییـەتی گیـانی کـە بەدرێـژایی هـەموو سـەدەکانی نـاوەنجی بەدەستی کڵێسەوە بو،شلۆق بوو.لەگەل ئەوەشدا ئایین جێگەیەکی وای لە دڵی خەڵکیدا گرتبوو کە چاوپۆشی لیَ نە ئەکرا...لە بەرئـەوە شـتێکی

سەیر نەبوو کە شۆڕشە بورژوازییەکانی سەرەتا لە ژێر ئاڵای تێندێنسی ریفورمی ئایینی پروستانتیدا بەرپا ببن... بەڵام وەستانی راستەوخۆی بورژوا لە دژی ئایین لە سەدەی هەژدەیەمدا، لەو کاتەدا بوو کە فەرەنسا رێبازی رامیاری تایبەتی خۆی ئاشکرا کرد...خۆ ئەگەر ئایین،بۆ تێکری خەلك،لە کۆمەلگەی سەرمایەداریدا وەك سەرچاوەی راهیمەی سیاسی و رەوشتیی مابووبێتەوە–وا لە مەیدانی زانست و فەلسەفەدا بە یەکجار دەسەلاتکەی لەناو چوو...فەلسەفەی مەتریالیزم و رێبازی ئیمپریالیستی عەفەوی کە فەلسەفەی ئایدیۆلۆژیی بورژوا پێشەنگەکان بوو...لە سەرەتادا ئەو دوو شێوەیەی مەتریالیزم لەتەك یەکدا یەك رێرەویان هەبووە، دیسان روانگە لە بەرامبەر کاری زانست و فەلسەفەدا گۆڕا ،دروشمی مەیریالیستەکان بە فەیلەسوف و زاناکانیشەوە،لە" زانست لە پێناوی زانست" دا نەما بەلکو بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی مرۆڤ بە سەر سروشتدا بوو...بۆ بەرزکردنەوەی توانستەکانی بوو...بۆ ئەوەبوو کەزیاتر تەندروست و جوان بێ..ئەم تێگەیشتنە نوێیە ئامانجی زانین و ئەرکانی بۆ فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ:"بیکون"لە ئینگلستان و"دیکارت"لەفەرەنساو"سپینۆزا"لەهۆلەندا،سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی نێوان فەلسەفەکانیشیان،بو بەرێکخەرێکی هاوبەشی نۆ ٔنیان.

ئیتر زانستی نویّ به شیّوەیەکی بنچینەیی پشتی به واقیعی بەرهەمی مەتریالی ئەبەست،دۆزینەوەی گەلیّ ئامرازو ماشیّن و بەکارهیّنانیان"بوونە کۆلەکەی ئەزمونە بنچینەییەکان و هاندەریّکی گەورە بۆ دانانی زانستی میکانیکی هاوچەرخ"۱هەروەك مارکس دیاردەی بۆ د."تۆرشیللی"قوتابییەکەی گالیلۆ بە تاقیکردنەوە زانستی پالەپەستۆی هەوای سەلماندو گەرما پیّوەری جیوەیی داهیّنا.

زانای بلیمەتی ئینگلیزیش"ئیسحاق نیوتن"یاسا بنچینەییەکانی میکانیکی کلاسیکی دارشت به یاسای(رافرِین) یشەوە Gravition."بۆیل"یش یاسا میکانیکییەکان لە کیمیادا بە کارهیّنا و تیّگەیشتی ڕەگەزی کیمیاوی دیارد کرد.لە سالی ۱٦٠٠دا کتیّبەکەی زانا فیزیکی ئینگلیزی" جیلبریّت" لە"موگناتیزدا"بلاو بووبووەوە ،گەلیّ باسی تایبەتی فیزیکی و بیری بەنرخی دەربارەی ڕۆلی ئەزموون وپیّوانەی چەندایەتی لە هەموو زانستە سروشتیەکانا تیا بوو.

"هارڤی"خولی هاتوچۆی خویّنی دەرك پیّکردو بەپراکتیك ڕۆلی لە لەشدا دەرخست..."دیکارت"و"لیبنتز" ڕۆلیّکی گرنگیان لە پەرەپیّسەندنی زانستەکانی ماتماتیك و فیزیك و زیندەوەرزانیدا بینی...ئیتر ئەزموون بو بە شیّوەی سەرەکی لیّکۆلینەوەی زانستییە پراکتیکییەکان،کە ئەمەش یارمەتی دەرکەوتنی شیّوەیەکی نویّ لە شیّوەکانی فەلسەفەی مەتریالیزم –مەتریالیزمی میتافیزیکی سەدەی حەڤدەو هەژدەهەم بوو،ئەم ئەزمونیەش توانستی سەلماندنی تیۆری لە

سەر دروستیی پرنسیپی "هۆیی"رەخساند،ئەوەش شوێنەوارێکی دەرکەوتووی فەلسەفەی مەتریالیزمە لەوسەدەیەدا.

زانا ئیدیۆلۆگەکانی فەلسەفەی بورژوا:

"**بیکۆن**"-دامەزرێنەری زانستی ئەزمونی و پێشەنگی فەلسەفی مەتریالیزمی نوێ بوو.فەرەنسیس بیکۆن ١٥٦١-١٦٢٦...لەلەندەن هاتۆتە دنیاوە...یەکەم فەیلەسوف بوو کە ئەرکی پێکهێنانی بەرنامەیەکی زانستانەی نوێی لە بەرچاو گرت..."ئۆراگونونی‌نۆی"-١٦٢٠-دانراوی سەرەکی بوو. "ئەتلەنتسی"نوێش دانراوێکی گرنگی تری بوودەربارەی سیاسەت .

بیکۆن هەمان رێبازی ئیدیۆلۆگە پێشرەوەکانی سەردەمی خۆی گرت،لە تێگەیشتنی ئەرکی زانست کەدەست بەسەرا گرتنی سروشتە لەلایەن مرۆڤەوە.لای وا بوو زانین شۆرشێکی مەزنە بەلام نابێتە شۆرشێکی دەست پێکردو ئەگەر یەقینیی نەبێت ئەمەش لەسەر زانینی هۆیە راستەقینە ماتدراوەکانی پشت دیاردەکانی سروشت دەوەستێ...بەم جۆرە زانینی مرۆڤ ئەتوانێ دەست بەسەر سروشتدا بگرێ و بەو لایەدا بیبات کەلەگەڵ خۆیدا دەگونجێت...بیکۆن لەو تێگەیشتنە نوێیەی زانست و لە رەخنە گرتن لە ئایدیۆلۆژی سکولانیزمی پێشووەوە دەست پێ ئەکات ،هەروەها لە گومان کردن لە هەموو ئەو شتانەی وانەزانرا یەقینێکی هەقە،بەلام خودی ئەم گومانە لای بیکون ئامانج نەبووە بەڵکو ئامرازێك بووە بۆ پەیبردن بەناسوێ رێگەی بەرەو

ڕاستی،بڕوای تەواوو بێ سنوری بە توانستی گەیشتن بە زانین هەبووە.بیکۆن لای وابوو کە پەیدا بوونی هەڵە لە پرۆسەی زانین دا لە ئەنجامی هەڵەی پەنا بردنە بەر دیدی ئەقلییە لەکاتی سەرەنجام هەڵێنجان و سەلماندنا.بیکۆن بە پێچەوانەی فەلسەفەکانی پێش خۆی ، لەبری بایەخدان بەو حاڵەتە و ڕوداوانەی یارمەتیدەرن بۆ سەلماندنی مەبەستێك یان پرنسیپێك کە ئەویسترا گشتی بکرێ...ئەم ،ئەو ڕووداوو فاکتۆرانەی وەرئەگرت کە ئەو گشتیکردنە بەدرۆ ئەخەنەوەو پێچەوانەی بن.. ئەمەش ناونا"نمونەی نێگەتیڤ"لای وابوو کەلاخستنی ئەو نمونە نێگەتیڤانە هۆی سەرەکی هەموو واهیمە و بە هەڵە چوون و لادانێکی بووە...مەرجی دووەمی چاککردنی زانست پاکژکردنی مێشکە لە واهیمەو پێویستی خۆرزگارکردنە لە هەموو جورەکانی،ئەمەش هەر بەبەرنامەیەکی نوێی لێکولینەوە ئەکرێ...لەئەمەشدا ئاوڕلەمێژو ئەداتەوە و دوو جۆر بەرنامەی لە یەك جیا دیاری ئەکات..دۆگماتیك Dogmaticوە ئەزمونی Empiric...ئەو زانایەی پەیڕەوی یەکەم بەرنامە ئەکات بەکۆڵینەوە لەپرنسیپە گشتییەکان دەست پێ ئەکات ئینجا هەوڵ ئەدات هەموو حاڵەتە بەشۆلکەو تایبەتییەکان هەڵبهێنجێ...هەر وەکو جاڵجاڵۆکە چۆن داوەکانی خۆی لەخۆدی خۆیەوە ئەچنێ.بەڵام زانای ئەزمونیی هەوڵ ئەدات زۆرترین ژمارەی واقیعەکان کۆ بکاتەوە...هەروەك چۆن مێرولە چی بتوانێ چو هەرچییەکی پێ بگات بو لانەکەی کێش ئەکات ...بەڵام بەرنامەی

دروست لە سەر چارەسەری تیۆری مەتریالیزم دائەمەزرێ،کە لە ئەزمونەوە وەرئەگیرێ...لەمەدا بیکۆن هەنگ بەنمونەی هاوچەشن ئەهێنێتەوە کە چۆن شیلەی گوڵ ئەمژێ بەڵام وەك خۆی نایهێڵێتەوە،بەڵکو ئەیگۆڕێ بۆ هەنگوین ...بۆیە لای وابوو کە هەر ئەزموونە زانست بەرەو پێشەوە ئەبات و ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بەرنامەیەکی دروست بۆ کۆڵینەوە هەبایە وا دۆزینەوەو داهێنانە زانستییەکان بەرێکەوت نەئەبوون و زۆر زیاتر و گرنگتریش ئەبوون.دیسان لای وابوو کەکۆلینەوەی لەوێنەی "شێوە—Forms— کەپابەندە بەناوەوەی مەتریال،ئەرکی گرنگی ئیستیقرا—Induction— ی راستەقینەیە.وێنە جەوهەرێکی مەتریالی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی شت،بونمونە ،دیاردەی گەرما،شێوەیەکی دیاریکراوی جوڵەیە،بەڵام وێنەی هەر سیفەتێك لە سیفەتەکانی تر دابڕاو نییە...بۆیە بۆ پەیداکردنی وێنەی سیفەتێ،ئەبێ هەموو ئەو سیفەتە سانەوییانەی بەرواڵەت بەو تایبەتە لێکۆلراوەوە بەستراونەتەو،لە بازنەی بایەخپێدانمان بکەینە دەرەوە...بەڵام ئەم لە ئاسا بەدەرکردنە ناتوانێ ڕیالیستی بێ،چونکە هەموو ڕوخسارو ئەدگارەکان لەناو یەکدان و لەهەمان شتەوە ئاڵاون،ئەوە لە ئاسا بەدەرکردنێکی زەینی لوجیکییە،پروسەیەکی جەرد کردنە.مەتریال لای بیکون هەموو چونایەتییە هەستیارییەکانی گرتوتە خۆی، بە دەولەمەندی جۆراو جۆرە بێ سنورییەکانیشیانەوە...مارکس ئەڵێت:"مەتریالیزم لای بیکۆن

سەرەتای پزەو تێگەیشتنێکی سەرەتایی پرۆسەندنی گشتی تیایە.لە سەر دەستی ئەمدا مەتریال بە هەستیاری شاعێرانەیەوە بۆ مرۆڤ پێ ئەکەنێ...

شان بەشانی ئەوانە سستێمێکی نوێی بۆ جۆرکردن و ڕێکخستنی زانستەکان دانا کە لەسەر بناغەی توانستی زانینی مرۆڤ ئینجا سێ دانراوە،توانستی مرۆڤ دەستنیشان ئەکات: زاکیرە ...بابەتەکەشی مێــــژوە بـــە هـــەردوو بەشـــەکەیەوە:سروشـــتی و مەدەنی،مێشکۆلە:بابەتەکەشی شیعرە،·تێگەیشتن یان بیر کە فەلسەفەو ماتماتیک و زانستە سروشتیەکانی لە سەر بەندە.کاری ڕاستەوخۆی زانینیش کۆڵینەوەیە لە هۆی شتەکان.

لە ئەتلەنتسی نوێدا:بیکۆن داوای گۆڕینی بنکەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵ ئەکات،بە هۆی زانست و تەکنیکەوە،لێرەدا ڕۆڵی دەرکەوتووی زانست لە پەرەپێسەندنی خێرایی ڕادەی بەرهەمدا:دووپات ئەکاتەوە.

بیکۆن تا سەر فەیلەسوفێکی مەتریالیستی گونجاونەبوو...ملکەچ کردنیشی بۆ بیری ئیدیالیستی لەوەدا دەرئەکەوێت،ئەگەر بەروکەشیش بێت،کەبوونی زانستێکی تایبەت بە یەزدانی (زانستی لاهوت Theology)سەلماند،دانی نا بەبوونی دوو دیاردە بۆ ڕاستی:یەکێکیان زانستیەو ئەوەکەی تریشیان ئاینییە،دیسان نەیویست هیچ جۆرە ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ لە باوەڕە ئاینیە غەیبییەکان بگرێ.

دیكارت:فەرەنساش، ئەگەر لەگەڵ ئینگلستاندا بەراورد بكرایە،وا لە پەرەسەندنی دەرەبەگێتیدا دواكەوتوو بوو...بەلام هەر لەنیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەیەمەوە سەرمایەداری تیا پەرەی سەند...پێشەكییەكانی ئەو پەرەسەندنەش لە سەدەی شانزدەدا بوو نەهێشتنی پارچە پارچەیی وڵات و بەدروست كردنی چەند دەوڵەتۆكەیەكی دەرەبەگی جیاجیاو بە پەرەسەندنی پیشەسازی وپیشەگەری و ڕێگەو بان و بە سەركەوتنەكانی بازرگانی دەرەوە هاتە كایەوە–مۆنارشی–یش شێوەی سیاسی بوو كە لەگەڵ چینی نوبەلادا هەموو هەوڵ و تەقەلای هێزی دەرەبەگەكانیان پەك خست كە ئەیانویست پەرەسەندنی بورژوا بوەستێنن و لە جوڵەی بخەن.

بەلام لەگەڵ ئەمشدا دەرەبەگایەتی تا ئەو سەردەمانەش،پارێزگاری نفوزی ئابوری و ئایدیۆلۆژی خۆی كردبوو...بۆیە زانست و تەكنیك لە بارێكی زۆر خراپدا بوون،بەبەراورد لەگەڵ هۆلەندەو ئینگلستاندا...ئیتر زۆر نوبەلای لاو پسپۆر لەهونەری سەربازیدا چوون بۆ هۆڵەندا كەخاوەنی سوپایەكی پەرەسەندوو بوو لەرووی تەكنیكییەوە...ئا لەوبارەدۆخە ئابوری و بیرییەدا بوو"رینێە دیكارت" لەسالی١٥٩٦– هاتوتە دونیاوە لەسالی ١٦٥٠دا لەستۆكهۆڵم كۆچی كردووە.

دیكارت لەفەلسەفەكەیدا بە"دووانەیی"Dualism گیان ولەش،دەست پێ ئەكات.بوونی دوو جەوهەری لەیەك سەربەخۆیی ئەسەلماند:مەتریالی ونامەتریالی.هەروەكو ماركس ئەلێت:"بەتەواوی

فیزیکەکەی و میتافیزیک لەیەك جودا ئەکاتەوە. لەچوارچێوەی فیزیکدا،مەتریال جەوهەرو تاکە بوون و هوش پێك ئەهێنێ"٢٧

دیکارت بناغەی لەکۆسمۆلۆگی و کۆسمۆگۆنی و فیزیک وزیندەوەرزانیدا مەتریالیست بوو.بەرامبەر ئەوە دیکارت لە سایکولۆجی و تیۆری زانین و لە بۆچوون و ڕاکانیدا لە سەر بوون،ئیدیالیست بوو.ئەمیش وەکو"بیکۆن". لە گومان کردن لە یەقینی هەموو زانیارییەکانەوە دەست پێ ئەکات...کە ڕەخنەی لە زانین ئەگرت هەر بۆ ئەوە بووە کە بەزانینێکی زیاتر یەقینی بگات...ئیتر ئەم بارنەی گومانییە گەیاندییە:من بیر ئەکەمەوە:کەوابو من هەم...ئەم لای وابوو بوونی بیر زیاتر یەقینییە لە بوونی لەش،هەروەها زیاتر لەلەش و لە مەتریالیش ئەسڵی ترە،بەواتایەکی تر دیکارت ئەیەوێ ئیدیالیزمی کۆسۆلۆگی بەهێز بکات،نەك ئەنتۆلۆگی...هەر بەوەشەوە ناوەستێ کە ئەڵێ:ماهییەتی گیانیی،شان بە شانی مەتریال هەیە، بەڵکو ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە یەك هەبووی یەقینی هەیە...بەرزتر و پیرۆزترە لە هەردووکیان ئەویش یەزدانە.

رافیزیکییەکانی دیکارت بونە پاڵپێوەنەریکی گەورە بۆ مەتریالیزمی سەردەمی نوێ؛چونکە ڕووخستنی پرنسیپی پەرەسەندنێکی گێتی،یارمەتی بەدەست هێنانی گەلێ سەرکەوتنی دا،لە کۆسمۆلۆگیدا،پەرەسەندن،هەروەك پەرەسەندنێکی میکانیکی پوخت تێ ئەگەیشت...لەکۆسمۆگۆنیدا،بیری پەرەسەندنی سروشتی سستێمی

خۆر ئەخاتە ڕوو،کە بەندە بەخاسییەتەکانی مەتریال و جوڵەی ئەو وردیلانەی مەتریال پێك ئەهێنن...لەدانەرانی ئەندازیاری شیکاریی بوو...سستێمی ڕەمزی جەبری بەکارهێنا-کە ئێستا کە بەکەمێ دەسکاری سادەوە لە هەموو ماتماتیکی سەردەمدا بەکار ئەهێنرێ...لە میکانیکدا..نیسبییەتی جوڵەو وەستاویی دیارد بۆ کردو یاسای گشتیی کارو کاردانەوەی داڕشت،هەروەها،یاسای پارێزگارکردنی چەندایەتی جوڵەی سەرجەمیی،لەکاتی پێکدادانی دوو تەنی جیردا،داناو لەژێر کارتێکردنی بیرە فیزیکییەکانیدا فەلسەفەکەی لە سەر مەتریال یا،جەوهەری تەنی،دائەرێژێ. مارکس ئەڵێت:"دیکارت هێزێکی خۆیی داهێنەری فراوانی دا بە مەتریال"(٢٨).لەدواییدا دیکارت ڕا سروشتی و گەردوونییەکانی،بەتیورییەکەی دەربارەی مرۆڤ،کۆتایی پێ ئەهێنێ..مرۆڤ لای ئەم پەیوەندییەکی ڕیالیستییە لەتەن،بەو پێیەی گیانی تیانییە،گیان کە ئاقڵ و بیرکەرەوەیە،پێکهاتووە.ئەزموون پێشانمان ئەدات کە دەروون و تەن هاوکاران و یەك بوون پێك ئەهێنن و حاڵەتەکانی لەش بەندە بە گیانەوە،دیسان پێچەوانەکەشی ڕاستە.

دیکارت،هەروەك بیکۆن،لای وابوو کە ئەرکی سەرەکی زانین مسۆگەر کردنی بەختیاریی مرۆڤ و دەست بە سەرا گرتنی سروشت و بەکارهێنانی هێزەکانێتی بۆ بەرژەوەندی خۆی...بەڵام پێوانەی یەقین لای ئەم پراکتیك نییە بەڵکو هۆشی مرۆڤە...ئەقڵ نەك هەستەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پروسەی زانیندا وازی ئەکات و لای وابو کە ئەقلی چەکدار

بەبوو هێزە یەقینییە بە ناوبانگەکە:خەملاندن و هەڵهێنجان–ئەتوانێ لە هەموو بوارێکا بگاتە زانینی یەقینی بە مەرجێك لە سەر بەرنامەیەکی دروست بڕوات...ئەم بیرانەی دیکارت شوێنەوارێکی گەورەیان بۆ پەرەسەندنی فەلسەفەی دوای خۆی بە جێهێشت.

فەلسەفەی مەتریالیستی هۆبس:

تۆماس هۆبس ١٥٨٨–١٦٧٩فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیزو هاوسەردەمی شۆڕشی بورژوازی ئینگلیزی بوو...هەرچەندە شۆڕشەکە سەرنەکەوت بەڵام پایەگەکانی بورژوا بە هێز بوو...ئایدیۆلۆژییەکی نەێی دژ بە دەرەبەگایەتی دەستی کرد بە پەرەسەندن...هۆبس لەو سەردەمەدا ژیاوە کە خەباتی شۆڕشگێری لە ژێر ئاڵای تیندینسی پرۆتستانتیندا دەستی پێ کردو بەشە پێشەنگەکەی ئەرستوکرات ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی ڕۆشنبیریدا ئەبینی،چارەنووسی خۆشی بە بۆرژوای تازە پێگەیشتووەوە بەستەوە...لە ناو ململانێی دژ بە ئایدیۆلۆژی دەرەبەگێتیدا ئیدۆلۆگەکانی بورژوا کەوتنە خستنەڕووی بیرو ڕێبازیان لە سەر:مەسەلە ئاینیەکان و لێبوردنی ئایینی و یاساو هەق...هەوڵیان دا کە پەیدا بوونی کۆمەڵگەو دەولەت لە بە پرشنگی یاسای سروشتی مرۆڤایەتی و خەسلەتەکانی لێك بدەنەوە. ئەمانە لایان وابو کە سروشتی مرۆڤایەتی بەرهەمی جیهانی دەرەوەیە...تێگەیشتنیان بۆ دیاردە سروشتییەکان لە میکانیکی تێپەڕیکردو ژیانی کۆمەڵایەتیشی

گرتەوە...ئەو ڕێبازو تێندێنسانە بە ڕوونی لە فەلسەفەی هوبسدا ڕەنگیان ئەدایەوە.

بیروڕاکانی ئەم زانایە لە ژێر کارتێکردنی بیرەکانی کۆپەرنیك و کیپلەرو گالیلۆو هارڤیدا پێك هاتن...لە کاتی شۆڕشی بورژوازی ئینگلیزدا بەناچاری ئینگلستانی بەجێ هێشت،لە پاریس دانراوە سەرەکیەکانی نوسی..بایەخێکی تایبەتی دا بە تیوری کۆمەڵگەو دەوڵەت.مارکس لەبەر تیشکی ڕاکانی کلێسە...بۆیە ڕا کۆمەڵایەتییەکانی درێژەپێدانی ڕا مەتریالیستەکانی بووە لەدەربارەی سروشت و یاساکانی"[1].

دیسان مارکس ئەڵێت:"هۆبس ڕا مەتریالیستییەکانی بیکۆنی لە مەزەبێکی فەلسەفی تەواودا داڕشت.ئەیووت قەت ناتوانرێ بیرکردنەوە لەمەتریالی بیرکەرەوە جیا بکرێتەوە،لە ڕێبازە سروشتییەکەشیدا...لەناو مەتریال و جوڵەو،تەن و گۆران و،یاسا میکانیکییەکان و شێوەی گواستنەوەی جۆلان لە تەنێکەوەبۆ تەنێکی ترو ژیانی دەرونیی مرۆڤ و ئاژەڵ وەهەستدا ئەگاتە ئەم ئەنجامانە:

١ـ گیان و دەرون وەك جەوهەری جیاواز لە ئارادا نین...

٢ـ تەنەکان تاکە جەوهەرەکانن کە لەگێتیدا هەن.

٣ـ باوەڕکردن بەیەزدان تەنها ئەنجامی خەیاڵی مرۆڤە...

بەڵام مەزەبی زانین لای هوبس،سروشتەکەی هەر لەو پرنسیپە مەتریالیستە خوانەناسیانەوە داڕێژراوە...زانین لەناو بیر

ئیدیایەکانەوەدروست ئەبێت،هەستەکانیش تاکە سەرچاوەن بۆ بیرەکانمان...لێرەدا پرنسیپی...من بیرئەکەمەوە،کەوابوو من هەم،رەت ئەکاتەوە،دەربارەی بیرو سەرچاوەکەی،گەیشتە ئەم ئەنجامە...هەستەکانی دەرەوەمان هەر سەرچاوەی بیرەکانمان نین وبەس،بەڵکو بە گشتی هی زانینیشن...تەنە دەرەکییەکان کار ئەکەنە سەر هەموو گۆشەکانی هەست...بەوە بیرە سەرەتاییەکان لای مرۆڤ دروست ئەبن.لە راننەوەکانی ئەسیر بیری ڕوناکیی ئەخولقێنن...لەراننەوەکانی هەوا بیری دەنگ ئەخولقێنن.مەزەبەکەشی دەربارەی دەوڵەت و هەق،ناوبانگێکی زۆر فراوانی دەرکرد...دیاردەی ئاڵۆزی دەوڵەت ئەگێرێتەوە بۆ ڕەگەزە سادە پێك هێنەرەکانی..ئینجا ئەو ڕەگەزانە بە هۆی یاسا سروشتییەکانەوە لێکئەداتەوە...تا ئەگاتە:دەست نیشانکردنی دوو حاڵەتی کۆمەڵی مرۆڤایەتی:سروشتی،وە شارستانی...لەناو ژیانی کۆمەڵگەی سروشتیدا...خەڵك بەپێی یاساکانی مانەوە ڕەفتار ئەکەن...لێرەدا هەق مانای هێزە...بۆیە ئەوە حاڵەتی جەنگی هەموانە لەدژ هەموان... ئەمەش لە دژی تێندێسی پاراستنی مانە...بۆیە خەڵك داوای ئاشتی ئەکەن...بەڵام هەر یەکە واز لە بەشێك لە مافی خۆی ئەهێنێ،ئەم وازهێنانەش بە هۆی"پێکاتنەوە"ئەبێ.ئەمەش مانای وایە کە کۆمەڵگە لە حالەتی سروشتییەوە گۆررایەوە بۆ حاڵەتی شارستانیی...بۆ ئەوەی نەهێلرێ کردەوەی وا بکرێ کە ئاشتی تێك بدات، ئەبێت دەسەڵاتێکی

ناوەندیی هەبێت...تا خواستی خەڵك دەربخات...بەو جۆرە دەوڵەت پەیدا ئەبێت...نرخی مێژوویی ڕا كۆمەڵایەتییەكانی هۆبس لە ڕادەبەدەر مەزن بوون...سەبارەت بەوەی لەدژی بیدی ئایینی دەرەبەگی بوون بۆ دەوڵەت،چونكە ئەیووت پەیدابوونی دەوڵەن وەرامدانەوەیەكی سروشتیی پەرەسەندنی كۆمەڵ خۆی بووە، نەك ویستێكی یەزدانی بێ لە سەر ئەرز...هەروەها لای وابو كە دەوڵەت دەستگایەكی زۆرەملێیە،بەڵام سەرنجی بۆ ئەوە نەدا كە ئەو زۆرەملێیە دەست بە سەراگرتنی چینێكە لەلایەن چینێكی ترەوە...

ڕاكانی هۆبس لە بارودوخی سەدەی حەڤدەدا پێشكەوتوانە بوون...هەروەك ماركس دیاردی بۆ كردووە.هۆبس هەوڵی دا كە مەتریالیزمەكەی بیكۆن لە كەموكورتییە ئایینییەكان پاك بكاتەوە...فەلسەفەكەی هاوبەشییەك بوو لەرزگار كردنی ئەقڵی خەڵك لەیەخسیری واهیمە ئاینییەكان.سەرەتا پزەییەكانی تێگەیشتەی بیری مەتریالیستی دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی تیابوو.

فەلسەفەی مەتریالیستی سپینۆزا:

لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا هۆڵەندا،وەكو ئینگلستان، یەكێك بووە لە پێشكەوتووترین وڵاتانی كیشوەری ئەورووپا...هەر لەنیوەی دووەمی سەدەی شانزدەوە شۆڕشی بورژوازی تیا سەركەوت،گەل بە

خەباتی خوێناوی خۆی توانی زۆرداریی دەرەبەگێتی ئیسپانیا لەسەر شانی خۆی لاببات و یەکەم کۆماری بورژوازی لە ئەورووپادا دابمەزرێنێ.

پەرەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری،پالپێوەنەرێکی بە هێزی کۆلێنەوەی زانستی بوو،بەتایبەتی میکانیك و فیزیك و تەکنیکی سەربازی و مەدەنی و ماتماتیك وفەلەك و هونەری ریالیستی...ئەمانەش هاوبەشییەکی گەورەی پەرەپێسەندنی فەلسەفەیان کردو بەرەو پێشەوە تەکانیان پێدا...لەم بارودۆخەدا ئیدیۆلۆگی مەزن"باروخ سپیۆزا"١٦٣٢-١٦٧٧-ژیاوە...فەلسەفەکەی رێبازێکی سەرەکی مەتریالیزمی سەدەی حەڤدەیەم پێك ئەهێنێ...لە خێزانێکی جولەکە لە ئەمستردام لە دایك بووە:باوکی خواستی ئەوەبوو ببێت بەمالوم...بەلاّم سەبارەت بەوەی کە سپینۆزا ئاشنای بیری پێشکەوتوانەی زانست بوبو،بە تایبەتی فەلسەفەی دیکارت...بۆیە ئایینی"جوی"واز لێهێنا.لەبەر نەخۆشی و زوو مردنی،تەنیا دوو دانراوی تەواو کرد"پەیامی لاهوتی-سیاسی"١٦٧٠-و رەوشت-١٦٧٥-.

ئەم زانایەش هەر وەك دیکارت هەوڵی دا فەلسەفە لە سەر پایەگای پرنسیپی دڵنیایی تەواوەتی دابمەزرێنێت...لای وابوو کە فەلسەفە ئەبێت دەسەلاّتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا بە هێز بکات...لەناو بیری پێشکەوتوانەی پێش خۆیدا مەسەلەی ئازادی ئەخاتە روو...

لە مەزەبی سروشتیدا سپینۆزا را مەتریالیستە خوانەناسییەکانی لەسەر ئەو بناغەیە بینا ئەکات کە لەگێتیدا یەك مەتریال Substance

هەیە ئەویش سروشتەو لە بونیدا پێویستی بە بوونی هیچ شتێکی تر نییە،ئەم سروشتە...لە لایەك سروشتێکی خولقاوە،وە لەلایەکی تر سروشتێکی خولقێنەرە...بەمە تێگەیشتەی مەتریالی و ئیلحادی لە شێوەی پانتیزمیی پشتگیری لێ دەکات.دیسان بیری جودایی ماهییەت و بوون پەرە پێئەسەنێ،کاتێ ئەگاتە سەر جەوهەری بێ سنووررو بێ کۆتایی...ئەو جودابییە نامێنێ...مرۆڤ،سەبارەت بەوە بابەتێکی زانینە،لەم یاسا گشتییە دەرناچێت کە هەموو گێتی ئەبات بەرێوە...لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەشێکە لە سروشت...

سپینۆزا هەوڵی دا ڕەوشت بکاتە زانستێك، بەڵام پێوانەکانی لە خەملاندنوئارەزووی خۆیی خەلکەوە هەڵنەهێنجرێ، بەلکو لەو یاسا بابەتییانەوە بێ کە فرمان بەسەر ڕەوشتو کردارەکاندا ئەکەن...لە هەمان سوچی سروشتەوە... سەیری ڕەوشت ئەکا.بەرنامەی زانستی دەروون لە بەرنامەی میکانیكو فیزیك نزیك ئەکاتەوە،ژیانی دەروونیی، بە هەموو دەوڵەمەنیو جۆرەکانییەوە ئەگێڕێتەوە بۆ دووپرنسیپی ئاسان:بۆ

١ـ ئەقڵو بۆ

٢ـ هەستدانەوە Affeets...لە سەر ئەم بناغە سروشتیانە ڕێبازی ئازادی دائەنێو دوو مەسەلە لەیەك جودا ئەکاتەوە:

یەکەم:ئایا ئازادی بۆ مرۆڤ ئەگونجێ؟.

دووەم:ئایا ویستی مرۆڤ ئازادە؟.

ئەم فەیلەسوفەمان هەموو تێگەیشتەیەکی ئیدیاتیستانە بۆ ویستی ئازادانە ڕەت ئەکاتەوە...بەلاَم ئەوەش ڕوون ئەکاتەوە کە ئازادی پێچەوانەی پێویستی نییە...شتی هەبووی پێویست،لەهەمان کاتدا ئەتوانێ ئازاد بێ ئەگەر پێویستی بوونی،تەنها لە سروشتی خۆیی خۆیەوە هەڵقولاَبێ...

لەسەرئەنجاما ئەڵێ:ئازادیی هۆشی پێویستییە واتە دیدێکی ئاشکراو ڕوونە بۆ ئەو پێویستییە،ئەم ئیدیە دیالیکتیکیانەی سپینۆزا بەرهەمێکی بەرزی فەلسەفەی مەتریالیزم بوو...بەلاَم تێگەیشتەکەی دەربارەی ئازادی تەنها قسەو ،نامێژوییش بوو...

تیۆری زانین لای ئەم فەیلەسوفە ، وەك مەزەبەکەی گشتی ، سروشت مەتریالیو ئەقڵی بووە، نزمترین شێوەی زانین لای ئەم ئیدیۆلۆگە ئەو زانینەیە کە لەسەر خەیاڵ وەستاوە لەنرخی زانینی هەستیی کەم ئەکاتەوەو لایەنی ئەقڵ بەرز ئەکاتەوەو نکۆلی لەئەزموون و ئەکات کەسەرچاوەی زانینی تەواوی بێ...ئەگەر سپینۆزا ڕۆلی ئەزموون و پراکتیك لە پروسەی زانیندا تێبگەیشتایە وا لە جیاکردنەوەی هەردوو شێوەکەی زانیندا—هەستیی و ئەقڵی،زیاد نەئەرویشت و دەرکی بەوە ئەکرد ئەزموون و پراکتیك خۆیان چەند هەبوونێکن ڕاستەوخۆ بە ئەقل دەرك ئەکرێن.

تێندینسی خوانەناسی سپینۆزا ڕۆلێکی گەورەی بینی لە پەرەسەندنی ئیلحادو بیری ڕزگار بوو لە ئایین لە سەردەمی

نوێـدا..ئـەبوو ئـەبێ کلێسـە سەربەسـتی لێکۆلینـەوە بـەزاناکان بدات...فەلسەفەو ئاین لێك جیان و پرنسیپە فەلسـەفی و زانسـتییەکان دژی ئاین نین مەترسی لەسەر پاکژیی ئاین و ڕەوشتی کۆمەل دروست ناکـەن...مەترسـی گـەورە لـە ئـازادی بـیرەوە نییـە بـەڵکو لـە هـەوڵ وتەقـەلای کلێسـە و دەوڵەتەوەیـە کـە ئەیانـەوێ لـەم ئازادییـە کـەم بکەنەوە...کۆنیی تەورات و خواکردی ڕەگەزەکەی بەدرۆ خستەوە...بە ئاشکرا داوای سەرفراز بوون لە تـەوقی کۆیلەیـەتی ئـاین ئـەکرد، بـەلام سـپینۆزا لـەرا کۆمەلایـەتی و سیاسـییەکانیدا کـەمتر سـەربەخۆ بـووە...داوای دەسـەلاتی تـەواوی بـۆ دەوڵـەت ئـەکرد،کـە هـەموان بەکلێسەشەوە ملکەچی بن،سسـتێمی دیموکراسـی بەبـەرزترین شـێوەی فەرمانرەوایـەتی دائـەنا...ئـەبووت هـەر دەسـەلاتێك بەتوقانـدن خـەلك بەرێوە بەرێ...فەرمانرەوایەتییەکی باش نابێ...

فەلسەفەی مەتریالیستی لۆك:

جۆن لۆك ۱٦۳۲-۱۷۰٤ لە نوێنەرە مەزنەکانی مەتریالیزمی ئینگلیـزی بوو،پەرەی بەفەلسەفەی بیکۆن‌و هۆبسی دا،دروستی مـەزەبی هەسـتیی Sensualism مـەتریالیزمی سـەلماند..سـەردەمی دووەم شۆڕشـی بورژوازی ئینگلیزی بینی..-۱٦۸۸ - کـە بەسازشـکاری نێـوان بـورژواو نوبولا نوێیـەکان تـەوا بـوو. ڕێگـەی بـۆ پـەرەسـەندنی سـەرمایەداری لـە ئینگلسـتاندا کـردەوە...ئـیتر بـورژوا لـە ولاتـەدا خـەباتی خـۆی لـەدژی

دەرەبەگایەتی بۆ لەناویردنی پاشماوەکەی فراوان کرد.جۆن لۆك وەك فەیلەسوف و زانای ئابوری و نووسەرێکی سیاسی هاوبەشی ئەو خەباتەی کرد.

بەرنامەی نوێی زانین ڕێگەیەکی سەرەکی ئەو خەباتە بوو...ئەزموون لای ئەم تاکە سەرچاوەی هەموبیرەکانە...ئەبوت دوو جۆرە ئەزموون هەیە:ئاشکراو، شاردراوە.بەو پێیەش دیارد بۆ دوو سەرچاوەی ئەزموونی پراکتیکی بیرەکانمان ئەکات: هەستو بیرکردنەوە...بیری هەستیش ئەنجامی کارتێکردنی شتە دەرەکییەکان لە سەر گۆشەکانی هەست دەرئەکەوێ.

لەدانانی بەرنامەی میتافیزیکیدا،لۆك ڕۆلێکی بەرزی وازی کرد...پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنەر لە کۆمەلگەی بورژوازیداو ئەرکی شیکردنەوەی دیاردەکانی سروشت و جیاکردنەوەی جۆرجۆرکردنیان و توێژینەوەی هەریەکەیانی بەجیا خستە بەردەم زانست.بیرە وەرگیراوەکان،بەهەست بێ یا بیرکردنەوە،تاکە مەتریالی سەرەتایی زانینن،نەك زانین خۆی .بۆ دەستکەوتنی زانین ئەبێت ئەم مەتریالە سەرەتاییە بخرێتە ژێر چارەکردنەوە،ئەوەش بە هۆی سێ توانستە دەروونییەکەوە:بەراوردکردن،ڕۆنان جەرد کردن،بە هۆی ئەمەوە بیرە ساکارەکان–هەستیی و بیریی– ئەبنە بیری ئاوێتە.مەسەلەی زمانیش لە تیوری زانینی ئەم فەیلەسوفەماندا شوێنێکی گرنگی گرتووە...تیۆری جەردکردن Abstraction یش

بەستراوەتەوەبەو مەسەلەیەوە...وشەکان ڕەمزی هەستیین و ئامرازی لەیەك گەیشتنی نێوان مرۆڤن،زۆربەشیان تاك نین بەڵکو زاراوەی گشتیین...لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئەگەر شت تەنها بە تاك هەبێ،ئەبێ ئەو ماهییەتە گشتیانە کە بەرەمزی زاراوەی گشتی دیاریان بۆ ئەکرێ لە کوێوەبێن؟...وشە کاتێك ئەبێتە گشتی کە ئێمە ئەیکەین بە ڕەمزی بیری گشتی...کەپرسیاری ئەوەش بکرێ ئایا ئەم بیرە گشتییانە چۆن دروست ئەبن...واتیورییەکەی لۆك لەجەرد کردنا وەرامی تەواو ئەداتەوە.کە لە تاقیکردنەوەمانا زۆر شت لە هەندێ حاڵەت و خەسلەتا لە یەك ئەچن،ئینجا بە هۆی جەرد کردنەوە خەسلەتە لەیەك چووەکانی بە شۆلکەکان دەرئەهێنن و دەرکەوتە خۆیی و سانەوییەکانی لائەبەین...بەو جۆرە بیرە سەرجەمییەکان دروست ئەبن کە بەیەك واتە نیشانەی بۆ ئەکەین، بەو چەشنە بیرە گشتییەکان،وەك بیری"مرۆڤ"و"ئاژەڵ"و"رووەك"...دروست ئەبن.

لەبواری کۆلینەوە لە یەقینیی بیرەکان،لۆك دوو شێوەی زانین لە یەك جیا ئەکاتەوە:زانینی دروست،یەقینی،ورد.ئەوی تر:مەزەنیی،-ئیحتیمالی-یە.

لەبیرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا...لۆك تیۆری لە سەر دەوڵەت و دەسەڵات و یاسا دانا کە لە گرنگترین تیوریەکانی سەدەی حەڤدەیەم ئەژمێردری لەسەر"مافی سروشتی".ڕا سیاسییەکانی،بە گشتی بەڵگەو پالپشتی تیۆری بوون بۆ پرۆژەی پارتی لیبراڵەکان -ویگ-داوای لەیەك

جیاکردنەوەی تەواوی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردنی ئەکرد...لە بیروڕا گرنگەکانی تری لۆك...بەڕەوا زانینی شۆڕشی بورژوازی بوو،ئەگەر سستێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەرەسە وبیری پێویست بۆ پەروەدەکردنی خەلك نەڕەخسێنێت...وا بۆیان هەیە ئەو سستێمە بگۆڕن.

فەلسەفە لە ئینگلستاندا کۆتایی سەدەی ١٧-١٨:

فەلسەفەی لۆك ڕۆلێکی گرنگی وازی کرد لە پەیدابوون و پەرەسەندنی ڕوناکبیریی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەو هەژدەدا...لایەنگرانی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە فراوانە دژ بە ئایدیۆلۆژی دەرەبەگێتییە داوایان ئەکرد،باوەڕ بۆ سنوری بەرژەوەندی ئەقڵ و ئاینیش بۆ سنوری بەرژەوەندی زانست دەستنیشان بکرێ.دیسان ئەیانووت:ئەبێ لە سەرپەرشتی کڵێسە ڕزگار بکرێ..لایان وابوو ڕۆشنبیری و زانست هێزی جوڵێنەری پەرەسەندنی مێژوو مەرجی بناغەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ئەقڵن...بۆیە داوای بڵاوکردنەوەیان ئەکرد.ڕوناکبیری سەدەی هەژدەیەم،ئامرازی دەستی چینی بورژوازی ساوا بوو لە خەباتدا لە دژی پایەگاکانی ژیانی بیریی،کەلە کۆمەڵگەی دەرەبەگێتیدا چەسپیو بوبو،ببوە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتنی زانست و باوەڕە زانستییەکان،بەبەڵگەو بیانوی تیۆری دەسەڵاتی سیاسی چینی کاربەدەستیشی پاڵپشت ئەکرد.بەڵام نوێنەرانی ڕوناکبیر کردن هاتن لە دژی ئەم دەسەڵاتە

وەستان،سەرەنجام بە سەر کەوتنی بورژوا لە ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا بیری ڕوناکبیریی کەوتە بەردەم بلاوبونەوەیەکی بەربلاو لەئینگلستان و ئینجا لە پاریس و دواییش لە ئەلمانیادا.

لەو مەسەلە بنچینەییانەی کە بیری فەیلەسوفە ڕوناکبیرەکانی داگیر کردبوو،مەسەلەی پەیوەندی زانین بوو بە ئیمانەوە،پەیوەندیی دیدی نوێی زانستی بە ڕووداوو ئەفسانە خورافییەکانەوە کەلە ئینجیلدا هەن...بە گشتی بورژوازی ئینگلیزی ئارەزووە نە ئەکرد بە تەواوی خۆی لە واقیمەی ایینی بپچڕێنێ...فەیلەسوفی واش هەبوو لە دژی زانست و فەلسەفەی پێشکەوتوانە وەستا،لەوانە:جۆرج بێرکلی ١٦٨٤-١٧٥٣ب ر کە ئەیویست لە سەرچاوەی بنچینەیی هەموو ڕێبازە مەتریالیستییەکان بدات..بەلام هیوم ١٧١١-١٧٧٦-لای-گومانیی Skeptiesm و ئازانم Agnosticism- ی گرت...بۆیە لە بەینی مەتریالیزم و ئیدیالیزمدا،هەروەك لینین ئەڵێ:لەمبەرو ئەوبەری کردندا بوو٢.

فەلسەفەی ئەلمانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا:

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا ئەلمانیا،بەبەراورد لەگەڵ هۆلەندەو ئینگلستاندا،ولاتێکی دواکەوتوو بوو،دوای شکستی جەنگی خاچ(١٥٢٥)جەنگی سیی(٣٠)ساڵە لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەرپا بوو کە بووە هۆی وێرانکاری و تێکدانی زۆر لەم ولاتەدا...هیچ چینێکی کۆمەلگەی ئەلمانیای ئەو کاتە نەیتوانی ببێتە ناوەندی یەکخستنی ولات

و ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕوپێشکەوتنخوازەکان ...بۆیە ئەبینین ئەلمانیای ئەو سەردەمە لە ڕووی سیاسییەوە لە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتۆکەو میرنشینی دەرەبەگیی بچوک بچوک و لە یەک دوورو دژ بەیەک پێکهاتبوو،هەر لەو بارودوخەشدا ئایدیۆلۆژی ئایینی پارێزگاری جێگەکانی خۆی کرد.بەڵام مەتریالیزم،هەرچەندە بە هۆی ئەو سەرکەوتنانەی زانستی فیزیك و زیندەوەرزانیی و زانستی سروشتی بەدەستیان هێنا بووگەشایەوە...بەڵام هەر زوو دامرکایەوە،بەبێ ئەوەی ببێتە هێزێکی بڕیی گرنگ...هەر وەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپادا ڕووی دا...لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمەی ئەڵمانیا لیپنتز-ە ١٦٤٦-١٧١٦ئەم...ئیدیالیستێکی بابەتی بوو...چاڵاکانە هەوڵی ئەدا تیۆری بیەستێتەوەبە پراکتیکەوە ...ئەمەش بەرەو تێگەیشتنەیەکی نوێی جۆری ڕێکخستنی هەموو پرۆسەی زانستی برد...دیسان لیپنتز بایەخی دا بەمەسەلە کۆمەڵایەتییەکان.پەیامێکی لەسەر چاککردنی سستێمی سەرانەو نەهێشتنی بێکاریی و مافی دەرەبەگی و ڕەخساندنی کار بۆ هەژاران و چاککردنی کار گوزاری گشتی دانا...پەرەسەندن لای ئەم ئیدیۆلۆگە تێگەیشتنەیەکی فراوانی هەیە و هەموو شتێك لە سروشتدا پەرەئەسەنێ،نکۆلی ئەکا لەبوونی قەڵەمبازدان یا پچڕان لە پرۆسەی پەرەسەندنی بەردەواما...لە تیوری پەرەسەندنا باسی جۆری گواستنەوەی بێگیان بۆ زیندەوەر ئەکات.دیسان بایەخێکی زۆری بە مەسەلەکانی زانین و لۆجیك

دا...فەلسەفەکەی لیپنتز،هەرچەندە مەزەبە سروشتیکەی مۆرک میکانیکی بوو.بەلام سەرەتای تێگەیشتەی دیالیکتیکی سروشت و ناسینی مرۆڤایەتی تیا بوو...کۆلینەوەی قوڵ لە بیرورا دیالیکتیکەکانی ئیفلاتۆن و تێگەیشتە دینامیکییەکانی بۆ پرسەی سروشت کرلو هەولیدا ئەزموونی ئەقلّیی لە–زانیندا تێکەلّ بکات...ئەوانە ئەم فەیلەسوفەیان گەیاندە بیرە دیالیکتیکییەکانی.بەلام دوای خۆی پەرەی پێنەدراو خامۆش کرا.

روناکبیریی فەرەنساوی لە سەدەی هەژدەهەمدا:

نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە لە مێژوی فەرەنسەدا نمونەیەکی کلاسیکیمان ئەداتیّ کە بالاکردن و پەرەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانی نویّ–شێوەی سەرمایەداری،لە هەناوی کۆمەلگەی دەرەبەگێتی و لە ناو چوارچێوە سیاسییەکەیدا دەبێت.پتەو بوونی دەسەلاتی مۆنارشی بە درێژایی هەردوو سەدەی حەقدە و هەژدە لە فەرەنساو یارمەتی پەرەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلگەی داو بەرەو پێشەوە بردی...لە دوایشدا ناکۆکییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری توندو تیژ ئەبوو،بەتایبەتی پەیوەندییە کۆمەلایەتییە دەرەبەگایەتییەکان ئەبوونە کۆسپی بەردەمی پەیوەندییەکۆمەلایەتییە بورژوازییەکان و گەشەکردنیان،ئەو ناکۆکییە رونتر لە ژیانی بیریی کۆمەلگەی فەرەنسەدا دەرئەکەوت،لەگەلّ بیرە زانستییە نوێیەکاندا، بیری ماتماتیک و فیزیک و میکانیک و فیزۆلۆگی وپزیشکی،بیرە

فەلسەفییە مەتریالیستەکان خۆیان ئەگەیاندە مێشکی خەڵکی–بەلام هێـزە کۆنەپەرسـتەکان،بـە تایبـەتی پیـاوانی کڵێسـەی کاسـولیکی بەرامبەری وەستان...لەگەڵ ئەوەشدا بیری پێشکەوتوانە هەر بەرەو پێشـەوە ئـەڕۆی...لەفەرەنسـای پـێش شۆڕشـی بـورژوا(١٧٨٩)بەچـل سـالێك بزوتنەوەیـەکی ڕوشـنبیری بـە هێـزو فراوانـی تیـا ڕویدا،کـە بەبزوتنەوەی ڕونـاکبیری نـاو ئـەبریێ...هـەر وەك ئینگلیسـتان،لـە سـەر زەمینەی سـەرکەوتنی زانستی نـۆیێ دامـەزراوە،بـوە هێزێکـی گـەورەی تێکوشان و سەرخستنی بیری زانستی.بـەلام ئـەم ڕوناکبیریـە ڕێبـازێکی تـەباو هاوڕەگـەز نەبوو،بـەڵکو شـان بـە شـانی مەتریالیزم،ئیـدیالیزمیی تیابوو شان بەشانی خوانەناسی ڕێبـازی ئـاینیش لـە ئـارادا بوو،دیسـان سەرچاوە بیرییەکانیش هەر یەك نەبوون.

ڕونـاکبیریی ئینگلسـتان یـەکێك بـوو لـە سەرچـاوە ڕوشـنبیرییەکانی ڕونـاکبیرانی فەرەنسـا،لە سـەر دەسـتی"ڤـۆلتێر"و"مۆنتسکسـۆ"دا ڕۆشـنبیرەکانی فەرەنسـا ئاشـنای ئنگلیسـتانی نـوێو کەلتورەکـەی بـوون..هـەروەها کـەلتوری پێشـکەوتوانەی کـۆنی فەرەنسـا خۆشـی سەرچـاوەیەکی تـر بـوون..بـۆ نمونـە"گاسـندی"و"دیکـارت"زەمینـە خۆشکەری ڕوناکبیریی فەرەنسا بوون لە سەدەی حەڤدەیەمدا.دیسـان کردارەکـانی:بیربیـل"یارممەتیـدەری گەشـانەوەی ڕونـاکبیریی سـەدەی حەڤدە وهەژدە بوون.

شارل مۆنتسکو(١٦٨٩-١٧٥٥) لە ڕوناکبیرە بە ناوبانگەکانی فەرەنسا بـوو...دانراوەکانی،بـە تایـەتی"گیـانی یاسـاکان" خسـتیانە ڕیـزی ئیدیۆلۆگە سیاسیی و یاسا نامە بەرزەکانـەوە، نـەك هـەر لـە فەرەنسا بـەڵکو لـە هـەموو جیهانیشـدا. بـیری سـەرەکی "گیـانی یاسـاکان" تیندێنسی ئەقڵی و سروشتی بوو...

ئەو ئەرکەی ئەم ئیدیۆلۆگە لەبەرچاوی گرتبوو... ئـەرکێکی یاسایی بوو، لەسەر بەراورد کردنی یاسادانان و ستێمی سیاسی لە ئینگلستان و فەرەنسە لەگەڵ ستێمی کۆماری و کۆلۆنیالی کە لە ڕۆمـادا دامـەزرابوو.. بۆیە ئەم، یەکەم زانا بوو کـە بەرنامـەی بـەراوردیی Comparative لـە کۆڵینـەوە لەمەسـەلە یاسایـیەکان و فەلسـەفەی هەقـدا بـەکارهێنا... ئەمـەش مـەتریالێکی دەوڵەمەنـدی بـۆ دانـانی تیۆریـیەکەی ڕەخسـاند، لەسەر شێوە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی و مەرجەکانی گەشـەکردن و ڕوخانــدنی.. لــەو هــەموو شێوانەشــدا، مۆنتســکیۆ ئــەو مەرجانــە لێئەکۆڵێتــەوە کــە ئــەرکی مســۆگەر کردنــی ئــازادی ســەڵتایەتی پــێ سـپێردراوە، هـەروەها لـەو بارودۆخـە ئەکۆڵێتـەوە کـە فەرمانڕەوایـەتی ئەبێت بەزۆرداریی... لەگەڵ ئەوانەشدا، مۆنتسکیۆ لـەداواکردنی گـۆڕانی شۆڕشـگێڕانەی کۆمـەڵ دوور بـووە... ئـەم زانایـە گاڵتـەی بـەزۆرداریی مۆنارشی فەرەنسا ئەکرد. وە بەشێوەیەکی دژ بەسروشتی مرۆڤ خۆی و دژ بەمافی پێرسونالی و پارێزگارکردنی و ئارامیی دائەنا... ئەبووت سـزا بـۆ کـردارە نـەك بـۆ بـیروڕا... لـەدژی لاتنگیریـی ئایـینی و هـەموو

شـــێوەیەکی ئەشـــکەنجەبوو... داوای قەدەغـــەکردنی کۆیلەیـــەتی و بەکۆیلـەکردنی ئـەکرد... زیـاد لـە پێویسـتیش پاشـایەتی دەسـتووریی پەسەند ئەکرد.

ڤۆڵتێر "١٦٩٤ـ١٧٧٨" . جێگەیـەکی تایبـەتی لـەژیانی بیریـی ئـەو سـەردەمەدا هـەبوو... نوسـەرێکی گـەورەو زانـای سـایکۆلۆجی و فەیلەسوفی شارستانیی و مێژوویی سەردەمی خۆی بوو، لە قسەو وتەی مشتومڕا ئەدیبێکی بلیمەتی وابو کەناوی ڕۆژنامەنوسی و ئەدیب و زانای گەیاندە پلەیەك کە کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی پـەی پـێ نـەبردبوو، تـامرد تێکۆشەرێکی نەبەزی دژ بە کڵێسـەو ئـەکلیرۆس و دەمـارگیریی ئایـینی بوو...

را سـایکۆلۆجییەکانی فەلسـەفەی مـەتریالیزمی لـۆك کـاری خۆیـان کردبووە سەر ئەم ئیدیۆلۆگە... هەرچەندە لەفەلسـەفەکەیدا لەلایـەنگرە دڵسـۆزەکانی فیزیکـی نیـوتن بـوو... لەمەشـەوە دەسـتی کـرد بـە پەرەپێسەندنی بیری یاسایی گشتی لەسروشتدا. لەتیۆری زانیندا هەوڵی ئـەدا تـا ئـەزموونی هەسـتیی تێکـەڵ بەهەنـدێ ڕەگـەزی ئـەقڵی بکـات. لەڕەوشتدا دژی واتـەی زگمـاکی پرنسـیپە ڕەوشـتییەکان بـوو.. دیسـان ڕۆڵێکی گرنگی لە فەلسەفەی شارستانێتی و فەلسەفەی مێژوودا بینی.

"کۆنـدیاك" ١٧١٥ ـ ١٧٨٠؛ یەکێکـە لـە ئەقڵـە ڕونـاکبیرە هـەرە بـەرزەکانی فەرەنسـا لـەڕووی ڕەسـەنی و ڕێکخسـتنەوە.. ژیـانی ڕوونـاکبیریی بەسـێ پلـەدا تێپـەڕبوو... یەکـەم: لەسـەر زەمینـەی

فەلسەفەی لۆك وەستاوە، بەڵام تەنها وەك تەواوكەری. لەدووەمدا: ڕێبازێكی هەستیی تایبەت و ڕەسەن پەرەپێنەدات... بەڵام لەسێیەمدا: لەشێوەكانی بیرو پەیوەندییان لەگەڵ زەمان و حیسابدا ئەكۆڵێتەوە... لەپلەی دووەمدا ئەم بەپێچەوانەی لۆك ئەوە ئەسەلمێنێ كە بیر، بنچەی سەربەخۆی زانین نییە، بەڵكو لەهەستەكانەوە هەڵئەقوڵێ، بۆیە شێوەیەكی لابەلای وەرگیراوە لەشێوەكانی زانین... هەموو چالاكییەكی بیریی تەنها لەڕێگەی ئەزموونەوە وەرئەگیرێ... لەسەرئەنجاما مۆدیاك ڕەگەزی ئەقڵی Rationalism ئەخاتە سەر تێندێنسی ڕەسەنی هەستیی... ئەم ئەقڵییەش، تا بەرەو پلەی سێیەمی ژیانی بیری ئەم ئیدیۆلۆگە بڕۆین، ئاشكراتر ئەبێ. لەم سەردەمەی ژیانیدا شیكردنەوە ئەبێتە بابەتی كۆڵینەوە، لەمەوبەر بەرنامەی كۆڵینەوە بوو. لەدانراوەكانی ئەم پەلەیەدا "لۆجیك" ١٧٨٠" زمانی حیساب" كە دوای مردنی لە ١٧٩٨ بڵاوكرایەوەو ناوییان دەركرد... فەلسەفەی كۆندیاك دەری ئەخات كە ناكۆكی لەناو تیۆری زانینی ڕوناكبیریی فەرنساوی، لەنێوان تێندێنسی ڕەسەنی هەستی، لەگەڵ تێندێنسی لۆجیكی ـ ماتماتیكی شێوەییدا هەیە.

جان جاك ڕۆسۆ (١٧١٢ ـ ١٧٧٨) لە جنێڤ هاتۆتە جیهانەوە... لە دانراوە گرنگەكانی: وتارێك لەسەر سەرچاوەی جیاوازی لەنێوان خەڵكدا "١٧٥٥" و "پێكهێنانی كۆمەڵایەتی ـ العقد الاجتماعی ـ "١٧٦٢، وە "ئەمیل، یان لەپەروەردەدا "١٧٦٢ بووبایەخی ڕۆسۆ هەر لەبیرە

تیۆرییە فەلسەفییەکانیدا نەبوو. بەڵکو لەبیرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوشتی و سایکۆلۆجی و پەروەردەییەکانیشدا بووە. بەبیرتیژو قوڵبیرکردنەوەو ڕەخنەگری نەترس لەستێمی کۆمەڵایەتی ناڕەوا ناوی دەرکردبوو...

فەلسەفەی فەرەنسی، بەفەلسەفەی کۆمەڵایەتیشەوە، لەسەدەی هەژدەدا، لەوە دەرنەئەچوو: کە ڕەخنە بێت لە دەرەبەگێتی و مۆنارشی لەدیدی بەرژەوەندی بورژواوەو ناکۆکییەکانی نێوان بەرژەوەندی چینەکان، کە لەناو ڕیزەکانی "چینی سێیەمدا" دەستیان کردبوو بەجیابوونەوەو ئاشکرابوون... سەرنجی لێ نەدرابوو یاخود، جارێ لێی تێنەگەیشتبوون... زۆر لە ڕوناکبیرە فەرەنساوییەکانی سەدەی هەژدە کەوتنە زۆرانبازی لەدژی ئایدۆلۆژی دەرەبەگایەتی ـ کڵێسەی ڕەسمی و دژی ستێمی مۆنارشی و ئایدۆلۆژییە سیاسییەکە ئەوانی گاڵتەشیان بەجەماوەری دیموکرات ئەکرد، ڤۆڵتێر بەچاوێکی سووک سەیری خەڵکی ڕەشو ڕووتی ئەکرد، لەوە ئەترسا کەهۆشی سیاسییان بەرز بێتەوە... بۆیە ڕوناکبیرەکان بەساڵۆن و بەئەڵقەی بەستراوە بەنوبەلاو پیاوماقوڵانی کۆشکەوە بیری خۆیان پەخشان ئەکرد... بەڵام هەڵوێستی ڕۆسۆ زۆر جیاواز بوو لەگەڵ هاوسەردەمەکانی خۆی، کەس بەقەدەر ئەم لە ڕوانگەی پیتی بو ڕۆوا زۆر لێکراوەوە لەناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسا نەگەیشتبوو، ئەمەش هۆی ئەو ناکۆکیانە بوو کە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەیدا بوو... بۆ نموونە: ڕەخنەکانی دیموکراتی و

رادیکالانەو لەهەمان کاتدا کۆنەپەرستانەش بووە... داوای بۆ پێشەوە چوونی جەماوەری ئەکرد بۆ لەناوبردنی ئەوستێمە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ ئەچەوسێننەوە، بەڵام ئەشیبەستەوە بەرابردووەوە... بەو بیرانەی کەئەبێ لەخانەی بیرە کۆنەپەرستە یۆتۆپییەکاندا دابنرێ. تیۆریەکەشی دەربارەی هەست، خەسڵەت دوانەیی بوو... لەتێندێنسە چەوتەکانی: کە لەدواییدا لایەنگرانی فەلسەفەی کۆنەپەرست کەڵکیان لێ وەرگرت ئەمە بوو: لای وابوو دژایەتی لەنێوان هەست و ئەقڵ گوایە ئەویان بازنەیەکی باڵاو بەرزی ژیانی دەروونییە، ئەمیان نزم و کەم بایەختره. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم بیرانەی رۆسۆ بەگشتی دووربوون لە تێندێنسی نالۆجیکی کۆنەپەرستانەی چینی بورژوازیەوە.

رۆسۆ لای وابو کەیەکێك لەفاکتورە سەرەکییەکانی ئازاری مرۆڤایەتی لەجیاوازی نێوان گوزەرانمان و ئارەزوەکانمانەوەیە... لە جیاوازی نێوان گوزەرانمان و خواستەکانمان و لەجیاوازی نێوان سروشت لەگەڵ دامودەستگا کۆمەڵایەتییەکانەوەیە... لە جیاوازی نێوان مرۆڤ هاونیشتمانییەوەیە. هاوچەرخەکانی رۆسۆ ئەیانووت دژایەتی کردنی شارستانێتی لەلایەن رۆسۆوە داوایەکی گێلانەیە بۆ دواوە، بۆ سەردەمی پێش شارستانێتی... بۆ حاڵەتی سروشتی ... ڤۆلتێر گاڵتەی بەهەڵوێستی رۆسۆ ئەکرد و ئەیووت: هەڵوێستە داواکردنە لەمرۆڤایەتی کە بەچوارپێ بگەرێتەوە ناو جەنگەڵی دێرزەمان... بەڵام رۆسۆ ئەوەی ئەزانی کە هیچ رێگەیەك نییە بۆ پاشەکشێ لەو پێشکەوتنەی

مرۆڤایەتی... نکوڵی کردن لەشارستانێتی مانای گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی دڕاندایەتی... ڕۆسۆ ئەسڵی ناکۆکییەکانی ناو شارستانێتی بەجیاوازی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم ئەدا، کە هۆی ئەوەش جیاوازی مۆڵکایەتی و موڵکداری زەوی ئامرازی کارە... ئینجا ڕۆسۆ ئەنجامە خراپەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتی و شێوەکانی دابەشکردنی کار... وردبین و خوێنگەرمانە دەرئەخات، بەڵام لەوە بێ هێزتربوو کە لەو ڕێگەو شوێنانە نزیک ببێتەوەو ئامۆژگاریی بکات و لەناکۆکییەکانی ناو شارستانێتی دەری بهێنێ، ڕۆسۆ لەدژی باوەڕە ڕەسمییەکانی ئایین بوو، بەڵام بەتوندتر هێرشی ئەکردەسەر خوانەناسی.

ڕۆسۆ، لە "پێکهاتنی کۆمەڵایەتی" "العقد الاجتماعی" دا ویستی ئەوە بسەلمێنێ کە جیاوازیی کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاوازی لەملکداری و جیاوازی لە ئەرکەکاندا دروست بووەو هەر بەوەش ڕاست ئەکرێتەوە کە بەئازادی و یەکسانیی تەواو لەبەرامبەر یاسا بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ... ئەم بیرەش کەڕەنگدانەوەی سروشتی سۆسیۆلۆژی بورژوازیانەی ڕۆسۆیە... جێگەی ڕێزلێگرتنی سەرکردەکانی شۆڕشەکەی فەرەنسا بوو، بەتایبەتی یەعقوبییەکان.

ڕۆسۆ بەرنامەی پێکهاتنە کۆمەڵایەتییەکەی بەبیری دیموکراسی بورژواو ستێمی کۆماری بورژوازی ئەڕازێنێتەوەو ئەوە دووپات ئەکاتەوە کەژیانی سیاسیی کۆمەڵ ئەبێ لەسەر بناغەی سەرداریی تەواوەتی گەل بێ و هەرگیز بەش ناکرێ. بۆیە ئەم دابەشکردنی دەسەڵات

ەماسادادان و حنبەجی کردن ڕەت ئەکاتەوەو لەبری ئەوە پێشنیازی ڕای گشت وەرگرتن ئەکات بۆ هەموو کاروبارێکی سیاسی گرنگ.

کاری بیریی ڕۆسۆ زۆر مەزن بوو، هاوبەشییەکی کاریگەری ئامادەکردنی بیریی بۆ شۆڕشی بورژوازی فەڕەنسا کرد. هەرچەندە دووبو لەباوەڕهێنان بەحەتمیەتی ململانێی شۆڕشگێڕانە... بەڵام بەبیری زۆدی و بەتیۆرینی خۆی و بەتیۆریەکەی توانی خۆی لەپرۆسەی مێژویی نزیک بکاتەوەو لەرۆڵی ناکۆکییەکانی، وەکو هێزی بزوێنەری بەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بگات... بۆیە لەگەڵ "دیدرۆ" دا شایەنی ئەوەبوون کە ئەنگلس نازناوی "پیاوانی دیالیکتیک"ی فەلسەفەی ڕوناکبیریی فەڕەنسەیان لێ بنێ.٣١

روناکبیریی ئەڵمانی:

ئەڵمانیای سەدەی هەژدەیەم وڵاتێك بوو بە ڕێکەوت پەرەسەندنی سەرمایەداریدا ئەڕۆیشت بەڵام لە ئنیگلستان و فەرەنسا هێواشتربوو، جگە لەوەش ئەبوو کۆسپی زۆر گەورەش تەخت بکات... ڕوناکبیرەکانیشی کەمتر ڕەسەن بوون. پاش وەرگرتنی ئەو بیروڕایانەی لە ئینگلستان و هۆڵەندەو فەرەنسا دارێژابوون... دەستیان کرد بەگونجاندنیان لەگەڵ باروبۆخی وڵاتەکەیاندا... بەڵام ئەم ڕوناکبیرانەی ئەڵمان، وەك فەرەنساوییەکان شۆڕشگێڕ نەبوون... خەباتیان لەدژی ئاین و بۆ بەرژەوەندی، ئەقڵ نەئەکرد... زیاتر کۆششیان بۆ هێنانەدی چارەیەکی ناوەنجی بو لەنێوان زانین و ئیمان و لەنێوان زانست و ئاییندا.

لەریبازە گرنگەکانی بیری ئەو سەردەمەی ئەڵەمانیا قوتابخانەی "کریستیان فۆڵف (١٦٧٩ــ ١٧٥٤)"ــە... هەوڵی دا فەلسەفەی ئیدیالیزمی لیبینتز لەزانکۆکان و ریزی رۆشنبیراندا بڵاو بکاتەوە... بەڵام "فۆڵف" و لایەنگرانی بەدەست پێکردنیان لە تێندینسی ئەقڵیی "لیبنتز"و تەقەلای دانانی فەلسەفەیەکی زانستانەی سەرجەمی یان ئینسکلۆپیدیەیەك تەنها بەو مەبەستە بوو کە لەکۆششی لیبنتز کەم بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گیانی سازش کە دووچاری ئەو فەلسەفەیە بوبوو جێگیرکرا. مەزەبەکشی دەربارەی بوون ـ مۆنادۆلۆژی ـ Monodology ـ تا رادەی شێواندن تەسکیان کردەوە.

لەناو روناکبیرو پێشەنگەکانی ئەڵەماندا "لیسنگ" ١٧٢٩ ـ ١٧٨١ وەك نوسەرێکی بەناوبانگ و شانۆگەرو رەخنەگرو فەیلوسف ناوی دەکرد. تێکۆشەرێکی نەبەز بو دژی کۆنە پەرستی و ئایدولوجی کڵێسەو دەمارگیری ئایین بوو، لە پێناوی هونەرێکی رالیستی پێشکەوتوانەی شانۆدا خەباتی ئەکرد... هەوڵی ئەدا بگاتە هونەرێك لە کرداره کلاسیکی و نمونە راوەستاوەکان تێپەرێ... هونەرێك بێ کە بەئامرازە هونەرییەکانی دینامێکی سەردەمی نوێ و ململانێی خەڵك رەنگ پێبداتەوە... لەدژی لاهوتی رەسمی کۆنەپەرست وەستاو... تەنها یەك یەزدانی ئەسەلماند، ئەویش "گیانی جیهان"بوو.

لەناو روناکبیرە گەورەکانی ئەڵەماندا شاعیرو ئیدیۆلۆگی بلیمەت "گۆتە" بوو ـ ١٧٤٩ ـ ١٨٣٢ ـ رۆڵێکی گرنگی لەپەرەپێدانی روناکبیریی

ئەڵمانیادا بینی... بەگشتی لەفەلسەفەکەیدا ئیدیالیست بوو... بەڵام تۆردزنگ بوو، مەتریالیزم و بیدە دیالیکتیکیەکەی نەگەیاندە... کۆتاییە لۆجیکییەکەی.

مەتریالیستە فەرەنساویەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا:

مەتریالیزمی سەدەی هەژدەی فەرەنسا پلەیەکی نوێ بوو لەمێژووی فەلسەفەی مەتریالیزمدا.. چونکە لەزۆر لایەنەوە لەوانەی پێشوو جیاوازبوو... هەرچەندە فەرمانڕەواو نوبەلاکانیان پشت گوێ نەخست، بەڵام زیاتر قەسەو نوسینیان ئاراستەی جەماوەری خوێندەواری چینی بورژوازی جۆربەجۆرەکانی جوڵەی تەن و وردیلە مەتریالییەکان کەسەرچەم سروشتی ئەزەلی و نەمر پێکنەهێنن... بەو جۆرە هەموو بیدە لاهوتی و غەیبی و ئیدیالیستیەکان بەدرۆ ئەخاتەوە... ئەیوت مەتریالی بزێو بنچینەی هەموو پرۆسە سروشتییەکانە... تێگەیشتەی مەتریالیستانەی سروشت، هەموو دیدێك دەربارەی هۆی لەیاسا بەدەر پوچ ئەکاتەوە... بڕوای بەکرداری بێ هۆو لەخۆوە ڕەخساو نەبووە... تا بۆ کردارو هەست و دیدی مرۆڤ و جوڵەی گەردی ناو هەواش هەر هەمان بۆچونی هەبوو، ئەمەش مەتریالیزمی میکانیکی هۆلباخ بوو... چونکە لای وابو کە ئەو کردارو کردەوانە ئەگەڕێتەوە بۆ پێویستی میکانیکی... هەر شتێك لەوانە هۆیەکی دیاری خۆی هەیە...

ئەو ڕایانە لەسەر دەستی دیدرۆ ١٧١٣ ـ ١٧٨٤ دا پەرەی پێدرا، کە بێ بەریەرەکانی دیارترین ڕووی مەتریالیزمی فەرەنسی بو. لە دانراوەکانیدا بەجۆرێکی زیندوانەو شێوەیەکی ئەدەبیانەی جوان و توانایەکی بەرزی ڕەتکردنەوەو بەڵگەی لەباری سەلماندنی زیرەکانە مەتریالیزمی خستەڕوو... جگە لەوەی گەلێ دانراوی لەسەر هونەرو جوانیی ڕەخنەی هونەریی دانا... لەدانراوە هونەرییەکانی و ـ لە ڕۆمان و شانۆگەرییەکانیدا ـ هەوڵی ئەدا پرنسیپە تیۆرییەکانی مەزهەبە نوێیەکەی لەسەر جوانیی بەرکار بخا.

دیدرۆ هەندێ نیشانەی دیالیکتیکانەی خستە ناو ڕا سروشتییەکانییەوە... لەهەندێ مەسەلەدا توانیی لەکۆتی میتافیزیکی میکانیکی تەسك خۆی دەرباز بکات... ئەیووت هەموو شتێك لە گۆڕاندایە... ون ئەبێ نامینی، تەنها گشتی ئەمێنێ... ئەم جیهانەی ئێمە تێیدا ئەژین بەردەوام ئەزێ و ئەمرێ... تاکە جیهانیشەو جگە لەم هیچ یەکێکی تر نەبووەو نییەو نابێ... ئەم لایەنە دیالیکتیکیانە لەفەلسەفەی دیدرۆ جێگەی نرخاندنێکی بەرزی ئەنگلس بوو٢٢. دیسان دیدرۆ بایەخێکی تایبەتی دا بە بەلێکدانەوەی مەتریالیستانەی هەست... دیدرۆ لەو زانایانە بوو کە ئەیووت مەتریال توانستی هەستی هەیە.... و داڕشتنێکی تیۆریانەی وردیشی بۆ کردو پەرەی پێسەند تا هێڵە گشتییەکانی تیۆری مەتریالیزمی بۆ فرمانە دەروونییەکان کێشا...

لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتە مەتریالیستانەی سروشت.. مەتریالیستەکانی فەرەنسە تیۆرییەکەیان دائەڕێژن... ئەزموون سەرنج دوو ڕێگەی زانینن لای "دیدرۆ"و هەموو مەتریالیستەکانی تری فەرەنسا... هەوڵیان ئەدا ئەوە بسەلمێنن کەتوانستی زانینی ئەقڵ، بەهۆی پشت بەستن بەوەی هەستە دەرەکییەکان ئەیدەن و بەتاقیکردنەوەو سەرنج... کەم نابێتەوە، بەڵکو زانینیی بەدەست هاوردە بەو ڕێگەیە ئەگەر نەمامگەیەنێتەوە سنووری یەقینی تەواو، وا بەلایەنی کەمەوە ئەمانگەیەنێتە ڕادەیەکی بەرز لەیەقین مەتریالیستەکانی فەرەنسا هەروەك هەموو فەیلەسوفەکانی پێش مارکسیزم، لەتێگەیشتنیاندا بۆ کۆمەڵ ئیدیالیست بوون... لەگەڵ ئەوەشدا لەدژی لێکدانەوەی ئیدیالیستانەی ـ لاهوتی مێژوی مرۆڤایەتی بوون. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەقڵی مرۆڤ پێشکەوتنی زانست و ڕۆشنبیریی هێزی جوڵێنەری مێژوی مرۆڤایەتین. لایان وابو کەئەبێ مەزەبی ڕەوشتیی لەسەر تاقیکردنەوە دابمەزرێ، چونکە ئەوەی مرۆڤ ئەبزوێنێ، هەروەك هەموو خاوەن هەستی تر، مەیلە بۆ لەزەت و خۆدەربازکردنە لە ئازار... بۆیە ئەتوانێ دەرك بەبنچینەو تێگەیشتنەکانی کردار بکا کە ئەمەش بناغەی ژیانی ڕەوشتییە... سەبارەت بەوەی مرۆڤ ناتوانێ بەتەنها بژی، بۆیە کۆمەڵ پێك ئەهێنن کە بەپەیوەندی و ئەرك و فرمانی نوێ ڕێك ئەخرێ. کاتێ مرۆڤ هەست بەپێویستی یارمەتی خەڵك ئەکات، ناچار ئەبێ ئەمیش هەمان

کاریکات... بەو جۆرە بەرژەوەندیی گشتی دروست ئەبێ... ئیتر لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی ڕەوشت و سستێمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و سستێمی سیاسی فەرمانڕەوایەتی و سەربەخۆیی ڕەوشت لەئایین و... هتد سەرنجی لێ ئەدرا شی ئەکرانەوەو ئەخرانە بازنەی تیۆرییەوە.. لایان وابوو کە خۆپەرستی و دەسکەوتی تایبەتی، هێزی ڕاستەقینەی ئاراستەکەری کردەوەی مرۆڤە... بۆیە پێوانەی ڕەوشتی ئەقڵی هەر ئەو قازانجەیە کە دەستی ئەکەوێ... دیسان هەر ئەم پێوانەیەش بۆ هەموو کۆمەڵ و گەل وەرئەگیرێ.

دانانی ئینسکلۆپیدیا:

ڕوناکبیرەکانی فەرەنسا پێشنیازێکیان بۆ دیدرۆ کرد کە نەخشەی دانانی ئەنسکلۆپیدیایەك دابڕێژێ و لەچەشنی ئەنسکلۆپیدیای ئینگلیزی بێ... کە "تشیپرز" داینا. ئەمیش پرۆژەیەکی زۆر گەورەی دانا بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی بەکار بۆ پەخشان کردنی بیری مەتریالیزمی فەلسەفی و ڕوناکبیریی... بەو جۆرەی کە هەموو بەرهەم و ئەنجامە باشەکانی لایەنەکانی ئەدەب و هونەرو زانست و فەلسەفەو تەکنیك و پیشەسازی و بەرهەمی پیشەسازی و پیشەگەری تیا بێ و لەدژی ڕاو ڕۆتین و درۆو دەلەسەو واهیمەو ئەفسانە بڵاوبووەکان بێ. هەرچەندە خۆی سەرپەرشتیکەری ڕاستەقینەی بوو، بەڵام "دالامپێر"ی دانا بۆ سەرپەرشتی بەشی زانستەکانی ماتماتیك و فیزك... جگە لە

هاوبەشیکردنی ڤۆلتێرو رۆسۆ... لەگەڵ ئەوەشا کە لەدواییدا ئەمان هەموویان پاشەکشەیان کرد... دیدرۆ کۆڵی نەداو سەرەڕای دەیان گیروگرفت و کوسپ کارەکەی بەئەنجام گەیاند.*

مەتریالیزمی فەرەنسی ترویکی بیری فەلسەفی مەتریالیزمی سەدەی هەژدەیەم بوو کە جێگەیەکی بەرزی لای مارکسی - لینینییە کلاسیکییەکان هەبووە.

مارکس کورتەیەك لەمێژووی مەترالیزمی فەرەنسا ئەخاتە ڕوو، لەسەرچاوە بیرییەکانی وا ئەکات:

١- بیری مەتریالیزم لای لۆك و لایەنگرانی.

٢- بیری دیکارت لە فیزیك و زانستەکانی سروشت بەگشتی...

هەروەها ئەڵێ مەتریالیستەکانی فەرەنسا هەر لە دژی دامودەستگا سیاسییەکان نەبوون و بەس، بەڵکو لەدژی ئایین و لاهوتیش بوون خەباتیان لەدژی مەزەبە میتافیزیکییەکانی سەدەی حەڤدەهەم کردووە.

بیسان لینین باسی ڕۆڵی گرنگی مەتریالیزمی فەرەنسیی ئەکات و دەری ئەخات چۆن کاری کردۆتە سەر مێژووی ڕوناکبیریی ئەورووپاو مێژووی بیری ئازادی دژ بەلاهوت٢٢...

---

*ئەم ئینسکلۆپیدیە لەحەڤدە بەرگ پێك هاتبوو یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٧٥١دا بلاوکرایەوەو تا ساڵی ١٧٧٢ هەموو بەرگەکانی چاپکراو بلاوکرایەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەبوونی دیدێکی مێژوویان بۆ دیاردەکانی ژیانی گیانی، لەپشتی سروشتێتی ئەو ڕووناکبیرییەوە بوو... مەتریالیستە فەرەنساوییەکان هەرچەندە بەتواناو بلیمەتانە واهیمەو ئەفسانە ئاینییەکانیان ڕیسوا ئەکرد... بەڵام نەیانتوانی ڕەگەکانیان لەبنچینەی مەتریالی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەربخەن و بەبیریاندا نەئەهات کە سەرکەوتنی دوایی لەو جەنگەدا تەنها بەرەگورپشە هەڵکێشانی ئەو پەیوەندییانەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەبێ.

بایەخی مێژوویی مەزنی مەتریالیزمی فەرەنسی لەسەدەی هەژدەیەمدا لەو خەباتەدا بوو کە لەدژی ئاین و ئیدیالیزم دەکراو لەبەرگریکردن و سەلماندن و پەرەپێدانی ئایندەی تێگەیشتنی مەتریالیستانەدا بوو بۆ جیهان کە لەدانراوەکانی نوێنەرانی ئەم نەبیارە فەلسەفییەدا شێوەیەکی مێژوویی نوێی وەرگرت کە ڕوخساری زیاتر ئاشکرا بوو.

بەشی پێنجەم

- پەرەسەندنی بیری فەلسەفە لە ڕوسیای سەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگێتی.

- بەندەگێتی و سەرەتایی پێکهاتنی پەیوەندییە بورژوازییەکاندا.

- بیری فەلسەفی لە ڕوسیا. کۆتایی سەدەی ١٧و نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨.

- ڕا فەلسەفی و سۆسیۆلۆجییەکانی ڕووناکبیرانی نیوەی دووەمی سەدەی ١٨.

- ڕوناکبیرو نا مەتریالیستەکان لە کۆتایی سەدەی١٨و سەرەتتا سەدەی ١٩دا.

- ڕا فەلسەفی و سۆسیۆلۆژییەکان.

ـ بیری فەلسەفی لە ڕوسیا ـ کۆتایی سەدەی ١٧و نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨ :

هەر لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لە ناو هەناوی سستێمی دەرەبەگایەتی ـ بەندەگێتی ڕوسیادا،وردە وردە پەیوەندییە نوێیە ئابورییەکان دروست ئەبوون،لە هەمان کاتیشدا ناوچە و مێرنیشینەکان لەناو یەك قەوارەدا ئەتوانەوەو بازاڕە بچوکە ناوچەییەکانیش ئەچونە ناو یەك بازاری گشتی و سەرتا سەری بۆ هەموو ڕوسیا.لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانە ئابورییە پلە بەپلەکانی شێوەی بەرهەمی دەرەبەگایەتی ـ بەندەگێتی ـ یشدا،دەوڵەتی فرەنەتەوەی ڕوسیا دامەزرا و مۆنارشی چەسپی." دروستبونی ئەم پەیوەندییە نەتەوایەتییانەش، مانای پێکهاتنی پەیوەندییە بورژوازییەکان بوو"(٣٤) هەروەك لینین باسی کردووە.چەسپینی مۆنارشی و جێگیربوونی دەسەڵاتی دەرەبەگ و بازرگانەکان بونە هۆی زیاتر زۆرداری و ڕەتانەوەی جەمماوەری گەڵ وتوندو تیژ بوونی ململانێی چینایەتی.ئەو ململانێیە مۆرکی دژایەتی بەندەگێتی پێوە بوو،هەروەك ڕاپەرینی جوتیاران لەپۆڤۆلگی (١٧٠٨ـ١٧٠٧)و لە ئوستراخان (١٧٠٦ـ١٧٠٥)و لە بشکیریا (١٧١١ـ١٧٠٥) ڕووە توندو تیژەکانی دەرخست.

پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی شمەکی نەختێنەیی پەیوەستەکانی و بازاری ڕوسیا،ریفۆرم و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوری و ڕوشنبیرییەکان لەگەڵ ئەوروپای خورئاواو وڵاتانی ئاسیای کردە پێویست.. ریفورمەکانی (پەترۆسی یەکەم) وەرامدانەوەیەکی ئەو پێویستییە مێژوییە بوو...کە هەر چەندە بە گشتیی سروشت پێشکەوتوانە بوون،بەڵام مەبەست لێیان چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەرەبەگ و بازرگانی ڕوسەکان بوو...

ئیڤان بۆسۆشکۆڤ (١٦٥٢-١٧٢٦) یەکێك بوو لە نوێنەرانی بەشە هەرە پێشکەوتوەکەی وڵات کە پێشخواستی بازرگانەکانی دەرئەخست و داوای پەرەپێدانی مانیفاکتۆرەو پێشەسازی دەستکردو بازرگانی و ڕێگەو بانی دەریایی ئەکرد. لە دانراوەکەیدا"چروکیی دەوڵەمەندی"داوای ئەکرد باری سەرشانی بەندەکانی زەوی سوك کرێ و یاسا دابنرێ بۆ کەم کردنەوەی باج و زۆرەملێی دەرەبەگەکان لە سەر جوتیاران.بڕوای وابو.بۆ چاو پێخشاندنەوە بە یاسا کۆنەکان و یاسی نوێ دانان،ئەبێ ئەنجومەن پێك بهێنرێ.

بۆسۆشکۆڤ و چەندین زاناو فەیلەسوفی تری وەك"کانتیمیر" و"تاتیشیف"بڕۆکۆبۆڤیچ" "هەڤاڵانی زانست بوون... ئەمانە بەربەرەکانیی دوگماتیزمی سکولانی کڵێسەیان ئەکردو بەرگرییان لە پەرەسەندنی سەربەخۆی زانیاری زانستییە سروشتی و فەلسەفییەکان ئەکرد. واتە سەربەخۆ لە کڵێسە بڵاو کردنەوەی

خوێندەواری و فێرکردن و ریفورمی پێشکەوتوانەیان لە ڕوسیادا بە پێویست ئەزانی، بەمەش ڕێگەیان بۆ پەرەسەندنی زانست و فەلسەفە خۆش ئەکرد... دیسان دژی سەرکردایەتی (بایاری) خەباتیان ئەکرد... ئەم هەڤالانەی زانست لە بناغەی مەڵبەند ئیدیالیستی بوون بەڵام ڕا فەلسەفییەکانیان دەربارەی هەندێ شت لە چوار چێوەی دیدی ئایینی دەرچووبوو...جارجارەش،بەتایبەتی"کانتیمێر"و"تاتیشیف"ناراستەوخ ۆ دژی فرمانە لاهوتییەکان ئەوەستان.لەسەر ئەوە سوور بوون کە نابێت کڵێسە دەست وەرداتە ناو کاروباری زانستەوە و هەر بەتەنها ئەمیش ۆی هەیە بڕیار لە سەر ڕاستییە هەڵقەڵلاوەکانی"ئەقلی سروشتی"بدات...بەو جۆرە ڕەواجیان دا بە ڕێبازی:"ڕاستیی دوانەیی Two fold truth ،کە بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوانە بوو،چونکە بەرگری لە سەربەخۆیی زانست لە ئاین ئەکردو یارمەتیشی ئەدا تا لە ڕکێفی دیکتاتۆرییەتی کڵێسە سەرفراز بێ.

بە پێچەوانەی لاهوتییەکانەوە، هەڤالانی زانست لەگەڵ تیۆری چەقێتی خۆر بوون و بڕوایان بە بێ سنوری گەردوون و بە بیری توانستی هەبوونی ژیان لە سەر ئەستێرەکانی تر بوە...لە دانراوەکانیاندا بڕیارە زانستی و فەلسەفییەکانی ناو دانراوەکانی کۆپەرنیک و دیکارت و بایڵ و نیوتن و بیکۆن و گالیلو و گاسیندی و سپینۆزا...هتد یان بە بەڵگەی ئەرزۆك و پرچەڵ دائەنا...بەڵام نکوڵییان لە بوونی خوا نە ئەکردو بێگومان بوون لە هەبوونی.

"تاتیشیف" له ئیدیۆلۆگه ڕوسەکانی سەرەتا بوو کە هەولیدا زانست به پێی بابەخی کۆمەلایەتی بپۆلێنێ بە:زانستی "پێویست"(زمان و ئابووری و پزیشکی و لۆجیك ویاسا و لاهوت).بە زانستی"بە کەلك".(ڕێزمان، ڕەوانبێژی و حیساب وئەندازەو میکانیك وبیناو فیزیك وکیمیاو توێژین و ڕووەك زانی و زانستی فەلەك وجوگرافیا و مێژوو کرۆنگرافیا وهتد). "کەمال": (شیعرو وێنەکێشی و مۆسیقا و سواریی)، زانستی "بێکەلك": (شیمیا ودەست گرتنەوە...)، "زیان بەخش": (جیومانتیا، ئیرۆمانتیا، هیدرۆمانتیا...) ئەم جۆرە کردنەوەیە،هەرچەندە سنوور تەسك بوو بەلام نرخێکی دیارو هەست پێکراوی هەبوو بۆ بلاوکردنەوەی زانیاریە زانستییەکان وخەبات له دژی ئەفسانەو زانستە درۆزنانەکان.

مەتریالیستی لۆمۆنۆسۆڤ ١٧١١-١٧٦٥:

زانای سروشت و ئیدۆلۆگێکی مەتریالیستی بو، شوێنەواری نەمری له سەر پەرەسەندنی بیری زانستانەو سروشتی و فەلسەفی مرۆڤ بە جێهێشت.زانکۆی مۆسکۆی دامەزراند کە هەر بە ناوی خۆشیەوە ناونرا...هەرچەندە لایەنگری پاشایەتی لا ڕوونا‌ك بوو، بەلام دواکەوتوویی ڕوسیای تزاریی تتاوانبار کرد.بۆ چارەنووسی نیشتیمان بێ ئارام بوو... نەزانین و مشەخۆری و تەوەزەلی پیاوانی لاهوتی تاوانبار کرد...

بناغەی مەتریالیستی لە زانست و فەلسەفەی ڕوسیدا جێگیر کرد.لە دژی غەیبی و ئیدیالیزم بوو.. ئەیووت نابێ لاهوت دەست بخاتە ناو کاروباری زانست و فەلسەفەوە.پشت بەستنی زانست بە ڕاستییەکان و بە تێبینی و بە ئەزموونی دووپات ئەکردەوە نەك نووسنەکانی پەرتوکی پیرۆز.

لۆمۆنۆسۆڤ لە دیدی مەتریالیستانەوە لە سروشت و یاساکانی گەیشت و ڕا موتریالیستییەکانی لە سەر سروشت داڕشت و تیۆری تەنۆلکەیی لە پێکهاتنی مەتریال و تیۆری میکانیکی لە گەرمایی و یاسای پاراستنی مەتریال و جۆلەی دانا...لای ئەم زانایە یاساکانی سروشتیی سەرچاوەیەکی سروشتی هەیە کە هەموو تەنەکانی جیهان و دیسان وردیلە گچکەکان کە ئەو تەنانە دروست ئەکەن لەژێر ڕکێفیاندان.روناکی و ئەلەکتریك و موگناتیزو گەرمی وساردی و"جۆنایەتی سەرەتایی و سانەوری"بە مەتریالی دانا.

لۆمۆنۆسۆڤ هەموو ئەو گوڕانانەی بە سەر تەنەکاندا دێن ئەیبەستێتەوە بە حاڵەتی وردیلکە فیزیکییەکان خۆیانەوە، یان بەو گەردیلانەوە کە بەسەر خۆیاندا دابەش نابێ،هەروەها ئەیبەستێتەوە بە سروشتی جوڵانەوەکانیشەوە. ئەم یەکەم کەس بوو کە ٤١ساڵ پێش لافوازییە پاراستنی مەتریال و جولەی لە سروشتدا بە سەلماندنی تیۆری و ئەزموونیی دامەزراند،چونکە دوای ئەوەی پارچە کانزێکی لە قاپێکی داخراودا سوتاند لە سەرەنجامدا دەری خست مەتریالەکە چەند بوو

بەبێ زیادو کەم ماوەتەوە. ئەم یاسایەشی بە سەر جۆڵەدا گشتی کرد...هەر لەم یاسایەشەوە مەسەلەی سەرچاوەی جۆڵەی خستەڕوو.ئەیووت یەکەم جۆڵە بێ سەرەتایەو ئەبێت ئەوە بسەلمێنن کە ئەزەلییە."رافرێن" سیشی بە جۆڵەیەکی وەرگیراوو بەستراوە بە تەنێکی جۆڵێنەری تر دائەنا.تیۆری میکانیکی لە گەرمیدا سەلماندو ئەیوت:بەڵگەی تەواوی گەرمی هەر ئەخول جوڵانەوەی وردیلکەکانی مەتریال خۆیدایە.دیسان تیۆری جۆڵەی غازەکان و چەند تیۆرییەکی تریشی دانا.

هەر چەندە مەتریالیزمی لۆمۆنۆسۆڤ سەرجەم میکانیکی بوو، بەڵام ڕەگەزی دیالیکتیکی تیابوو...لە لێکولینەوەیتۆیژاڵ و چینەکانی زەویدا گەلێ بیری داهێنراو ی لەسەر چیاو خۆڵ و نەوت و خەڵوزی بەردین وەی درەخت وئەلەکترلو ی (کهرومائی)دانا،تا گەیشتە ئەو سەرەنجامەی بڵێ:ئەم ئەرزەی ئێمە زۆر لەوە کۆنترە کە کڵێسە ئەیلێ:

لە تیۆری زانینیشدا لەسەر زەمینەیەکی مەتریالانە وەستابوو...هەموو گۆڕانێکی ناو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی بەکاری تەنەکانی دەوروپشتی دائەنا،بەڵام حاشای لە ڕۆڵی خەیاڵ نە ئەکرد بۆ تێگەیشتنی واقیع،لەگەڵ ئەوەشدا ئامۆژگاریشی ئەکرد کە نابێت خۆی پێوە ببەستێتەوەو ئەبێ خەیاڵ و واقیع و ئەزموون پێکەوە بگونجێنرێن.

بەو جۆرە فەلسەفەی لۆمۆنۆسۆڤ ـ هەرچەندە میکانیکی بوو. بەلام بیری پەرەسەندنی تیا بوون بەرهەمێکی مەزنی فەلسەفی ڕوس و جیهانی سەدەی هەژدەیەم بوو،کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندنی ئایندەی فەلسەفەو زانستە سرۆشتییەکان.

بیری فەلسەفی سۆسیۆلۆژی ڕوناکبیرانی نیوەی دووەمی سەدەی ١٨:

را کۆمەلایەتییە ـ سیاسییەکانی ڕوناکبیرانی ڕوس،لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا،لە ژێر کارتێکردنی ئەو ڕاپەرینەی جوتیاران کە"بۆگاچۆڤ"سەرکردایەتی کرد دروست بوون،دیسان ڕوناکبیرە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوا کارێکی گەورەیان لە سەر ئەو دروست بوونە کرد.ئەم ڕوناکبیرانە ڕەخنەی توندو تیژیان نە زۆر لایەنی ژیانی دەرەبەگایەتی ئەگرت...بەتایبەتی لە زۆرداریی و بێ بەزەیی دەرەبەگان و پۆخلی فەرمانبەرانی دادگای قەیسەرەکان و نەزانی و مشەخۆر پیاوانی لاهوت.بەلام نەگەیشتنە هەلهێنجانی سەرنجامی شۆرشگێرانەی ئەو ڕووداوانە...گەورەترین هیوایان بە ڕوناکبیریی و مرۆڤ پەروەریی نوبەلا و بە"فەیلەسوفی دانیشتووی سەر تەختیی پاشایەتی هەبووە،هەلیان ئەدا چنی فرمانڕەوا دلّ نەرم بکەن تا پرنسیپەکانی ڕوناکبیریی وەرگرن و"یاسای باش"دابنێن و مروڤیان خۆش بوێ...هتد.

"نۆڤیکۆڤ" ١٧٤٤-١٨١٨، "ڤۆنڤیزین" ١٧٤٥-١٧٩٢ "بیسنیتسکی".
له ١٧٨٩دا کۆچی دوایی کردووه- له ئیدیۆلۆگه به نناوبانگه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مه بوون، ئه‌مان لایه‌نگری پاشایه‌تی ده‌ستووری بوون له ڕووی بابه‌تییه‌وه،ڕووی ته‌وژمی بورژوای دژ به به‌نده‌گێتی بوون که له‌ناو جه‌رگه‌ی سستێمی به‌نده‌گێتی‌دا دائه‌مه‌زرا. به‌شێك له فه‌یله‌سوفه‌کانی ئه‌و ڕۆژگاره هه‌ولیان ئه‌دا فه‌لسه‌فه له ده‌ست لاهوت سه‌رفراز بکه‌ن،چونکه به‌زانستێکی سه‌ربه‌خۆیان دائه‌نا ئه‌ویش "زانستی زانسته‌کان"ه. ئه‌م ڕوناکبیرانه،لۆجیك و سایکولۆجی و زانستی ڕه‌وشت و مان - یان به‌به‌شێك له فه‌لسه‌فه دائه‌نا،به‌لام لاهوتی و کابالی و ئه‌ستێره‌وانییان له‌وه به ده‌رکرد..

راکانی به شێکی تر له ڕوناکبیران ده‌رباره‌ی سروشت و یاساکانی و ده‌رباره‌ی مرۆڤ و سروشتی زانیاری مرۆڤ،به بناغه‌ی مه‌تریالیستی بوون به‌لام مه‌تریالیستێیه‌کی گومانیی بوون زۆر جاریش شێوه‌ی داینیزمی وه‌رئه‌گرت.پاشه‌کشێی ترسناکیان ق لاهوت کردو ژماره‌یه‌کیشیان له مه‌تریالیزم دوورکه‌وتنه‌وه و به‌ره‌و لاهوت چون .ئه‌مریی گیانیان سه‌لماندو نه‌گه‌یشتنه ڕاده‌ی نکۆلی کردن له یه‌زدان وه‌ك یه‌که‌م خولقێنه‌ر.ڕوناکبیران له کۆسمۆلۆژیدا له‌گه‌ڵ تیوری چه‌قێتی خۆردا بوون و بروایان به بێ کۆتایی که‌ون و بوونی ژماره‌یه‌کی بێ شومار له جیهان بووه...هه‌ندێك له‌و ڕوناکبیرانه هه‌وڵیان دا بیسه‌لمێنن که هه‌موو

شتێك لە جیهاندا بە پێی یاساكانی سروشت بەڕێوە ئەچن و لە ئەنجامی هاوپەیوەندی شتەكان لەگەڵ یەكدا پەیدا ئەبن.

"باتورین"ڕەخنەی لە وڕێنەی غەیبی ماسۆنییەكان وخۆ خەریككردنیان بە سیمیاو كابالی و ئەستێرەو دەست گرتنەوە و گەڕان بە دوای ئەكسیری ژیان و هتد...ئەگرت.

لـــــە مەلبەنـــــــدی مـــــــەزەبی مـــــــەتریالیزمی هەســــتییەوە"بـــاتۆرین"و"كۆزیۆلســــكی"و"ئەنتیشــكۆڤ" كەوتنـــە چارەسەری مەسەلەكانی تیۆری زانین.لەگەڵ "لۆك" لەسـەر ئـەوە پێـك هـاتن كـە هـیچ شـتێك لـە ئـەقڵی مرۆڤـدا نییـە كـە لـەوەو پـێش لـە هەستەكاندا نەبووبێت.

لە بارودوخی زاڵبوونی ئیدیۆلۆجی ئایینی دەرەبەگیدا،دانراوەكەی ئەنتیشكۆف"وتارێك لە لاهوتی سروشتیی دەربارەی سەرەتاو پەیدابوونی پاراستنی سروشتی"(١٧٦٩)و گەلێ دانراوەی تر نرخێكی زۆریان هەبوو...بیروڕای خوانەناسیی دژ بە ئەكلیرۆسیان خستەڕوو،دەركەوتنی باوەڕی ئایینیان بە ئەنجامی نەزانینی مرۆڤی كۆن و ترسی لە دیاردە ترسناك و نائاشكرا سروشتیەكان دائەنا.لە ڕووی بیری سۆسیۆلۆژییەوە،روناكبیرانی ڕوس مەسەلەی مافی سروشتی و پێكهاتنی كۆمەلایەتییان خستەروو... ژمارەیەكیان لە تیۆری مافی سروشتییەوە... گەیشتنە ئەنجامی دژ بە دەرەبەگایەتی و بەرگرییان لە جوتیارە بەندەكان ئەكرد."دیسنیتسكی"ئەیووت

مرۆڤایەتی بە چوار قۆناغدا تێپەڕیووە:قۆناغی ڕاوشکارو بەرهەمی سروشت کۆکردنەوە ،قۆناغی دووەم شوانکاری و ماڵات بە خێوکردن،سێیەم قۆناغی کشتوکاڵ،چوارەم قۆناغی بازرگانی...دەریشی خست کە مۆلکداریی لە سەرەتاوە نەبووە. دیسان ئەیووت:تاك هاوسەریی و لە ژنو مێردیدا،لە پلەکانی سەرەتایی مێژوویی مرۆڤدا نەبووە،بەڵکو هاوسەریی بە کۆمەڵ هەبووە،ئینجا بووە بە چەند هاوسەریی لە ژن یا مێرددا،لە دواییدا شێوەی جوتیی، واتە یەك ژن و مێردیی وەرگرتووە. ئەم گۆڕانەی دوایشی بە فاکتوری فیزیۆلۆگی دانەناوە،بەڵکو بەئەنجامی داخوازی زیاتری ئابوری،بە پێداویستی"سودی ئابوری"داناوە.

"تریتیکۆڤ"یش هۆی هەژاری و دەوڵەمەندیی ناو کۆمەڵی بە بوونی مۆلکداریەتی تایبەتی و کار دابەشکردنی داناوەو داوای ئەکرد کە کارو سامان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە سەر ئەندامانی کۆمەڵدا دابەش بکرێ.

نوسینی ڕوناکبیران لە دژی بەندەگێتی و ئایدیۆلۆژی غەیبی ئاینی بە ڕوونی دەری ئەخات کە ملمڵانێی ئیدیۆلۆژی لە نێوان ڕێبازی دژ بەبەندەگێتی لە دژی ڕێبازی دەرەبەگێتی ـ بەندەگێتی لە ڕوسیای نیوەی سەدەی هەژدەیەمدا بەرپابوە.

گریگۆری سکۆڤۆرۆدا(١٧٢٢ـ١٧٩٤) لە ڕوناکبیرە دەرکەوتووەکانی سەدەی هەژدەیەم بوو لە ئوکرانیا،هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ گەلی

زۆرلێکراودا دەرخستوە...کاری زۆر لا پیرۆز بووەو بێ کاری و تەوەزەلی تاوانبار کردووە، داوای ڕوناکبیریی و هاوکاری نێوان گەلی ئۆکرانیاو گەلی ڕوسیای ئەکرد...بیرە فەلسەفییەکانی دوانەیی Dualismبوون، بەلام هەندێ جار غەیبێتیی پێوە دیار بووە..بڕوای بە توانستی بێ سنوری ناسینی کەون هەبووە،سروشتی بابەتیی سروشت و یاساکان و بوونی ژمارەیەکی بێ سنوور لە جیهانی نناو کەونی سەلماندووە...ڕەخنەی لە سکولانیزمی سەدەی ناونجی و هەندێ لایەنی ئایینی ڕەسمی گرتووە...بوونی خوای ئەسەلماند هەروەك دروستکەری جیهان و هەندێ جاریش لەگەڵ سروشتدا جوتی ئەکرد.

ئەلکساندەر ڕادیشیف(١٧٤٩ـ١٨٠٢) لە پێشەنگەکانی بیری شۆڕشگێری ڕوسیا و تێکۆشەرێکی دەرکەوتووی دژ بەبەندەگێتی و زورەملێ و ئیدیۆلۆگێکی مەتریالیستی قوڵ بووە،لە هەشتاکاندا هەڵبەستە شۆڕشگێرانەکەی"ئازادی"بلاوبردەوە... لەسەر دانراوەو نوسینەکانی،بڕیاری خنکاندنی دراوە،لە دوواییدا کەم کراو بوو بە دە ساڵ دوورخستنەوە بۆ سیبریا، لەوێ پەیامە فەلسەفەییەکەی"دەربارەی مرۆڤ:مان ونەمانی"نوسی...کە گەڕاشەوە لەلێژنەی پۆلێنی یاساکاندا، گەڵێ پرۆژەی لە بەرژەوەندی بەندەکانی زەوی بە گشتیش گەلی زەحمەتکێشدا داناو سەر لە نوێ کەوتەوە

بەردەم هەڕەشەی دوورخستنەوە بۆ سیبریا، لە ساڵی ١٨٠٢دا خۆی کوشت.

لەدانراوەکەیدا"گەشتێك لەپوترسپۆرگەوە بۆ مۆسکۆ"(١٧٩٠) بەتوندی سستێمی بەندەگێتی بەتاوانبار داناوە و بەرگری لەجوتیارە بەندکان کردووە... بڕوای وابو کەدوور بێ یا نزیك گەل لەدژی زۆرداران ڕا ئەپەڕێ و بە زۆری هێز دەسەلاتی قەیسەر و دەرەبەگەکان ئەڕوخێنێ وهاوسانیی هاونیشتیمانان لە بەرامبەر یاسادا دەهێنێتە دی و یەکسانیش لە مافی مۆلکدارێتی بە ئەنجام دێنێ و مۆلکدارێتی تایبەتی گەورەو دابەشکردنی کۆمەڵ بە پلەی جیاجیاو مشەخۆری فرمانڕەواکان و تەوەزەلییان دوایی پێ دێنێ...بەڵام ڕیفورمیشی لا پەسەند بووەو داوای لە دەرەبەگەکان کردووە کە لە خۆیانەوە دەستبەرداری تەنگپێهەڵچنینی جوتیار ببن و بەندەکان سەرفراز بکەن ...بۆیە تیۆریستە بۆرژواو مێژونوسە کۆنەپەرەستە بورژواکانی ئەم سەردەمەش بەلیبرالیان لەقەلەم داوە...

مەتریالیزمی ڕادیشیڤ لەسەر بەرهومی زانستە سروشتییەکانی سەدەی هەژدەیەم دیسان لە سەر فرمانەکانی ئەنسکلۆپێدیستە فەرەنساوییەکان و نەریتی ئەو مەتریالیزمەی کە لۆمۆنۆسۆڤ بناغەی دارشت، دامەزراوە... مەتریالیزمەکەی لە بنچینەدا میکانیك و میتافیزیکییە و تێکەڵ بەرای ئیدیالیستانەیەوە دەربارەی ژیانی کۆمەلاتی بووە...تا ئەو کاتەش بە شێوەیەکی بنبڕ لەدالیزم ڕزگاری

نەبوبوو.فەلسەفەکەی لەدژی ئیدیۆلۆجیی ئیدیالیزم و ئاینە غەیبییەکەی خاوەن جوتیارە بەندەکان ئاراستە کردووە...رەخنەی لە فرمانی ماسۆنیی غەیبی و ڕێبازی ئیدیالیستی کۆنەپەرستانەی فەلسەفەو زانستە سروشتییەکان گرتووە...کڵێسەی تاوانبار کردووە چونکە لەگەڵ قەیسەردا لە دژی گەل بوون و پیاوانی لاهوت بەردەوام کۆتو زنجیری تۆپیا بۆ بەستنەوەی ئەقڵی مرۆڤ داهێناوە...

بروای بە مەتریالیستی سروشت بوو...ئەیوت:"بونی شت لە سەر ئەوە نەوەستاوە ئێمە چەندی لێ ئەزانین،بەڵکو هەر خۆی بو خۆی هەیە".

رادیشیف لای وابو کە ئاخاوتن(زمان)لای مرۆڤ بە بیرکردنەوەوە بەستراوە"ئامرازێکی کۆکردنەوەی بیرەکانە لە یەك تەیاردا، بیرکردنەوەو توانستی مرۆڤ بەرین و بالا ئەکات.

دەربارەی پەرەسەندنی جیهانی ئاژەلیش ، بە مرۆڤیشەوە، بروای بە تیۆری"دواپێکهاتن"ە Epigenesis . تیۆری"پێکهاتنی پێشین"یشی نکوڵی لێکرد.

رەخنەی لەو رایانە گرت کە لەلایان وابوو گیان نەمرەو ئەیوت ئەم بیری نەمرییە لە کاراسات و کوێرەوەری مرۆڤەوە داهاتووە.

لەرووی بیرە سۆسیۆلۆجییەکانیشیەوە:لای وابو ئەقڵی مرۆڤ و ڕوناکبیری هێزی بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەلایەتین. دیسان بایەخێکی گەورە ئەدات بە ڕۆڵی کار لەو پەرەسەندنەدا،داخی بۆ ئەوە ئەخوارد کە

بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابەش نەکراوە...لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوو کەئەبووت هەندێ گەل بەهرەی لە هی تر زیاترە و ئەیووت: "گەشانەوەی توانستی ئەقڵی گەل بەو هەلانەوە بەستراوەتەوە کە بۆی هەڵ ئەکەوێ". دیسان ئەیووت پێویستییە مێژوییەکان پیاوانی ناودار و هەڵکەوتوو دەخوڵقێنن. هێرشی ئەکردە سەر کۆلۆنیالیزمی ئینگلستان و ئەمریکاو وڵاتانی سەرمایەدارو بازرگانی کردنیان بە کۆیلەوە...

هەروەها ڕۆڵێکی دەرکەتووی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕوسیاو پەرەپێدانی بیری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوی ڕوس وازی کرد...لینین ڕۆڵی نیشتیمانیی ڕادیشیڤ لە دژی زوڵموزۆرداریی قەیسەرو دەرەبەگ و سەرمایەدارە جەللادەکان باش ئەنرخێنێ(٣٥).

روناکبیر و زانا مەتریالیستەکان لە کۆتایی سەدەی ١٨او سەرەتای سەدەی نۆزدەدا:

لە ژێر کارتێکردنی بیری ڕادیشیڤدا پۆپۆگایڤ و کاریسارۆڤ و مالینۆڤسکی و گەلێ ڕوناکبیری تر لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا،کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیری دژ بەبەندەگێتی لە ڕوسیا،پاشایەتی شێوە دەستوریی یا کۆمارییان لا پەسەند بوو،ڕەواجیان بە تێندێنسی مرۆڤایەتی ئەدا. دانراوەکانیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ڕوسیدا وازی کرد...

لەناو بەرگریکردن لە تیوری مەتریالیستی لە زانینداو لە دیدی زانستیانەی سروشت، رەخنەیان لە رای ئیدیالیستی خۆیی دەربارەی زەمان و زەمین ودیسان تێندێنسی نازانمی و پێشبینی"کانت"گرت."لۆبکین" بەرامبەر دابەشکردنەوەکەی"کانت"وەستا کە تەنەکانی دەوروپشتمان دابەش ئەکات بەتەنی واوە کە ناسینیان زەحمەت بێت...هەروەك روناکبیرانی سەدەی هەژدەیەم ئەیووت: وەرگرتنی زانین بە سێ پلەدا تێپەڕ ئەبێ.دیسان ئەیووت بابەتی تیۆری فەلسەفە: زانینی فەلسەفییە، ئەمیش زانینی بوون وپەیوەندی و پێك بەستراوەیی شتەکانەوە هی سەرجەم ئەم هۆیانەیە کە دۆخ و سیفەتی دیاری ئەداتێ...

بیری فەلسەفیو سۆسیۆلۆژی دیسەمبەریەکان:

چالاکی نوبەلا شۆرشگێرە دیسەمبەرییەکان، پلەیەکی گرنگ لەمێژوی بزوتنەوەی رزگاری خوازانە بیری کۆمەلایەتی و سیاسی و فەلسەفی یەکەم چارەکە سەدەی نۆزدیەم لەروسیادا پێك ئەهێنی... لینین لەکاتی باسکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانە لەروسیادا ئەم بزوتنەوەیە بەسێ قوناغی‌گرنگدا تێپەڕ بووە کەلەگەڵ هەرەسی چینە سەرەکیەی کۆمەلگەی روسدا رێك ئەکەوێ و بزوتنەوەکەشی بەسروشتی خۆی مۆرك کرد:

١ـ قۆناغی نوبەلا ١٨٢٥ـ ١٨٦١.

٢ـ قۆناغی بورژوازی ـ دیموکراسی ١٨٦١ـ١٨٩٥.

٣. قۆناغی پرۆلیتاریا لەساڵی ١٨٩٥ـەوەتا ئیستاکە.(٣٦)

هەڵوێستی فەلسەفی دێسەمبەرییەکان تەباو هاوڕەگەز نەبووە، زۆربەیان ڕای خوانەناسی، یان ڕزگاریخوازانەو دیدی مەتریالیستانەیان بۆ سروست هەبووە..."ئیڤان پاکۆشکین"نیکولای کرۆکۆڤ"و"ئەلەکسەندەر باریانتسی"وگەلێکی تریا، مەتریالیستانە سروشت ویاساکانی ، یان ئەسڵی زانیاری مرۆڤ و شەقڵی ئەو زانیاریان لێکداوەتەوە... ژمارەیەکشیان بیر ئازادو بەگومان بوون، لەباوەڕە ئاینییەکان و گاڵتەیان بەپیاوانی کڵێسە ئەکرد، بەڵام بەئاشکرا بانگی مەتریالیزم و ئیلحادیان هەڵنەدابوو.

دێسەمبەرییەمان داوایان ئەکرد فەلسەفە زانستێکی سەرەخۆو ڕزگاربوبێ لەفرمانەکانی کڵێسەو لەپێوەندی سکولانیزم. بروایان بەیەکخستنی زانست و ئاین نەبووە.لای"پاکۆشکین" مرۆڤ لەجیهانی ئاژاڵەوە هاتووەهەر تەنها کۆمەڵش مرۆڤ ئەکاتە گەورەی سروشت.

هەندێکیان بڕوایان بەفرمانە ئاینەکان هەبوو."لۆنین" دانی بەنەمریی گیان و سەرپەرشتیی یەزدان بووە..."بۆبریشیڤ ـ پۆشکین" ئەیووت:جیهان بۆیەزدان دروستکراوە، گیانی یەزدانیی، بەهرەی قسەکردن و گیانی ئاقڵ و نەمری بەمرۆڤ بەخشیوە.

لەرووی ڕا سۆسیۆلۆژینەکانیشەوە... هەڵوێستی دێسەمبەرییەکان لەپرۆسەی کۆمەڵایەتی ـ مێژوویی دا، سروشت ڕۆناکبیریی بوون، چونکە ڕوناکبیرییان بەرەنگدانەوەی گیانی سەردەم و هێزی سەرەکی بەسنور

بـۆ پێشـكەوتنی كۆمەڵایـەتی دائـەنا. بایـەخێكی زۆریـان ئـەدا بـەبیری سیاسی و ڕۆڵی لە پەرەپێدنی كۆمەڵدا..."ریلیێف" لای وابـو كەئـەزانین هـێزی زۆرداریـیـەو پێچـەوانەی سرۆشـتی كۆمەڵـە، مـرۆڤ بـەهۆی ڕۆناكبیرییەوە ئەیەوێ"زۆرداریی بگۆڕێ بەئازادی"... دێسـەمبەرییەكان لایەنگیریی تیۆری مافی سروشتی و پێكهاتنی كۆمەڵایەتی بوون كـە لـە بناغەدا ئیدیالیستی بوو.

"بیستیل" ئەیووت:خواستی" ڕازیكردنی پێویستییەكانی كۆمەڵ" پاڵی ناوە بە مرۆڤەوە تا لەكۆمەڵدا بژی... كۆیلەتی لای ئەم ڕوناكبیرە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤایەتییەو لەئەنجامی بەزۆری هێزی پێشێلكردنی یاسای سروشتی و پیكهاتنی كۆمەڵایەتی و بەهۆی"باری بەدبەختی و زورداریی هەندێك لەدژی هەندێكی تر، بەتایبەت سەركردەكان" پەیدا بووە...

دێسەمبەرییەكان دیاریبان بۆ ئەوە كرد كەملمڵانێی چینایەتی لەكۆمەڵدا لەسەر بنچینەی مولكداریی‌و ناهاوسانی لەپلەو پایەو ڕامیاریدا وەستاوە...بەڵام دەركییان بەو ڕاستییە نەكرد كەململانێی چینایەتی ئەنجامی مولكداریی تایبەتی ئامرازی بەرهەمهێنانە.. ئیتر ئەو خاوەندارێتییە بەهەر شێوەیەك بێ... دیسان لەشۆڕشی گەل ئەترسان و ئەویان دووپات ئەكردەوە كە لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی خوێندەواری ویاسای باش ئەبێ خو لەبەرەنگاربوونی كۆمەڵایەتی لابدرێو مولكدارێتی تایبەتی ئامرازی بەرهەمهێنانیش بهێڵرێتەوە...

دیسان ڕۆلی جەماوەری گەلیان دەرك پیکردو لەبەرچاویان ئەگرت، "کرۆکۆڤ" ئەیووت" لەگەڵ ئەتوانرێ هەمووشتێك بکرێ، وبێ ئەویش هیچ شتێك ناکرێ"و"مێژوی تایبەتە بەگەل" و ئەوەی مێژو ئاراستە ئەکات" ڕای گشتی"یە.ڕاکانیشیان دەربارەی"جوانیی" لەوتارە ئەدیبە ڕەخنەگرییەکان و دانراوە ئەدەبییەکاندا بلاوکرانەوە کە" ڕیلییێڤ" و "ئاریڤسکی" و هتد... نوسییان... بەهۆی ئەم بیرانەشەوە داهێنەریی شاعیری گەورەی ڕوس"پۆشکین" پەرەیسەند. بەگشتی هەوڵیان دا هونەر لەخزمەتی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا بێو سروشتێکی نیشتمانی بەرزو بەتەوژمی شۆڕشگێڕانەی بدەنێ."ریلییێڤ" لای وابوو ئەبێ بناغەی داهینان لەچیرۆك و ئەفسانە کۆنەکانی گەلەوەبێ... شۆێنەواری ئەمان لەسەر شانۆی ڕووداوە کۆمەلایەتییەکان بەقوڵی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی ڕوس دیار بوو. لینین نرخاندنێکی بەرزی بۆ: بیری شانازیکردنی دێسەمبەرییەکان بەئازادیو بیری کۆماریی و خەباتیان لەدژی زۆرداریی و زۆرەملێی خاوەن جوتیارە بەرزەکان... کردووە.ئەوەی دەرخست کەهەرچەندە نوبەلا شۆڕشگێرەکان بیرتەسك بوون و ترسناکانە لەگەل دوور بوون... بەلام ڕاپەڕین و ڕاشۆڕشگێرانەکانیان نەوەیەکی تەواوی ڕاپەڕاندو نەوە دیموکراتە شۆرشگێرەکایەن خستە چالاکییەوە.

بەو جۆرە سەردەمی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دا... کاتەکانی دروستبوون و پەرەسندنی نەریتی

مەتریالیستانە بوو لەفەلسەفەی ڕوسدا بەهاوپەیوەندی بەگەڵ بەرهەمەکانی زانستی سروشتی و بەپەیوەندی لەگەڵ بەرهەمەکانی زانستی سروشتی و بەپەیوەندی بەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دژ بەقەیسەری و بەندەگێتیدا...

بەشی شەشەم

- فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی
- ڕیشەی مێژوی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی
- فەلسەفە پێشکەوتوانەکەی کانت
- فەلسەفەی فیختە
- فەلسەفەی ئیدیالیستی بابەتی شیلنگ

فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی

ـ ڕیشەی مێژوویی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی

ئەوروپای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە گۆڕانێکی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوسەر بەشێوەی بەرهەمی سەرمایەداری بەخۆوە بینی و پایەگاو دەسەڵاتی ئابووری چینی بورژوای تیا بەهێز بوو. شۆڕشەکانی بۆرژوا لەسەدەی حەفدەو هەژدەدا ڕێگەی لەبەردەم پەرەسەندنی سەرمایەداریدا خۆش سستێمی دەرەبەگی و بەس، بەڵکو لەهەموو ئەوروپای خۆرئاواشدا. شۆڕشی مەزنی بۆرژوای فەرەنسە ١٧٨٩ ـ ١٧٩٤، لە هەموویان زیاتر کاریگەر بوو... چونکە کارتێکردنی گەورەی کردەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی وڵاتانی ئەوروپاو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دژ بەدەرەبەگایەتی تیا ڕاپەڕان و بووە یارمەتیدەری پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی بورژوای نوێ و پێشکەوتوو لەو سەردەمە مێژووییەدا، ئەو ئایدیۆلۆژییەی کەمافی هەر مرۆڤێك لەئازادی و خۆشگوزەرانی و موڵکداریی تایبەتیدا ئاشکرا کرد، لە کاتێکدا کە ئایدیۆلۆژی دەرەبەگێتی حاشای لەو مافە نەکرد. ئایدیۆلۆژی بۆرژوای شۆرشگێڕلە ڕووی مێژووییەوە مرۆڤی کردە بەرزترین گیانلەبەرو گەورەی سروشت. ئیدیۆلۆژە بۆرژواکان بڵاویان کردەوە کە مرۆڤ هاتۆتە

ناو سەردەمێکی نوێوە... ئەوەش سەردەمی پێشکەوتنی بەپەلەی کۆمەڵایەتییەو هەڵگری ئەو خۆشگوزەرانییەیە کە لەژێر سایەو سێبەری ئەقڵ و ئازادیدا داوای ئەکەن. بەڵام ئەو بۆرژوایانەی لەدژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەرەبەگایەتییە ڕزیوەکان خەباتیان ئەکردو بانگەوازیان بۆ پەیوەندییە بۆرژوازییەکان هەڵئەداو بەسروشتی و ماقوڵ ئەهاتنە پێش چاویان، تا ئەو کاتە ئەو ناکۆکییە قووڵانەی ستێمی سەرمایەداری ئەبەن بەڕێوە نەیانئەبینیبوون.

پەرەسەندنی سەرمایەداریی پەیوەندییە ئابوورییە دەرەبەگێتییەکانی داتەپان کە کۆسپی ڕێگەی پێشکەوتن بوون و بەش و چینی کۆمەڵایەتی نوێی هێنایە ڕوو، پێویستی کۆمەڵایەتی و سەڵتێتی نوێی خوڵقاند. شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلستان، زۆر فراوانبوونی بەرهەمی کارو قەبارەو تەوەری بەرهەمی کۆمەڵایەتی و ئەو پێشکەوتنانەی زانستە سروشتییەکان بەدییان هێنا... ئەمانە هەروەك نیشانەکانی سەر ڕێگەی بەرەو ئەو پێشکەوتنە سەرجەمییە ئەکەوتنە پێش چاو.

بەڵام هێشتا دەرەبەگێتی لەڕووی ڕامیارییەوە تەواو لەناو نەچووبوو تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کەچینی بۆرژوا جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی گرتبووە دەست، هێزە کۆمەڵایەتییە دەربەگییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان ئەبینی. لە وڵاتانی تریشدا کەزۆربە بوون... دەرەبەگێتی بەوەش ڕازی نەئەبوو کەچینی بۆرژوای تازە ڕەسیو هاوبەشی دەسەڵاتی بکات.

گەڕانەوەی پاشایەتی ئال بۆربۆنی نیمچە دەرەبەگ لە فەرەنسا، کۆنگرەی ڤییەنا کە هەموو هێزە دەرەبەگ و پاشایەتییەکانی یەك خست... گەورەترین بەڵگە بوون بۆ دانەتەپانی کۆنەپەرستی تا ئەو کاتە، زیاتر لەوەش هەوڵی خۆئامادەکردنی هێرشێکی پێچەوانەی ئەدا.

بەڵام چینی بۆرژواش هەستی ئەکرد وا مەترسی هەڕەشە لەجێگەو پایەی ئەکات، نەك هەر لە ڕاستڕەوەکانەوەو بەس، بەڵکو لە چەپیشەوە... لەجەماوەری ڕەتاوەو چەوساوەو، ئەو جەماوەری کەسەرکەوتنی سەرمایەداری و پێشکەوتنەکانی زیاتر بێ بەش و هەژارو ڕەتاوەی ئەکرد... هەروەك ناکۆکی ڕیزەکانی "تاقمی سێیەم" تەنانەت لەکاتی شۆڕشە بۆرژواکانی سەرەتادا... ئەو ناکۆکییانە پەرەیان سەند، ئیتر لەگەڵ سەرکەوتنی چینی بۆرژواو دەسەڵات وەرگرتنیدا. زوو بوون بەململانێی چینایەتی ئاشکرا. لەو بارودۆخەدا ئایدیۆلۆژی چینی بورژوا کە هەرگیز تا سەر شۆڕشگێڕ نەبووە. زیاتر مەیلی سازشی لەگەڵ هێزە کۆنەکاندا ئەکرد. دیسان هێزی دەرەبەگەکان لای خۆیانەوە دەستیان کرد بەخۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێداو ئەبوونە بورژوا. ئاشکرایی ئەو ناکۆکیانەو مەیلی سازشکاری، بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا لەکاتێکدا خۆیان نواند، کە پەرەسەندنی سەرمایەداری ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە کۆسپ و تەگەرەی سیاسی و ئابووری بوو... بۆیە لە کاتێکدا ئینگلستان بەهۆی شۆڕشی بورژواو کودەتای پیشەسازی بوو بەگەورەترین دەوڵەتی سەرمایەداری لە جیهاندا، فەرەنسە ستێمی

دەرەبەگایـــەتی داتەپانـــدو کەوتـــە ســـەر ڕێـــڕەوی پەرەســـەندنی ســـەرمایەداری. ئەڵـــەمانیاش بەدابەشـــکراوی، لـــەڕووی ئـــابووری و سیاسییەو، بەچەندین دەوڵەتۆکەی بچکۆلەو نیمچە

دەرەبەگییەوە مایەوە، موڵکدارێتی دەرەبـەگێتی زەوی و پاشماوە جۆربەجۆرەکانی یاسا دەرەبەگایەتی و سستێمی داخراوی دەستەگەری و بوونی ژمارەیـەکی زۆر لەدەوڵەتـە سـەربەخۆو ستێمە کۆنەپەرست و مونارشـــییەکان... ئەمانـــە نـــەك هـــەر کۆســـپ و تەگـــەرەی ڕێگـــەی پەرەســـەندنی ســـەرمایەداریی وڵات بـوون و بـەس، بـەڵکو زیـاتر هـۆی دواکەوتنی ئابووریش بوون، بەبـەراوورد لەگـەڵ وڵاتـانی تـری ئـەورووپادا دوای ئەوەی ئنگلس دیمەنی ئەو ماوەیەی ژیانی ئەڵـەمانیا ئەنەخشێنێ دێتـــە ســـەر ناونـــانی ئـــەو ســـەدەیە بەســـەدەی شـورەیی سیاســـی و کۆمەڵایەتی... لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ ئـەوەش ئـەکات کـە لەهـەمان کاتدا سەدەیەکی مەزنی مێژووی ئـەدەب و فەلسـەفەی ئەڵـەمانی بـوو، "هەموو نووسەرێکی دەرکەوتووی ئـەو سـەدەیە مێشك پڕبـوو لـەگیانی بێزاری و یاخیبوون لەدژی هەموو ئەو شتانەی ناو کۆمەڵگەی ئەو کاتەی ئەڵـەمانیا.. "(٣٧). ئـەوەش هـەر بەتـەنها بـەدانراوەکانی شـیللەرو فیختـەوە نەبەسـترابوونەوە، بـەڵکوو کردارەکـانی نوێنـەری گـەورەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیاشی ئەگرتەوە کە: کانـت و فیختـەو هـیگڵ بوون. دیسان ئنگلس ئەوەشـی دەرخسـت کەشۆڕشـی بـیری ئەڵـەمانیا: هەروەك هی فەرەنسە، دوای شۆڕشێکی دووردرێژی فەلسـەفە ڕووی دا

کەبووە بنچینەی بیریی شۆڕشەکە. بەڵام فەیلەسوفە ئەڵمانیەکان کە لەگەورەپیاوانی شۆڕشی فەلسەفیی ئەڵمان بوون، بە پێچەوانەوەی ڕووناکبیرانی فەرەنسە ـ هۆلباخ و دیدرۆ... هتد ئیدیالیست بوون. هۆی ئەوەش دواکەوتویی ئابووری و لاوازی بورژوای ئەڵمانیا بوو کە لەباریدا نەبوو گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکان لەدژی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییە باوەکان ئەنجام بدات، ئینجا ئامادەی سازشکاری ئاشت بوونەوەش بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ڕێبازی ئەو فەیلەسوفە ئایدیالیستانە هەندێ تەقەلای وای تیا بوو کەبیسەلمێنن چۆن پێویستە ئەڵمانیا بەڕێگەی سەرمایەداریدا بڕوات. بۆ ئەوەی بواری گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی ئەقڵ و ئازادیی ـ جەوهەری ژیان و ئامانجی ـ هەڵبخرێ.

مارکس فەلسەفەکەی کانت بەپەیامهێنەری فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و تیۆری ئەڵمانی بۆ شۆڕشی بورژوای فەرەنسی داناوە. هەمان پێناسیش، تا ڕادەیەکی زۆر، بەسەر فەلسەفەی فیختەو هیگڵ دا جووت دەبێت(٣٨).

یەکێك لەبەرهەمە مەزنەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی چارەسەکردنی ڕێگەی دیالیکتیکی و لۆجیکی دیالیکتیکی و فۆرمەلەی ئەو یاسایانە بوو کە جڵەوی پرۆسەی پەرەسەندنیان بەدەست بوو، هەرچەندە لەمەڵبەندنی ئایدیالیستانەی هەڵەوە بوو... سروشتیشە کە

بپرسین چۆن ئایدیۆلۆژە بورژوا لاوازەکەی ئەڵمانیا توانی ئەو هاوبەشییە گرنگە لەپەرەپێدانی دیالەکتیکدا بکات؟.

مێژووی فەلسەفە ئەوەیان دەرخستووە کە دەرکەوتنی بیروڕا فەلسەفییە پێشکەوتووەکان لەوڵاتانی، بەبەراورد، ئابووری دواکەوتە شتێکی دەگمەن نەبووە. ئەگەر ئەو وڵاتانە بەهۆی باروبوخی بابەتیی پەرەسەندنیان، سوود لەتاقی کردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتوتر وەربگرن، بۆ نمونە فەرەنسای سەدەی هەژدەیەم لەرووی ئابوورییەوە دواکەوتووبو... بەبەراورد لەگەڵ ئینگلستاندا... لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی ژیانی هۆلباخ و دیدرۆو هیلفینیوس بوو... بەفەلسەفەی مەتریالیستەکەیانەوە، کە بەترۆپکی فەلسەفەی مەتریالیستی سەدەی هەژدەیەم دادەنرێ، بەڵام فەلسەفەی فەرەنسە لەو سەدەیەدا پشتی بەفەلسەفەی مەتریالیستی سەدەی حەڤدەیەمی ئینگلستان و مەتریالزمی سپینۆزا بەستبوو. سەرەڕای ئەوەش گرژی باری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەربەگێتییەکان... خەملیویی شۆڕشگێڕیتی بورژوای فەرەنسە... بنچینەی ئابووری - کۆمەڵایەتی مەتریالیزمی فەرنسە بوون...

لە ئەڵمانیاش شتێکی هاووێنەی ئەوە ڕووی دا... ئەوەبوو فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی بەرهەمی بیری فەلسەفەی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپای کرد بەپایەگای خۆی.

مەتریالیستە فەرەنسییەکان زەمینەی بیری شۆڕشی ۱۷۸۹ ـ ۱۷۹٤ یان ئامادەکردو ئینجا کاری ڕزگاریخوازانەی لەسەر فەیلەسوفەکانی ئەڵمان کرد. ئەو گۆڕانە گەورانەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێوەی شۆڕشگێڕانەی داتەپانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی بەدرێژایی چەندین سەدە زاڵ بوون، لای نوێنەرانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ڕۆڵێکی گەورەیان وازی کرد لەفۆرمەلەی دیدی دیالیکتیکانە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵ. هەندێك لەفەیلەسوفەکان تەقەلایان ئەدا دیدێکی سەرجەمی بۆ مێژووی دیالیکتیك دابنێن، لەوانە (نیکۆلای ئۆف کۆزاو لیپنتن) بوون. لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زانا گەورەکانی بواری زانستە سروشتییەکان دەرەکیان بەو کرد کە ئیتر لێکدانەوەی میکانیکی و میتافیزیکیی دیاردە سروشتییەکان بەتەنها بەس نییە... ئیتر مەسەلەی بوونی شێوەی نامیکانیکی (شیمیاوی و بایۆلۆژی و... هتد) بۆ جوڵەی مەتریالییان خستەڕوو، وە لەدژی ئەو ڕایە وەستان کە ئەڵێ مەتریالی تایبەتی بێ سەنگ و بسوت (گلوجستین) هەیە، دیسان بەریەرەکانیی هەموو ئەو گریمانەیان ئەکرد کە ئەیانووت ڕەگەزی مەتریالی سەرەتایی بێ سەنگ هەیەو تیشك و دەنگ و گەرمییان لێ دروست ئەبن.

نرخی مێژوویی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ـ لوتکەی فەلسەفەی پێش مارکسیزم ـ بەتایبەتی لەوەدایە کەیەکێك لەسەرچاوە تیۆرییەکانی مەتریالیزمی دیالیکتیکی و مێژوویی پێکدەهێنێ. لەو بارەیەوە لینین

ئەڵێ: "... مارکس لەسنووری مەتریالیزمی سەدەی هەژدەیەمدا نەوەستا بەڵکو فەلسەفەی بەرەو پێشەوە پاڵپێوەنا. مارکس فەلسەفەی بەبەرهەمی ئەنجامەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی و بەبەرهەمەکانی مەزەبی هیگل، کە ئەمیش بووە هۆی پەیدا بوونی مەتریالیزمی فیورباخ کەدیالیکتیك هەرە گرنگەکانی بێ بەربەرەکانی بوو، دەوڵەمەند کرد"(٣٩).

ئا ئەوەبوو باروئۆخی مێژوویی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی.

فەلسەفە پێشکەوتوانەکەی کانت:

عەمانوئێل کانت لەساڵی ١٧٢٤دا لەشاری کویجنسبورگی پروسی هاتۆتە جیهانەوەو خوێندنی تیا تەواو کردووەو بۆتە مامۆستای زانکۆو ئینجا بەڕێوەبەری. هەر لەم شارەشدا هەموو دانراوەکانی نووسیوەو لەساڵی ١٨٠٤دا کۆچی کردووە.

کانت بەتەنها فەیلەسوف نەبووە، بەڵکو لە بوارەکانی ئەنسرۆپۆلۆژی و جوگرافیاو فیزیك و کۆسمۆجۆنیدا زانایەکی سروشتیش بووە. جگە لە فەلسەفەش وانەی لەزانستەکان سروشت ـ ماتماتیك میکانیك و فیزیك و جوگرافیا و ئەنسرۆپۆلۆژی و مێژووی سروشتی گشتیی ـ دا وتۆتەوە.

کانت لەپەرەسەندنە فەلسەفییەکەیدا بەدوو پلەی جیاوازدا تێپەڕیووە: لەپلەی یەکەمدا (تا سەرەتای حەفتاکان) هەوڵی داوە مەسەلە فەلسەفییەکان چارەسەر بکا کەمەسەلەی بوون و فەلسەفەی

سروشت و ئایین و رەوشت و لۆژیك دەگرنەوە، ئەوەش لەو بڕوایەوە بووە کە ئەتوانرێ فەلسەفە وەکو زانستێکی تیۆری تێوردبونیی فۆرمۆلە بکرێ بەبێ پەنا بردنە بەر ئەزموونی پراکتیکی. بەڵام لەپلەی دووەم دا (لەسەرەتای حەفتاکانەوە) کانت هەوڵیدا ـ Phenomenons دیاردەی ـ شتەکان لەخودی شتەکان جیا بکاتەوە، هەروەك خۆیان چۆن هەبوون "خودی شتەکان" Nounienens ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە ناتوانرێ "خودی شتەکان" مان لەناو ئەزموونەوە بدرێتێ. لەم پلەیەدا کانت هەوڵی ئەدا ئەوە بسەلمێنێ کەشتەکان یان خودی شتەکان لەزانین یاخین و ناتوانین جگە لە "دیاردەکان" یان ئەو ئامرازەی بەهۆیەوە "خودی شتەکان" کار لەئێمە ئەکەن، هیچ شتێکی تر بناسین. دیسان لە پێکهاتن و پەیدابوون و سنووری هەموو جۆرە ئەرکێکی زانین ئەکۆڵێتەوە... ئەم ماوەیە فەرمان و کارەکانی کانت ڕوخسار نازانمی Agnostiism بوون کە خۆی ناوی نا "ڕەخنەی ئەقڵ".

کانت ئەوەی ئەزانی کە بۆچوونەکانی، توانستی ئەقڵ سنووردار ئەکات، بەڵام لای وابوو کەئەمەش کارێکی پێویستە بۆ پەرەسەندنی زانستەکان، هەموو ئەو قسانەی پووچ ئەکردەوە کە دەیان ووت توانستی "سەلماندنی" لۆژیکی بوونی کە ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ پەرەسەندنی زانستەکان ، لۆژیکی بوونی یەزدان و جیهانی غەیبی لە ئارادایە. لەلایەکی تریشەوە کانت وای دائەنا کەبڕوا بەیەزدان هەر

لەتوانادا نییەو بەس، بەڵکو ئەوە هەر کارێکی پێویستە چونکە بێ بوونی بڕوا ناتوانرێ پێویستییەکانی هۆشی ڕەوشتیی لەگەڵ هەبوونی شەڕ لەجیهانەکەماندا بسازێنرێ.

پەرەسەندنی بیری فەلسەفیی کانت ڕەنگدانەوەی ئاشکرای لاوازیی بورژوای ئەڵەمانیای ئەو سەردەمە بوو. بە چاوپۆشین لەو ئەنجامەی کانت لەپلەی دووەمی ژیانی فەلسەفییدا پێی گەیشت کە تێندێنسی ڕووەو لاهووت بوو... وا ئەو ڕێگەیەی کانت گرتبووی و ئەو هۆیانەی پاڵی پێوەنا "ڕەخنە" لە ئەقڵ بگرێ، لەسەر ڕەگی قووڵی گنۆسیۆلۆژی وەستابوو کەزۆر جار ئەکەوتە ناکۆکی ئاشکراو ڕووبەڕوو لەگەڵ تەقەلاکانیدا بۆدۆزینەوەی سەرچاوەی بڕوا لەسەلمێنراوەکان Postulates ئەقڵی پراکتیکدا.

لەسەر ئەو ڕێگەیە کانت هەوڵی ئەدا:

١- سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی شێوەی زانینی زانستیانەو فەلسەفی بدۆزێتەوە.

٢- ئەو بناغەنەی، یەقینیی زانیارییە ماتماتیکی و سروشتیەکانی لەسەر وەستاوە بخاتە ڕوو.

٣- کۆڵینەوەی وێنەو واتاکانی بیرکردنەوەی زانستانە بکات.

سەبارەت بەوەی کانت لەپلەی دووەمی پەرەسەندنی فەلسەفییدا ڕەخنەی لە ئەقڵ و ئامرازەکانی تری زانین گرت... بۆیە لەم پلەیەدا فەلسەفەکەی بە "فەلسەفەی ڕەخنەگری" ناو ئەبرێ. بەڵام ماوەکانی

پێش حەفتاکان کە تەنها سەرەتای ئەو ڕێبازە ڕەخنەگرانەیە بوو... کە بەپلەی "پێش ڕەخنەگری" ناونراوە.

پلەی "پێش ڕەخنەگری" و کارە زانستی و سروشتیەکانی کانت:

لەپلەی پێش ڕەخنەگری دا کردارەکانی کانت لەبواری زانستی سروشتیدا شان بەشانی کردارە فەلسەفییەکانی، جێگەیەکی گرنگیان بۆ خۆیان گرتووە، لەوانە: مەسەلەی پەرەسەندنی لەسروشتدا خستۆتە ڕوو. لێرەدا کانت بە پێچەوانەی "نیوتن" تەقەلا ئەدا کە پرنسیپەکانی زانستی نوێی سروشت بەکار بهێنێ نەك هەر بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتنی سستێمی ڕۆژ لەو سەردەمەدا، بەڵکو بۆ لێکدانەوەی جۆری پەیدا بوونیشی بەکاری ئەهێنا.

کانت "گریمانێکی" بلیمەتانەی زانستیی داناو ئەڵێ: سستێمی ڕۆژ لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر تەنۆلکەی مەتریالی پەخشانی ناو ئاسمان دروست بووەو لەو کاتەشەوە، بەپێی یاسا فیزیکییەکان کە نیوتن دۆزینیەوە، پەرەی سەندووە. کانت هەر بەتەنها بەکۆڵینەوە لە تیۆری گشتی پێکهاتنی ستێمی ڕۆژەوە نەوەستا بەڵکو خۆی تەرخان کرد بۆ کۆڵینەوە لە زۆر مەسەلەی تایبەتی هاوپەیوەند بە مێژووی ئەرزەوە، ڕۆڵی "هەڵسان و داچوونی" لە مێژووی زەویدا خستەڕوو، سەلماند کە ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی سیستمی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا.

لە فیزیکیشدا نیسبییەتی "وەستاوو جوڵەی" سەلماند، بەوەش بیرەکانی دیکارت و گالیلۆی لەو بوارەدا پەرەپێدا. لە بایۆلۆجیشدا

بیری پۆلێنی جیهانی ئاژەڵی، بەپێی وەچەو زنجیرەی بنەچە، هێنایە کایەوە.

لە کارە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانیشدا بیری مێژووی سروشتیی ڕەگەزەکانی مرۆڤی خستەڕوو. ئەنگڵس دیارە بۆ ئەو لایەنە ئەکات و ڕوونی ئەکاتەوە کە ڕاکانی کانت دەربارەی پەرەسەندن لەسروشتدا سنووردانان بو بۆ تەواو زاڵبوونی شێوەی بیرکردنەوەی میتافیزیکی لای زاناکانی سروشت (٤٠). کانت لەناو ڕاکانیدا لەسەر پێکهاتنی سستیمی ڕۆژ، زۆر داشکانی بۆ ئایین بیری تیۆلۆگی کردووە.

بەڵام کردارەکانی کانت لەپلەی "ڕەخنەگری"دا کەفەلسەفەی بوون، لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی لیبینتز فۆڵف دابوون. کانت لەسەرەتای حەفتاکاندا فەلسەفەکەی لەدانراوەکانیدا: "ڕەخنەی ئەقڵی پوخت" ـ ١٧٨١ ـ، " ڕەخنە لەئەقڵی پراکتیکی " ـ ١٧٨٨ ـ " و ڕەخنە لەبەهرەی حوکمڕانی " ـ١٧٨١ ـ دارشت. بەرهەمی یەکەم: ڕاکانی کانت دەربارەی زانین دووەم: ڕێبازی ڕەوشتی. سێیەم: بیرەکانی جوانیی و ڕێبازی تیۆلۆگی تیا بوو... لەو هەموو بەرهەمانەدا کانت لە تیۆریەکەیەوە "خودی شتەکان" Noiumenons و "دیاردەکان" Phenomenons دەست پێ ئەکات و ئەڵێ: جیهانێکی سەربەخۆ لە هۆش (لەهەستەکان و لەبیر)دا هەیە، ئەوەش جیهانی شتەکانەو کانت ناوی نا "خودی شتەکان". پرۆسەی زانین بەوە دەست پێ ئەکات کە "خودی شتەکان" کار ئەکەنە سەر ئەندامانی هەست و هەستیان تیا ئەجولێنێ. لەم

بەشەی بابەتەکەی، بابەتی بوونی "خودی شتەکان"، کانت فەیلەسوفێکی مەتریالیستە، چونکە ئەوانە بەیەکەم بوونی شتەکانی جیهانی مەتریالی دائەنێ نەك هۆشی. بەڵام کاتێك ئەچێتە سەر کۆڵینەوە لەزانین و سنووری ئەبینین مەتریالیزم بەجێ ئەهێڵێ و ڕوو ئەکاتە ئایدیالیزم.

خەسڵەتی سەرەکی فەلسەفەی "رەخنەگری" کانت لەو هەوڵانەیدا بوو کەئەیدا بۆ گونجاندنی مەتریالیزم و ئایدیالیزم و نازانمیی پێکەوە... لەم ڕووەوە لینین ئەڵێ: "کاتێك کانت ئەوە ئەسەلمێنێ کە دیدەکانمان ڕەنگ بەشتێك لەدەری خودی خۆماندا ئەداتەوە... وا وەك فەیلەسوفێکی ماتریالیست بیر ئەکاتەوە، بەڵام کە ئەڵێ: ناتوانرێ "خودی شتەکان" بناسرێن... ترانسێندێنتی Transcendentو غەیبین... وا ئەبێتە ئایدیالیست.

رازانینیەکانی کانت:

راکانی کانت دەربارەی زانین پشت دەبەستێ بەتیۆریەکەی لەمەڕ بڕیارەکانی ـ حوکمەکانی ـ، چونکە لای وابوو زانین کە هەمیشە لەشێوەی بڕیاردا دەرئەکەوێ کەبوونی پەیوەندی نێوان دوو تێگەیشتە: بڕیار Subject خەبەرەکەی Predicate دووپات ئەکاتەوە. کانت دوو شێوەی بڕیار لەیەك جوێ ئەکاتەوە: شیکاریی Analytical کەخەبەرەکەی هیچ زانیارییەکی نوێ دەربارەی خۆ نادات بەدەستەوە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو زانیارییەی لەخۆوە هەڵئەقوڵێ، وەك بڵێیت:

"هەموو تەنەکان درێژ بووەوەن"، لەم بڕیارەدا خەبەر کەتێگەیشتەی "درێژبووەوە"یە هیچ زانانیارییەکی نوێ ناخاتە ڕوو، بەبەراورد لەگەڵ ئەو زانینەی تێگەیشتەی "تەنی" بەبڕیاری تێدایە. چونکە کە لەتێگەیشتەی تەن ئەکوڵێتەوە ئەبینین "درێژبووەوە"شی تێدایە، وەکو یەکێك لەو نیشانە سەرەکیانەی بەڵگەن بۆ "تەن"، ئەم نیشانەیە لەڕووی لۆژیکەوە ئەتوانرێ لە "خۆ" لەتێگەیشتەی "تەن" ئەنجام بهێنرێ.

بەڵام جۆرەکەی تر لەبڕیارەکان ئەوەیە کە: ناتوانرێ پەیوەندی نێوان خودی بڕیارو خەبەرەکەی لەڕێگەی شیکردنەوەی تێگەیشتەی "خۆ" وە ئەنجام بهێنرێ، کانت ئەمەشیانی ناو ناوە "ئاوێتەیی" Synthetical، لێرەدا خەبەر لە "خۆ"وە ئەنجام ناهێنرێ، بەڵکو لەگەڵیدا جووتە... وتەی "هەندێ تەن قورسە "نمونەیەکی بڕیاری ئاوێتەییە... لێرەدا تێگەیشتەی "تەن" نیشانەی" قورسیی" تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی دوایی بەتێگەیشتەی تەنەوە بەستراوەتەوە، کانت ناوی ئەم جۆرە بەستراوەییە ئەنێ: ئاوێتە synhesis. بڕیارە ئاوێتەکایش ئەکرێن بە: بەڵگەیی Aposterioei. سەرەنجامیی Apriori، کە یەکەمیان بەهۆی ئەزموون و شارەزایی پراکتیکییەوە پەیوەندی نێوان "خۆ" و "خەبەرەکە"ی ئەدۆزێتەوە، بەڵام لەدووەمدا ئەوە ناکرێ، چونکە ئەو پەیوەندییە پێش ئەزموونەو سەربەخۆشە Apriori. کە ئەوترێ "هەموو ڕووداوێك هۆیەکی هەیە "ئەوە لەو جۆرە بڕیارانەیە.

کانت بایەخی لەسەر سێ جۆرە لێکۆڵینەوە لەشێوەی زانین چڕکردووە: ماتماتیک، زانستییە سروشتی و تیۆرییەکان "میتافیزیک" (زانینی تێوودربونەوەی هەموو ئەو شتانەی هەن)... بۆیە بڕیارە ئاوێتە پێشینییەکان ـ ی لەسێ پرسیاری دارێـژراو ئەخستە ڕوو، کانت وەرامدانەوەی ئەو سێ پرسیارە ئەبەستێتەوە بەکۆڵینەوە لە سێ توانستی سەرەکی زانینیی:

١ـ هەستیاری Sensiblity.

٢ـ تێگەیشتن Verstad.

٣ـ ئەقل Vernuft.

هەستیاری: توانستی هەست کردنە، تێگەیشتن: توانستی سەرئەنجام هێنانە، ماناکانیش تێگەیشتەی ئەقڵە دەربارەی یەکێتی بێ مەرجی هەموو دیاردە مەرجییەکان. ڕاکانی کانت دەربارەی هەستیاریی و تێگەیشتن، دەروازەی تیۆرییەکەی لە "زانین" دا پێک ئەهێنێ. نەهەستەکان و نە تێگەیشتنەکانیش بەتەنها و لەیەک دابڕاو زانینیان لێ بەئەنجام نایەت، هەستەکان بەبێ تێگەیشتنەکان کوێرن، تێگەیشتنەکانیش بەبێ هەستەکان بۆشن.

کانت تیورییەکی لەڕادەبەدەر ئاڵۆزپێکهاتووی دانا دەربارەی وێنەکانی بەستنەوە (ئاوێتە Synthesis) لەنێوان واتاکان، بەو پێیەی تێگەیشتەی ڕووت و قوتن دەربارەی تێگەیشتن، لەگەڵ وێنەکانی تێوردبوونەوەی هەستی. ڕاکانی کانت دەربارەی "وێنەی نەخشەیی

"Schematism" بۆ واتاكاني ئەچنە ژێر ئالای واتاکانەوە... ڕۆڵێکی گرنگیان لەوەدا بینی.

کانت لای وایە کەیاسای سەرجەمی و پێویست، بنچینەی هەموو بڕیارە زانستە سروشتییەکانە، بابەتی زانستە سروشتییەکانیش چەندە لەیەك جیاوازبن دیسان زانینی زانستیانەیان وا ئەخوازن کەتێگەیشتە واسەیری شتەکانی سروشت و دیاردەکانی بکات کە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی سێ یاساوە: ١ـ یاسای پاراستنی جەوهەر Substance، ٢ـ یاسای هۆیەتی، ٣ـ یاسای کارتێکردنی بەرابەریی جەوهەر. ئینجا کانت لەسەرەنجاما ئەڵێ: هۆش خۆی بابەتی زانست پێك دەهێنێ، ئەوەش نمونەیەکی ئایدیالیستی خۆییە. بەڵام بۆ گوتەی "خودی شتەکان" کە ئەڵێ لەزانین یاخییە، ئەمەش نمونەیەکی "نازانم"ییە.

توانستی "میتافیزیك"

دیالیکتیکی ترانسیندینتالی:

مەسەلەی بنچینەیی سێیەم لە "ڕەخنەی" کانت مەسەلەی توانستی بڕیارە ئاوێتەییە پێشینەییەکانە لە میتافیزیکدا، واتە لە فەلسەفەی تیۆریدا. جا کاتێ کانت لەبەرەی ئەقڵ Vernuft ئەکۆڵێتەوە لەهەمان کاتدا لەو مەسەلەیەش ئەکۆڵێتەوە. ئەقڵیش لە لۆژیکی ئاساییدا مانای توانستی ئەنجام هەڵهێنجانە. ئەبێتە هۆی پەیدابوونی ئیدیەکان (ماناکان Ideas) بیرەکانیش لەلای کانت، تێگەیشتەن دەربارەی بێ مەرجی، لەبەر ئەوەی کە هەموو ئەو شتانەی لە ئەزموونی پراکتیکەوە

دراوە پێمان هەمیشە مەرجین... بۆیە بابەتی ئیدیەکان (ماناکان) بۆ هەستەکان بە ئەزموون دەرکپێناکرێت ئەقڵیش لای کانت سێ ئیدیە ئەخاتەوە: ١ـ ئیدیەی دەروون: بەو پێیەی کەیەکەی مەرجیی هەموو دیاردە دەروونییەکانە. ٢ـ ئیدیەی جیهان: بەو پێیەی کەیەکەی نامەرجییە بۆ ژمارەیەکی بێ سنوور لە دیاردە مەرجییە بەهۆییەکان (لەهۆو کردارەکان). ٣ـ ئیدیەی یەزدان: بەو پێیەی هۆی مەرجییە بۆ هەموو دیاردە مەرجییەکان.

کانت هەموو ئەو تیۆریانەی بەدرۆ خستەوە کە یەزدان ئەسەلمێنن ئاشکرای کرد کە هەموو ئەو سەلماندنانە هەڵەیەکی لۆژیکی تێدایە: چونکە بوونی یەزدان لەتێگەیشتەی یەزدان خۆیەوە سەرەنجام ئەهێنرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەڕووی لۆژیکییەوە ناتوانرێ شتێك لە تێگەیشتنەیەکی ترەوە سەرەنجام بهێنرێ کەلەهەمان کاتدا ئەو شتە خۆی پێشەکی لەو تێگەیشتەیەدا هەبێ. تەنها ئەزموون ئەتوانێ بوونی شتەکان بسەلمێنێ. بەو جۆرە ئەبێ بوونی یەزدان بسەلمێنرێ، چونکە ئەقڵی "پراکتیکیمان"، واتە هۆشی ڕەوشتیمان، ئەوەمان بەسەرا ئەچەسپێنێ، بەبێ بڕوا هێنانیش بەیەزدان ناتوانرێ ستەمێکی ڕەوشتیی لەم جیهانەماندا بەدڵنیایی بڕەخسێنرێ.

دیسان کانت فەرمانەکانی دەربارەی بیری ئەقڵ، لەدژی بڕوای فەیلەسوف و پیاوانی ئاینی ئەڵەمان ئاراستەی کردو هەموو زانستە تیۆرییەکانی زانکۆکانی ئەڵەمانیای بەدرۆخستەوە: "زانستی دەروون" و

"زانستی گەردوون" و "زانستی یەزدان" و هەموو ئەو زانستانەش کە لەو سەردەمەدا بە "میتافیزك" ناو ئەبران. هەرچەندە ئەوەشی ئەسەلماند کە میتافیزیك گرنگترین بەشی فەلسەفەیە نەك بەو پێیەی زانستێکی تیۆرییە بەڵکو لەبەر ئەوەی "ڕەخنەیە" لە ئەقڵ، ئەو ڕەخنەیەی کە سنووری ئەقڵی "تیۆری" دیار ئەکات و هەر لەوێشەوە پێویستی گواستنەوە بۆ ئەقڵی "پراکتیکی، واتە زانستی ڕەوشت، ئەهێنێتە کایەوە.

لە لێکۆڵینەوەکانی کانت کە بۆ ڕەخنە لە "ماناکانی" ئەقڵ تەرخان کرابوو، ڕایەکانی دەربارەی دژەکانی Antinomies ئەقڵی پوخت، ڕۆڵێکی گەورەیان لەپەرەسەندنی دوا ئەو سەردەمەی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی بینی. کانت لای وابو کە وەرامی ئەو پرسیارانەی دەربارەی ماهییەتی جیهانن... هەر یەکە دژ بەوەی تره، ئەو دژانەش ئەو ناکۆکیانەن کە لە ئەقڵدا دەرئەکەون، ئیتر بەپێی ئەوە، ئەقڵ لەسروشتیا ناکۆکە.

کاتێکیش کانت دان ئەنێ بە حەتمیەتی بوونی ناکۆکییە دیالیکتیکییەکان لە ئەقڵدا، بێگومان ئەوە بە یەکێك لە شوێنەوارە گرنگەکانی دائەنرێ ، هەر چەندە لە دواییشدا ئەیووت: ئەو ناکۆکیانەی لە ئەقڵ لە ناکۆکی وەهمی بەولاوە هیچی تر نین.

ڕا ڕەوشتییەکانی کانت:

کانت ئەیووت: ناکۆکی نێوان پێویستی و ئازادی، ناکۆکی ڕیالیستی نییە، مرۆڤ لە هەندێك ڕەفتاریا ئازادە، لەهەندێکی تردا ئازاد نییە، چونکە بەبیری و بەهەستی و بەئارەزووی دیاردەیەکە لەناو دیاردەکانی سروشتداو ملکەچی بڕیاری پێویستە زاڵبووەکانی ناو جیهانی دیاردەکانە. لەهەمان کاتدا بوونێکی ڕەوشتییەو هۆشی ڕەوشتی هەیە، بۆیە سەر بەجیهانی "خودی شتەکان"ـە و لەم ڕووەوە ئازادە. هۆشی ڕەوشتیش وا پێویست ئەکات کە گونجاندنێکی ڕەوا لەنێوان ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەنجامەکانیا بکرێ.

کانت بونی تێگەیشتنەکانی "ئازادی" و "نەمری" و "یەزدان" و بابەتەکانیان بەبڕوا بەجیهانی ماقوڵ لێك ئەداتەوە. بەپێچەوانەی فرمانە لاهوتییەکانی کاسولیك و پرۆتستانت، ئەوەش ئاشکرا ئەکات کەڕەوشت لەسەر ئاین نەوەستاوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاین لەسەر ڕەوشت وەستاوە.

جوانیی لای کانت:

هەڵسەنگاندنی جوانی کردارە هونەرییەکان لای کانت لەسەر تێگەیشتەکان نەوەستاوە بەڵکو لەسەر خۆشییەکی تایبەتییە کە لە وردبوونەوەی شێوەکانی Forms بابەتی جوانی ئەنجام دێت. بەو پێیە بڕیاردانی جوانیی خۆییە. بۆیە ناتوانرێ دروستی یا نادروستی

نرخاندنەکانمان بسەلمێندرێ. بڕیاری جوانیی لە مەبەستی کردارە هونەرییەکانەوەیە، بەڵام مەبەستەکەی لە دەرەوە نەسەپێندراوە بەسە هونەرمەندا بەڵکو ئەوە "مەبەستی بێ مەبەستییە". کانت شیعر بە ترۆپکی هونەر دادەنێ چونکە تەنانەت "بیر جوانی"یش و، تەنانەت توانست لەسەر دەربڕینی بیرە بێ وێنەکان بەرز ئەکاتەوە.

بەڵام بواری دووەمی بەهرەی بڕیاری تیۆردبوونی کانت " هەبووە سروشتییەکانە"، بەو پێیەی سیاردەن بۆ جیهانی دەرەکی هەستی و بابەتی زانینــی تێگەیشـتنە Verstandو ئەبێ بەتەنها بچێتە نـاو تێگەیشتەی یاسای میکانیکی لەسروشتدا. بەڵام بەو پێیەی کە بابەتە بۆ ئەقڵ وا ئەبێت بچێتە ناو تێگەیشتەی " مەبەستی" یەوە بۆ بەدەست هێنانی زانین ئەبێ ئەو دوو ڕێبازە یەکگرتوو بێت، بۆیە ئەو دوو ڕێگەیە بۆ ڕوانین هەر بەدابڕاوی لە ئارادا نین بەڵکو ئەبێت ببن بەیەك بۆ ئەوەی زانین بەدەست بهێنین. بەڵام تێگەیشتنی مرۆڤ ئەو یەکێتییە ناگرێ.

را کۆمەڵایەتی و سیاسی و

مێژوویەکانی کانت:

لــە ژێــر کــارتێکردنی ڕوونــاکبیری فەرەنســاو ئینگلســتاندا ڕا کۆمەڵایەتیی و ڕامیاری و مێژوویەکانی کانت دروست بوون. بەتایبەتی پەرەی دا بەبیرەکانی ڕۆسۆ دەربارەی دەسەڵاتی گەل. بەڵام سەبارەت

بەوە کە ئیدیۆلۆگی بورژوای ئەڵەمانی بوو بۆیە دردۆنگ بوو لە ڕووخستنی و ئەیووت: لەڕووی پراکتیکەوە ناتوانرێ دەسەلاتی گەل دابمەزرێنرێ. بەڵکو ئەبێ ویستی گەل بەتەواوی ملکەچی دەسەلاتدارێتی بێ. هەر بەوەشەوە نەوەستا کەدژی هەمو جۆرە شۆڕشێکی گەڵ بێت و بەس بەڵکو لەدژی هەموو ئەو چەشنە بیرانەش بوو کە بۆنی دامەزراندنی دەسەلاتی بەرزی هاولاتیانی لێوە بهاتایە، لەبەر ئەوەی کە لەدیدو بۆچوونی خۆیەوە، ئەوە هەڕەشە لەتێکوپێکدانی دەوڵەت ئەکات.

هەرچەندە هیوای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەلایەتی و ڕامیاری زۆر سنوردار کردبو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمە ئەبێ بێ گۆڕان بمێنێتەوە. بۆ نمونە لەدژی گوتەکانی دەرەبەگ ئەڵەمانەکان بوو کە ئەیانووت "گەل جارێ پێگەیشتووی ئازادی نییە".

بنچینەی ڕیالیستی ڕا یاساییەکان و تێندێنسی پێشکەوتوانەی کانت لەوەدا بوو کە بەسستێمی مافی بورژوازی مەرجدار بەمافی موڵکدارییی، بەربەرەکانیی زوڵم و زۆری دەرەبەگێتی ئەکرد.

باشترین و بێ وێنەترین دۆخی کۆمەڵ لای کانت لەبەر کەماڵیی ئاشتی نێوان خەڵك و لەهەمان کاتدا لەنێوان دەوڵەتەکاندایە. بەلام ئاشتی ئامانجێکی زۆر دوورە. ڕیالیستی مێژوویی، مۆرکی ململانێ و ناکۆکی هەمیشەیی نێوان خەڵکی پێوەیە نەك هی ئاشتی... لەم ڕووەوە

گەیشتە ئەم سەرئەنجامە: ناکۆکی پرۆسەی مێژوویی مەرجی پێویستە بۆ پەرەپێدانی ڕەگەزی مرۆڤ و کامڵ بوونی. جەوهەری ناکۆکییەکانی پرۆسەی مێژوویی لەوەدایە کەخەڵك ئەیانەوێ لە کۆمەڵدا بژین. لەهەمان کاتیشدا هەر یەکە ئەیەوێ بەربەرەکانی ئەوی تر بکات، ئەوەش سەبارەت بەنییەت خراپی ماتەدراوی ناو دەرونیانە، ئەو بەربەرەکانێیەش هەڕەشە لەپارچە کردنی کۆمەل ئەکات. بەلام بەبێ ئەو بەربەرەکانێیەش، هەرچەندە موسیبەت و کارەساتی لەدواوەیە، هیچ جۆرە پێشکەوتن و پەرەسەندنێك ڕوونادات.

لینین ئەڵێت: ((فەلسەفەی کانت لە "چەپ"و لە "ڕاست"ەوە ڕەخنەی لێگیرا. لەچەپەوە مەتریالیستەکان ڕەخنەیان لێگرت، نەك لەبەر بڕواکردنی بەبوونی شتەکان بەسەربەخۆ لێمان، یان بەبوونی "خودی شتەکان" (چونکە مەتریالیستەکان هەموو لەو بۆچوونەدا لەگەڵ کانت ڕێك ئەکەوتن). بەڵکو بەهۆی "خۆیەتی" و "نازانم" یەکەیەوە بوو... لەبەر ئەوە بوو کەنەی ئەتوانی زانین لەسەرچاوە بابەتییەکەیەوە ئەنجام بهێنێ)٤٢. بەلام لە "ڕاستەوە" گومانی و ئایدیالیستەکان ڕەخنەیان لێگرت، ئەوانە بەرامبەر نازانمی کانت وەستا، بەڵکو هەر ئەیانویست سەرفرازبن لەناکۆکییەکانی کانت لەگەڵ نازانم... ڕەخنەی چەپەکان لەفەلسەفەکەی کانت پەرەپێدانێکی گەورەی پێدرا، لەسەدەی نۆزدەدا، ئەوەشی لەڕێبازە مەتریالیستەکانی فیورباخ و چێرنیشفیسکی... هتد دا دەر ئەکەوێ. بەلام ڕەخنەی ڕاسترەوەکان

لەكانتی هەر لەژیانی كانت خۆیدا بوو، لەنەوەدەكانی سەدەی هەژدەهەمدا فیختە گەورەترین نوێنەری ئەو ڕێبازە بوو.

فەلسەفەی فیختە

یۆحەننا گۆتلیب فیختە لەساڵی ١٧٦٢دا لەخێزانێكی جوتیاری لەدایك بووە... پێتولێی ئەم فەیلەسوفە هەر لەمنداڵییەوە دەركەوتووە.

لەبەشی فەلسەفە لەزانكۆی ڕاستە كاری كردووە. لەساڵی ١٧٩٩دا بەتاوانی بڵاوكردنەوەی ئیلحاد دەركرا. ئینجا لەزانكۆی بەرلین دەستی كردەوە بەكاركردن. لەم ماوەیەدا بایەخی بەمەسەلەكانی بورژوا - نەتەوەییەكان داوە، ئەمەش وای لێ كرد كە ببێتە یەكێك لە ئیدیۆلۆگەكانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی بورژوای ئەڵەمانی. كاتێكیش لەشكرەكانی ناپلیۆن ئەڵەمانیایان داگیركرد، فیخت دەستی كرد بەخوێندنەوەی زنجیرەیەك وتار بۆ نەتەوەی ئەڵەمان... تیایانا داوای یەكێتی و ڕاپەڕینی لەگەڵ ئەڵەمان ئەكرد. لەنوێ بوونەوەی جەنگی دژ بەناپلیۆن دا ١٨١٣، فیختە بەخواستی خۆی بوو بەسەرباز تالەساڵی ١٨١٤دا لەیەكێك لە خەستەخانە سەربازییەكاندا تا ژۆری بۆ هێناو كۆچی كرد.

پەیوەندی نێوان فەلسەفەی تیۆری و پراكیتكی:

لە ڕێڕەوی خەباتیان بۆ یەكخستنی ئەڵەمانیا، فیختە چالاكییەكانی بەرەخنەگرتن لە پەیوەندییەكانی دەرەگایەتی ئەڵەمانی دەست پێكرد. بۆیە لە كرداره بیرییەكانیدا بایەخی بەمەسەلەكانی فەلسەفەی

"پراكتيكى" داوه ـ رەوشت و رێكخستنى دەوڵەت ـ .. سەبارەت بە پێنەگەیشتنی پەیوەندییە سەرمایەداریی لە ئەڵمانیا و بەهۆی دواكەوتوویی بورژوای ئەڵمانی و لاوازی سیاسییەوە... لە تێگەیشتە "كار"دا (پراكتیك Praxis) سروشت ئایدیالیستی بوو، تەنانەت لای بلیمەت گەورەكانی وەكو فیختەش، چونكە فیختە بەكارخستنی پراكتیكی Oraxis بەتەنها نەگێڕایەوە بۆ چالاكی هۆشی رەوشت. هەر بەو پێیەش داخوازییە سیاسییەكانیشی دائەڕشت كە تەنها داخوازی ئەقڵی پوختن، هی هۆشی رەوشتن.

فیختە بیرە فەلسەفییەكانی بەو پێیە دارشت كە تیۆری زانستە، یان "زانستی زانستە". ئەركی فەلسەفەش لەوەدایە كەبەو پێیەی زانستێكی تیۆرییە، لەزانست بنچینەی هەموو زانینێك بدۆزێتەوە.

بەرهەمە سەرەكییەكەی فیختە "زانستی زانست" ـ ١٧٩٤ ـ دانراوێك نەبوو دەربارەی بوون بێ، بەڵكو دەربارەی زانست بوو. تیۆرییەكەشی دەربارەی زانین، لەسەر تیوری ئیدیالی ـ خۆیی لەبووندا بیناكرد.

فیختە لای وابوو كە فەلسەفە تەنها دوو باری سەرنجی سەرەكی هەیەو هیچی تر: ماتریالیزم (كەناوی ناوە دۆگماتی)، ئیدیالیزم ـ تێندێنسی پراكتیكی، نەك كۆڵینەوەی تیوری وا لە فەیلەسوف ئەكات كە لایەنگیری یا ئەو رێبازە بێ فەیلەسوفی ماتریالیست لەبوونەوە ئەچێ بۆ هۆش، بەڵام فیختە لای وابوو كەزۆر زەحمەتە ئەو رێگایە لێك بدرێتەوە كە بەهۆیەوە بوونی ماتریالیستی ئەگۆڕێ بۆ هۆش یان دید.

فیختەوە ئەکرێ ڕوویدات چونکە من ئەتوانم هۆشم ئاراستە چالاکی بیرکردنەوەیی بکەم، لێرەدا بیرکردنەوە لەبەرامبەر هۆشی مندا بوونێکی هەیە. بەو جۆرە فیختە بڕیار ئەدا کە ئیدیالیزم بەدەستپێکردنی بەهۆشەوە یەکەمەو لەپێش ماتریالیزمەوەیە.

فیختە فەلسەفەکەی بەکۆڵینەوە لەواقیعی پێدەری ڕاستەوخۆ ـ واتە خۆیی هەستپێکەردنی چالاك Intuition. یان "خۆ" ڕاستە کەهەموو ئەوانەی توانستی ئاقڵبوونی هەیە ئەگرێتەوە، دەست پێکرد. چالاکی پەرەسەندنی "خۆ" بەوە لێك ئەداتەوە کە گواستنەوەیەکە لە بابەتەوە، یا بیری یەکەمەوە، بۆ بابەتێکی ناکۆك: لەویشەوە بۆ بابەتی سێیەم، کە یەکێتییە، یان ئاوێتەیە Synthesis بۆ ئەو دوو بابەتە. فیختە لای وابوو کە سەرەڕای "خۆ"ی سەرەتایی ئەبێ "خۆنا ـ ش ـ اللاأنا ـ" بسەلمێنرێ بەمانایەکی تر، بوونی "سروشت" شان بەشانی "هۆش"، "بوونی بابەت" شان بەشانی "خۆ" بسەلمێنرێ. ئینجا فیختە دان بەوەدا ئەنێ کە ئەو"خۆ"یە، ئەو سروشتە، ئەو بابەتە، هەر ئەوە نییە کەببێ و بەس بەڵکو کار ئەکاتە سەر "خۆ"، بەمانەیەك لەماناکان چالاکییەکەی سنوردار ئەکات. دیسان ئەبێ ئەو "خۆ"یە پاڵی لە "خۆنا"ی بەرامبەر وەربگرێ. هەروەها ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە چالاکی و کاری ئەو "خۆ"یە یان "هۆش" ڕاستەوخۆ هەستی پێ ئەکەین، بەڵام لەزانینمان یاخییە، بەو جۆرە چالاکیی ناهۆشیاریی بنچینەی چالاکیی تیوری پێکئەهێنێ، چالاکیی "خۆ" لای فیختە پێش

هــەموو شـتێك ڕەفتـاری ڕەوشـتی خۆیـە، چـالاكیی لای مـرۆڤیش بەمەبەستی جێبەجێكردنی یاسای ڕەوشت و ئەنجامدانی ئەركە. بـەڵام تێندێنسی سروشـتی لای مـرۆڤ، كەسەرچـاوەكەی سروشـتی فیزیكـی مرۆڤــەو بەهــەموو جیهانــەوە بەستراویشــەتەوە، بەرامبــەر ئــەوە ئەوەستێ... ئائەوەیە "خۆنا" كەناكۆكە لەگەڵ "خۆ"و بۆ كردار پـاڵی پێـوە ئـەنێ. فیختــە لای وابــوو كــە تــەنها مــەرجی پێویسـت بـۆ بــەپێڕەوكردنی یاســای ڕەوشــتی، ســەركەوتنی بەســەر هەڵچــوونە هەستییەكاندا. دیسـان ئـەبووت ئـەو "خۆنـا"یـە بەرهـەمێكی پێویستی چالاكی تایبەتی هۆشە، بەڵام لەكاتی ڕوودانی ئـەم چـالاكییەدا نـاتوانین شـتێك دەربـارەی ئـەم چـالاكییە بـزانین. بۆیـە بیركردنـەوەی ئاسـایی ناتوانێ هـیچ شـتێك دەربـارەی ئـەو چـالاكییە بزانـێ. ئـیتر ناچـارە كـە ئەنجامەكـەی بەشـتێك دابنـێ كـە هـەروەك خـۆی بـۆ خـۆی هـەبێ ئـاوا ڕەچاوی بكەین، بەشـێوەی سـەربەخۆ لـە هۆشمـان، هـەروەك كاریگاتـە سەر هۆشمان.

بـەڵام فیختـە ئـەیووت بـیری فەلسـەفی ئـەو واهیمەیـە ناهێڵـێ كـە هاوسـەری پێویسـتی بـیری ئاسـاییە، چـونكە وا دائـەنێ كـە نـاوەڕۆكی هەسـتەكانمان لـە دەرەوە ئەمانـدرێتێ، ئـەو "پێدانـەش" لای فیختـە دیسـان دیـدێكی پێویسـتە ـ لەواقیعـدا ـ كـە چـالاكی داهێنەرانـەی "خۆ"وەیە. بۆیـە یەكـەمێتی هـەر بـۆ ئـەو چـالاكییەیە كـە ئـەبێ وەكـو سەلمێندراوێكی بنچینەیی بۆ "زانستی زانست" وەربگیرێ. فیختـە بـەم

چالاكییە ئەڵێ "دەرەجەی كردار" ـ Tat Handlung دوایی، ئەم فەیلەسوفە دێتە سەر سەلماندنێكی ترو ئەڵێ:

ئەوە توانستی تیوری نییە كەوا لەتوانستی پراكتیكی ئەكات توانستمەند بێ، بەڵكو تەواو بەپێچەوانەوە توانستی پراكتیكییە ئەبێتە هۆی بوونی توانستیی تیوری.

لەچوار چێوەی ئەو ئیدیالیزمە خوێیەدا دەرك بە تێگەیشتنێكی دیالیكتیكی ئەكەین بۆ پرۆسەی چالاكی، چونكە ئەبینێ كە "خۆ"ی چالاك هەمیشە لەژێر پاڵەپەستۆی دژ یا پێچەوانەیەكدا ئەكەوێتە جوڵە یا كردار. ڕووخستن و دارشتنی تێگەیشتەو پرنسیپە بنچینەییەكانی فەلسەفەی تیوری لای فیختە بەكولینەوەوە هەڵهێنجانی واتا لۆجیكییەكانەوە بەستراوە. لە فۆرمەلەكردن پەرەسەندنی واتاكانیشدا دەرینەخات كە "خۆ" بەكبینە لەپلەی خوارووەی چالاكییەوە ئەچێتە سەروتری... تا ئەگاتە سەر ئەوەی كە ڕێگەی "زانستی زانست" لەدیدی فیختەدا لەگەڵ ڕێڕەوی سروشتی زەینی مرۆڤدا بگونجێ. "زانستی زانست"یش لای ئەم تەنها مێژوویەكی جۆرتایبەتییە بۆ بزوتنەوەی گیانیی مرۆڤایەتی.

ڕێبازی ڕەوشتی و ڕای فیختە لەسەر ئازادی:

تێگەیشتەی ئازادی لەفەلسەفەی "پراكتیكی" لەمەزەبە ڕەوشتیەكەی فیختەداو فەرمانەكانی لەسەر ماف و دەوڵەت و پەروەردە... ڕۆڵێكی جەرگە وازی ئەكەن. لەژێر كارتێكردنی

ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسە ـ ١٧٨٩ ـ ١٧٩٤ـ و داتەپاندنی ستێمی دەرەبەگی ئەڵمانی و تێشکانی سەربازی و سیاسی و ئینجا تێشکانی جوڵانەوەی نیشتمانی بورژوای ئەڵمانیا... ئەو تێگەیشتەیە پێکهات. فیختە لای وابوو کە مەسەلەی بنچینەیی لەرەوشتدا مەسەلەی ناکۆکی نێوان پێویست و ئازادییە. ئەڵێ ئازادی مرۆڤ لەسەر بەتاڵکردنەوەی کاری مێژوویی و سروشتی ناوەستێ. بەڵکو لەسەر ملکەچی ئارەزوومەندانەی سەڵت بۆ یاساو ئامانجە پەرەسەندووەکانی رەگەزی مرۆڤایەتییە، ملکەچییەك کەلەسەر خودی هۆشی پێویستی بێ... لەدوایشدا ئەڵێ پلەی جیاجیای ئازادی کە لەگەڵ سەردەمە مێژوویەکاندا ئەگونجێ، لەئارادا هەیە. چونکە مەسەلەی ئازادیی لەرووی مێژوییەوە خستەڕوو.

راکانی فیختە دەربارەی ماف:

فیختە ئەیووت: پێویستە زانستی ماف کە پەیوەندی نێوان خەڵك ڕێکئەخات لەگەڵ زانستی ڕەوشت کە بابەتەکەی ـ ئازادی لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤدایە ـ بەتەواوی لەیەك جودا بکرێتەوە. ماف لای ئەم لەسەر یاسای ڕەوشتی نەوەستاوە بەڵکو لەسەر هاوپەیوەندیی خەڵك وەستاوە. ئەوەش کە پێکەوە گونجاندنی بەرامبەری مسۆگەر ئەکات، ملکەچی ئارەزوومەندانەی سەڵتە بۆ ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵ دایئەنێ، ئەم ملکەچییەش پێویستی بەرێککەوتنێك هەیە کە ژیانی کۆمەلایەتی ڕێکئەخات.

فیختە لەدژی دەسەلآت دابەشکردن بوو بەسەر: یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزایی ـ دا. تا ئەگاتە ئەو رادەیەی کە جیهانی کۆمەلآیەتی ئەکات بەجیهانی مولکدارێتی تایبەتی چینی بورژوا. چونکە لای ئەم کۆمەلگای مرۆڤ لەخاوەن مولك و بێ مولك پێکهاتووە، دەولەتیش دامەزراوی خاوەن مولکانە. ئەم بۆچوونە پێشبینییەکی بلیمەتانە بوو بۆ سروشتی ئابووری چینایەتی دەولەت. بیری قوولی فیختە لە تێگەیشتنی ئەو رۆلە سنوردار کراوەبوو کەمولکداری تایبەتی لە کۆمەلگەی بورژواو دەولەتی بورژوادا وازی ئەکات، کە ئەو سنوردارییە بەشەقلی ئیدیالیست بکات بەموولکدارییەوە ئاشکرا دەبێ. پرۆژەکەشی دەربارەی رێکخستنی دەولەت و کۆمەلگەی ئەلەمانی چەند رایەکی کۆنەپەرستانەی تیابوو... چونکە هەندێك جار بەرامبەر تێندێنسی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەلگەی سەرمایەداری ئەوەستێ و دەرکی بەوە نەئەکرد کە بێگومان، پەرەسەندنی سەرمایەداری دابراویی ئابووری دەولەتۆکە دەرەبەگایەتییەکان دائەروخێنێ و بازارێکی سەرمایەداری جیهانی دروست ئەکات.

لە "دەولەتی بازرگانی داخراودا" (١٨٠٠) فیختە خەو بەدروستکردنی دەولەتێکی ئەلەمانی "داخراو" لەسەر خۆی، ئەبینێ کە لەرووی ئابوورییەوە لەجیهانی دەرەوە دابراو بێ. لەدوا کردارەکانیشیدا بەو پێیە سەیری دەولەت و "مافی" ئەکرد کە پلەیەکی سەرەتاییە، هەرچەندە پێویستیش بوو بۆ پلەکانی بوونی رەوشتی مرۆڤایەتی.

بیرەکانی فیختە هاویەشی لەبالاپێکردن و پەرەپێدای هۆشی سیاسی بەشە رادیکاڵەکانی بورژوای ئەڵەمانیادا کرد. لەمەیدانی "فەلسەفەی تیوریدا" کارێکی بەهێزی کردە سەر پەرەسەندنی ئاییندەی ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەڵەمانی. تیورییەکەشی لەپەرەسەندنی ئاییندەی ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەڵەمانی. تیورییەکەشی لەپەرەسەندنی هۆشداو هەوڵدانی بۆ هەڵهێنجانی بەرنامەیی واتاکان و رێگەی "پێچەوانەیی" هەڵهێنجانی لەدووپاتکردنەوەی لەسەر مافی ئەقڵ لەزانینی تیوریدا، مەزەبەکەی لەسەر ئازادی بەو پێیە ملکەچییەکی ئارەزوومەندە بۆ پێویستی مێژوویی، کەلەسەر هۆشی ئەو پێویستییە وەستاوە، ئەوانە هەموو کارتێکردنێکی گەورەیان لەسەر پەرەسەندنی بیری فەلسەفی دوا ئەو سەردەمە هەبوو.

فەلسەفەی ئیدیالیستی بابەتی شیلنگ

فەلسەفەی سروشت ـ لایەنی پێشکەوتوانە

لەفەلسەفەی شیلنگ دا:

فەرەدریك ویلهەم شیلنگ ـ ١٧٧٥ ـ ١٦٥٤ ـ سێیەم ناوداری ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەلەمانییە. لەکاتێکدا مامۆستا بوو لەزانکۆی ڤییەنا، گرنگترین دانراوەکانی تیا نووسی. دەربارەی چالاکییەکانی شینلنگ لەو ماوەیەدا ئەنگلس ئەڵێ: ((لەو کاتەدا زەینی خەریکی پێگەیین بوو، لە بەبیری ڕووناك داگیرسابوو... هەندێکیان ڕۆڵی خۆی لەخەباتی داهاتوودا بینی))٤٣. بەلام شیلنگ ئەوەی پێشکەوتووی

بالاکردووی ئەو کاتەی ئەڵەمانیا بێ ئومێد کرد، چونکە خۆی خستە پاڵ کۆنەپەرستی سیاسی. شێلنگ لەفەلسەفەی سروشت و لەڕاکانی دەربارەی ئازادی کە بەبەکارهێنانی بەرنامەی دیالیکتیکی پەرەپێدا، لەوەوە خۆی گواستەوە بۆ فەلسەفەی کۆنەپەرستانەی وەحی ئایینی بۆ بوژاندنەوەی سۆفیزمی ئەفلاتونی نوێ.

چارەسەرکردنی فەلسەفەی سروشت گرنگترین پلەی پەرەسەندنی فەلسەفیی شێلنگ پێکئەهێنێ لەڕووی بابەتەکانی کۆلێنەوەوە و بەرنامەیلێکۆلینەوەوە... فیختە تەنها لەبارەی سەرنجی ڕەوشتەوە سەیری سروشتی ئەکرد، نەك بەو پێیە هەیە. بەڵام سروشت لای شێلنگ بابەتێکی سەربەخۆیە بۆ کۆڵینەوە.

تێندێنسی و ئارەزووی پێرسونالی شێلنگ بەتەنها لەپشت کۆڵینەوەی شییەوە نەبووە، بەڵکو ئەو سەردەمەی دواچالاکی شێلنگ گەلێ دۆزینەوەی گرنگی تیا ڕوودا بەتایبەتی لەبوارەکانی فیزیك و کیمیا و فیزیۆلۆگیدا. دۆزینەوەکانی بواری فیزیك کارێکی گەورەیان هەبوو لەسەر دارشتنی پرۆسەی دینامیکی... دۆزینەوەی گرنگ لەمەیدانی زیندەوەرزانیشدا ئەنجام درا.

دیدی شێلنگ بۆ سروشت ئیدیالییە، لای ئەم مەتریال خۆی گیانیە، لەگەڵ ئەوەشدا بیری پەرەسەندنی خستە ناو ڕێبازەکەی لەسروشتدا. سروشتی بێ هۆش لەپێش پەیدابوونی مرۆڤدا هەبووە، دەرکەوتنی شێلنگیش لەناو پلەی بەرزو بەرتری پەرەسەندنا ئەبێ.

فەلسەفەی سروشت لای شیلنگ زۆر جار لەگەڵ بەرهەمی زانستەکانی سروشتی ئەو دەمەدا ئەکەوتە ناکۆکی ئاشکراوە، بۆیە هەرزوو دوای سەرکەوتنەکانی ئاییندەی زانستەکان، نرخی خۆی لەدەست دا. دیسان ئەوەی دەرخست کەمەرجی سەرەکی بۆ کۆڵینەوەی سروشت لەدۆزینەوەی ناکۆکیە دینامیکییە ریالیستەکانی ناویدایە، بەوەش فەلسەفەی سروشت ئەگۆڕێ بەدیالیکتیکی ئیدیالی بۆ سروشت. باری سەرنجیش بۆ ناکۆکییە دیالیکتیکییەکان لەسروشت دا بە راکانی دەربارەی دیالیکتیکی وێنە Fornsی بیرکردنەوە لە پرۆسەی زانیندا تەواو ئەکات. رەخنە لەتێگەیشتنیش Verstand، کەشیلنگ خۆی پەرەی پێدا، ناوەرۆکێکی دروستی ئەقڵی تیا بوو. لەلایەکی ترەوە، مەترسی گۆڕان بۆ نکوڵی کردن لە تێگەیشتن و لە لۆجیکیشی تیا هەبوو. لایەنی باشەی ئەم رەخنەیە لەوەدا بوو کەرێگەی لەبەردەم مەزەبی دیالیکتیك لەیەکێتی دژەکاندا خۆشکرد.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا شیلنگ هاتە سەرئەو رایەی کە بڵێ:

فەلسەفەی سروشت تەنها نیوەی ئەرکی ستێمی فەلسەفی چارەسەر ئەکات، بۆیە جگە لە فەلسەفەی سروشت، کە لە یەکەمێتی بابەتەوە دەست پێ ئەکات، ئەبێ فەلسەفەیەکی تریش هەبێت تا ئەوە دەربخات کە "چۆن بابەتیی لە دەستپێکردن خۆییەوە دەرئەکەوێ، بەو پێیەی تەواو سەرەتاییە" ئەوەش (فەلسەفەی - ترانسیندینتالییە Transendental). فەلسەفەی سروشتی Natural Philosophy و

فەلسەفەی ئیدیالیزم پێکەوە هەردوو ڕێبازە تەنها و توانسمەندەکە لە نێوان خۆیاندا دابەش ئەکەن.

شیلینك لەهەردوو فەلسەفەکەیدا، فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی ترانسیندینتالی، لەپرنسیپی یەکێتیی گیان و سروشتەوە دەست پێئەکات، لای وابوو کە جگە لە ئەقڵی مۆتڵەق هیچی تر نییەو لەوەدا خۆیی و بابەتی پێکەوە ئەبەستریێن، "یەکێتییەك پێك ئەهێنن کە جیاوازی نێوان خۆیی و بابەتی تیا ئەبێ" دیسان لای وایە کەهۆشی خۆیی، هۆشی خۆیی یەزدانە، چونکە یەزدان لای ئەم خودی ئەقڵە. بەو جۆرە فەلسەفەی یەکێتیی کە ئەیویست ببێتە فەلسەفەی ئەقڵی Rationalism لاتنگیر، لای شیلنگ ئەبێتە شێوەیەك لەشێوەکانی نائەقڵی Irrationalism و سوفیزم. دیسان ئەڵێ: یەزدان پێش هەموو شتێك پیرسۆناڵە، جیاوازی نێوان یەزدان و مرۆڤیش لەوەدایە کە پیرسونالی و ئازادی لای یەزدان بێ سنوورن، بەڵام لای مرۆڤ سنووریان هەیە.

فەلسەفە سروشتیەکەی شیلنگ، فەلسەفەیەکی پێشکەوتووانە بوو، بەڵام مەزەبە فەلسەفییەکەی، هەمووی پێکەوە، لەساڵی ١٨١٥وە گۆڕا بۆ مەزەبێکی کۆنەپەرستانە، بوو بە "فەلسەفەی ئەفسانەو وەحی" ئنگلس، کەلەو سەردەمەدا لاویش بوو، جەوهەری گۆڕانی شیلنگ کە بەرەو ئایین و سۆفیزم بوو، دەست نیشان کرد. ناوەڕۆکی

کۆنەپەرستانەی "فەلسەفەی ئەفسانەو وەحی" و دژایەتیکردنی زانست و نەتوانینی بینینی ناوەرۆکی باشەی فەلسەفەی هێگلی خستەڕوو. ٤٤

بەشی حەوتەم

- فەلسەفەی کلاسکی ئەڵەمانی ئیدیالزمی دیالیکتیانەی
- فەلسەفەی هیگل لوتکەی ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەڵەمانییە.
- یەکێتی بون و نوختەی دەست پێکردنە لەفەلسەفەکەی هیگلدا.
- تیۆری پراکتیکی لۆجیکسی هیگلی. هێلە گشتیەکانی دیالیکتیکی هیگلی.
- فەلسەفەی سروشت.
- فەلسەفەی گیان.
- ستێم و بەرنامەی لەفەلسەفەکەی هیگلدا.
- ناوکی ئەقڵیی دیالیکتیکی هیگلی.

فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ئیدیالیزمی دیالیکتیکانەی
ـ فەلسەفەی هیگل لوتکەی ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەڵمانییە.

جورج و لیبەم فردریك هیگل بە ناوبانگترین نوێنەری فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانیە. لە ساڵی ١٧٧٠دا لە شاری شتوگارت لە مێرنیشینی فیۆرتمبورك ـ ئەڵەمانیا هاتوتە دنیاوە.لە زانکوی توبنگن فەلسەفەی لاهوتی خوێندووە..لە ساڵی ١٨٠١دا بەرگری لە دکتۆرانامەکەی کردووەو ئینجا بووە بە مامۆستا لە زانکۆی ڤییەنا.لەو ماوەیەدا هیگل کەوتبووە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی "فەلسەفەی یەکێتی" شیلنگ. وە بە هاوکاریش لەگەڵ ئەم "کۆڤاری فەلسەفەی ڕەخنەگری" یان دەرکردووە. یەکەم بەرهەمی گرنگ و تەواو سەربەخۆی هیگل "فینومینولۆژیای گیان" (١٨٠٦)بوو کە وەك مارکس ئەڵێ "سەرچاوەی ڕاستەقینەی" فەلسەفەی هیگلییە.لە ساڵی ١٨٠٨یشدا بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سانەوی لە نۆرمبۆرگ...لەو کاتەشدا،دانراوە مەزنەکەی "زانستی لۆژیك"ی نوسی. دوای ئەوەی بۆتە مامۆستاو ڕاگر(عەمید) لەچەند زانکۆیەك، لە ساڵی ١٨٣١ دا کۆچی دوایی کردووە.

ئنگلس جێگەی مێژوویی هیگل لەپەرەسەندنی فەلسەفەدا وادیار ئەکات:

"فەلسەفەی نوێی ئەڵمانی لەمەزەبەکەی هیگلیدا گەیشتە لووتکە، شوێنەواری مێژوویی مەزنی هیگل لەوەدایە کە یەکەم کەس بوو سەرنجی لەجیهانی مێژوویی گیانیی بەو پێیەدا کەپرۆسەیە، واتە لەجوڵەی هەمیشەیدایە، لەگۆڕان و پەرەسەندندایە، تەقەلای ئەوەیدا کەپەیوەندی ناوخۆی ئەو جوڵان و پەرەسەندنە بدۆزێتەوە... ئیتر لامان گرنگ نییە کە هیگل چارەسەری ئەو مەسەلەیەی نەدۆزیوەتەوە، چونکە کارە مێژووییەکەی لەخستنەڕووی ئەو مەسەلەیەدایە"(٤٥)

نرخی مەزنی فەلسەفەکەی هیگل لەوەدایە کەبەشێوەیەکی ڕێکوپێک دیدی دیالیکتیکانەی بۆ جیهانی فۆرمولە کرد کەلەگەڵ بەرنامەی دیالیکتیکی بۆ کۆڵینەوە بسازێ. هیگل دیلیکتیکی بەو پێیە دارشت کە زانستێکی فەلسەفییەو مێژوو بۆ هەموو زانین و دیسان بۆ ئەو یاسایانەی زیاترین پەرەسەندنی واقیعی بابەتی ئەگرێتەوە،گشتی ئەکات. هەروەها هیگل هەوڵیدا لە پرنسیپە بنچینەییەکانی ڕێگەی بیرکردنەوەی دیالیکتیکی کە لە بنەرەتەوە پێچەوانەی میتافیزیکن بکۆڵێتەوە لەلایەنە جیاجیاکانەوە بیانسەلمێنێ.بە قووڵی و توندی ڕەخنەی لە میتافیزیک گرتووە تا یاسا و واتا دیالیکتییەکان فۆرمولە بکات، هەرلاچەندە بە شێوەیەکی ئیدیالیستانەی شێواو بوو.

ئەم فەیلەسوفە بیرە دیالیکتییەکانی کانت و فیختە وشیلنگی بەرەو پێشەوەی پەرەپێداو لە هەمان کاتیشدا بیرە چەوتەکانیانی بە درۆ خستەوە.

هیگل لای وابوو سروشت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مرۆڤ لە ئارادایە،زانیاری مرۆڤایەتی ناوەروك بابەتییە. لەو کاتەی کە ڕەخنە لە بەربەرەکانیی ناوخۆیی ئەگرێ، ئەو ڕەخنەیەی کە کانت لە نێوان ناوەرۆك و ڕووکەشدا دایناوە، هەر لەهەمان کاتدا ئەوە ئەچەسپێنێ کە لە ڕووی بابەتییەوە ڕووکەش لە ناوەروك کەمتر نییە...بەڵکو ڕووکەش ناوەرۆکیشە،بە پەنا بردنە بەر پرنسیپی دیالیکتیکی لە یەکێتی ناوەروك و ڕووکەشدا هیگل بەربەرەکانی ڕاکانی کانت لە مەر مەحالیی زانینی"خودی شتەکان"ئەکات.بە پێچەوانەی فیختەشەوە، لای وایە کە ناتوانرێ سروشت یا کۆمەڵگە لە"خۆ"ی مرۆڤایەتییەوە،لە هۆشی خۆوە سەرئەنجام بهێنرێ،دیسان ناشتوانرێ بۆ ئەو بگێڕێتەوە...ڕەخنەکەشی لە شیلنگ لەو توندوتیژی کەمتر نەبوو،بە تایبەتی لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی بیرکردنەوەی لۆژیکیو لە لۆژیك بە شێوەیەکی گشتی و لە خەملان Intuitiomism کە شیلنگی بەرەو نائەقڵیی ئاشکرا برد.

بەلام هیگلی ئیدیالیست نەیئەتوانی ڕەخنە لە ئەنگی بنچینەیی ئیدیالیزمی فەلسەفەکانی پێش خۆی بگرێ.سروشت لای ئەم هەر وەك ئیدیالیستەکانی تر، بەرهەمی گیانێکی بەرزە بەسەر سروشتدا هەر بە تەواوی لەبەر ئەوە بووە کە هیگل نەیتوانی وەرامی ئەو مەسەلە دیالیکتییە گرنگانە بداتەوە کە پێش ئەم باسکرابوون،یان خۆی لە سستێمە فەلسەفیەکەیدا خستە ڕوو.

ـ یەکێتی بون و بیر نوختەی دەست پێکردنە لە فەلسەفەکەی هیگلدا.

هیگل وەك شیلنگ لەو بڕوایەوە دەست پێ ئەکات کە ئەڵێ:ناتوانرێ نە مەتریال و نە هۆشی مرۆڤ بە سەرەتا دابنرێ، چونکە لە ڕووی لۆجیکەوە ناتوانرێ هۆش لە مەتریال ئەنجام بهێنرێ هەر وەك چۆن ناتوانرێ مەتریال لە هۆشی مرۆڤ ئەنجام بهێنرێ. ئەو"هۆشە"ش ئەبێ وا سەیر بکرێ کە ئەنجامی پەرەسەندنێکی پێش یەکەم جەوهەری موتلەقە. بەڵام هیگل بەربەرەکانی بۆ چوونی شیلنگ ئەکاو لای وایە کەفەلسەفەی دروست فەلسەفەی یەکیتی نییە،بەڵکو ئەو فەلسەفەیە کە پرنسیپەکەی یەکێتییە،ئەوە چالاکییە، جوڵەیە پاڵەپەستویە،و لەدواییشدا شان بە شانی جووت بوونی لەگەڵ خۆیدا لە جیاوازیشدایە.یەکەم یەکێتی کە بنچینەی جەوهەریی جیهان پێك ئەهێنێ ... یەکێتی بوون و بیرە،یەکێتییەکە کە هەر لە سەرەتاوە ـ بابەتیی وخۆیی تیا جیاوازە، بەڵام ئەو جیاوازییە تەنها لە بیردا هەیە.هیگل خۆی بەلایەنگیری پانتیزم دائەناو ئەیووت هەموو فەلسەفەیەکی دروست ئەبێ پانتیزم بێ. دیسان لای وابوو کە ئەقل بەهرەیەکی تایبەت بە مرۆڤ نییە، بەڵکو بنچینەی سەرەتاییە بۆ جیهان، بۆیە جیهان لە بناغەیدا لۆجیکییە،و بە پێی یاساکانی بیر یاساکانی، ئەقڵ پەرەئەسەنێ و باڵائەکا، بەوەش ئیدیە،ئەقڵ،لای هیگل ئەبێ بە جەوهەری مۆتلەقی سەربەخۆ لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، لە سرۆشت و مرۆڤ

و مێژووی جیهانی. دیسان هەوڵ ئەدا ئەوە بسەلمێنێ کە بیر وەکو ماهیەتێکی جەوهەریی لە دەوری جیهاندا نییە بەڵکو لە ناو جیهان خۆیدایە، بەو پێیە کە ناوەڕۆکی ناوەوەیەتی. ئەو بیرە لەو جۆربوونە بێ شومارەی دیاردەکانی بووندا دەرئەکەوێ.

هیگل سەرنجی بیر" ئیدیەی موتلەق " وانادات کە وەستاو بەستراوەیە بەڵکو کە پرۆسەیەکە یەکبینە پەرەئەسەنێ، لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر...تائەگاتە ئەو رادەیە بلێ ئیدیەی موتلەق هەر سەرەتا نییە و بەس بەڵکو ناوەڕۆکی پەرەسەندووی پرۆسەی هەموو گەردوونە. بەو پێیە ئەتوانرێ پرنسیپی هیگلی کە ئەڵێ: ئەبێ وا لەمۆتلەق بگەین نەك وەك سەرەتایەك بۆ هەموو بوویەك، بەڵکو وەکو ئەنجامێکیشی، مانای وەکو پلەیەکی بەرز لە پەرەسەندنی. ئەم پلەی بەرزە لە پەرەسەندنی"ئیدیەیموتلەق"هیگل ناوی ئەنێ"گیانی موتلەق"، مرۆڤایەتی،مێژووی مرۆڤایەتی.

هیگل هەموو ئەو بیرانەی خستە ڕوو،بۆ یەکەم جار هەوڵی دا لە"فینۆمینۆلۆژیای گیان" دا بیانسەلمێنێ. دیسان لە بەشی یەکەمی ئەو دانراوەدا هیگل لە پەیوەندی هۆش بە بابەت ئەکۆڵێتەوە ئەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە: بابەت توانستی زانینی هەیە چونکە ماهیەتەکەی شەقڵ گیانیی، لۆجیکی هەڵگرتووە. ماهیەتی خۆیی هۆش لە بابەت دا دەرئەکەوێ و بە هۆی ئەوەوە بۆ هۆشی خۆ بەرز ئەبێتەوە. بۆیە ئەبێت لە پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە سەیری هۆشی -

خۆ نەكرێ، بەڵكو لە شێوەكانی تری هۆشی خۆ كانەوە سەیری بكرێ لێرەوە لە باری سەرنجی هیگڵەوە،پەیوەندییە جۆر بە جۆرە كۆمەلایەتییەكان دێتە ئەنجام(بۆ نموونە: پەیوەندی كۆیلە لەگەل خاوەنەكەی) ئەو پەیوەندیانەش تەنها شێوەیەكە Form بۆ پەرەسەندن و دەولەمەند كردنی هۆش مرۆڤایەتی بۆ خۆدی خۆیان لە سەر ڕێگەی بەرەو یەقینی مۆتلەق و بۆ ڕژێمێكی كۆمەلایەتی پەسەند، كە تیایدا نلوەڕۆكی بێ سنوورو دەولەمەندی ئیدیەی مۆتلەقی تیایدا ناوەڕۆكی بێ سنوورو دەولەمەندی ئیدیەی موتلەقی تیا ئاشكرا ببێ...هیگل دیسان لای وایە:

دەركپێكردنە هەستییەكان ڕاستەوخۆ بەبابەت ، بەمەتریالەوە بەستراونەوەو كار ئەكەنە سەر پایەگاكانی هەست،بەلام زانست ئەو دیاردەو لایەنانە دەرئەخاكەئەیانبینین یان گوێمان لێیانە یان تامی ئەكەین.

لەدواییدا ئەڵێ: بیر پشت بەبەرهەمە ئەزموونییە هەستییەكان ئەبەستێ ،بەبێ ئەمان ئەو نابێت . بەلام هیگل یەكێتیی دیاتیكتیكی نێوان تیوری وئەزموونی نابینێ، ئەو شێوەیەی كەبیر ناوەڕۆكەكەی لەباری سەرنجە هەستییەكان لەجیهانی دەرەوە وەرئەگرێ...تێی ناگات . ئینجا ئەگاتە ئەم سەرنجامە خەیاڵییە :

بیری مرۆڤ لەوە تێپەر نابێ كەیەكێكە لەدەركەوتەكانی (هەر چەندە بەرزترینیانە لەسەر زەوی)، بیری هەڵواسراوە،لەدەری مرۆڤدایە -

"ئیدیەی موتڵەق"، واتە یەزدان، مەعقول، یەزدانی و ریالستیی و پێوستیی، بەپێی پێویست لەگەڵ یەکدا جووت ئەبن، لێرەوە یەکێك لەبابەتە بنچینەییەکانی فەلسەفەی هیگلی ئەنجام دێت: "هەموو ئەوانەی واقعە مەعقولن.هەموو ئەوانەی مەعقولە واقیعن. بەڵام واقیعی لای هیگل هەموو ئەوانە نییە کە هەن، بەڵکو هەموو ئەوانەیە کە گرنگن، جەوهەرین و لەرووی مێژوویەوە پێویستن.

بیر، ریالیزمی بابەتی رەنگ پێ ئەداتەوە، جا چەندە ئەو پێچەوانەیە راست بێ، ئەوەندە ئەتوانین قسە لە سەر دیدی ئەقڵیی بۆ جیهان بکەین. بەڵام هیگل رەنگدانەوەی واقیع(ئەقڵ)و ئەوەی رەنگ پێ ئەداتەوە ـ واتە ریالیزمی بابەتی ـ لەگەڵ یەکدا جووت ئەکات. ئەو یەکێتییەی نێوان ئەقڵی گەردوونی و جیهانی دیاردەکان بە دەوڵەمەندی و هەمە جۆرییەوە هیگل ناووی ئەنێ"ئیدیەی موتلەق".

تێگەیشتنە ـ فورمەلەی بنچینەیی بیرە. لای هیگل" سەرەتای هەموو ژیانێکە"و" وێنەیەکی داهێنەری بێ سنوورە، هەموو ناوەروك دەوڵەمەندییەکی تیایە و لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئەو ناوەڕۆکەیە". لە کاتێکدا هیگل بەربەرەکانی دیدی مەتریالیستانەی تێگەیشتە ئەکات بەو پێیەی کە شێوەیەکی بەرزتری رەنگدانەوەی واقیعی بابەتییە، بەو ە کارەکان لنگە وقوچ ئەکات، چونکە لای ئەم ، بیر رەنگدانەوەی بوون نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، بوون لاشاندنێکی بیرە، هی تێگەیشتنەیە، هی ئیدیەیە. لەم ڕووەوە هیگل ئەڵێ:

"تێگەیشتە ئەوەیە کە لەناو خودی شتەکاندا ئەژی،ئەوەیە کە بەهۆیەوە شتەکان بەو جۆرەی دەرئەکەون هەن. تێگەیشتنی بابەت مانای هۆشمەندی تێگەیشتەکەیەتی. جا چەندە ئەو رایە خەیاڵی دەربکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بیرێکی قوڵ و ڕاستی لە سەر ڕۆڵی گرنگی تێگەیشتەکان لە پرۆسەی بیرکردنەوەو لە سەر سەربەخۆیی نیسبی و لە سەر بەرهەمە هەستییەکان، کە لێیەوە دەست پێ ئەکاو بەلام لە چوارچێوەکە دەرئەچێ، وازی کرد"(٤٦).

لەو سەردەمەی هیگلی تیا ئەژیا ئەمی تەسکی ئەزموونی و باوەڕنەبوون بە بیری تیوری و هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆڵینەوە تەنها واقیعە هەستییەکان بگرێتەوە، ئەوانە بە سەر زانستدا زاڵ بوون. زانا ئەزموونییەکان واسەیری تێگەیشتەکانیان ئەکرد کە هەر تەنها ناوی ڕووتوقوتن و نیشانەن بۆ کۆمەڵێ واقیع کە بە هەست دەرك ئەکرێن، هیگل لە دژی ئەو کەم کردنەوەیەی ڕۆڵی بیری تیوری بوو. بەلام بە تێگەیشتەیەکی زانستیانە بۆ ڕۆڵی بیری تیوری (کەتا ئەو کاتەش چارەسەری نەکرابوو) بەرامبەر بە ئەزموونی نەوەستا.بەڵکو بە تیورییەکی ئیدیالیستی لە سەر هێزی بێ وێنەی تێگەیشتەکان وەی بیرەکانت ئەوەی کرد...

بەو پێیە بۆ چوونی بنچینەیی لە سستێمە فەلسەفیەکەی هیگڵدا جووتکردنی ئیدیالیستانەی بوون و بیرە، گێرانەوەی هەموو پرۆسەکانە بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە...مێژووی واقیعی ئەگێرێتەوە بۆ پرۆسی زانین،

واداتەنێ کە پەرەسەندن و قوڵبوونی زانیاریمان دەربارەی جیهان هیچ نییە جگە لە پەرەسەندنی ئەو واقیعە خۆی نەبێ.

ئنگلس دیارد بۆ ئەو بنچینە فەلسەفییەی هیگل ئەکات و ئەڵێ:

"هیگل ئیدیالیست بوو، بیرەکانی ناو مێشکمان لای ئەو، بەرادەی ئەم ئەزموون یان ئەو ئەزموون، رەنگدانەوە نین بۆ شت و پرۆسەیواقیعییەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هیگل شتەکان و پەرەسەندنیان بەلاشاندنی "بیرێك" دانەنێ و ئەڵێ گوایا هەر لە پێش دروست بوونی جیهاندا هەبووە. ئیتر بەو پێیە کارەکانی سەرەو خوارو لنگەوقوچ کرد، بە شێوەیەکی ترسناك پەیوەندی ڕیالیستی نێوان دیاردەکانی جیهانی شێواند"(٤٧).

تیۆری پراکتیکی لۆژیکی هیگلی

هێڵە گشتیەکانی دیالیکتیکی هیگلی

فەلسەفەکەی هیگل لە سێ بەشی سەرەکی پێك هاتووە: لۆژیك، فەلسەفەی سروشت وفەلسەفەی گیان کە ڕاستەوخۆ فەلسەفەی هەق و زانستی جوانی فەلسەفەی ئاین و مێژووی فەلسەفەیان پێوە بەستراوە.

هەروەك لە پرنسیپی بنچینەیی فەلسەفەی هیگلدا دەرئەکەوێ لۆژیك بەشی هەرە گرنگی سستێمەکەی پێکئەهێنێ چونکە یەکێتیی بون و بیر مانای وایە یاساکانی بیر کە لۆژیك لێی ئەکۆڵێتەوە،هەر هەمان یاساکانی بوونە،بە سروشت و مێژووی مرۆڤایەتی و زانینیشەوە. لۆژیك پێش

هیگل زانستی وێنەی بوون بوو(شێوەی خۆیی مرۆڤ). بەلام هیگل هەرچەندە نکولی لەم بوونی جۆرە زانستە نەکرد، واتە لە لۆژیکی وێنەیی (شێوەیی) وەك زانستێك دەربارەی شێوەو یاسا سەرەتاییەکان بۆ بیر کردنەوەی دروست، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی فراوانتر و سەرجەمیتر ئەخاتە بەردەم زانستی لۆژیك، ئەوەش کۆلینەوەیە لەو یاسایانەی زیاتر سەرجەمین بۆ پەرەسەندنی زانین.

وە لەبەر ئەوەی"بیر" لای هیگل بنچینەی هەموو بوونێکە، بۆیە لۆژیك لای ئەم ئەبێتە زانستێك دەربارەی ماهییەتی گشت شتەکان. لەبەر ئەوە هیگل لە دانراوەکەیدا((زانستی لۆژیك)) شان بە شانی مەسەلە ئاساییەکان کە دەربارەی تێگەیشتەو بڕیارو بەلگە ئەقلییەکانن... لە مەسەلەو باسی تری واش ئەکۆلێتەوە کە لەوەو بەر بە لۆژیکی وێنەیی نەسپێردرا بوو وەکو: یاساکانی خۆدی واقیع و بوونی گۆڕانە چەندایەتییەکان بۆ چۆنایەتی و پەیوەندییە بەرامبەرییەکانی واتا فەلسەفییەکان و سروشتی پرۆسە میکانیکی و کیمیاوی زیندەوەرییەکان هتد... جا هەر چەندە ئەوە شوێنەوارێکی مەزنی مێژوویی هیگلە، لەگەلّ ئەوەشدا ڕووخستنی هیگل بۆ لۆژیکە دیالیکتییەکەی ئیدیالیستی بوو، چونکە یاساکانی سروشت و یاساکانی لۆژیك، یان بیر، لەگەلّ یەك جووت ئەکات.

لینین ئەڵێ" "هیگل ، بەکرداری ، سەلماندی کە شێوەو یاسا لۆژیکییەکان بەرگێکی بۆش نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی جیهانی بابەتین. بۆ وردی ئەڵێین نەیسەلماند بەڵکو بلیمەتانە پێشبینی کرد"(٤٨).

لەزانستی لۆژیکدا هیگل لە تێگەیشتەی گشتییەکان ئەکۆڵێتەوە، ئەو تێگەیشتانەی کە لەناو پرۆسەی پەرەسەندنی زانیاری مرۆڤایەتیدا لە ڕووی مێژووییەوە دروست بوون وەك" بوون و نەبوون، گۆڕان، چەندایەتی و چونایەتی، پێوانە، جەوهەر، وەك یەککردن و جیاوازی، ناکوکی، پێویستی و سوتفە، توانست و واقیع و هی تریش، دەیسەلمێنێ کە هەموو ئەو تێگەیشتانە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە پلەی جیاجیای زانین دەرئەبرن و بەرەو ناخی قووڵایی هەموو بوویەك ئەڕۆن.

تێگەیشتەکانیش لای هیگل لە جۆلەی بەردەوامدان، ئەگوێزرێتەوەو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، ئەگۆڕێ و پەرەئەسەنێ و ئەبێ بەدژەکەی، بەوەش ناکۆکییە پێوەبەستراوەکانی ناوەوەی دەرئەخات کە هێزی جۆلێنەری تێگەیشتەو بیرەکان لەپەتی - یەوە ئەبێ بە کۆنکرێت و لە تێگەیشتەی یەك لایەن و هەژار لە ناوەڕۆکا ئەبێ بەدەولەمەندتر کەلەیەکێتیدا ئەبێتە چەند لایەنی و هەتا دژ بە یەکیش. لە پەرەسەندنی تێگەیشتەو لە توێژینەوەی لەو تێگەیشتەی چەندایەتی وچونایەتیی، هیگل دەری ئەخات چۆن گۆڕانی چەندایەتی ئەبێتە هۆی گۆڕانی چۆنایەتی بە شێوەی قەڵەمبازو پچڕاندن لە بەردەوامی و

گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دوخێکیتر، بۆ ئەمەش هیگل نمونەی گۆڕانی ئاوا ئەهێنێتەوە کە چۆن شلە ئەگۆڕێ بۆ دۆخی بەستن یان غاز. دیسان نمونەی تری بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەهێنێتەوە. لەو ڕێڕەوشدا هیگل ڕەخنەی توند لە میتافیزیک ئەگرێ و ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە ئەڵێ: دژەکان مۆتلەق نین بەڵکو نیسبین وە لە نێوانیان دا کۆسپی وانییە کە نەبڕێ، دژ بوونیش نیسبیە، واتە هەر یەکە لە دوو دژەکە تەنها پەیوەندی لەگەڵ دژەکەیدا هەیە، لە جوڵە، لە گۆڕان و پەرەسەندن. لینین ئەڵێ: هیگل بلیمەت بوو کە پێشبینی لەوە کرد کە: گـۆڕانی تێگەیشـتەکان و هـەموو پەیوەندییـەکانیان و جوتبـوونی دژەکانیان و گواستنەوەیان لە تێگەیشتەیەکەوە بۆ تێگەیشتەیەکی تر، کە" گۆڕانی تێگەیشتەکان و جۆلانەوەی ئەمریان، هەر ئەوە دەرئەخەن کە پەیوەندییەکی لەو بابەتە لە نێوان شتەکانی ناو Trtiadفورمەلە کـــردووە: تێزـــــ Thesis–،دژی دژ Antithesis- ڕۆنـــان ـSynthesis(نەفی نەفی). لەم فورمەلەیەدا، واتە لە شێوەی سێ کوچکەدا، هیگڵ نەفی نەفی بە شێوەیەکی ناڕەواو نائاسایی بەکاردەهێنێ ، بە شێوەی مۆر کە هەموو پرۆسە لێکولراوەکانی پێ مۆر دەکات. بۆیە ئەکەوێتە بەردەم ڕەخنەی مارکس و ئنگلس و لینین کە یاسای پەرەسەندنیان بە پشت بەستن بە پێدراوە کۆنکریتییەکان چارەسەر کرد..."(٥١)

هیگڵ بە دۆزینەوەی یاسا گشتییەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی هەموو ئەو شتانەی هەن، چەپۆکێکی توندی ئاراستەی دیدی میتافیزیکی کرد کە دەڵێ ماهییەت ناگۆڕێت. بەڵام هیگڵ ئیدیالیستانە لەو گۆڕانانەی ماهییەت گەیشت، بەو پێیەی جوڵانەوەی بیرە، هی"موتلەق ئیدیە-"یە. بەو پێیەی بوونی ماهییەتە بە تێگەیشتە... تێگەیشتەش لای هیگل پرۆسەی تیۆری بیرکردنەوەیە و بۆ مۆتلەق بەرزکراوەتەوە. چالاکی بیرو سەرجەمی چالاکی بەهۆش و بەمەبەستی مرۆڤ ، بۆ گۆڕانی جیهان، هیگڵ ئیدیالیستانە لێکدەداتەوە ، بە پێیەی کە داهێنراوێکە ، یان هۆشمەندیی خۆییە بۆ "ئیدیە- ی موتڵەق" کە لەخۆدی خۆیدا هەموو ئەو شتە لە ڕووانەی وا دەرئەکەون کە پەرەسەندنێکی شت و کۆمەڵە ، دەرئەخا.

شۆێنەواری گرنگی هیگڵ لەوەدایە کە ئەو خەسلەتە گرنگەکەی خوڵەی بیری تیوری کۆنکرێتی دەرخست لە زانینی پەتی - یەوە بۆ زانینی کۆنکرێتی. بەڵام هیگڵ بە شێوەیەکی ئیدیالیستانە ئەو پروسە ڕیالیستەی شێواند ، چونکە بە پرۆسەی پێکهاتن و پەرەسەندنی شتە سرۆشتییەکانی دایە قەڵەم، کەلەو حالەتەدا ناناسرێ و ناگێڕرێتەوەتەنها لە ڕووی تیەرییەوە نەبێ.

لە کۆڵینەوەیدا لە پرۆسەی زانین، هیگڵ مەسەلەی پەیوەندی زانینی تیوری لەگەڵ چالاکی پراکتیك ئەخاتە ڕوو، هەوڵ ئەدات کە یەکێتیی و پەیوەندی تیوری و پراکتیك Praxis دەربخات...بەڵام تێگەیشتەی

مارکسیزم بۆ پراکتیک لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتەی هیگڵی جیاوازە ، پراکتیک لە بارەی سەرنجی مەتریالیزمی دیالیکتیەوە . ئەوەیە کە ئامرازە مەتریالیستەکان بەمەبەستی گۆڕینی ڕیالیزمی ماتریالی و زانینی بەکارهێنانی ، بەلام هیگڵ وا لە پراکتیك گەیشت کە چالاکییەکی دیاری بیرەو لە سەرەنجامیشدا، چالاکییەکی گەردونییە بۆ "ئیدیە ـی موتلەق" کە لەکاتی هۆشمەندی خودی خۆیدا جیهان دەخولقێنێ.

لووتکەی پرۆسەی پەرەسەندنی لۆژیکی لای هیگل دەگاتە تێگەیشتەی"ئیدیە ـ ی مۆتلەق" کە لەسەرەتادا"جیاوازە"لە بووندا و جولەی ئەداتێ، بەوەش بوون بووە خاوەن ناوەڕۆك. دوایی"ئیدیە ـ ی مۆتلەق"لە شێوەی ماهییەت و ئینجا تێگەیشتەدائاشکرا دەبێ. لە دوایشدا دیسان ـ بە هۆی پەرەسەندنی تگەیشتەوە ـ سەر لەنوێ ئەگەڕێنەوە بۆ"ئیدیە ـ ی موتڵەق

لینین ئەڵێ: لە ڕاستیدا ئنگلس هەقی بوو کە بە سستێمەکەی هیگڵ بڵێ " ماتریالیزمێکی هەڵاوگێرە"(٥٢).

مەسەلەکانی لۆژیکی دیالیتیکی جێگەیەکی دەرکەوتویان لە" زانستی لۆژیك" دا گرتووە. هیگڵیش لە پێشبینییەکی بلیمەتانەوە دەربارەی یەکێتی یاساکانی بیرو یاساکانی واقعی بابەتی دەستئەکات بە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانە.

یاساکانی بیر هەرچەندە بە تەنها پابەندن بە خۆوە بەلام ناوەڕۆکی بابەتییان هەیە. هەروەك لینین ئەڵێ: پەیوەندییە ڕیالیستەکانی پێش

مارکسیزم تێینەگەیشتبون، چونکە هەر لە سنووری دووپات کردنەوەی ئەوەدا مانەوە کە دەیانووت: بیر تەنها ناوەڕوکی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوەیە. لینینیش ئەڵێ: " لۆژیك زانستێك نییە دەربارەی یاساکانی پەرەسەندنن" هەموو شتە دەرەوەی بیر بێت ، بەڵکو دەربارەی یاساکانی پەرەسەندنن" هەموو شتە مەتریالیست و سروشتی و گیانییەکان"،واتە"پەرەسەندنی کۆی ناوەڕۆکی کۆنکریتی concerete جیهان و زانینمان بۆی، مانای، پوختەی،کۆی، ئەنجامی مێژویی زانینی جیهان"(٥٣).

- فەلسەفەی سروشت.

ئەگەر لۆژیك لای هیگل "زانستێك بێت دەربارەی خودی ئیدیە، لە پێناوی خودی خویدا" وا فەلسەفەی سروشت لای ئەم فەیلەسوفە " زانستێکە دەربارەی ئیدیە، لە بونەکەی تریدا".بەلام هیگل بۆمان لێك ناداتەوە چۆن گواستنەوە لەبیرو لۆژیکیی "پوختەوە" بۆسروشت ڕوونەدات. تەنها ئەوەندە نەبێ" ئیدیە - ی موتڵەق" دوای ئەوەی دەرکی بەناوەڕۆکی خۆی کرد" بەخواستی خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دا تا سروشت پێکبهێنێ"(٥٤)... لەدواییدا ئەڵێ:"گیان نابێ بەگیان تەنها لەناو سرۆشتدا نەبێ"... ئاقسەکانی ئایینی مەسیحی لایەنگیری دەکات کە ئەڵێ: یەزدان گێتی لەنەبوون دروست کردووە.

هیگڵ لای وابوکە شێوەسەرەکییەکانی سروشتی(جیاواز) لە "ئیدیە ـ ی موتڵەق": میکانیك و فیزیك و ئۆرگانیکایە.لە میکانیکا لەشوێن و، کات و، مەتریال و جوڵەو، ڕافرینی جیهانی ئەکۆڵێتەوەو ئەو تێگەیشتانە، ئیدیالیستانە لێك ئەداتەوەو تەقەلا ئەدات تالەرووی لۆژیکییەوە مەتریال لەزەمان و زەمین هەڵبهێنجێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ ناچار ئەبێ دان بەوەدا تەقەلا ئەدات تالەرووی لۆژیکییەوە مەتریال لەزەمان و زەمین هەڵبهێنجێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیگڵ ناچار ئەبێ دان بەوەدا بنێ کە کات و شوێنێ بۆش لەئارادا نییە، ئەمەش ئەوە ئێنێتەکایەوە ـ بە پێچەوانەی گوتەی ئیدیالیستانەی خۆی ـ کەزەمان و زەمین دوو شێوەی بوونی مەتریالن. ئیسان دان بەوەدا ئەبێ کە مەتریال و جوڵە لەیەك جیانابنەوە:

"هەروەك چۆن جوڵە بەبێ مەتریال نییە هەروەها مەتریال بەبێ جوڵانەوە نییە"(٥٥).بەلام لای هیگڵ مەتریال تەنها وەکو ڕوخساری دەرەوەی"ئیدیە ـ ی موتڵەق ئەمێنێتەوە... تەنانەت هیگڵ والە جوڵانەوە ناکات کە گۆڕانەو ئەبێت بە پەرەسەندن، بەڵکو وەك گواستنەوەی شوێن و دووبارە بوونەوەی ئەوەی لەپێشدا هەبووە تییدەکات.

لە فیزێکیشدا هیگڵ لەتەنە ئاسمانییەکان و ڕوناکی و گەرمایی و کیمیاو هیتر ئەکۆڵێتەوە... لەم بەشەی فەلسەفەی سروشتدا زۆر گوتەو گریمانی بێ بنچینە ئەبینین، کەبێ توانایی ئیدیالیزم نیشان

ئەدات لەگشتی کردنی بەرهەکانی زانستە سروشتیەکان، وەك نکوّلی کردنی لەراستیی دروست بوونی ئاو لەهایدروّجین و ئوّکسجین... بەلاّم لەگەلّ ئەو گوتە نەزوّکانەشدا هیگلّ گەلێ پێشبینی بلیمەتانەی خستنەڕوو. بوّنمونە نزیکبونەوەی لە تێگەیشتنی زانستیانەی کارەبا وەك شێوەیەك لەشێوەکانی جولّەی مەتریال، بەلگەی بوّ کاری یاسایی بوونی گوّڕانە چەندایەتییەکان بوّ چەندایەتییەکان بوّ چوّنایەتی لە پرّوسە کیمیاوییەکاندا ئەهێنایەوە.

بەلاّم بەشی سێیەم لە فەلسەفەی سروشت - ئوّرگانیکا لە مەسەلەکانی جیوّلوّجی و ، ڕووەك و ئاژەل ئەکوّلێتەوە...

هیگل بڕوا بە پەرەسەندنی ڕیالیستانەی مەتریالیزمی بابەتی بووە زیندوەکان ناکات:ئەو شێوە سروشتیانە هەمووی یەك لە یەك پەیدا نابن، بەلکو هەریەکەیان بەرهەمی"ئیدیە ـی موّتلەق"ە. بەو جوّرە دیدی ئیدیالیستانەی کە دەلّێ مەتریال شتێکی بێ کارەیە و خاموّشەو لە گیان جیابوتەوە ، پالّ بە هیگلەوە ئەنێ بوّ نکوّلی کردن لە پەرەسەندنی سروشت. هەرچەندە دیالیکتیکی گەیاندە ڕادەیەکی سەرووتر لە ئاستی مەتریالیستە میتافیزیکییەکان... بەلاّم هیگلّ لە دژی تیوری بەرزەپەرە کە زاناو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە خستیانە ڕوو ئەیووت: ئەو تیوەرییەی کە دەلّێ: بووە زیندووە زیاتر پەرەسەندوەکان لە بووی پەرەسەندووی نزمتر پەیدا بوون تەنها قسەی پوچ و نەزوکە. هیگل ئەلاّ: " لەژێر خوّردا شتێکی نوێ لە سروشتدا

نییه،بۆیه ئەو هەمە چەشنە بێ سنووره لە شێوەو وێنەیدا یارییەکی شەکەتکەره. نوێ تەنها لەو گۆڕانە پەیدا ئەبێ کەبە سەر جیهانیگیانیدا ڕوونەدات"

ئیتر بەو فەلسەفەی سروشت لای هیگل هەرچەندە گەلێ پێشبینی بلیمەتانەی تیا بوو.بەڵام دوور بوو لە تێگەیشتنی دیالیکتیکی ڕیالیستی سروشت وەك یەك کۆی پێکەوە بەستراو، کە بەردەوام لە ئەنجامی ناکۆکییە ماوتاکەکانی ناوخۆی، ئەگۆڕێو پەرەئەسەنێ...ئنگلس پەنجە بۆ ئەوە ڕائەکێشێ کە سروشت کرد کە بەشی هەرە لاواز بێ لە سستێمە فەلسەفییەکەی هیگلدا.

بۆیە هیگل نەیتوانی لە تێگەیشتنی میتافیزیکی سروشت خۆی قوتار بکات، هەرچەندی لە هەندێ مەسەلەدا توانی خۆی بخاتە سەرووی ئاستی زانا سروشتییەکانی سەردەمی خۆی، ڕەخنەی ئاراستەی تێندێنسی تەسکی ئەزموونی و سەرەتای دەستپێکردنی میتافیزیکی ـ میکانیکی بۆ تێگەیشتنی دیاردەکانی سروشت... کرد.

ـ فەلسەفەی گیان.

فەلسەفەی گیان بەشی سێیەم لە سستێمە فەلسەفییەکەی هیگل پێك ئەهێنێ، ئەو فەلسەفەی گیانەش لە فرمانەکانی هیگل دەربارەی گیانی خۆیی (ئەنسرۆپۆلۆژی و، فینۆمینۆلۆژی و سایکۆلۆژی) و دەربارەی گیانی بابەتی (هەق ڕەوشت و دەولەت)و دەربارەی گیانی موتڵەق، بەو پێیەی پلەیەکی بەرزتری هۆشی" ئیدیە ـ ی موتڵەق"ە بۆ

خودی خۆی (هونەرو ئاین و فەلسەفە) ئەنسرۆپۆلۆژیدا دەربارەی پەرەسەندنی تاکیی پیروسونالّی مرۆڤایەتی و دەربارەی پەیوەندی گیان بە لەشەوە دەربارەی جیاوازی ڕەگەزو جیاوازی تەمەنی خەڵك و دەربارەی حاڵەتی دروست و نەخۆشی و لەش دەربارەی شەقڵ و میزاج و هی تریش ... قسە ئەکرێ.لای هیگڵ - هەروەك ڕووناکبیرانی فەرەنسا- جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و قنج ڕۆشتینە بە پلەی یەکەم،هەر چەندە ئیدیالیستانە ئەو ڕاستییەی لێکدایەوە، سەرنجی دا کە بەراستی جیاوازی ڕەگەز هیچ بەلگە نییە بۆ تێندێنسی ڕەگەز پەرستی "مرۆڤ خۆی ئاقڵە، ئەوەش یەکسانی هەموو مرۆڤی تیا ڕەخساوە، ئیتر لێرەوە نەزوکێتی بیری دابەشکردنی خەڵك بەخاوەن شتی جیاوازو بەبێ بەش لە ماف دەرئەکەوێ"(٥٦).. هەرچەندە ئەووت: ئەژادو نەتەوەکان نواندنی پلەی پەرەسەندنی "گیانی موتڵەق"ی جیاجیان، بۆیە ناتوانرێ ئەو جیاوازیانە نەهێلرێ هەتا هەتایە هەر ئەمێنێ. دیسان هیگڵ وەکو ئیدیۆلۆگی بورژوای لاوازی ئەڵەمانی هەوڵی ئەدا ئەوە بسەلمێنێ کە پێویستە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی هەر لەناو چوارچێوەی ئەو" سستێمە لە ئارادایە" بکرێ. واتە لە ناو سستێمی دەرەبەگێتیدا، ئەووت وەستان بەرامبەر سستێمی کۆمەلایەتی تەنها پرکێشی گەنجەکانە، کەی ئەوانەی نزیك بوونەوە لە ڕەسێوی وا ئەوەیان نامێنێ.

لەكۆلینەوەی لە پەرەسەندنی ئایندەی هۆشی سەڵت لە فینۆمینۆلۆژی و لە سایكۆلۆژیدا..ئەمە سەرەنجام ئەهێنێ:"گیانی بابەتی" لە سەر بنچینەی هۆشی سەڵتایەتی وەستاوە."گیانی بابەتی" یش لای هیگڵ پەیوەندییە هەمە جۆرەكانی ماف و رەوشت ئەگرێتەوە كە ئەم ئیدیۆلۆگە ئایدیالیستە ئەلمانییە خێزان و كۆمەڵگەی شارستانی(پەیوەندییە ئابورییەكان) و دەوڵەتیش ئەگرێتەوە ژ ئەو گیانی بابەتییە...بەو جۆرە ئایدیالیستانە لە رەوشت ئەگات و بە ناوەڕۆكی ناوەكی و هێزی جۆلێنەری، نەك هەر پەیوەندییە یاساییەكانی دائەنێ‌و بەس بەڵكو ئەڵێ هی پەیوەنییە ماتریالیستی و سیاسییەكانیشە... لەگەڵ ئەوشدا تێگەیشتنی هیگڵ بۆ رەوشت و دەربارەی پەیوەندی پراكتیكی پەرەسەندنی سەرجەمی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی ئەو سەردەمەی، تیایە.

لەبەر ئەوەشە ئازادی لای هیگڵ ناوەڕۆكی گیانەی بۆیە ماف بە بەئەنجامهێنانی بەبوونێكی ڕاستەوخۆی ئازادی دائەنێ. بەو وتەیەش بەرامبەر بە زۆرداری ی دەرەبەگایەتی ئەوەستێ. بەڵام هیگڵ شەقلی چینایەتی پەیوەندییە یاساكانی نەبینی كەلە ڕاستیدا ئەو پەیوەندیانە ڕەنگدانەوەی ویستی چینی دەسەڵاتدارە. بۆیە مۆلكداریەتی تایبەتی، بەرای هیگڵ ڕەوایە چونكە بە شێوەیەكی مێژوویی دیاری پەیوەندییەكۆمەڵایەتییەكانی دانانێ، بەڵكو بەجێبەجێ كردنێكی جەوهەری و پێویستیئازادی دائەنێ... بەهەمان ڕێگەی

تیۆربوونەوەیی speculative هیگڵ هەوڵ ئەدا هێڵە گشتییەکانی "کۆمەڵگەی شارستانی " لە تێگەیشتەکانی ماف هەڵبهێنجێ و پەیوەندییە ڕیالیستییەکانی نێوان ستێمی ئابوری و سەرخانی کۆمەڵ سەرەوخوار هەڵبگێڕێتەوە... لەوەدا دەوڵەت بە پلەیەکی بەرزی پەرەسەندنی ڕەوشتی بابەتی و بنچینەی ڕەسەنی پەیوەندییە ئابورییەکان دائەنێ. بەڵام لەناو ئەو قاوغدا زۆر جار پێشبینی قووڵ دەربارەی جەوهەری ڕاستەقینەی پەیوەنییە کومەلایەتییەکانی ئەخاتەڕوو. بۆنمونە کەقسەلەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کۆنی یۆنانی دەکات پەنجەبۆ پەرەسەندنی توندتیژی ناکوکییەکانی نێوان خاوەن موڵك و ڕەش و ڕووتەکانی ناو کۆمەڵگای کونی یونان ڕائەکێشێ.

نرخی پێشکەوتوانەی ئەو تێزەی هیگڵ لەڕووی مێژووییەوە لەوەدایە کە بەبەڵگە سەلماندی کە ئەبێ خەبات بکرێ لەدژی زۆرداریی دەرەبەگایەتی و لە پێناوی دیموکراسیدا. بەڵام هیگڵ ئازادیی، بەشێوەیەکی سەرەکی، بەئازادی گیان، ئازادی بیر، ئازادی ئەقڵی پێرسوناڵی تێئەگەیشت کە ئەوەش لەڕۆڵی فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکان کەم ئەکاتەوە کە دەستەبەری لەناوبردنی چەوسانەوەی دەرەبەگین.

هیگڵ مێژووی جیهان ئەکاتە سێ پلەی سەرەکی: ڕۆژهەلات، کۆن Antique جەرمانی. لەجیهانی ڕۆژهەڵاتدا مرۆڤ دەرکی بەوە نەکردووە کە ئازادی جەوهەری مرۆڤ پێك ئەهێنێ، بۆیە لێرە هەموو کۆیلە بوون.

بەلام لە جیهانی کۆندا(یونانی کۆن و ڕۆما) هەندی ێکیان وتیان ئازادی جەوهەریان پێك ئەهێنێ بۆیە ئەوان ئازادبوون. ئەم تێگەیشتنە ئایدیالیستانە بۆ کۆیلەیەتی، بە باروبۆخی ئابووری، کە خوڵقێنەرێتی، ئەخاتە لاوە... هیگڵ بەو ڕاگەیاندنانەی کە گوایە گەلانی جەرمەنی: بەتایبەت ئەڵمان، ئازادی خۆیان وەرگرتووە، هەرتەنها تێگەیشتەی ئازادی ناشێوێنی بەس بەلکو تا دوورترین ڕادەش ئەرکەکانی گۆڕانی دیموکراسی بۆرژوای و کۆمەڵگە تەسك ئەکاتەوە... دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی دەستووریی لای هیگڵ، لوتکەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتییە، ئەوە تەقەلای بۆرژوای ئەڵەمانیاش دەردەخات کە دەیویست لەگەڵ کۆنەپەرستی دەرەبەگێتی خۆی بگونجێنی. دیسان تێندێنسی کۆنەپەرستانەی فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ لەوەدا دەردەکەوێ کە گەلانی جێرمەن بەتایبەتی ئەڵەمانی بەمەزن دادەناو گەلانی خۆرهەلاتیشی بەسووك و دواکەتوو سەیر ئەکردو دەیووت ئەو گەلانە هەتا هەتایە هەروا دەمێننەوە، هیچ پاشەڕۆژێکیان نییە، کاتێ هیگڵ دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە" مێژوویی جیهان لە خۆرهەلاتەوە ئەچێ بۆ خۆرئاوا بۆیە ئەورووپا تەواو کۆتاییەکەی و ئاسیاش سەرەتاکەی پێك دەهێنێ" بەوە خیانەت لە دیالیکتیك دەکات چونکە دیالیکتیك نکوڵی لە وەستاوی موتڵەق و بەستراوی دەکات.

دەوڵەت لای هیگڵ لاشاندێکی ناویی ئازادی و تەدارەکی یەزدانە لەسەر زەوی، ئەم بیرە هەرچەندە دژی زۆرداری و دەرەبەگی و دژی

جیابوونەوەو separatism و ناوچەگەری particularism بوو، دیسان لە دژی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە دەوڵەتۆکە دەرەبەگایەتییەکانی ئەڵەمانش بوو. بۆیە ئەم تێگەیشتنەیەی هیگڵ بۆ دەوڵەت جەوهەری چینایەتی دەوڵەت ئەشارێتەوە. دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ زاڵبوونی چینایەتی و دیکتاتۆرێتی چینی دەسەڵاتدار لە لای هیگڵ لە پشت دیوارێکی ئایدیالیستانەوە ون ئەبێ.

هونەرو ئاین و فەلسەفە- ئەوانە سێ شێوە بەرزەکەی هۆشیی "گیانی موتڵەق" ن، لەوانەدا مێژووی جیهانی ئەگاتە کەماڵ، لەوانەدا ئەقڵ بە تەواوی هۆش بەخۆی پەیدا ئەکات و ئاسودە ئەبێ. ڕاستە هیگڵ فەلسەفە ئەخاتە ئاستێکی بەرزتر لە ئاین، بەڵام ناوەڕۆکەی لە سەرنجامدا لەگەڵ ناوەڕۆکی فرمانە ئاینییەکان جووت ئەکات، چونکە بابەتی زانین لە هەردووکیاندا"بیری موتڵەق"ە کەلای فەلسەفەی هیگڵ مەبەستی یەزدان و لە هەمان کاتیشدا مەبەستی جیهانە پێکەوە . بەو جۆرە هیگڵ ئەو ناکۆکییەی لە نێوان زانست و ئایینا هەیە چاوی لێ ئەپۆشێ.

لە فەلسەفەی گیاندا تێندێنسی کۆنپارێزی، کۆنەپەرست هەندێ جار بە ڕوونی ئاشکرا ئەبێ...بەڵام پێویستە ئەوە نرخی باشەی ئەم بەشەی فەلسەفەکەی هیگڵ و دانراوەکانی ، وە"فەلسەفەی مێژوو"و "فەلسەفەی هەق"و ئەوانی ترمان لێ نەشارێتەوە. ئەم دانراوانە زۆر بیری پێشکەوتوانەو پێویستی پەرەسەندنی بۆرژوای ئەڵەمانی و

پێشبینی بلیمەتانەی دیالیکتی تیایە. ئنگلس ئاماژە ۆ فەلسەفەی هەق و مێژووی فەلسەفەی هیگڵ ئەکاو ئەڵێ: " لەهەر مەیدانێك لەو مەیدانە جۆربەجۆرە مێژووییانەدا هیگڵ کۆشش ئەکات تا هێڵی پەرەسەندن بدۆزێتەوە، کە بەم یان بەو مەیدانە دا ئەڕوات و بەڵگە ۆ ئەو هێڵە بهێنێتەوەو ئاشنای بکات"(٥٧).

سستێم و بەرنامە لە فەلسەفەکەی هیگڵدا. ناوکی ئەقڵی دیالیکتیکی هیگڵ

لەفەلسەفەی هیگڵدا ئەبێ بەوردی جیاوازی بکەین لەنیوان بەرنامەی metod دیالیکتیکی هیگڵی (لایەنی پۆسەتیڤ لە فەلسەفەکەی) سستێمی system هیگڵی واتە کۆمەڵە ڕاکانی لەسەر سروشت و کۆمەڵ، بەو پێیەی دوو شێوەی بوونی"ئیدیە ـ ی موتڵەق" ەو لایەنە کۆنەپەرستانەکەی فەلسەفەکەیەتی. جا هەرچەندە لای هیگڵ سستێم و بەرنامە لە ڕووی ئۆرگانیکەوە پێکەوە بەستراون، لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکییەکی عاسێیان لە نێواندایە. سستێمەکەی هیگڵ ـ بە پێچەوانەی بەرنامە دیالیکتیکییەکەی ـ سنووری پەرەسەندنی زانین داناوەو دیسان تێگەیشتەی دیالیکتیکی و کۆمەڵ و بیر ئەشێوێنێ. هیگڵ هەروەك زوربەی فەیلەسوفەکانی پێش مارکسیزم ، لای وایە کە فەلسەفە لە زانستەکانی تر جیاوازە بەوەی کە: پێشکەشکردنی زانیارییەکی تەواوەتی و موتڵەق و کامل ، لە دەربارەی واقیع و دەربارەی جیهان

كراوەتـە ئـەركی سەرشـانی فەلسـەفە. هـیگڵ فەلسـەفەكەی بـەو پێیەفورمولـە كـردووە كـە"زانسـتی زانسـتەكانە"، واتـە سسـتێمێك لـە ڕاستییە مۆتڵەقەكان،كە بە فەلسەفەی سروشت بەرەبەرەكانی زانستە سروشتیەكان و بە فەلسەفەی مێژوو بەرەبەرەكانێی مێژوو وەك زانست و بە فەلسەفەی هەق بەریەرەكانیی زانستی یاسای ئەكرد.. هتد. بـەڵام ئەوە واناگەیەنی كە هیگڵ ناوەڕۆكی پۆسـەتیڤی زانسـتەكانی بەتـەواوی فەرامۆش كردووە، یان لای وابوبێ كە نابـێ فەلسـەفە ئـەو زانسـتانە لـە بەرچاو بگرێ.

پێشخواستی هیگڵ بۆ دانـانی سسـتێمێكی فەلسـەفی سـەرجەمی لـە ڕاستییە موتلەقەكان، سستێمێك كە نەك هەر بەرهـەمی زانسـتەكانی تـر پوخت بكاو بەس، بەڵكوو لە هـەموو ئـەو بەرهەمانـەی كـە زانسـتەكانی ئەتوانن لـە پاشـەڕۆژدا پێشـكەش بكـەن، تێپـەڕێ ، ئـەو تەقەلایـە هـەر پێشەكی بڕیاری سـەرنەكرتنی درابوو. ئـەوە نـەنگ یـا كـەمی نییـە كـە زانستە سروشتی و مرۆڤییەكان زانیارییەكی تەواوەتی پێشكەش ناكەن، بەڵكو بـە پێچـەوانەوە شـوێنەواری گرنگیـان لەوەدایـە كـە بەوڕادەیـەی پێگەیشتوون ڕازی نـابن و دەرك بـە پێویسـتی و توانسـتی بـەرەو شـتی نوێ دۆزینەوە چوون و زانینی یاسای نوێ ئەكەن . لەسـەر فەلسـەفەش پێویستە، بەو پێیە زانستێكە، وا سەیری ئەنجامـەكانی نـەكات كـە كـە موتڵەق و نەمرن و هیچ مشتومڕیا گۆڕانێكی لە سـەر نـاكرێ. هـیگڵ كـە ڕەخنـەی لـە مەزەبـە فەلسـەفییەكانی پێشـوو ئـەگرت سـنورداریی

مێژووییانی دووباره ئەکردەوه، واته ئەیووت نەکامڵ و نەدوا فۆرمیش. ویستی بسەلمێنێ که زانیاری فەلسەفه و زانین به گشتی ، پەرەئەسەنی بەردەوام دەوڵەمەند ئەبێ، کەچی سستێمه فەلسەفییەکەی خۆی لەو پرنسیپه بەدەرکرد و به لوتکەی پراکتێکی هۆشه"ئیدیه - ی موتلەق"ی ناوەڕۆکی خۆیی و بەدوا پلەی پەرەسەندنی ئەقڵی جیهانیی دانا.

لە کاتێکدا دیالیکتیکی هیگڵی ئەوه دووباره ئەکاتەوه که، پەرەسەندن، سەرجەمی و گشتییه، کەچی سستێمەکەی خۆی نکۆلی له سەرجەمی پەرەسەندن ئەکات . سروشت لای ئەم له زەماندا پەرەناسەنێ، بەڵکو تەنها له زەمیندا جۆر بەجۆر ئەبێ. ئەو ناکۆکییەی لە نێوان ناوەڕۆکی سستێم و بنیاتکردنی Structure و سەرەنجامه سەرەکییەکانی... لەگەڵ بەرنامەی دیالیکتیکیدا هەیە، دیسان له فەلسەفەی گیان و له لۆژیکدا، که بۆ ڕووخستنی بەرنامەی دیالیکتیکی تەرخان کراوه دەبینرێ. چونکه هیگڵ وا ناوەڕۆکی دۆگمای سستێمەکەی خستەروو که ڕاستییەکی موتڵەقەو جێگەی مشتومڕ نییه.

هەروەها ئنگلس پەنجه بۆ ئەوه ڕادەکێشێ که دیالیکتیکی هیگڵ هەروەها سستێمەکەی ، له زۆر شوێن، پەیوەندییه ڕیالیستەکانی جیهان ئەشێوێنێ. هیگڵ بەو پێیەی ئیدیۆلۆژی بۆرژوای ئەڵەمانی ناشۆڕشگێڕه ، ناچاره داواو ئەنجامه شۆڕشگێڕییەکان ، که له ڕووی لۆژیکییەوه له دەروازەی دیالیکتیکی بەرەو"بوون" هەڵدەقوڵێن ، به سنووری بێلایەن بکات.

کلاسیکییەکانی پێش مارکسیزم ـ لینینیزم دیاردیان بۆ ئەوە کردووە که هیگڵ دیالیکتیکی ناچار کردووە که لەگەڵ سستێمە کۆنپارێزەکەیدا خۆی بگونجێنێ ، ئەوەش لە هەندێ لایەن و شەقڵی میتافیزیکی بەرنامە دیالیکتیکییەکەی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە .دیالیکتیکی هیگڵی بیرو زانین بەوە دائەنێ که تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە، بەوەش چاو لەو ڕۆڵە ئەپۆشێ کە ململانێی دژەکان وازی ئەکەن. دیسان دیدی دیالیکتیکی ئایدیالیستی هیگڵی بۆ یەکێتیی دژەکان یەك لایەنی بووە.، بە جۆرێك که تێگەیشتەی بۆ ئەوە ، توندیی ململانێی دژەکان و یاسای نەفی کۆن نەك پارێزگاری بکرێ.

ئەی کەوابوو ناکۆکی ئەقڵی دیالیکتیکی ئایدیالیستانەی هیگڵی لە کوێدایە؟

لە ڕاستیدا پێش هەموو شتێك لەو پێشبینییە بلیمەتانەیدایە کە دەربارەی پەیوەندی دیاردەکان و جوڵەیان و پەرەسەندنیانەو دەربارەی ناکۆکییە، وەك سەرچاوەی جولان و پەرەسەندن و دەربارەی بونی گۆرانی چەندایەتییە بۆ چۆنایەتی و دەربارەی سروشتی بیری تیوری و شێوەکان و واتا لۆژیکییەکانە که لەناویانەوە ئەو بیرە تەواو دروست ئەبێت. لینین ئەڵێت: هیگڵ" بە بلیمەتیی خۆی توانی دیالیکتیکی شتەکان (دیاردەکان، جیهان، سرۆشت) لە دیالیکتیکی تێگەیشتەکان بخەملێنێ "لینین قسەکەی تەواو ئەکات و ئەڵێ:" هەر خەملاندن بوو، زیاتر نەبوو"(٥٨).

دیسان تێگەیشتنی هیگڵ بۆ بەرنامەی زانست نرخێکی زانستیانەی گەورەی هەیە. هیگڵ لە دژی تێگەیشتەی میتافیزیکی بەرنامە بوو... بەرنامە لای ئەم شتێك نەبوو کە خواستمان چونی بۆێ بە شارەزووی خۆی بسەپێنێ... بەڵام ناوەڕۆکی بابەتیی بەرنامە لە لای ئەم لە ناو تەمومژی سۆفیتیدا ون ئەبێ: زانین لای هیگڵ تەنها چالاکی "ئیدیە ـی موتڵەق"ە بۆیە بەرنامە ئەبێ بە جوڵانەوەی خۆیی بۆ ناوەڕۆکی پرۆسەی لۆجیکیە .

بە پێچەوانەی تەقەلای دوگمی گەیشتن بە ڕاستی موتڵەق، هیگڵ ئەیسەلمێنێ ـ هەرچەندە لە بەرگێکی ئایدیالیستی سەقەتدایە ـ کە پرۆسەی زانین پرۆسەیەکی مێژووییە، ڕاستیی ئەنجامێکی ئامادەکراو نییە بۆ زانینی کە بەیەکجاری درابێ و ئتر هەتا هەتایی بێ، بەڵکو پەرەئەسێنێ و یەکبینە لە گۆڕاندایە. هیگڵ هەروەك لینین پەنجەی بۆ ڕاکێشا "خواستی لۆژیك بووە کە شێوەکان Formen Gehaltrolle شێوە بن بۆ ناوەڕۆکی ڕیالیستی ، زیندوو، کە لەناوەڕۆك جودا نەبێتەوە"(٥٩).

بەو جورە ناوکی ئەقڵی دیالیکتیکی ئیدیالیستی هیگڵی ، لەو ژمارە زۆرەی ئەو بیرانەوەیە کە پەیوەندییان بە زانینی یاسا زیاتر سەرجەمییەکانی پەرەسەندنی سروشت و کۆمەڵ و زانین، بە تلیبەتی تیوری زانین و لۆژیك ـ ەوە هەیە. بەڵام ئەو تێزانە کە هیگڵ بە شێوەیەکی ئایدیالیستانە خستونییە ڕوو... چارەسەری زانستیانەیان

نەكراوە هەر لەفەلسەفەی ماتریالیزمدا نەبێ كە ماتریالیستانە بەرنامەی دیالیكتیكی بەكاردەهێنێ.

ماركسییە كلاسیكییەكان چارەسەری ماتریالیستانەی بیرە پۆسەتیڤەكانی دیالیكتیكی ئایدیالیستی هیگڵیان كرد بە پەیرەوكردنی ئەو پرەنسیپەی كە ئەڵێ: هۆشی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتییە كە لەدەری ئەو هۆشەدایە و بەشێوەیەكی سەربەخۆیە لێی. دیسان ماركسییە كلاسیكییەكان دیالیكتیكیان لە كولینەوەی پرۆسەی ڕەنگدانەوەدا بەكار هێنا بۆ ئەوەی تیۆری ماتریالیزمی ـ دیالیكتیكی لە زانین و لۆژیكی ماتریالیستی ـ دیالیكتیكی بابەتیی باو لە سروشت و لە كۆمەڵدا دابنێ. بەڵام ئەوە مانای دانانی بەرنامەیەكی نوێیە بۆ زانینی واقیع ، كە لە بنەرەتدا پێچەوانەیە لە گەڵ بەرنامەكەی هیگڵدا.

بەشی هەشتەم

- فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی:
- مەتریالیزمی ئەنسرۆپۆلۆژی فۆیرباخ
- هەڵوەشانەوەی قوتابخانەی فەلسەفەی هیگڵیی.
- مەتریالیزمی فۆیرباخ ـ گرنگترین ئەنجامەکانی هەڵوەشانەوەی قوتابخانەی هیگڵیی بووە.
- فۆیرباخ و ئەرکەکانی "فەلسەفەی نوێ".
- رەخنە لە فەلسەفەی ئیدیالیزم.
- رەخنە لە ئایین.
- تێگەیشتنی مەتریالیستانەی سروشت.
- تیۆری زانین.
- پەرەپێدانی ئایندەی مەزەبی هەستیی.
- را کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان.

فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی: مەتریالیزمی ئەنسرۆپۆلۆژی فۆیرباخ

هەڵوەشانەوەی قوتابخانەی فەلسەفەی هیگلی.

لـۆدفیخ فۆیربـاخ دوا نوێنـەری مـەزنی فەیلەسـوفە کلاسـیکییە ئەڵەمانییەکان بوو. شوێنەواری مێژوویی هەڵکەوتوی فۆیرباخ لەوەدایە کە ڕەخنەی قوڵی لـە ئیـدیالیزمی کانـت و هـیگڵ و فەیلەسوفەکانی تـر گرتـووە. نەریتـە پێشـکەوتووەکانی مـەتریالیزمی سـەدەی هەژدەیـەمی بورژواندۆتەوە پەرەپێداوە. بە پێچەوانەی نوێنەرەکانی تری فەلسەفەی کلاسیکی ئەلەمانی کە ئیدیالیست بوون. ئەم

مەتریالیسـتێکی تێکۆشـەر بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا زەحمەتـە لـە مەتریالیزمی فۆیرباخ بگەین بێ لەبەرچاو گرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی لە سەردەمی پێشوتردا.

ئەو دۆخە شۆڕشگێڕانەی لە چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیـەم لـە ئەڵەمانیادا پێگەیی، بووە هۆی بەربڵاوی توندوتیژی ململانـێ لـە نێوان چینی بورژواو کۆنەپەرستی دەرەبەگایەتیدا. لە کاتێکدا کە ئەڵەمانیا لە ڕووی ئابوری و سیاسییەوە بە دابەشکراوی مابووەوە، بورژوای ئەڵەمانی جارێ هێزەکانی خۆی لەسەر ئاستی نەتەوەی ئەڵەمان یـەک نەخسـتبو.

بەلام بەربلاوی و گەورەبوونی ناکۆکییەکان لە نێوان سەرمایەداری بالاکردو لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەلایەتییە دەرەبەگییە رزیوەکاندا پالپێوەنانێکی بەهێز بوو بۆ بەربەرەکانی چینی بورژوا لەدژی ستێمی زۆرەملێی دەرەبەگایەتی، دیسان دەوڵەتە دراوسێکانی کە لەرووی ئابوری و سیاسییەوە پێشکەوتوتر بوون یارمەتی ئەوەیان ئا، بە تایبەتی فەرەنساو جولانەوە ڕوناکبیرییەکەی.

پەرەسەندنی بورژوای ئەڵمانی و هەڵوەشانی میرنیشین و دەوڵەتۆکە زۆرەکان، دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەڵمانی یەکگرتوویان ئەخواست. بۆیە ئیدیۆلۆگەکانی بورژوای ئەڵمانی کە داوای یەکگرتنی ئەڵمانیایان ئەکرد، بەوە خواستی دەسکەوتی نەتەوایەتی هەموو گەلی ئەڵمانیان دەرئەبڕی. بەلام ئەیان ئەوێرا بەربەرەکانیی ڕاستەخۆو لەڕوو لەدژی دەوڵەتی دەرەبەگێتی و دامودەستگا ڕامیارییەکانی ئاشکرا بکەین، بەڵکو ئەو بەربەرەکانێیەیان لە شێوەی ڕەخنەی فەلسەفییانەی لە ئایینی مەسیحی ئەرسۆزۆکسی دارشت.. کە ئەوەش لە ناوەڕۆکدا ڕەخنەگرتن بوو لە کۆنەپەرستیی سیاسی، چونکە لەو سەردەمەدا ئایین ئایین ئایدیۆلۆژیی زاڵ و باو بووە، جگە لەوەی کە دەوڵەتی دەرەبەگێتیش بە ڕەسمی بەخۆی ئەووت مەسیحی.

گەورەو قوڵبوونی ناکۆکییەکان لە نێوان بورژواو بەشە دەرەبەگە دەسەلاتدارەکاندا لە هەڵوەشانی قوتابخانەی فەلسەفی هیگڵدا ڕەنگی دایەوە. ناکۆکی نێوان سستێم و بەرنامە لە فەلسەفەکەی هیگڵدا

ئەگەڕایەوە بۆ ڕەگوڕیشە قوڵەکانی کۆمەلایەتی ئابوری. بۆیە شتێکی سەیر نەبوو کە دوای مردنی هیگڵ خێرا ململانێ لە نێوان باڵە شۆڕشگێڕو کۆنپارێزەکانی ناو لایەنگرانی فەلسەفەی هیگلیی دەربکەوێ.

باڵی ڕاست ـ ناونران هیگلییە پیرەکان ـ کە سستێمی کۆنپارێزی هیگڵیان کرد بەڕێبازی خۆیان، لەوانە (گابلەر، هۆش، هینریخ، داوب). بەلام نوێنەرانی باڵی چەپ: هیگلییە لاوەکان "بوو (شتراوس، باویر، شتێرنر هی تر) کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرنامەی دیالیکتیکیی هیگڵیان کر بە ڕێبازی خۆیان.

هیگڵییە لاوەکان هەوڵیان دا سەرەنجامی خوانەناسی و شۆڕشگێڕانە لە فەلسەفەکەی هیگڵ هەڵبهێنجن، بەپێچەوانەی ئەو بۆچونەی هیگڵ کە ئەڵێ فەلسەفە ـ بەپێچەوانەی ئاین ـ ڕاستیی لە شێوەی تێگەیشتەدا دەرئەخات، واتە لەڕووی زانستییەوە، ئینجا شێوەی بەرزی هۆشی گیانی موتڵەت بۆ خودی خۆی نوێنەر ئەکات... ئەمانە هێرشێکی توندو ڕێکوپێکیان لەدژی فرمانەکانی ئایینی مەسیحی کرد. ئیسان بە پێچەوانەی هیگڵ، تێزەکەی فیختە دەربارەی توانستی تەواوەتی هۆشی خۆی ـ ی واقیع گۆریان خستە پلەی یەکەم. بەو مانایە فەلسەفەکەیان "فەلسەفەی کار" یان ئاشکرا کرد. بەلام هەر زوو دەرکەوت کە بانگەوازی ئەو لاوانەی بۆ جەماوەری گەڵ نەبوو، کە ڕەگەزی سەلبیی مێژوکردنیان تیا بەدی نەکرد، بەڵکو بۆ دەسەلاتداریی میری بووە، کە بۆ

وەرگرتنی جڵەوی دەسپێشخەری مێژوویی بۆ گۆڕانە دیموکراسییە - بورژواکان هیگڵییەکان پشتیان پێ دەبەست.

دانراوەکەی شتراوس "ژیانی یەسوع" (١٨٣٥ - ١٨٣٦) بانگی لێکداپچڕانی قوتابخانەی هیگڵیی بوو، تیایا لەسەرچاوەی ئەفسانەکانی ئینجیل ئەکۆڵێتەوەو تەنها بە ئەفسانەو داهێنانی خۆکاری جەماوەری گەلی دائەنێ نەك هی یەك کەس یا کۆمەڵێکی ئایینی بێ. لێکدانەوەی بۆ دیدی ئایینی دروست کردنی جیهان لەو تێگەیشتە هیگڵییەوە بوو بۆ جەوهەری پەرەسەندن و لە ڕووی مێژووییەوە. هەرچەندە شتراوس نکۆڵی لە بوونی مێژوویی مەسیح نەکردو ئایینی مەسیحیشی، لە جەوهەردا، بە جوتبووی ڕاستیی پایەبڵندی فەلسەفی دانا.

برنوباویر قۆناغیچکی دوورو درێژی لە ڕەخنەی ئایینی مەسیحیدا بڕی... لە ڕاکانی هیگڵ لە سەرهەڵدانی خۆوە دەست پێ کردووە. لە "ڕەخنە لە مێژوی ئینجیلی قدیس یۆحننا" (١٨٤٠) "ڕەخنە لە مێژوی ئینجیلی سینۆبتییەکان" (١٨٤١ - ١٨٤٢) دا باویر نکۆڵی لە هەبوونی مێژویی مەسیح ئەکات، هەروەك شتراوس ئایینی مەسیحی و (ئایین بە گشتی) بە بەرهەمی پێویستی پەرەسەندنی گیانیی مرۆڤایەتی دائەنێ. باویرو هاوڕێکانی ئاینییان بەهێزی سەرەکی چەوسانەوەی مرۆڤ و شەکەتکردنیان دائەنا. لە چەوساندنەوەی ئایینی، کۆیلەیەتی ئابوری و سیاسی و ماف و ڕەوشتە دەرەبەگایەتییەکانیان سەرەنجام هێنا، بۆیە هیگلیە لاوەکان هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیان ئەگێڕایەوە بۆ

ڕزگاری ئایینی و بۆ کڵێسە جیاکردنەوە لە دەوڵەت و بۆ سەرفرازبوون لە هۆشی ئایینی و ڕەخنەگرتن لە ئایین و واهیمەکانی. بەڵام جوڵانەوەی ئەو لاوە هیگڵیانە کە لەسییەکاندا ڕۆڵێکی پێشکەوتوانەیان وازی کرد، لە نیوەی یەکەمی چلەکانەوە ئەو سروشتە پێشکەوتوانەیان لە دەست ئەدا.

ـ مەتریالیزمی فۆیرباخ ـ گرنگترین ئەنجامەکانی هەڵوەشانی قوتابخانەی هیگڵی بوو.

لۆدڤێخ فۆیرباخ (١٨٠٤ ـ ١٨٧٢)* لە خێزانێکی پارێزەری بەناوبانگ لە دایك بووە. لە سەرەتای لاوێتیدا ئەیویست خۆی بۆ لاهوت تەرخان بکات، ساڵێك لە زانستگای لاهوت خوێندویەتی (١٨٢٣)و ئیتر وازی لێ هێناوەو چووە بۆ بەرلین و گوێی لە موحازەرەکانی هیگڵ گرتووە. لە ساڵەکانی ١٨٢٧ و ١٨٢٨دا دەستی کردووە بە گومانکردن لە یەقینی ڕاکانی هیگڵ دەربارەی بنچینەی لۆجیکی سروشت. لەگەڵ ئەوەشدا لە پەیامەکەیدا "دەربارەی ئەقڵی سەڵتی و، سەرجەمی و بێ سنور" (١٨٢٨) هێشتا لەسەر زەمینەی ڕیالیزمی بابەتی وەستاوە. دوای دووساڵ لە دەرس وتنەوە لە زانکۆی ئەرلانجین لەسەر بڵاوکردنەوەی "چەند بیرێ لەمەڕ مردن و نەمری" دەرکرا.. لە ساڵی ١٨٣٠ بەدواوە گۆشەگیر ژیاوەو دانراوەکانی لەسەر فەلسەفە ئامانجی خۆی

لەرزگارکردنی مرۆڤ لە چنگی هۆشی ئاینییدا دەستنیشانکرد. لە ساڵی ١٨٣٩دا بەتەواوی خۆی لە ئیدیالیزم سەرفراز کرد. لە دانراوەکەیدا "ڕەخنەی لە فەلسەفەی هیگڵ" فۆیرباخ چارەسەرێکی مەتریالیستانە ئەدا بە مەسەلە بنچینەییەکەی فەلسەفە، سروشت یا بوون یان مەتریال بە واقیعێك دائەنێ کە بەپێویستی، ئەقڵی بیرکردنەوەی لێوە پەیدا ئەبێ. لە ساڵی ١٨٤١دا دانراوە سەرەکییەکەی "جەوهەری مەسیحییەت"ی بڵاوکردەوە ئینجا "بابەتی سەرەتایی بۆ چاککردنی فەلسەفە "(١٨٤٢)و" بنچینەکانی فەلسەفەی ئەقڵ ی لە (١٨٤٢)دا بڵاوکردەوە. فۆیرباخ هاوبەشی شۆڕشی (١٨٤٨)ی نەکردو خۆی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وەك نوێنەری فرانکۆرت نەپاڵاوت.

لەڕۆژانی شەپۆلی شۆڕشگێڕیدا، فۆیرباخ چەند دانراوەیەکی بڵاوکردەوە بەڵام هیچ بایەخێکی پێ نەدرا، چونکە بورژوای ئەڵەمان ڕووی لە فەیلەسوفە گەورەکەی خۆی وەرگێڕابوو لەوکاتەشدا پرۆلیتاریا، بەهۆی گەشەکردنی هۆش و ڕێکخستنی، ئەچوە ژێر پەرچەمی ئەوبیرەی کە مارکس و ئنگلس ئاڵاکەیان هەڵگرتبوو.

لە کاتەکانی پێش کۆتایی ژیانی، فۆیرباخ ڕووی کردە سۆسیالیزمی زانستی. لە "سەرمایە"ی مارکسی کۆڵیەوەو لە ساڵی ١٨٧٠دا بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی سۆسیالیست. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا گەیشتە ژیانی مەتریالیزمی دیالیکتیکی و مێژوویی. تا کۆتایی ژیانی وەکو یەکێ لە دەرکەوتوترین زاناکانی ئیلحادو مەتریالیزمی پێش مارکس مایەوە.

- فۆیرباخ و ئەرکەکانی "فەلسەفەی نوێ"

فۆیرباخ فەلسەفەکەی خۆی بەتەواوکەرو، لەهەمان کاتدا بە بەجێهێڵەری فەلسەفەکەی هیگڵ و فەیلەسوکانی پێش خۆی دائەنا. ئەگەر هیگڵ ئەقڵ یا بیری لە مرۆڤ لە چالاکی هەستی و پێویستییەکانی دائەبڕێ، وا "فەلسەفەی نوێ" یا "فەلسەفەی پاشەڕۆژ" ـ هەروەك فۆیرباخ ئەو ناوەی لە فەلسەفەکەی خۆی نابوو ـ لە مرۆڤەوە هەنگاو ئەنێ و مرۆڤ، بەتەنها مرۆڤ، خودی ڕاستییە بۆ ئەقڵ و مرۆڤ خۆشی بەرهەمی سروشتە.

فۆیرباخ بەفەلسەفەی تێوردبوونی ئەقڵی بەربەرەکانی زانستە ئەزموونییەکانی ئەکرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەبێ فەلسەفەش لە پێدراوە هەستییەکانەوە دەست پێبکات. پایەگاکانی هەست دیسان پایەگای فەلسەفەشن.

ئایین بەڵێنی ڕزگاری دوا مردن بە مرۆڤ ئەدات. بەلام ئەرکی فەلسەفە بەدیهێنانی ئەو خواستانەیە لەسەر زەوی. کە ئایین بەڵێن ئەدا لەجیهانی غەیبیدا جێبەجێیان بکات، کە لە ڕاستیشدا نین. لەسەر فەلسەفە پێویستە جێگەی ئایین بگرێتەوە تا ـ لەبری دڵخۆشکردنی وەهمی ـ توانستی زانینی توانا ڕاستەقینەکانی گەیشتنە بەختیاری مرۆڤ بدات.

فۆیرباخ لەدژی تێگەیشتەی ئیدیالیستی بو بۆ بیر کە گوایە جەوهەرێکە لە دەوری مرۆڤ و سروشتدایەو ئەوەی دووبارە کردەوە کە

مەسەلەی پەیوەندی بیربەبوون لەهەمان کاتدا مەسەلەی ماهییەتی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ تەنها بوونێکە کە بیرئەکاتەوە. بۆیە ئەبێ فەلسەفە مەسەلەی پەیوەندی بیر بەبوونەوە وەڵام بداتەوە ئەبێ فەلسەفەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژی بێ، ولتە مەزەبێك بێ لەمرۆڤدا کە لەبوون و لەچالاکی خۆیدا ئەم مەسەلەیە چارەی ڕیالیستی و بەکرداری خۆی وەدەست دەهێنێ. فۆیرباخ ئەڵێ: یەکێتی بوون و بیر، تەنهاو تەنها لەوکاتەدا ڕاستییەو خاوەن ماناشە کە مرۆڤ وەك بنچینەی ئەو یەکێتییەو خودی خۆی وەربگرێ"(٦٠).

ئەو زانستانەی لە چالاکی مرۆڤ ئەکۆڵنەوە واتەکانی ئیدیالیزمی تێوردبوونەوەی Speculative لە دەربارەی بیروگیانیی، بەگشتی، بەتەواوی بەدرۆ ئەخەنەوە. ئەو زانستانە بەتایبەتی فیزۆلۆجیا، ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکەی کە بیربەو پرۆسە مەتریالیستانەی بەناو لەشدا ئەڕۆن بە دەرکە هەستییەکانی جیهانی دەرەکی.. هتد.. ئەبەستێتەوە. مرۆڤ لە سروشت جیا ناکرێتەوە بۆیە کارێکی هەڵەیە کە بەجیهانی گیانی مرۆڤ بەو پێیەی واقعێکە بۆ خۆی هەیەو بەرزترو بڵندترو بڵندترە لە سروشت، بەربەرەکانیی سروشت بکرێ. فۆیرباخ ئەڵێ: ئەم فەلسەفە نوێیە. مرۆڤ بە سروشتیشەوە، وەك بناغەیەك بۆی، ئەکاتە تاکە بابەتی سەرجەمیتر بۆ فەلسەفە، لەدوایشدا ئەنسرۆپۆلۆژی بە فیزیۆلۆژیشەوە ئەکات بە زانستێکی سەرجەمی"(٦١).

ئیتر بەو جۆرە فۆیرباخ دەستی کرد بەدانانی تیۆرییەکی مەتریالیستانە دەربارەی مرۆڤ کە لەسەر زانستی فیزۆلۆژی و سایکۆلۆژی - مرۆڤ بوەستیّ. بێگومان ئەم تێگەیشتنەی بابەتی فەلسەفی، مۆرگی یەك لایەنەی هەلگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی پێشکەوتوانەی گەورەی بینی لە خەباتی دژ بەراکانی هیگڵ کەبیری دەکرد بە خواوەند.

فۆیرباخ نەیدەویست فەلسەفەکەی بە مەتریالیزم ناو بنریّ، چونکە لەشەست و حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، لەناو ڕیزەکانی بورژوای ئەڵەمانیدا بیرەکانی ناوبراو کە مەتریالیزمی باو Uulgar (بیوشنر، فوخت، مولیشوت)، کە بیری بە شێوەیەکی تایبەت لە شێوەکانی مەتریال، کە دەماغ دەری ئەدا دائەنا. ئەوەش وای لێکرد کە تەنانەت ناوی (مەتریالیزم) نەبات، دیارە بەمەش دودڵیی ململانێی بەرامبەر ئیدیالیزم دەرئەکەوێ، فەلسەفەی مەتریالیزمی پێشو وەستاوە.

شەقڵی جیاواز کەری مەتریالیزمی ئەنسرۆپۆلۆژی فۆیرباخ لەوەدا خۆی ئەنوێنیّ کە نکۆڵی لە دوانەیی Dualism لەش و گیان ئەکات، لەوەدایە کە دانیپێدائەنێ و ئەیەوێ بیشیسەلمێنیّ کە تیزی مەتریالیزم لە یەکێتی گیانیی و لەشیی، خۆیی و بابەتی، دەرونی و فیزیکی، بیروبوندا ڕاستە. بەڵام ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی فۆیرباخ بە ڕوخستن و چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ مەسەلەی بنچینەیی پرنسیپی ئەنسرۆپۆلۆژی، بەرای فۆیرباخ لەسەر لێکدانەوەی زانستانەی هۆشی

کۆمەڵایەتی کە لەوەدا ڕەنگدانەوەی ماهییەتی مرۆڤ نەبینێ، وەستاوە. بەڵام ئەو ماهییەتە چییە؟ پێش هەموو شتێك ئەو هەستیاری - یە، ژیانی ئەقڵ و دڵ و هەموو جۆرە هەستاندنەوەو سۆزی مرۆڤە، هەستاندنەوەی سەڵت کە ئەویندارەو ئازار ئەچێژێ و پەرۆشی بەختەوەرییە. بەو جۆرە فۆیرباخ لە پلەی یەکەمدا لە شێوەکانی هۆشی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی و ئایین لەباری سەرنجی ناوەڕۆکی ژیانییەوە کە لەناریدایە، ئەتوێژێتەوە. بەوجۆرە ئەم فەیلەسوفەمان هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە ئەنێ بە بەراورد لەگەڵ مەتریالیستەکانی پێشوو کە ئەیانووت ئایین - بەو پێیەی کۆمەڵی دیدی خەیاڵییە - هیچ ناوەڕۆکێکی ڕیالیستی تیانییە. ئەوە لەکاتێکدا کە فۆیرباخ کارە لە ئاسا بەدەرەکانی سروشتی بۆ سروشت خۆی هی خەیاڵی بۆ واقع و سەرو هەستپێکراوی بۆ هەستپێکراوی دەگێڕایەوە، جیاوازیی بنچینەیی بەرنامە ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی فۆیرباخ ئالەوەدایە.

ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی فۆیرباخ سەرەتاکانی تێگەیشتنی مەتریالیستی مێژوویی و تەقەلای لێکدانەوەیەکی مەتریالیستانەی ئاینییە، بەو پێیە ڕەنگدانەوەی ژیانی مەتریالیستییە. بەڵام ئەم ژیانە مەتریالیستییە، هەر بەتەواوی وەك ماهییەتەکەی مرۆڤ، فۆیرباخ بەتێگەیشتنێکی پەتیی لە دابەشبونی کۆمەڵ بەچەند چینێکەوەو شتی تریش تێیدەگات...

- ڕەخنە لە فەلسەفەی ئیدیالیزم.

فۆیرباخ لە دەرکەوتوترین ڕەخنەگرەکانی فەلسەفەی ئیدیالیزم بوو، بە وێنەیەکی ڕەزامەندانە تاوانی وەرگرتنی هەڵوێستی دۆگمای، "بێ ڕەخنەگری" کە ئاراستەی فەلسەفەی مەتریالیزم کرابوو، پوچەڵ کردەوە... دیسان ویستی بیسەلمێنێ کە تەقەلای فەیلەسوفە مەتریالیستەکان بۆ بەڵگە هێنان بۆ لێک لێبونەوەی بونی جیهانی دەرەکی، یان سروشت، لەبیر، یاهۆش و شتی تر، هەر لەدیدی ئیدیالیستی ناپینی بێ ڕەخنە دەربارەی بوونی یەکەم هۆی لە ئاسا بەدەر- دەوەیە. بەوجۆرە ئەوە دێتە ئەنجام کە فەلسەفەی ئیدیالیزمی تێوردبونەوەیی Speculative نکولی لە بونی سروشتی ئەکا کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بێ لە لەش، چونکە گیانێکی لە ئاسا بەدەر لەسەر سروشت ئەسەپێنێ. فۆیرباخ ئەیسەلمێنێ کە ئیدیالیزم لە ریالیستەوە دەرناچێ، بەڵکو - بەبێ هیچ بناغەیەک - چاو لە پێدراوە هەستییەکان، لە دوایشدا لە شتە ریالیستەکان کە بەپایەگاکانی هەست پەییان پێدەبرێ. لێرەدا فۆیرباخ بەگشتی لە دژی جەردکردن ناوەستێ بەڵکو تەنها لەدژی بەکارهێنانی شێوەی ئیدیالیستانەی سەقەت دەوەستێ.

سەرەنجامی ڕەخنەی فۆیرباخ لە ئیدیالیزم، گەیشتە ئەوەی بڵێ فەلسەفەی ئیدیالیزم تەنها لاهوتێکی تێوردبوونەوەیەو هیچی تر.

فۆیرباخ فەلسەفەی ئیدیالیزمی تێوردبوونی لەگەڵ لاهوت یەکسان ناکات... فەلسەفەی تێوربەنی، خوا ئەکات بەگێتنی بێ پێرسونالی، ئەوەش ماهییەتی ناوەکی خۆیەتی. بەوجۆرەش فەلسەفەی تێوربونی ڕێگە بۆ پانتیزم Pantism خۆش ئەکات، واتە جوت کردنی خوا لەگەڵ سروشت و، ئینجا نکوڵی کردن لە خوایەتی Theism بەوپێیەی فەلسەفەکەی هیگڵ بەخواکردنی مەتریالیستە، بەڵام فەلسەفەی سپینۆزا پانتیزمی مەتریالیستییە.

مارکسیست ـ لینینیستە کلاسیکییەکان بەرز ڕەخنەی فۆیرباخ لە فەلسەفەی ئیدیالیزم بە تایبەتی ڕەخنە لە مەتریالیزمی کلاسیکی ئەڵەمانی یان هەڵسەنگاندووە. لە هەمان کاتدا پەنجەیان بۆ کەموکورتییەکانی ئەو ڕەخنەیە درێژ کردووە. ئەو ڕەخنەیە بەشێوەیەکی سەرەکی، لەمەڵبەندی مەتریالیزمی میتافیزیکییەوە گیراوە، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوە کە فۆیرباخ نەک هەر ئیدیالیزمی هیگڵیی و بەس بەڵکو بەرنامە دیالیکتیکەکەشی بخاتە لاوە. دیسان فۆیرباخ نەیتوانی "ناوکی ئەقڵی لە دیالیکتیکی هیگڵ جیابکاتەوەو دەرکی بە پێویستی دانانی دیالیکتیکی نوێ و مەتریالیستی نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزی دیالیکتیکی لە مەزەبەکەی فۆیرباخدا هەبوو، بۆنمونە باوەڕی بەشەقڵی بابەتی نەفی هێناو دەربارەی کۆن و نوێ و نەفی نەفی، بەهەمان مانا کە هیگڵ لەو پرۆسەیە گەیشتبو، قسەی

دەكرد، بەلام ئەوانە هەمووی لە سنوری تێبینی تاكی سەرجەمییان، سەرنجی وەك پێویست ئەم فەیلەسوفەمانی ڕانەكێشا.

دیسان فۆیرباخ زۆر دوور بوو لەتێگەیشتنی دیالیكتیك وەك لۆژیك و تیوریيەكی زانستانە بۆ لێكۆڵینەوە... فۆیرباخ ئەڵێ: "دیالیكتیكی ڕاستەقینە مۆنۆلۆژێك نییە لە نێوان من و تۆدا"(٦٢).

بەوجۆرە فۆیرباخ نهێنی فەلسەفەی ئیدیالیزم ـ ئایینی خستە پێش چاو، بەلام نەیتوانی بەربەرەكانی ئیدیالیزمی دیالیكتیكی بە تێگەیشتنێكی نوێی جیهان بكات. ئەم كارە بەشكۆیەی دانانی ئەم فۆرمەلە بەرزەی مەتریالیزم چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە تەنها لەسەر دەستی ماركس و ئنگلس دا ئەبێ.

ڕەخنە لە ئایین.

فۆیرباخ ڕەخنەگرتنی لە ئایین بە گرنگترین مەسەلە داناوە كە ژیانی خۆی بۆ تەرخان بكات. تێگەیشتنی ئەنسرۆپۆلۆژیشی بۆ جەوهەری ئایین پەرەپێدان و قوڵكردنی ئیلحادی بۆرژوا بوو. مەتریالیستەكانی سەدەی هەڤدەو هەژدە ئەوەیان سەلماند كە هەستی ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ ترس و لەرز لەبەردەم هێزە ترسناكەكانی سروشتا، فۆیرباخ بەوەوە نەوەستا كە هەر لایەنگری ئەو تێزە بكات، بەڵكو زۆریشی لەسەر زیادكردن: نەك هەر، ترس بەتەنها، بەڵكو هەموو زەحمەتی و ئازارەكان و دیسان ئاوات و خواستەكانی لە ئاییندا

تەعبیری لێ دەکرا. یەزدان لای فۆیرباخ تەنها لە ئێش و ئازاری مرۆڤایەتییەوە لە دایك ئەبێ... پەیدابوونی ئایین بەوپلەی سەرەتاییەی مێژووەوە دەبەستێتەوە کە مرۆڤ هێشتا بیرێکی ڕاستی دەربارەی دیاردە سروشتییەکانی دەورووپشتی دروست نەکرد بوو، کە چارەنوسی خۆی تارادەیەکی دوور لەسەریان وەستابوو... پەرستنی دیاردەکانی سروشت ("ئایینی سروشتی") لەکۆنا و نەریتە ئاینییەکان لەسەردەمی ("ئایینی گیانیی") ئەوە دەرئەخات کە مرۆڤ ئەوەی پەیوەندی بە چارەنوسیەوە هەبێ ئەیپەرستێ، ئیتر ئەو شتە ڕاست بێت یا تەنها واهیمەیەك بێ... فۆیرباخ ئەڵێ: "مرۆڤ بڕوا بە یەزدان ئەکات، نەك هەر لەبەرئەوەی بەتەنها خاوەنی خەیاڵ و هەستە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کەخۆی تێندێنسی ئەوەی هەیە کە بەختیار بێ. بڕوای بە بونێکی بەختیار هەیە، بڕوای بە بونێکی کامڵ هەیە نەك لەبەرئەوە دیدی بەختیاری هەیەو بەس، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ئەیەوێ خۆی بەختیار بێ ، بڕوای بە بونێکی کامڵ هەیە چونکە ئەیەوێ خۆی کامڵ بێ، بڕوای بەنەمری هەیە چونکە ڕقی لە مردن ئەبێتەوە"(٦٣).

ئەوانەیە پرنسیپە بنچینەکانی تێگەیشتەی ئەنسرۆپۆلۆژی بۆ ئایین کە ڕەخنەش لەبیرو باوەڕەکانی ئایینی مەسیحی ئەگرێ پەنا بۆ ئەو پرنسیپانە ئەبات.

جەوهەری مرۆڤ لای فۆیرباخ، ئەقڵ و ئیرادە و دڵە. کەوابو قسەکردن لێرەدا دەربارەی سروشتی سەڵتە کە لەهەموو پلە جۆربەرجۆرەکانی

مێژوودا هەروەکو خۆی نەمێنێ. ئەم تێگەیشتنە تەسکە میتافیزیکی و سروشت Naturalisrie بۆ مرۆڤ بووە هۆی تێگەیشتنێکی نامێژوویی بۆ ئایین، هەرچەندە فۆیرباخ هەوڵ ئەدات شوێن پەرەسەندنی مێژوویی و شێوە مێژووییەکانی بکەوێ. شتی سەرەکی کە ئەم فەیلەسوفەمان لەبیری چوبو، ئەوەبوو کە: ئایین ناکۆکییە بەیەکادراوەکانی کۆمەڵگەی فرەچین و کۆیلەکردنی مرۆڤ لەلایەن هێزە خۆکارەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ڕەنگ پێدەداتەوە.

تێگەیشتنی نامێژوویی ژیانی مرۆڤ بووە هۆی ئەوەی کە فەیلەسوفەکەمان سروشتی مێژوویی ڕاگوزاریی ئایین و ئەو ڕێگەو شوێنانەی زامنی سەرفرازبوونە لێی، ئەبینێ. فۆیرباخ زۆرجار دوبارەی ئەکردەوە کە بێگومان دیدی خورافی ئایین بۆ جیهان نامێنێ و مرۆڤ دیدی غەریبی دەربارەی ماهییەتی خۆی ڕەت ئەکاتەوەو ئەوەی ئایین بەڵێنی داوە کە لەجیهانی غەیبیدا جێبەجێی بکات ئەم لەسەر زەوی بەدی دەهێنێ. فۆیرباخ خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، بەتایبەتی خۆشەویستی سێکس، بەهەستی ئایینی دائەنێ. سەبارەت بەوەی خۆشەویستی بەڕای فۆیرباخ جەوهەری ڕاستەقینەی ئایین پێکدەهێنێ. بۆیە وا سەیری ئیلحاد دەکات کە ئایینی ڕاستەقینەیە، ئایینێکە بێ یەزدان. ئەم تێگەیشتنە فراوانەی ئایین لاوازترین خاڵی ئەنسرۆپۆلۆژی فۆیرباخییە. چونکە پەردە ئەدات بەسەر ڕۆڵی ئایینیدا وەك ئامرازی کۆیلەکردنی گیانی جەماوەرو ئەبێتە هۆی بروبیانو بۆ هەستی ئایینی و

زیادبڕۆیشتن لەسەر ڕۆڵی مێژوویی ئایین، کە خەریك ئەبێ لای فۆیرباخ شێوەی سەرەکی ژیانی گیانیی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێ. فۆیرباخی مولحید خۆی بە ڕیفۆرمیستی ئایین دائەنا. لەو ڕاستییە نەگەیشت کە ڕەخنەی زانستیانە لە ئایین هەربەوەوە ناوەستێ کە دیدە ئایینییەکان بگێڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکە ئەرزییەکەی، بەڵکو ئەرکی سەرەکی و ئەو ڕەخنەیە لەوەدایە کەئەو هۆیە مەتریالیستانەی لەپشت ڕێبازی دوانەیی Dualisation ئایینی جیهانەوە ماندرا شیکار بکرێ، چونکە تەنها ئەو جۆرە شیکارە جەوهەری کۆمەڵایەتی ئایین ئەدۆزێتەوەو یارمەتی دەرخستنی ئامرازە مێژووییە ڕیالیستەکان ئەدات، کە زامنی سەرفرازییە لێی.

تێگەیشتنی مەتریالیستانەی سروشت.

لای فۆیرباخ مەزەبی مەتریالیستی لە سروشتدا بنچینەی فەلسەفەی ئەنسرۆپۆلۆژی پێکدەهێنێ، ئەم بە پێچەوانەی قسەی ئیدیالیست و لاهوتییەکان ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە سروشت تەنها واقیعە، مرۆڤیش ئەنجام و بڵندترین تەواوکەرێتی. لە مرۆڤداو لەناو مرۆڤدا سروشت هەست بە خۆی ئەکات و لە خۆی ورد ئەبێتەوەو خۆی ئاقڵ ئەکات. لەبەرامبەر ڕا ئیدیالیست و لاهوتییەکاندا کە لەنرخی سروشت کەم دەکاتەوە، فۆیرباخ دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ شتێك لەسەرو سروشتەوە نییە هەر بەتەواوی وەك چۆن هیچ شتێك لەخوارەوەی نییە:

"لـە سروشـت وردبینــەوە، لـە مرۆڤ وردبینــەوە، لێـرەدا نهێنییــەکانی سروشتتان بۆ دەردەکەوێ" (٦٤).

فۆیرباخ لای وایـە کـە تێگەیشـتەکانی "بـوون" و "سروشـت" و "مەتریال" و "واقیع" هەموویان نیشانەی جیاوازی یەك مانا دەنـوێنن و نـاتوانرێ جۆریـەجۆریی دیاردەکـانی سروشـت بـۆ یـەك شـت، بۆیـەك مـەتریالی هاورەگـەز بگێڕێنرێتـەوە، ماهییـەتیش جۆریـەجۆرە هـەروەك "بوون"، سروشتیش نـەمرەو ئـەوەی سنور بـۆ درێژبوونـەوەی دائـەنێ سنورداریی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە لـە زەمینـدا بـێ سنورەو ئـەوەی لـە زەمانیشدا دەرئەکەوێ تەنها شتی سـەڵتایەتین، زەمـان و زەمـین "دوو مـەرجی سـەرەکی هـەموو بوونێـك و هـەموو ماهییـەت و هـەموو بـیرو چالاکییەك و هـەموو گەشـەکردنێك هـەموو پێشـکەوتنێکن "(٦٥). هـیچ واقعێـك لـەدەری زەمانـدا نییـەو دیسـان هـیچ زەمینێکـیش لـە دەری سروشتدا نییە. بۆیە قسە ئاینییەکان لـە دەربـارەی سـەرەتای جیهـان، هەر لە بنچینەندا بۆشن. فۆیرباخ دەڵێ: "سروشـت سـەرەتاو کۆتـایی نییە. هـەموو ئەوانـەی لەناویدایـە نیسـبین، هـەموو ئەوانـەی لەناویدایـە لەهەمان کاتدا وەك هۆو ئەنجام دەرئەکەون، هەموو ئەوانـەی لەناویدایـە چەند لایەنین و بەشتی ترەوە بەستراون(٦٦)". بەڵام سـەرەنجام ئـەم پێشـبینییە بلیمەتانـەی ئـەم فەیلەسـوفە هـەروا جێهێشـت و پـەرەی پێنـەدا... چونکە شـێوە جۆریـەرجورەکانی بەسـتراوەیی دیاردەکـان و ڕەدوکـەوتنی یـەکتری لێنەکۆڵیـەوەو بـەلای ئـەو واتانـەدا نەچـوو کـە

جێگەیەکی گەورەیان لە "زانستی لۆجیک"ی هیگڵییدا گرتبوو، بۆیە دیدی فۆیرباخ لە دەربارەی سەرجەمیی دیاردەکانی سروشت بەرگێکی شەقڵ گشتی و زۆر پەتییان لەبەرکرد. جگە لەوەی دیدێکی ئاشکرای لە دەربارەی جۆربەجۆری چۆنایەتی شێوەکانی جوڵەو گواستنەوەی لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر نەبوو. بەڵام لەراستیدا فۆیرباخ بەتەنها سەرجەمیی جوڵەی نەسەلماند، بەڵکو قسەشی لەسەر پەرەسەندن ئەکرد: " هەر لە کۆنەوە زەوی بەم شێوەیەی ئێستاکە نەبووە کە دەیبینین، بەڵکو لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی دووردرێژو چەند شۆڕشێ بەم جۆرەی ئێستای لێهاتووە". دیسان فۆیرباخ لای وایە کە هەموو تەنە زیندووەکان لە تەنە بێگیانەکان پەیدا بوون خۆنەگەر لەم سەردەمەدا پەیدابوونی تەنە گیاندارە سادەکان لە تەنە بێگیانەکان نەبیرێ، وا هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو بارودۆخە بابەتییەی کە پێش ملیۆنەها ساڵ هەبووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە تێگەیشتنی پرۆسەی پەرەسەندندا فۆیرباخ هەر میتافیزیکی بووە، چونکە لە ناکۆکییە دیالیکتیکییەکان و لە یەکێتی و لە ململانێی دژەکان بەو پێیەی کە سەرچاوەی پەرەسەندنن.. نکۆڵی ئەکات.

بەپێچەوانەی مەتریالیستەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە فۆیرباخ بە تێگەیشتەی میکانیکی بۆ سروشت قایل نەئەبوو. لە کاتێکدا تێگەیشتەی میکانیکی بۆ ژیان بەدرۆ ئەخستەوە، زۆر بەتوندی لەدژی جەبرییە vitalism دەوەستا. دیسان تێگەیشتنی بۆژیان وەك

شێوەیەکی بەرزی هەبوونی سروشت، بەشێوەیەکی سەرەکی لە دژی مەتریالیزمی باو Vulgae، کە لەڕاستیدا حاشای لە هۆش ئەکرد ئاراستەی ئەکرد. ئەم فەیلەسوفەمان وا سەیری هۆش ئەکات. بەهەموو شێوەکانییەوە وەك تەعبیرێکی ڕاستەوخۆ لە دەربارەی یەکێتی بابەت و خوییە، تێگەیشتنەکەشی بۆ ئەو یەکێتی و بابەت وخۆییە، مرۆڤ و سروشت، شەقڵێکی سروشتی Naturalistic و ئەنسرۆپۆلۆژی سنورداری هەبوو، چونکە فۆیرباخ بنچینەی ڕیالیستی و گرنگترین ئەم یەکێتییە لەبەرهەمی کۆمەڵایەتیدا ئەبینی، کاتێکیش مەسەلەی پەیوەندی نێوان سروشتی زیندوو بەستراو، مەتریالیستانە چارەسەری ئەکات، ڕەخنە لەدیدی ئیدیالیستانەی تیلۆلۆگی دەگرێ کە گوایە دەڵێ هەموو سروشت گونجاوێکی Harmony پێشەکی ئامادەکراو نییە. لێرەدا فۆیرباخ ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو گونجان و تێندێنسە بەرەو کەماڵییەی لە جیهانی ئاژەڵ و ڕوەکدا سەرنجی لێئەدەین لە ئەنجامی بەدیهێنانی ئامانجە پەیوەستە ناوخۆییەکانی دیاردەکانەوە نییە... دیسان دیاردەی بۆ شەقڵی نیسبی تیلۆلۆگی بابەتی ناو سروشتی زیندووی کرد.

بەو جۆرە مەزەبەکەی فۆیرباخ لە سروشتدا، سەرەڕای هەندێ پێشبینی دیالیکتیکانەی تاکیانەو سەرەڕی تێگەیشتنی زیاتر قوڵی بۆ یەکیتی سروشت و هەمەچەشنەی لە مەتریالیستەکانی خۆی، لەگەڵ ئەوانەشدا بە گشتی لە چوارچێوەی لە مەتریالیزمی میتافیزیکی

دەرنەچووە، بۆ نموونە، لە پێناسەکەی بۆ سروشت ئەوە زیاتر ئاشکرا دەبێ و ئەڵێ: "من وا لە سروشت دەگەم کە کۆمەڵە هێزو شت بووە هەستییەکانە کە مرۆڤ سەبارەت بەوەی مرۆڤی نین لە خودی خۆی جیایان دەکاتەوە... یان لە باری سەرنجی پراکتیکییەوە سروشت هەموو ئەو شتانەیە کە بۆ مرۆڤ ئاشکرا ئەبن بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە هەموو پێگەیاندنێکی غەیبی بۆ بڕوای بەخوا کردنە Theism ڕاستەوخۆ لەڕووی هەستییەوە وەك بنچینەیەکی ژیانی و بابەتیش بۆی. سروشت ڕۆشنایی و کارەباو موگناتیس و هەواو ئاوو ئاگرو خۆڵ و ئاژەڵ و ڕووەکە، مرۆڤیش بەوپێییەی تەنێکی چالاکی خۆکارو خۆنەویستە. وشەی "سروشت" بۆ "من هیچ شتێکی تر نییە، شتێکی غەیبی نییە، شتێکی لاهوتی نییە". لینین ئەڵێ: "بەوجۆرە ئەوە دێتە ئەنجام کە سروشت هەموو ئەوانەیە کە لەئاسا بەدەرنین بۆ سروشت. لێرەدا فۆیرباخ ئاشکراو نایابە بەڵام قووڵ نییە. ئەنگلس بە قوڵییەکی زۆرتر جیاوازی لەنێوان مەتریالیزم و ئیدیالیزم دەستنیشان دەکات" (٦٧).

تیۆری زانین. پەرەپێدانی ئاییندەی مەزەبی هەستیی.

فۆیرباخ لەسەرنەریتی مەتریالیستەکانی سەدەی هەژدەیەم ڕۆیشت تا هاوبەشییەکی فراوانتر لەچارەسەرکردنی تیۆری مەتریالیزمی - هەستی لەزانیندا بکات. لەم بوارەدا یەکەم کاری ئەوەبوو کە بەتوندی لەدژی تێگەیشتەی ئیدیالیستی تێوردبوونەوەی هەستی وەستا. سەبارەت بەوەی شتێکی سەرەتایی و لەڕووەو دوورە لەڕاستی. جیهانی

ریالیست ئەو واقیعەیە کە بەهەست دەرك ئەكرێ بۆیە تەنها بەهۆی دەرکە هەستییەکانەوە توانستی ناسینی ئەم جیهانە دەرەخسێنێ. فۆیرباخ بەیەکجاری نکۆڵی لەوە دەکات کە شتی واهەبێ کە نەتوانرێ دەرکی پێ بکرێ... "بەوجۆرە نەك هەرتەنها دەرەکی بەڵکو ناوەکیش، نەك هەر تەنها تەن بەڵکو گیانیش، نەك هەر تەنها شت بەڵکو "خۆ"یش بابەتەکانی هەست پێکدەهێنن. بۆیە شتەکان هەموو لەبواری دەرك پێکردنی هەستدان، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەبێ وابە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەگەر بەهەستە ئاساییە کاڵوکرچەکان نەبێ وا بەشێوەیەکی ڕتوشکراو، ئەگەر بەبینینی زانایانی بەیۆلۆژی و کیمیا نەبێ وا بەچاوی فەیلەسوفەکان بەوجۆرە ئەزمونی Empiricism ـ لەسەر هەقە کە سەرچاوەی بیرەکانمان لە هەستەکانماندا... دەبینێ "(٦٨). دیسان فۆیرباخ لەدژی ڕەخنەکانی "گومانیی" و "نازانمی" بوو بەرامبەر دەرکە هەستییەکان، تا دووبارەی کردەوە کە ئەمەی دوایی بە بەستراوەیی ڕاستەوخۆی بەشتەکانەوە، قەت ناتوانێ هەڵمانبخەڵەتێنێ.

لینین بەرز ئەو تێزە بەناوبانگەی فۆیرباخی نرخاندووە کە دەڵێ پایەگاکانی هەست لای مرۆڤ بەتەواوی بەسە بۆ زانینی گشت دیاردەکات بەڵام فۆیرباخ نەیتوانی ئەو تێزە بسەلمێنێ، چونکە نەیدەزانی کە توانستی پایەگاکانی هەست بۆ ڕەنگدانەوەی واقیع بەشێوەیەکی دروست و هەمەلایەنە هەر لە ئەنجامی پەرەسەندنی هەزاران سەڵەیەتی. بەوجۆرە ئەو تێزە لە گریمانێکی بلیمەتانە نزیکترە وەك لەوەی

سەرەنجامێکی تیوری پەرەسەندنی بێ - کەبەسەر مرۆڤدا جێبەجێ ئەکرێ دیسان عەیبی تێگەیشتەی فۆیرباخ بۆ ڕەنگدانەوەی هەستی لەوەدایە کە نیدە هەستییەکانی نەبەستەوە بە پراکتیکەوە Praxis بە چالاکی پراکتیکی مەتریالیستانەی مرۆڤەوە. لەو بارەیەوە مارکس ئەڵێ: "فۆیرباخ کە بیری تاقیتەنیا ڕازی ناکات، پەنا بۆ تیۆربوونەوەی هەستی ئەبات، بەڵام هەستوەریی بە چالاکی پراکتیکی هەستەکانی مرۆڤ دانانێ"(٦٩).

فۆیرباخ هەربە بەڵگەی ڕۆڵی بیستن و بینین و پایەگاکانی تری هەست بۆ زانینی جیهانی دەرەکی، وازی نەهێنا بەڵکو پەنجەشی بۆ نرخی زانینیی گشت ژیانی سۆزیی و چالاکی سۆزیی مرۆڤ ڕاکێشا. بەڵام بەرهەمی مەتریالیستی، نەخستە ڕیزی ئەو چالاکییە هەستیانەوە.

هەستەکانی مرۆڤ لەڕووی چۆنایەتییەوە لەهی ئاژەڵ جیاوازە... فۆیرباخ لای وایە کە کارێکی هەڵە ئەبێ ئەگەر هۆی جیاوازیی پایەگایەکانی هەست لای مرۆڤ بەراوردی لەگەڵ ئاژەڵدا بگێڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ ئاقڵە. خۆ ئەگەر مرۆڤ بە هەستەکانی لە ئاژەڵدا جیاواز نەبایە واڵە بیرکردنەوەشدا لێی جیاواز نەئەبوو. دیسان ئەڵێ: "هەستەکان لای ئاژەڵ - ئاژەڵییە بەس لای مرۆڤ - مرۆڤییە". بەڵام ئەم تێزە جیاوازی چۆنایەتی دەرکی هەستی مرۆڤ و ئاژەڵ بۆ جیهان لێکناداتەوە، چونکە فۆیرباخ هۆیە ڕاستەقینەکانی بوونی مەیمون بە مرۆڤی نەدەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەنجە ڕاکێشانەی فۆیرباخ بۆ

چەشنی تایبەتی ڕەنگدانەوەی هەستی بۆ جیهان لەلایەن مرۆڤەوە نرخێکی پرنسیپی گەورەی هەبوو لە چەسپینی مەزەبی هەستی Sensualism لە زانیندا.

ئەو نرخاندنە گەورەیەی فۆیرباخ بۆ ڕۆڵی زانینی هەستی و ڕەخنە لە تێگەیشتەی تیۆردبوونەوەیی Speculatre کە لەجێگەی پێدراوە هەستییەکانی کە نەکردەوە، مانای ئەوە نەبوو کەدان بەکاری زانیاری تایبەتیی بیری تیوری و چوستیی بۆ گەیشتنە تێگەیشتنێکی قوڵتری واقیع دانەنا، ئەرکی بیر لە لەوەدایە کە پێدراوە هەستییەکان کۆبکاتەوەو بەراوردیان بکات و لێکیان جیابکاتەوەو بیانپۆلێنێ و ناوەرۆکە شاردراوەکەی کە ڕاستەوخۆ دەرناکەوێ بدۆزێتەوە. فۆیرباخ ئەلێ: "بەهەست پەرتوکی سروشت ئەخوێنینەوە. بەلام بێ هەستەکان تێیان ئەگەین". بیر، پێدراوە هەستییەکان دابین ئەکات و هەڵیان ئەسەنگێنێ و شییان ئەکاتەوەو لێکیان ئەداتەوە. فۆیرباخ ئەوەشی باش ئەزانی کەبیر - بەپێچەوانەی ڕەنگدانەوەی هەستی جیهانی دەرەکی - شەقڵێکی ناراستەوخۆی هەلگرتووە، چونکە مەرج نییە کە پێویست بێ ئەوەی ئەیکەین بابەتێك بێ بۆ دەرکپێکردنی ڕاستەوخۆ. کەوابو ئەچۆن بڕیار لەسەر یەقینی تێگەیشتنەکان لەسەر گونجاندنیان لەگەڵ واقیعی بابەتیدا ئەدەین؟، ئەوە بە بەراوردکردنی تێگەیشتنمان و سەرەنجامە تیورییەکان لەگەڵ پێدراوە هەستییەکاندا ئەکرێ. بەوجۆرە تێوردبوونەوەی هەستی لای فۆیرباخ ئەبێ بەپێوانەیەك بۆ یەقینی

بیرەکانمان. بەڵام ئەو گونجاندنە هەموو سات ناکرێ، چونکە مرۆڤ بەهۆی بیرەوە بەوەی لە (کۆن)دا هەبووەو ئەوەی جارێ لە (پاشەڕۆژ)دا نەبووە ئاشنا ئەبێ. پەیوەندیی نێوان بیر لە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی هەستیی جیهاندا شەقڵێکی دیالیکتیکی ناکۆك هەڵئەگرێ. ڕاستە فۆیرباخ یەکێتی هەستەکان و بیری، لەپرۆسەی زانیندا سەلماند بەڵام ئەوەی نەبینی کە گواستنەوەی لە ڕەنگدانەوەی هەستیی جیهانی دەرەکیی بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانە لەبیری تیوری پەتیدا، لە تێگەیشتەکانی زانست و گوتەکانیدا، شەقڵێکی ئاڵۆز هەڵئەگرێ و بەشێوەی قەڵەمبازیش ڕوو ئەدات. مەسەلەی واتاکان کە لە فەلسەفەی کانت و هیگڵیدا جێگەیەکی بەرزیان گرتبوو لە ڕاستیدا بایەخێکی وای پێ نەدان، دیسان بەدەگمەن بایەخی بەمەسەلە لۆژیکییەکان ئەدا. ئەو بیرە قوڵەی هیگڵیش لە دەربارەی گواستنەوەی بیری تیوری پەتیی بۆ کۆنکریتی Concrete و ئینجا لە دەربارەی توانستی کۆنکریتی لە بیرکردنەوەی پەتیدا، ئەمانە هەر بە تەواوی لای ئەم بە نامۆ مانەوە.

فۆیرباخ، خۆی ڕەخنەی لە تەقەلای دابڕکردنی بیر لە بنچینە هەستییەکەی دەگرێ، کەچی پەیوەندی زانینی تیوری بە پراکتیکەوە Praxis نەبینی. هەندێ جار قسە لەسەر پراکتیك ئەکات و هەوڵ ئەدات بیخاتە ناو پرۆسەی زانینەوە، بۆ نمونە ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە پراکتیك ئەو مەسەلانە چارەسەر ئەکات کە تیوری ناتوانێ چارەسەریان بکات. بەڵام دەرك بەوە ناکەین کە تێگەیشتنێکی زانستانەی بۆ پراکتیك

هەبن. پراکتیکی مەتریالیستانە لای ئەوە وەك تیوریش بووە بەگشتی. لەگەڵ ئەوەشدا فۆیرباخ بۆ مەسەلەی ڕۆڵی برینەوەی چالاکی هەستی لە پرۆسەی زانیندا، سەرەتاکانی پـزەی ـ ی توانستی پەیداکردنی چارەسەرێکی زانستانەی ڕاست بۆئەم مەسەلە گنۆسیۆلۆژییە بنچینەییەی تیابوو.

- ڕا کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان.

ڕا کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی، بەشی هەرە کەمی چارەسەر کراوە ڕەسەنەکانە لە فەلسەفەی "فۆیرباخ"دا. فۆیرباخ هەروەك فەیلەسوفەکانی تری پێش مارکسیزم نەیتەوانی مەتریالیستانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هۆشی کۆمەڵایەتی و لەدوایشدا لە ڕەوشت بگات. ئەم فەیلەسوفەمان لەدژی لێکدانەوەی ئیدیالیستی ئایینی وەستا، بەڵام نەگەیشتە ئاستی تێگەیشتنی مەتریالیستانەی مێژوو. چونکە لەبری هێزە غەیبییەکانی هەست، خواستە مرۆڤایەتییەکان بە جوڵێنەری مێژو دائەنێ؛ واتە بەشی واقیعی بەڵام نامەتریالی. فۆیرباخ بەربەرەکانی تێگەیشتەی ئیدیالیستی ـ ئایینی بۆ مێژوی جیهانی بەدیدی سروشتی Naturalistic ئەکرد کە لەتێگەیشتەی ئەنسرۆپۆلۆژی هەستورەیی مرۆڤایەتییەوە دەرئەچێ، لەبەرئەوەی کەهێزی سەرەکی و سنوردارکردنی، ڕەفتاری هەریەکێك و ڕەفتاری کۆمەڵگەیە بەگشتی.

فۆیرباخ تێگەیشتەی ئیدیالیستی هیگڵی بۆ ئازادی بەدرۆخستەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکی پۆسەتیڤی ڕوخستنی مەسەلەی پەرەسەندنی مێژوویی ئازادی سەرنج لێبدات. ئازادی لای فۆیرباخ یەکێتی مرۆڤە لەگەڵ مەرجەکان کە تیایدا ماهییەتەکەی دەرئەکەوێ. مەل لە هەوادا ئازادە ماسی لەئاودا ئازادە، مرۆڤیش لەهەر شوێن و کاتێکدا کە بارودۆخەکانی ژیانی ڕێگەی پێبدا تا تێندێسی سروشتی بۆ بەختەوەری بۆ بەدیهێنانی توانستەکانی بەدیبهێنێ وا ئەویش ئازادە. ئەم تێگەیشتە سروشتییە Naturalistsic ئەنسرۆپۆلۆژییە پەتییە بۆ ئازادی مرۆڤ وەکو داوای ڕوناکبیرەکانی وایە کە دەیانویست بارودۆخی ژیانی مرۆڤ والێبکەن کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا بگونجێ و ئەو بارودۆخە بکرێ بە مرۆڤایەتی.

لە سۆسیۆلۆژیشدا، تێندێستی ئەنسرۆپۆلۆژی شەقلێکی دیموکراسی - تەواو بورژواوا هەڵئەگرێ... گرنگترین شتی ناو ئەو ئێندێنسە دانانە بەکێتی ئەنسرۆپۆلۆژی هەموو خەڵك. جا ئەگەر خەڵك لە سروشتیاندا یەکسان بن، کەوابو هەموو پلە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییەکی تریش هەیە کە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤایەتین، ئەبێ نەهێڵرێ. ئەم تێگەیشتنەی بۆ یەکسانی دیسان هەر بەتەواوی وەك تێگەیشتنی دیموکراسی بورژوا بۆ ئازادی، سنور تەسك بوو. فۆیرباخ تارادەیەك بایەخی پێکهاتنی ئابوری کۆمەڵگە نەدا کە چینێك دەست

بەسەر چینێکی تردا ئەگرێ و پەیوەندی نێوان چەوساندنەوەو ڕەتاندنەوە لەلایەك و موڵکدارێتی ـ لەلایەکی ترەوە نەدەبینی.

فۆیرباخ کەسەیری مرۆڤ وا ئەکات کەیەك بوونەی سروشتییە، هەوڵ ئەدات بەوە بارودۆخێکی سروشتی بۆ بوونی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی بورژوازیدا بەدەست بهێنێ کە ئەوە ماوە بەسەڵت ئەدات تائەم یا ئەو ڕادە ئەنجامهێنانی بە پەرۆشی بۆ بەختەوەری جێبەجێ بکات. ئنگلس لە باسی ئەو سەرەنجامەی فۆیرباخ بەدەستی هێنا ئەڵێ: بێ گوێدانە ئەو نیازەی ئەو فەیلەسوفە مەبەستی بووە ئەو سەرەنجامەی، بەرگریکردنە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی"(٧٠).

بێگومان فۆیرباخ خۆیی بوو، دوور بوو لە بەڵگە هێنانەوە بۆ نەبوونی ڕەنجدەران و ڕەتاندنەوەیان، بەڵام بڕوایەکی قوڵی بە لەناوبردنی کوێرەوەری و بێبەشی لەماف هەبووە هەتا ناوی کۆمۆنیستیشی لەخۆی نا. بەڵام ئەو تێگەیشتنەیە هیچ ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تیا پەیدا نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا فۆیرباخ نەیتوانی لەڕووی بابەتییەوە خۆی بخاتە سەروو بیدە دیموکراسی ـ بورژواکان لە دەربارەی کۆمەڵگەوە. هەروەك مارکس و ئنگلس پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە فۆیرباخ "توخنی ڕەخنەگرتن لە پەیوەندییەکانی ژیانی ئەو کاتە نەکەوتووە... هەرگیز نەگەیشتە ئاستی تێگەیشتنی جیهانی هەستی وەك چالاکییەکی هەستی و زیندوو سەرجەمیی ئەو کەسانەی ئەم جیهانەیان لێ پێکدێت. بۆیە بۆنمونە کە دەبینی کەبڕی خەڵکی تەندروست خەڵکێکی هەژار

کەشەکەتیی لەشیانی پروکاندنەوەوە سیل و نەخۆشی بەراز لەناویان ئەبات، ناچارە کە پەنابەرێ بۆ "تێوردبونەوەی هەستیی" بۆ "یەکسانکردنی خەڵك بە سروشتەکانیان "واتە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی ئیدیالیزمی، هەر بەتەواوی لەو شوێنەدا کە کۆمۆنیزمی مەتریالیستی بە پێویست و نیسان بە مەرجی گۆڕانی پیشەسازی و سستێمی کۆمەڵایەتی وەکو یەك دەبینێ".

ئیدیالیستی فۆیرباخ لە تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە تۆخی لەو هەوڵەیدا دەردەکەوێ کەئەیدا بۆ دانانی ڕا سوسیۆلۆژییە مرۆڤایەتییەکانی لەسەر بنچینەی تەواو ڕەوشتی. هەروەك مەتریالیستە فەڕەنساییەکانی سەدەی هەژدەیەم وای دائەنا کە خۆپەرستی Egoism لۆژیکی، واتە بەرژەندی ئاشکراو شێوە دروستی سەڵتایەتی لە سەرەنجامدا لەگەڵ بەرژەندیی گشتی جوت دەبێ، بۆیە نابێت و هیچ پێویست نییە دژایەتییان لەگەڵ یەك هەبێ. جا ئەگەر خۆپەرستی و خەڵك پەرستی Altruism یەکەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژی پێکبهێنێ (فویرباخ دەڵێ بەبێ خۆپەرستی سەرت نییە بەبێ خەڵك پەرستی دڵت نییە) وا خۆشەویستی ئەبێتە ئامرازی پێکهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی گونجاو، مرۆڤی ئەویندار بەتەنها ناتوانێ بەختیار بێ، چونکە بەختیاریی ئەو بەتوندوتۆڵی بەبەختیاریی خۆشەویستەکەیەوە بەستراوەتەوە.

بەوجۆرە بەختەوەری ڕاستەقینە بەختەوەریی بۆ هەمووان گەرەکە، ئەوەش هیچ پێویستی بەوە نییە، کە ئەرك داشکان بۆ هەست بکات و

هیچ ناکۆکییەك لەنێوانیاندا هەبێ ئەنگلس ئەڵێ: لای فۆیرباخ لەهەموو زەمان و زەمینێکدا خۆشەویستیی خولقێنەری موعجیزەیە... ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکدایە کەدابەش بووە بەچەند چینێکی خاوەن بەرژەوەندی تەواو ناکۆك بەیەك! بۆیە فەلسەفەکەی لێرەدا دوو شەقڵی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە دەست ئەدا..."(٧٢).

لەبەرئەوەی فۆیرباخ وای دائەنا کە خۆشەویستی هێزی جوڵێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئامانجەکەیەتی بۆیە بەوەی دائەنا کە کتومت هێزی جوڵێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە بەتایبەتی لایەنی ڕەوشتی. ئەم گەشبینییە ڕەوشتییە، بێگومان خۆی ئەدا بەڕاستییە مێژووییەکان و ڕووداوی ڕۆژانەدا... بەڵام فۆیرباخ تەقەلا ئەدا کە بەپشت بەستن بەدیدەکانی خۆی بچێتە سەر ئەو ڕوداوە ڕیالیستانەکە لە دووبارەکردنەوەی جوتبونی جەوهەری سەڵتی مرۆڤ لەگەڵ جەوهەری توخمی مرۆڤدا زیادەڕۆیی دەکات.

لەکاتەکانی شۆڕشی ١٨٤٨دا فۆیرباخ ڕووی کردە گوێگرەکانی لە قوتابیان و کرێکاران و وتی: "کەی سەردەمێکی نوێ لە مێژوودا دەست پێ دەکات؟ لەوێوە تەنها لەوێ جەماوەر یا زۆربەی زۆرلێکراوان، خۆپەرستی خۆی بەرامبەر خۆپەرستی نەتەوەیەك یان تاقمێك ئەخاتە گەڕ، لەوێدا کە چینەکانی خەڵك یان تەواوی چەند نەتەوەیەك سەرفراز دەبن دوای ئەوەی سەرکەوتن بەسەر دەستدرێژی کەمینە خۆبەزلزانەکە بەدەست دەهێنن، لەزۆرلێکراوی و ستەمدیدەکردنی پرۆلیتاریا ڕزگاری

دەبێ، تا چالاکی بەرزی مێژوی لەسەر شانۆ دەرکەوێ. بەوجۆرە خۆپەرستی زۆربەی مەزن لە مرۆڤایەتی کە لەژێرباری چەوسانەوەدا دەناڵێنێ، ئەبێ مافی خۆی بەکار بهێنێ حەتمەن بەکاری دەهێنێ و سەردەمێکی نوێ لەمێژو دەست پێدەکات"(۷۳).

ئەگەر فۆیرباخ لەیەکێتی ئەنسرۆپۆلۆژی توخمی مرۆڤ کە نکۆلی ناکا لە جیاوازی کۆمەلایەتی دروستبوی ناوڕێڕەوی مێژو، تێبگەیشتایە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکەی ئاراستەی ئەو جیاوازییانەو لەدوایشدا ئاراستەی "خۆپەرستی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندی چینە دژبەیەکەکان بکردایە وا لەسەرنجی ئەنسرۆپۆلۆژی تێدەپەڕێ. بەلام فۆیرباخ بەمانەوەی لە مەڵبەندەکانی ئەنسرۆپۆلۆژی دیموکراسیانەی بورژوادا، نەیتوانی پەڕە بەو بیرە تاکیانەی بدات کە لەناویاندا لە تێگەیشتنی مەتریالیزمی مێژوویی نزیك دەبێتەوە. ئەوەی کارەکەی زیاتر شێواند ئەوەبوو کە فۆیرباخ لەڕووی ئەنسرۆپۆلۆژییەوە هەوڵیدا ئەوبیرانە بسەلمێنێ. بۆ نمونە ئەیووت: "لە کۆشکدا بیرکردنەوە جیاوازە وەك لەکوخدا. سەقفی نزم وادەردەکەوێ کە فشار دەخاتە سەر دەماخ. خەڵك بیرکردنەوەیان لە هەوای کراوەدا تەواو جیاوازە لەگەڵ بیرکردنەوە لەشوێنی داخراودا، قەڵبالغی خنکێنەوە، بەلام کراوەیی دڵ و دەروون ئەکاتەوە "ئەم لێکدانەوە سروشتییە بۆ ناکۆکی بنەڕەتی نێوان چینە "بەرزەکان" و جەماوەری پێشێلکراوی "خوارەوە" لەڕاستیدا هیچ ئەنجامێکی نابێ جگە لە شاردنەوەی ئەو ناکۆکییە نەبێ.

نرخی کۆمەڵایەتی و ڕەویشتیی ڕاکانی فۆیرباخ بەگشتی لەوەدا بوو کە نکۆڵی ڕەخنەی ویرانکەری ئاراستەی تەقەلای فەیلەسوفە ئیدیالیستەکان و پیاوانی لاهوت کرد کە دەیانویست ـ بەهۆی ئایینەوە ـ دروستی پرەنسیپەکانی یاساو ڕەوشتی بورژوازی. بسەلمێنن، ئەوەی دووپارە دەکردەوە کە ئاین ناتوانێ ببێتە بینچینەی یاسادانان و ڕەوشت.

ڕاکۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی فۆیرباخ بنچینەی تیوری بۆ دیموکراسی ـ بورژوازی پێکدەهێنێ. بۆیە حاڵی نین لە واهیمەی دیموکراسی ـ بورژوازی. ئەو مرۆڤە "سروشتی" و ڕاستەی" کە زۆرجار قسە دەربارەی دەکات و کە مرۆڤی پاشە ڕۆژو مرۆڤی ڕزگاربوو لەو شتانەی سەڵتایەتییەکەی دەشێوێنێ ـ تیا دەبینێ، ئەم زاتە تەواو ئەنسرۆپۆلۆژییە پەتی و ناچینایەتییە، لە کۆتاییدا وێنەیەکی ئیدیالیستانەی مرۆڤی کۆمەڵگەی بورژوازی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو هەنگاوەی کە فۆیرباخ نەینا ئەبو لەگەڵ ئەوەشدا هەر بنرێ. ئەویو لەبری پەرستنی مرۆڤی پەتی کە ناوکی ئایینی نوێی فۆیرباخ پێکدەهێنێ، زانستی بخاتە جێگەی کە دەربارەی خەڵکە ڕاستینەکان و دەربارەی پەرەسەندنی مێژووییان بێ" (٧٤).

لەفەلسەفەکەی فۆیرباخدا فەلسەفەی کلاسیکیی بورژوای ئەڵەمانی گەیشتە ترۆپکی پەرەسەندنی. نرخی مێژویی ئەم فەلسەفەیە لەوەدایە کە تێگەیشتەی دیالیکتیکی بۆ جیهان و بەرنامەی دیالیکتیکی فورمەلە

کرد هەرچەندە لە مەڵبەندی ئیدیالیستانەوە بووە ـ هەر لەبەر خودی ئەوە فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانی بوە یەکێك لە سەرچاوەکانی تیۆری مارکسیزم و فەلسەفەکەی مەتریالیزمی دیالیکتیکی و مێژوویی.

بەشی نۆیەم

ـ فەلسەفەی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان لە ڕوسیا و وڵاتانی تردا..

١ـ بیری فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی لە ڕوسیادا لە چلەکانەوە تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم.

ـ مەتریالیزمی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان و تێکۆشانیان لە دژی ئیمپریالیزم .

٢ـ بیری فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی لای گەلانی ڕوسیای قەیسەری لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

٣ـ ڕێبازە پێشکەوتووەکان لە بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لای گەلانی ئەوروپای خۆرهەڵات لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

٤ـ ئیدیۆلۆگە دیموکراتە شۆڕشگێرەکانی چین لە سەدەی نۆزدەهەمدا.سون یات سن.

فەلسەفەی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان لە ڕوسیاو وڵاتانی تردا..

*بیری فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی لە ڕوسیادا لە چلەکانەوە تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم.

*مەتریالیزمی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان و تێکۆشانیان لە دژی ئیدیالیزم.

دوای کوژانەوەی ڕاپەڕینەکەی دیسەمبەرییەکان و ئەو قەسابخانە دڵڕەقانەیەی بووە هۆی لەناو بردنی هاوبەشانی ، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆنەپەرستی سیاسی دەستی بەسەر ڕوسیادا گرتو گشت توانای خۆی بۆ خنکاندنی خونچە سەرەتاکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕوسی تەرخان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا سستێمی دەرەبەگایەتی ـ بەندەگێتی لەو سەردەمەدا بەرەنگاری گرژییەکی تیژو قوڵ ببوو کە مەسەلەی ڕوخاندنی ئەو سستێمەی بەگەرمی هێنابووە پێشەوە. ساڵ لە دوای ساڵبە تایبەتی لە چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە شەپۆلی ڕاپەڕینی جوتیاران بە ڕوسیادا بڵاودەبوەوە، باشترین نوێنەرانی بازرگان و نوبەڵای ڕۆشنبیر هابەشی خەباتی ئازادیخوازانەیان کرد. لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەهەمیسدا بۆرژوای ڕوس بە پێچەوانەی بۆرژوای فەرەنساوە. چینێکی شۆرشگێر نەبوو،

زراوچونیسی له جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی ڕوسیاو ئەورووپای خۆرئاوا پالپیوەنا که ببێته گلکی زۆردارو حوکمی موتڵەق.

لەو ماوەیەشدا مەسەلەی هەڵوێست لە مافی دەرەبەگێتی و ئەنجامەکانی، چەقی خەباتی ساسی و ئایدیۆلۆجی بو له ڕوسیادا. لینین ئەڵێ:"ئەبێ ئەوەمان له یاد نەچێ لەو سەردەمەی ڕوناکیرانی سەدەی هەژدەهەم ئەیاننوسی(کەڕای باوو بە سەرکردە بۆرژواکان لە قەڵەمیان ئەدا)، لەو ماوەیەی کە ڕوناکبیرەکانمان لە چلەکان تا پەنجاکان دەیانووسی...ئالەو سەردەمانەدا هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتییە کان ئەگێڕێنرانەوە بۆ خەباتکردن لە دژی مافی بەندەگیی و پاشماوەکانی"(٧٥).

"تۆڤـارۆن"و"بۆگـۆدین"و"شیشـڤیرۆڤ"و فەیلەسوفی تیش لە ئدیۆلۆگەکانی سەربازگەی بەندەگێتی بوون کە بەئاشکرا بیری سیاسی و ئایینی غەیبیی کۆنەپەرستیان بڵاودەکردەوە کە مەبەست لێیان بیانوو هێنانەوەو چەسپاندنی سستێمە دەرەبەگاتییەکانی ڕوسیا بووە...دەریان خست کە فەرمانرەوایی سەڵت باشترین شێوەی فەرمانرەوایەتییە له ڕوسیادا، دیسان ڕەواجیان بەو پرنسیپە ئەدا کە دەیووت ڕێگەی مێژوویی گەلی ڕوس ڕەسەنە، ئیتر ناکۆکی چینایەتی و گۆرانە شۆرشگێڕەکان بە ڕوسیا نامۆن سروشتی گەلی ڕوس وایە کە ملکەچ و دلسۆزییەکی بێسنوری بەرامبەر فەمانرەوایەتی سەڵت هەبێت.

ئیدیۆلۆگەکانی تری ئەم بەرەیە پڕۆپاگەندەیان بۆ تیۆری ئیدیالیزم و لاهوتی دواکەوتـە دەکرد، لـە دژی مـەتریالیزم و ئیلحاد دەوەسـتان، فەلسەفەیان ئەخستە خزمەت لاهوت و لەگەڵ ئەو مەزەبەدا کە دەیووت گیان ئەمرەو ویستی مرۆڤ ئازادە...تەقەلایان ئەدا کـە زانسـت ملکەچـی باوەڕە ئاینییەکان بێ و بە گومان بن لە توانستی ئەقڵی مرۆڤ.

هـەر لەسـەرەتای چـلەکانەوە شانبەشـانی ئیـدیۆلۆگی بـەرەی بەندەگێتی، تەیاری ناوبانگ دەرکردوو بە سـلاڤەکانSalvophiles لـە بـیری کۆمەلایـەتی ڕوسـیدا دەرکـەوت. دیـارترین نوێنـەرانی ئـەم ڕێبـازە"ئەلەکسـی خۆمیـاکۆڤ"(١٨٠٤ـــ١٨٦٠)و" کۆنسـتانتین ئەکساکۆڤ"(١٨٧١ـ١٨٦٠)و ئیڤان گیریێفسکی" (١٨٠٦ـ١٨٥٦)و"یـوری سامارین (١٨١٩ـ١٨٧٦)و ژمارەیەکی تریش بوون. ئەمانە هەندێ لایەنی واقعی دەرەبەگایـەتی ـ بەنـدەگێتی ـ یـان ڕەخنـە لێ دەگرت.تێزێکیـان خستەروو کە دەیووت:"دەسـەلات بـۆ قەیسـەرو ڕاش بـۆ گەلـە". داوای ئـازادی وشـەو ئاشـکراکردنی دادگایـان ئـەکرد، دیسـان داوای کـۆڕێکی زانیاری و داوای بە پێویست زانینی دامەزراندنی کۆڕێکی دونیـایی ـ یـان ئـەکرد کـەڕۆلی دەزگـای ڕاوێـژ ببینـێ. هـەروەها لـە"سـەرخان" ی کۆمەلگـەوە داوای سـەرفرازی جوتیارانیـان دەکـرد.فەرمانڕەوایـەتی سەڵتیان بـە شـێوەیەکی ڕەسـەنی فەرمانڕەوایەتی دائـەنا کـە لـە سـەر ڕێکـەوتنی نێـوان گـەل و مـیری دامەزراوەکـە ئـاکۆکی و دوژمنایـەتی چینایەتی و شۆرش لە ئارادا ناهێلێ. سلاڤییەکان، بەهەڵە، وایان دائـەنا

که سیفەتەکانی خواپەرستی و سۆفێتی و واز لەخۆشە ژیان هێنان و پەنا بۆ بردن و ملکەچی بۆ قەیسەرێت، سیفەتی ڕەگ داکوتاون لە گەلی ڕوسدا... دیسان ڕێبازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ڕوسیاو ئەو ڕێگە مێژووییەی ئەورووپای خۆرئاوا لە سەردەمی نوێدا لە سەری ڕۆیشت.. بە شێوەیەکی میتافیزیکانە بەربەرەکانییان دەکرد.

سلافییەکان لە فەلسەفەدا غەیبی بوون و لایەنگیری کڵێسەی ئەرسۆزۆکسی و فەلسەفەی(مەسیحییەت) بوون، ڕەواجیان بە سازاندن لە نێوان فەلسەفە لەگەڵ ئاین، ئەقڵ لەگەڵ ئیماندا ئەدا. فەلسەفەی ئایینی غەیبی شیلنگ ـ یان پەسەند ئەکردو لە مەڵبەندی ڕاسترەوییەوە ڕەخنەیان لە فەلسەفەی هیگڵ و فەلسەفەی پۆسەتیف Positivism دەگرت.

ڕووناکبیرانی نوبەلا: پیۆتەرچادیف ١٧٩٤ـ١٨٥٦،نیکۆلای ستانکیڤیچ ١٨١٣ـ١٨٤٠ و تیمۆڤی گرانۆفسکی ١٨١٣ـ١٨٥٥ جێگەیەکی نایابیان لە خەباتی بیری سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا گرتبوو.

لە سەردەمی خوێندنیدا لە زانکۆی مۆسکۆ"ستانکیڤیچ" ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی دامەزراند،بەمەبەستی توێژینەوە لە فەلسەفەی شیلنگ و فیختەو هیگڵو بیلینسکی و بۆتکین باکونین و ژمارەیەکی تریشی تیابوو. پەیام هەلگرانی ئەم ئەلقەیە بە چاوێکی نیگەتیڤەوە سەیری بەندەگێتی و ئایدیۆلۆژی ڕەسمییان دەکردو داوای ڕووناکبیریی و مرۆڤایەتیHumanism و ڕیفۆرمی ڕەوشتی پێرسونالیێیان ئەکرد.

رزگاری گەلیان لە چنگ دەرەبەگێتی دەبەستەوە بە مەسەلەی رووناکبیری و بەرزبونەوەی ئاستی ئەقڵی و رەوشتی نوبەلاکان..ستانکیڤیچ و هاورێکانی ئیدیالیستی بابەتی بوون ، جیهانی چواردەوریان بەبەرهەمی چالاکی گیانی موتڵەق دانەنا.

ئەو ئەلقەیەی ستانکیڤیچ رۆڵێکی چاولێنەپۆشراوی وازی کرد لەرووی پرۆپاگەندەو بۆ ئیدیالیزمی ئەڵەمانی لە کۆمەڵگەی روسیدا، تا رادەیەکیش هاوبەشی بڵاوکردنەوەی دیدی دیالیکتیکانەی بۆ جیهان دەکرد. لە دواییەکانی ژیانیشیدا فەلسەفەکەی فویرباخ سەرنجی ئەم فەیلەسوفەی راکێشا، بەڵام خۆی نەگواستەوە بۆ مەڵبەندی مەتریالیزم.

لیبرالەدەرەبەگە ـ بۆرژواکان:

لە نێوان چلەکان و شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا ئایدیۆلۆژی لیبرالی دەرەبەگایەتی ـ بۆرژوا پێکهات. لە نوێنەرە ناودارەکانی: ڤاسیلی بۆتکین ١٨١١ـ١٨٦٩،کۆنستانتین کاڤلین ١٨١٨ـ١٨٨٥و میخائیل کاتکۆڤ ١٨١٨ــ١٨٨٧بوون. لە چلەکاندا هێشتا لیبرالەکان بە تەواوی لەدیموکراتە شۆرشگێرەکان جیا نەبوونەوە..لە زۆر رووەوە رەخنەیان لە بەندەگێتی گرت وەکو نەبوونی ئازادی وشەو رۆژنامەگەری..هتد بەڵام ئەم خەباتەی لیبرالەکان لەدژی دەرەبەگەکان تەنها ململانێیەکی ناوخۆی چینە دەسەلاتدارەکان بووە، جیاوازیشیان لەگەڵ خاوەن بەندەکانی زەویدا تەنها لە رووی رادەو شەقڵی داشکاندنەکاوە بووە هەروەك لینین سەرنجی لێداوەو ئەیووت:" لیبرالەکان ئەیانویست

ڕوسیا"لە سەرەوە""ڕزگار" بکەن بێ ئەوەی دەسەلآتی قەیسەر یا خاوەنداریتی دەرەبەگەکان و دەسەلآتیان بڕوخێنرێ،بەلکو هەر بەوە ڕازی بوون کە داوای "داشکان" لە بەردەم گیانی سەردەمدا بکەن(٧٦).

پێکهاتن و پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژی دیموکراسی شۆرشگێڕ لەروسیادا بە ناوی بیلینسکی و گێرتسین و ئۆگارێف و چێرنیشیڤسکی و دۆبرۆلیۆبۆپۆڤ و چەند ناوێکی تری جولآنەوەی ئازادیخوازی ڕوسدا بەستراوەتەوە. دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان کە لە سەردەمی چەلەمەی سستێمی دەرەبەگیی داروخانیدا هاتنە سەر شانۆی ژیانی کۆمەلآیەتی.. بەرگرییان لە بەرژەوەندی جوتیارو بەندەکان و بەشە ڕوکاوەکان دەکرد، بۆ ڕوخاندنی فرمانڕەوایەتی سەلتایەتی موتلەق و لابردنی سستێمی بەندەگێتی تێدەکۆشان. ئەو دیموکراتە شۆڕشگێڕانە لە لایەنگرانی سۆسیالیزمی یۆتۆپی جوتیاریی بوون، ژمارەیەکیشیان بڕوایان وابوو کە دەبێ دوای گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکانی میشاعە جوتیاری و"ئەرتیلات"ی کرێکاری ڕاستەوخۆ سۆسیالیزم لە ڕوسیادا دابمەزرێ. دیسان ئەو دیموکراتە شۆڕشگێڕانە ڕۆلێکی دەرکەوتوویان لە مێژووی بیری کۆمەلآیەتی و تیورییە مەتریالیست و ئیلحادییەکاندا بینی و بیری پێشکەوتوانەیان لە بۆارەکانی سۆسیۆلۆژی و زانستی جوانی و زانستی ڕەوشتدا خستەروو..ڕێبازی تێکەلّ مەتریالیزمی فەلسەفییان گرتە بەرو نەریتە مەتریالیستی و ئیلحادی و مەتریالیزم و زانستە سروشتییەکان و

هونەری پێشکەوتوویان لەگەڵ جوڵانەوەی شۆڕشگێڕیدا دەکرد. دیسان لە بواری پەرەپێدانی دیالیکتیك و ڕەخنە لە تیورییە میتافیزیکییەکانی ئیدیۆلۆژی سەربازگەی ڕەسمی و سلاڤییەکان و دەرەبەگە بۆرژوا لیبراڵەکان زۆر بەرهەمیان پێشکەش کرد...زۆر لە مەتریالیزمی دیالیکتیکی نزیك بوونەوە.

ڤیساریۆن بیلینسکی١٨١١ـ١٨٧٨:

لە خێزانێکی "رازنوچنتسی:*" بووە، لە سییەکاندا لەگەڵ ئیدیالیزم بووەو پشتی لە ڕوناکبیریی مرۆڤایەتی و ڕیفورمی ڕەوشتی خەڵك کردووە. لە شاتۆکەری"خەوی وێژەیی"(١٨٣٤)دا هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێ کە جیهانی دەورووپشت هەمووی هیچ نییە تەنها "نەفسێکی یەك ئیدیەی نەمرە"..بەلام هەتا لەو کاتەشدا لەیەنگیرانی مەتریالیزمی ئیدیالی بووە،ئەیووت:"ئیدیە" وەستانی بۆ نییە.. ئەژێو ئەجوڵێ، یەکبینە نوێ دائەهێنێ و کۆن ئەروخێنێ.دیسان هەر لەسییەکانداثازایانە هێرش ئەباتە سەر لاتنگیری کۆنەپەرستانەی بلۆکی نووسەرانی سەر بەفەرمانرەوایەتی موتڵەقی سستێمی بەندەگێتی.

---

*رازنوچنتسی: بەشی ناوەڕاست و پیشەگەرەکانی کۆمەڵگەی ڕوسیایە.

ئیتر لەو کاتەوە ئەو فەیلەسوفە دەستی کرد بە جێهێشتنی مەلبەندی ئیدیالیزم و ڕووی کردە بەرگریکردن لە ڕیالیزم و جەماوەریی لە هونەرداو پەسن ـ کردنی دانراوەکانی بۆشکین و گۆگۆل و کریلۆڤ .

له ساڵه‌كانی ١٨٣٧-١٨٣٩دا وه‌ له‌ ژێركارتێكردنی ڕا كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌ كۆنپارێزه‌كانی هیگڵداو له‌ كاتی شه‌پۆلی كۆنه‌په‌رستانه‌ی دواله‌ناوبردنی ڕاپه‌ڕینی دیسه‌مبه‌رییه‌كان گه‌یشته‌ سه‌ره‌نجامێكی هه‌ڵه‌و ئه‌یووت: ئه‌بێ"ملكه‌چی واقیعی تاڵ بین".به‌لام له‌ سه‌ره‌تای چله‌كاندا به‌و هه‌ڵه‌یه‌دا چووه‌وه‌و كه‌وته‌ هێرش بردنه‌ سه‌ر لاكۆنپارێزه‌كانی فه‌لسه‌فه‌ی هیگڵی . له‌و گواستنه‌وه‌یه‌شدا بۆ مه‌ڵبه‌ندی دیموكراسی شۆڕشگێر، بیلینسكی مه‌سه‌له‌ی ڕوخاندنی سستێمی به‌نده‌گێتی و حوكمی سه‌ڵتایه‌تی خسته‌ پله‌ی یه‌كه‌م. تاله‌ چله‌كاندا ڕوداوه‌ شۆڕشگێڕه‌كان و بیری سۆسیالیستیی یۆتۆپی فه‌ره‌نساوییه‌كان وای له‌ بیلینسكی كرد كه‌ بانگه‌واز بۆ بیری سۆسیالیزم هه‌ڵبدا. به‌ پێچه‌وانه‌ی یۆتۆپییه‌كان ئه‌یووت سۆسیالیزم له‌ ناو ڕاپه‌ڕینی جه‌ماوه‌ریدا به‌ دی دێت، له‌ خۆیه‌وه‌و به‌بێ خوێن نایه‌ته‌ دی. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سۆسیالیزمه‌كه‌ی بیلینسكی زانستی یۆتۆپی بوو، چونكه‌ ڕێگه‌ی دروستی به‌ره‌و سۆسیالیزم و ئه‌و هێزه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی و مێژوییانه‌ی كه‌ ده‌سته‌به‌ری به‌دیهێنانی نه‌ده‌بینیی و ده‌ره‌كی به‌ په‌یامی مێژویی پرۆلیتاریا نه‌ده‌كرد، هه‌رچه‌نده‌ هاوسۆزی خۆی به‌رامبه‌ری نكولی له‌ ڕۆڵی سه‌ركرده‌ مێژوییه‌كانی نه‌ده‌كرد..لای وابوو كه‌ جولێنه‌ری سه‌ره‌كی پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵایه‌تی - مێژویی و هێزی جولێنه‌ری سه‌ره‌كی بنچینه‌یی له‌ گۆڕانه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كاندا هه‌ر گه‌له‌...سه‌رنجی دا بۆرژوای جێگیره‌وه‌ی ده‌ره‌به‌گه‌كان ته‌نها بۆ سودی تایبه‌تی خۆیان

دەسەڵاتداریتی دژ بە گەل بەکارنەهێنن،لە هەمان کاتدا گەیشتە پێشبینییەکی قووڵ دەربارەی"پێویستییە مەتریالیستیەکان"و"داخوازییە مەتریالیستییەکان" لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا کە تیایاندا جولێنەری مەزنی چالاکیی ڕەوشتی دەبینیی و دەیووت ئەگەر مرۆڤ پێویستی بەخواردن و جلوبەرگی مەتریالی و پێویستییەکانی تری ژیان نەبوایە وا بەردەوام لە دۆخی ئاژەڵدا دەمایەوە. هەروەك دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان خاوەن ئومێدی مێژوویی هەڵقوڵاو لەباوەڕ بە هێزی خولقێنەری گەڵ لە لای یەکەم و لە دیدی دیالیکتیکانە بۆ ژیان لە لای دووەم بوون، دیسان بە داپێچییەوە بیری پەرەسەندن و کامڵبونی بێ سنورو یەکبینەی مرۆڤایەتی دووپات دەکردەوە.

مەتریالیزمی بیلینسکی دەستکەوتێکی گرنگی دیموکراسی شۆڕشگێڕیی ڕوس بوو. لە نامەیەکیدا بۆ گیرتسین ئەڵێ:داخم ناچێ کە ناتوانم ئەوەی بڕوام پێیەتی لە دەربارەی ئاین بیڵێم. لەوتارەکەمدا(خوایەك و ئاینێ)تاریکی و پێوەندو قامچی دەبینم"(٧٧).لە نامەیەکی تردا بۆ گۆگۆڵ (١٨٧٤)دوژمنایەتییەکی بێ پایان لە دژی دەسەڵاتداریەتی سەڵتایەتی بەندەگێتی و ئیدیۆلۆژیی کۆنەپەرستانەی کۆنەپەرستی چینە دەسەڵاتدارەکانی دەربڕیوە. لە خەباتیدا دژ بە شۆرش لینین گرنگییەکی گەورەی داوە بەنامەکەی بیلینسکی بۆ گۆگۆڵ. دیسان لینین لە گوتەیەکیدا"لە ڕابوردووی

ڕۆژنامەگەریی کرێکاریی لە ڕوسیادا؟ بیلینسکی پەسەن دەکات بەو"ئایدیۆلۆگەی"کە لە جۆلانەوەی ڕزگاریخوازانەماندا ڕێگەی بۆ لە ئاوبردنی یەکجارەکی نوبەلا خۆشکرد.

لە شوێنەوارە مەزنەکانی ئەم فەیلەسوفە ڕووخستنی نوێی کێشەی هونەرو ئەدەب و نرخ و ڕۆڵی کۆمەلایەتییەبووە... لەدژی تیۆری" هونەر بۆ هونەر"ی ئیدیالیستانە بووەو وای دەبینی کە هونەر ڕەنگدانەوەیەکی ژیان خۆی بووەو هەروەك ژیان لەگۆڕان و پەرەسەندنی هەمیشەیی دایە.. حاشای لەو تێزە ئەکرد کە ئەیووت بیری جونیی بابەتەکانی هونەر پێکدەهێنێ.. ڕاستە جوانیی مەرجێکی پێویستی هونەرەو بێ ئەو پێك نایەت، بەلام هونەری ڕاستەقینە ئەبێ مەسەلە گرنگەکان باس بکات و چارەسەریان بۆ دابنێ و ئەبێ بەباشی ڕوونی ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆی بێ. شێوەی هونەریی یەکێکە لەلایەنە گرنگەکانی هونەر، بەلام ئەم شێوەیە ئەبێ ناوەرۆکی هەبێ، ئەبێ پرۆسەکانی ژیان لە هەمە چەشن و دەوڵەمەندیا ڕەنگ پێبداتەوەو بیری پێشکەوتوانەی سەردەم لە کۆمەڵدا بلاویکاتەوەو بەرگری لێ بکات. بۆیە بە توندی"هونەر بۆ هونەرو جوانیی بۆ جوانیی ڕەت دەکاتەوە. ئەم ڕەخنەگرە گەورەیە دیسان مەسەلەی میللیەتی هونەری خستۆتەروو بەمەحەکی هەموو کارێکی هونەریی داناوە.. بیلینسکی داوای لە ئەدیبەکان دەکرد کە ڕۆڵی نیشتیمانی خۆیان بەرامبەر بە

گەلەكەیان ببینن و گەل بەرەو پێش بەرن و گیانی سازش نەكردنیان پەروەردە بكەن لە دژی هەموو كۆن و كۆنەپەرستییەك.

پێكهاتن و پەرەسەندنی دیموكراسی شۆڕشگێڕ لای"گیرتسین"و ئۆگاریف"

ئەلكسەندەر گیرتسین (١٨١٢ـ١٨٧٠)و نیكولای ئۆگاریف (١٨١٣ـ١٨٧٧) دوو هاوڕێی بیربڵاوكەرەوەی بیری دیموكراسیی شۆڕشگێڕ بوون و هەولیان ئەدا كە گۆڕانی سۆسیالیستانە لە ڕوسیادا بكرێ. لە كردارە گرنگە مێژووییەكانیان هێرشەكانیان بوو بۆ سەر سستێمی بەندەگێتی و حوكمی سەڵتایەتی موتڵەق لەروسیادا.پەیوەندییان لەگەڵ تشێرنیشفسكی و هاوڕێكانی بەست. ئەكتیڤانە هاوبەشییان لە دامەزراندنی ڕێكخراوی شۆڕشگێڕی نهێنی "زەوی ئازادی"دا كردو داخوازییە نیشتیمانییەكانیان لە بەیانی "ئۆگاریف"دا"گەل چی پێویستە"فۆرمەلەكرد.

مەتریالیزمی فەلسەفی لای گیرتسین و ئۆگاریف: هەر لە سەرەتای چلەكانەوە یرتسین و لە دوایشدا ئۆگاریف ڕوویان كردە مەتریالیزمی ئیلحادی و كەوتنە خەبات لە دژی ئیدیالیزم و غەیبییەتMysticism لە فەلسەفەو زانستەكانی سروشتدا. لە بواری پەرەپێدانی نەریتە مەتریالستەكانی ڕوسیادا هەوڵیان ئەدا فەلسەفەو سۆسیالیزم پێكەوە گرێ بدەن، سۆسیالیزمیان بە مەسەلەی سەرەكی فەلسەفەی سەدەی نۆزدەهەم و ئیدیەی شۆڕشگێڕیی ئەو فەلسەفەیان دائەنان.

له" نامەکان دەربارەی تۆیژینەوە لە سروشت"(١٨٤٤_١٨٤٥) کە لینین بەرز نرخاندنی، گێرتسین لەسەر پەرەپێدانی فەلسەفەی مەتریالیزم و دیالیکتیک بەردەوام ئەبێ و ڕاستەوخۆ مەسەلە سەرەکییەکەی فەلسەفە: پەیوەندی بیر بە بوونەوە، هۆش بە مەتریالەوە ، دەخاتەڕوو ، ڕەخنە لە ئیدیالیزم دەگرێ چونکە پێچەوانەی ڕاستییە ڕیالیستەکانە.

ئەو دوو ئیدیۆلۆگە مەسەلەی یەکێتی بوون و بیر_ یان خستەڕوو، ڕۆڵی ئیجابی و ئەکتیڤی بیریان دەسەلماندەوە، ئەوەش هاوبەشییەکی دروستی مەتریالیزمی فەلسەفی بوو. هەروەک گیرتسین،یش لە دژی ئیدیالیزمی ئەڵمانی و لە"خواترسی"Pietism و تیۆرییە ئاینییە - غەیبییەکان وەستاوەو بەرگری لە دیدی مەتریالیستانە بۆ جیهانی دەوروبەر دەکرد.

بەلای ئەمان تیۆری زانن شەقڵ و مەتریالیستییە ئەندامانی هەستی مرۆڤ کە لەگەڵ شتە دەرەکییەکاندا کارلێک دەکەن بە سەرچاوەی زانینیان داناوە. ئەو باری سەرنجانەش کەلە شتە دەرەکییەکانەوە وەردەگیران ئەقڵ بۆ تێگەیشتەو بیر دیگۆڕین ..دیسان وایان دائەنا کە پەرەسەندنی سەرکەوتوانەی فەلسەفە، زانستەکانی سروشت یەکێتی توندو تۆڵی نێوانیان پێویست دەکات. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشیاندا بیری دیموکراسی شۆڕشگێڕانە مەتریالیستیانە پەرپێسەند.. گیرتسن گرنگیی ئەدەبی دەردەخست و ئەیووت" ئەدەب بۆ گەلێکی بێبەش لە

ئازادیی کۆمەلایەتی ، تاکە مینبەرە کە دەنگی بێزاری و دەنگی ویژدانی لێوە ئەبیسترێ".گیرتسین و ئۆرگاریڤ دوو ئیدیۆلۆگی مەتریالیست بوون . دیالیکتیکی هیراکلیس و ئۆرتۆو برۆنۆ و هیگڵ بە تایبەتی و بیرە دیالیکتیکەکان کە زانستە سروشتیەکان خستیانەڕوو بەرز دەیانرخاند. گیرتسین بەرگری لە یاسای پارێزگاریکردنی مەتریال و جولەی لە سروشتدا دەکردو بۆ نمونە گواستنەوەی جولانەوەی مەتریال لە بارێکەوە بۆ بارێکی ترو گواستنەوەی جولانەوەی مەتریال لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تری دەسەلماندو ئەیووت ئەوە"مەزنترین یاسای سروشتە" و دۆزینەوەیەکی زانستیانەی بەنرخە..لای گیرتسین پەرسەندن لەناو ململانێی دژەکان دەخولقێ."ململانێ لە دەست پێکردندا ئەزەلییەو لە کوتایی هاتنیشدا هەر ئەزەلییە"ئەوە یاسای ژیانە، یاسای پەرەسەندنە، ململانێی دژەکانیش بە نەفی لایەکیان سەرکەوتنی لاکەی تر تەواو دەبێ. بەبێ نەفی ژیان و پەرەسەندن و پێشکەوتن نابێ.

گیرتسین و ئۆگاریڤ لە دیامایکتیک ـ دا"جەبری شۆرش" یان دەبینی ، سەلماندنەکانیان لە پێویستی کودەتای شۆرشگێرانەو پرۆپاگەندەیان بۆ سۆسیالیزم، ڕۆلێکی گەورەیان لە خۆئامادە کردن بۆ شۆرشی ڕوسیا وازیکرد. لینین لەو ڕووەوە ئەڵێ"دلسۆزی و لەخۆبوردن بۆ شۆرش و پروپاگەندەی شۆرشگێری لە ناو ریزەکانیگەلدا ڕۆڵی خۆی

هەر دەبینێ تەنانەت ئەگەر دەیان ساڵی تەواویش بکەوێتە مابەینی تووچاندن و بەرهەم چنینەوە"(٧٨).

لینین بەرز فەلسەفەکەی گێرتسین دەنرخێنێ کە توانیویەتی لە بارودۆخی ڕوسیای دەرەبەگایەتیدا لە سالەکانی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا بگاتە ئاستێکی بەرز. لە دیالیکتیکی هیگڵ تێگەیشت و بە"جەبری شۆڕش "ی دانا. شوێن پێی فویرباخی هەڵگرت لە جێ هێشتنی هیگڵ، ڕووەو مەتریالیزم.

لایەنگرانی بیلینسکی و گێرتسین لە ئەندامانی ئەلقەی پیتراشیڤسکی ـ میخائیل بوتاشیڤتس ـ پیتراشیڤیسکی (١٨٢١ـ١٨٦٦)و نیکۆلای کاشکین(١٨٢٩ـ١٩١٤)و نیکۆلای سیپشینیڤ(١٨٢١ـ١٨٨٢)و دیمتری ئەخشارۆمۆڤ (١٨٢٣ـ١٩١٠) و ژمارەیەکی تر ڕۆلێکی گەورەیان لە پەرەپێدانی بیری فەلسەفی و کۆمەلایەتی سیاسی لە ڕوسیادا وازی کرد. ئەم ئەلقەیە تەبا نەبوو. دوو باڵی تێدابوو شۆڕشگێڕو ناوەڕاست، باڵە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکەی کاری بۆ ڕوخاندنی بەندەگێتی و حوکمی سەڵتایەیی ڕوسیا دەکردو ئامانجی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری دیموکرات و بەدیهێنانی سۆسیالیزمی . بۆیە ڕووی کردە ئامادەکردنی گەل و سەربازەکان بۆ ڕاپەڕین. بەلام ئەمە وای لێ نەکرد کە ڕیفورم فڕێ بداتە لاوە.. ئەم باڵە نەیتوانی لە سۆسیالیزم بوو. یۆتۆپی زیاتر هەنگاو بنێ.. هەرچەندە داوای خاوەنداریتی گشتی زەوی و دەستگا پیشەسازییەکانی دەکرد و لە دژی ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنیزم و

کۆلۆنیالیزم و داگیرکەرانی گەلان و دژایەتی کردنی نەتەوەی تر بوو. خاوەندارێتی تایبەتی گەورەو ئاژاوەی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ ـ ی تاوانبار دەکرد.

بەلأم نیکۆلای چێرنیشیڤسکی (١٨٢٨ــ١٨٨٩) سەرکردەی بزوتنەوەی دیموکراسی شۆڕشگێڕیی ڕوس و سەرچاوەی ئیلهامی بیری شەست و حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بووە. فەیلەسوفێکی مەتریالیستی تێکۆشەرو سۆسیالیستێکی یۆتۆپی مەزن و ڕەخنە گرێکی ئەدەبیی بەرز بوو. لەگەڵ هاورێکانیدا پلەیەکی نوێ لە پەرەسەندنی فەلسەفەی دیموکراسی و مەتریالیزمی ڕوسییان دەست پێکرد، لە سالی ١٨٦٢ـ وەوە چەندین جار گیراوەو حەپس کراوەو حوکم دراوە هەر لەسیبریا نزیکەی نۆزدە سالْ بەدورخراوەیی ماوەتەوە..بەلأم ئەوانە هیچی نەلە ئیرادەی کەم کردنەوەو نە چۆکی پێ دادا...ولە سالی ١٨٨٣دا بە هۆی خزمەکانیەوە گواسترایەوە بۆ ئوستراخان، تەنها لە چەند مانگی دوایی ژیانیدا ڕێگەی پێدرابوو کە لەمەلبەندی لەدایك بونیدا بژی. ڕۆمانی لە زیندانی قەلای"پیترۆ پافلۆڤیکیا"دا"چی بکەین؟ ــ ماالعمل؟"ی دانا کەڕۆلێکی بالای لە پێکهێنانی ئایدیۆلۆژی شورشگێڕی لەناو لاوانی ڕوسیاو دەرەوەیدا بینی.

لینین ئەم فەیلەسوفەی بە دیموکراتێکی شۆرشگێڕی بەرزو پێشەنگی گەورەی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا دانا، لە هەموان لە سۆسیالزمی زانستی نزیك بۆتەوە، بانگاوێژێکی فەلسەفی ڕەسیو و

فەیلەسوفێکی دیالیکتیکی بووەو دوژمنێکی سەرسەختی هەموو جۆرە ئیدیالیزم و غەیبییەت و کۆنەپەرستی بووە. لە بەرهەمە زۆرەکانیدا هاوبەشیەکی بە نرخی لە پەرەپێدانی تیوری پێشکەوتوو نەریتی مەتریالزمی دیالیکتیکی لە ڕوسیادا کرد.

چێرنیشیڤسکی لای وابوو کە سروشت، بە شێوەی سەربەخۆ لە هۆش، لە ئارادایەو لە پێش هەموو شتێکدایە. زەمان و زەمین دوو شێوەی بنچینەیی بونی مەتریالن. ئەیوت ئەگەر بێت و هەردوو تێگەیشتەی زەمان و زەمین لەهەردوو تێگەیشتەی جولەو مەتریال بکەینەوە وا جوڵەو مەتریال لە خۆیانەوە ون دەبن.. بەرگریی لە یەکێتی بوونی مرۆڤایەتی ئەکردوو پەرەی پێ دەدا...لە مەلبەندی مەتریالزمەوە پەرەی بە تیۆری زانیندا، بەڵام لەدیدی ئەنسرۆپۆلۆژیشدا سنووردار بووە، ئەوەش بەتایبەتی لە شیکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێ، هەندێ جار لەکاتی توێژینەوەی لە ململانێی چینایەتی ناو کۆمەڵ، ئەیویست ئەو ململانێیە بکاتە خەسلەتی سروشتی مرۆڤایەتی.

لینین پەنجەی بۆ سنور تەسکی پرنسیپی ئەنسرۆپۆلۆژی لە فەلسەفەکەی چێنیشیڤسکی و فیورباخدا ڕاکێشا. دانانی پراکتیکی مرۆڤایەتی لە ناو تێۆریی گرنگیەکی پرنسیپی قوڵی هەبوو بۆ تیۆریی فەلسەفی کە پێویستی گۆڕانی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵگا ئاشکرا ئەکات. چێرنیشیڤسکی ئەوەی دوپات کردەوەکە زانیاری تیۆری ئەبێ لە

خزمەتی ژیان و مەسەلە پراکتیکیەکاندابێ ، دەرکی بە گرنگی گەورەی تیۆری کرنکە بێ ئەوە جۆلانەوەی شۆرشگێرانە ناتوانێ بالاّ بکات و بەهێز بێ. هەروەك دیموکراتەشۆڕشگێرەکانی تری ڕوسەکان داپێچی لەسەر بایەخی چارەسەری دروستی مەسەلە تێۆرەکانی ئەکرد، چونکە (پۆچەڵی تیۆری بێگومان دەبێتە هۆی زیانی پراکتیکی). ئەم ئیدیۆلۆگە دیالیکتیکی بەکاردەهێنا تالەڕوی تیوریەوە پێویستی ململانێی چینایەتی و شۆرشی گەل و بەدیهێنانی پرەنسیپەکانی و پێشکەوتنی مێژویی بەگشتتی بسەلمێنێ.

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لای ئەم پەرەسەندنێکی پێچاوپێچەو لەناو ململانێی توندو تیژی نێوان هەژارو دەوڵەمەند، خاوەن مولك و بەش خوراوەکان دروست دەبێ، لای وابوو کەدابەشبونی چینایەتی ئەنجامی دابەشکردنی نابەرابەری سامانی ئابوریە.

پرنسیپەکانی جوانیی پەرەی بەدا. بەتوندی ڕخنەی لەتیۆری (هونەری پوخت) و (هونەر بۆ هەنەر)ی ئیدیالیستی کۆنە پەرستانە گرت. چونکە ئەوەی هونەر دێنێتە ژیانەوە هەرباروەدۆخی ژیانی پراکتیکیی گەلە. ئەم ئیدیۆلۆگە وای ئەبینی کەئەرکی نوسەر یاهونەرمەند گێرانەوەی ڕاستگۆیانەو سەرجەمیی گرنگترین تێندێنس و ڕێبازە مێژوییەکانی ژیانە، گێرانەوەیەك کەئامانج لێی بەهێزکرنی ویستی خۆێندواری بێ بۆسەرلەنۆێ بیناکردنەوەی واقیع لەسەر

بنچینەیەکی لۆژیکی تر. دیسان دەیوت (ئەدەب هەر دەبێ لەخزمەتی ئەم یان ئەو ڕێبازی ئیدیەدابێ).

راسۆسیۆلۆژیەیکیەکانی چێرنیشیفسکی - هەروەك رای دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی تر پڕبوون لەبەئومێدی مێژوی و باوەڕی قوڵ بەکۆمەڵ بەجۆرێك کەسەرەرای هۆو کۆسپ و پەناوپیچەکانی بەردەمی نەوستاوە بەڵکو بەرەو پێشەوە دەڕوات. دیدەکانی ئەم فەیلەسوفە بۆ کۆمەڵ زۆر پێشبینی مەترپالستانەی قوڵی تێدابووە... ئەوەی خستەڕوو کەژیانی کۆمەڵایەتی بەپێی خواستی(ئیدیەی موتڵەق) بەڕێوەناچێت بەڵکو بە پێی یاسا تایبەتیەکانی خۆی دەڕوات. دیسان ئەو تیوریە کۆنەپەرستانەیەی بەدرۆرخستەوە کە دەڵێ گەلی هەلبژاردەو بەرز هەیە.

ململانێی چینایەتی ناو کۆمەلگای بە دیاردەیەکی تەواو یاسای دانەناو لای وابوو کە بیرەکانی ململانێی چینایەتی لەسەر بڕوا بە هێزی خولقێنەری گەڵ رادەوەستێ..

هەرچەندە ئەم فەیلەسوفە نەگەیشتە ئاستی مەتریالیزمی مێژووی و نەگەیشتە ئاستی بڕواکردن بەڕۆلی دیاریکراوی شێوەی بەرهەمهێنانی مەتریالیستی، بەلام دانی بەڕۆڵی گەورەی چالاکی پراکتیکی گەلدا ناو بایەخێکی تایبەتیدا بە پەرەسەندنی پیشەسازی، لای وابوو کە پەرەسەندنی مێژویی و کار لە کارتێکردنی ناوەندی جوگرافی کەم دەکاتەوە هەرچەندە نکولیشی لە ڕۆلی ئەمیان نەدەکرد.

ئەم فەیلەسوفە قەڵەمبازی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی یان شۆرشە سیاسیەکانی بەرووداوی مەزنی ناپرۆسەی ـ کۆمەڵایەتی مێژوویی دادەناو دەیوت: ئەوانە رێگای دروستی مرۆڤایەتییە بۆ رزگار بوون لە کۆیلەیەتی سیاسی و ئابوری و گیانیی.. شۆرشی بە لەبارترین و سەرکەوتوترین قوتابخانەی روناکبیرکردن و پەروەردەی جەماوەری گەل دادەنا.. بە گەرمی خەوی بە گۆرانە سۆسیالیستییەکانەوە دەبینی، هەرچەندە بیرە سۆسیالیستیەکانی شەقلی یۆتۆپی هەلگرتبوو سۆسیالیستی میشاعەی جوتیاری بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەروی ئۆرگانێکەوە لەگەڵ دیموکراتی شۆرشگێردا تۆابۆوە.

لینین ئەڵێ: لە خەباتی جەماوەریدا داوای شۆرشی جوتیاری ئەکردو بەو مەبەستەی هەموو دەسەڵاتی کۆن.

مارکس دەڵێ: چێرنیشیفسکی تاکە ئیدیۆلۆگ بوو لەناو هەموو زانا ئابوریەکانی ئەو سەردەمەدا بەکردەوە رەسەن بوو... دانراوەکانی پربوون لە رەسەنی و هێزی بیرکردنەوەو قوڵی.(٧٩)

دیسان لینین دەڵێ: چێرنیشیفسکی تاکە نوسەری مەزنی رووس بووە کە توانی لە پەنجاکانەوە تا ساڵی ١٨٨٨ لە سەر ئاستی مەتریالیزمی فەلسەفەی رەسیو بمێنێ... بەلام نەگەیشت یان رونتر، نەیتوانی بگاتە ئاستی بەرزی مەتریالیزمی دیالیکتیکی مارکس و ئنگلس، ئەوەش بەهۆی دواکەوتویی ژیانی گەلی روسەوە بوو..(٨٠)

نیکۆلای دۆبرۆلیۆڤ :

ئیدیۆلۆگێکی مەتریالیستی قوڵ و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی درەوشاوە بوو. حوکمی موتڵەق و بەندەگێتی و لیبرالیزمی بە دوژمنی سەرەکی خەباتی ڕزگاری خوازانە دادەنا. لەگەڵ دیموکراتە شۆڕشگێڕەکاندا خەباتی بۆ گۆڕانە شۆڕشگێڕەکان دەکردوو خەوی بە سۆسیالزمەوە دەبینی. ڕەخنەی لە ئیدیالیزم و نازانمی و دوانەیی لە زانستدا دەگرت، هەڵوێستێکی مەتریالیستانەی چەسپیوی لە بەرامبەر مەسەلە تیوریەکانی زانیندا گرت و ڕەخنەی لە تیوریە میتافیزیکییەکان لەسەر(پرنسیپەکانی ژیانی هەمیشەیی) دەگرت و ئەوەی دوپات دەکردەوە کە هەموو دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ دیاردەی کاتی بگۆڕن... ئەوەشی دەسەلماند کە(یاسای نەگۆڕی پەرەسەندنی مێژوویی) هەیە و لە خواستی خەڵك سەربەخۆیە.

ئەم فەیلەسوفە سەیری جەماوەری گەلی وائەکرد کە هێزی بزوێنەری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مێژووییە. نرخی پێشکەوتوانەی گۆڕینی سستێمی دەرەبەگەیاتی، بەسەرمایەداری دەسەلماند. بەڵام سەرنجی ئەوەشی دا کە گوزەرانی چینەکانی کرێکاران لەژێر سایەی ئەم ڕژێمە نوێیەدا هەر بەخراپی مایەوە. لێزانانە پرنسیپەکانی مەتریالزمی فەلسەفی و دیالیکتیکی لە زانستی جوانی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێنا. ئەیوت نوسەری پێشکەوتخواز بەرامبەر بە ژیان بێلایەن ناوەستێ، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی بنچینەی گەلدا خەبات دەکات. مارکسیستە کلاسیکیەکان بەرز ڕۆڵی ئەم فەیلەسوفەیان نرخاندووە..

ڕای فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی میللیە شۆڕشگێڕەکان:

ئایدۆلۆژی شۆڕشگێرە میللییەکان لە ڕوسیادا لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێکهات..لە ئیدیۆلۆگە بەناوبانگەکانیان (پیوتەرلاڤرون) و (میخائێل باکۆنین) بوو. بەگوێرەی شێوەو ڕێگەی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بوبون بە سێ بەشەوە: میللیە هاندەرەکان، میللیە ئاژاوە چییەکان، میللیە کودەتاییەکان. لینین ئەڵێ بنکەی کۆمەڵایەتی میللییەکان چینی بەرهەمهێنەرە گچکەکان بوو کە دوای ڕیفۆرم لەروسیادا بڵاوبونەوە.. هەرچەندە لینین ڕەخنەی لە میللییەکانی شەست و حەفتاو هەشتاکان دەگرت بە هۆی تێندێنسی خۆیان لە سۆسۆلۆژیدا، زیاد پێ هەڵدان بە میشاعەی جوتیاری و ناو پاتریارکی و لەبەر ئاژاوەو تەکنیکی تۆقێنەرانەی سەڵتایەتییان و هەڵەکانی تریان... بەڵام بەباشی دیموکراسییە گونجاوو خەباتە فیداکارانەکەیان لە دژی زۆرداری و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی نەهێنی و خستە ڕوی چارەنوسی پەرەسەندنی سەرمایەداری ڕوسیای دەنرخاند.

پیوتەر لاڤرۆن: ئیدیۆلۆگێکی دەرکەوتووبوو، لە ساڵی١٨٧٠دا لە دورخراوگەکەی هەڵهات بۆ دەرەوەی ڕوسیا.. دەستی کرد بە چالاکی شۆڕشگێڕانەی گەرم، هاوبەشی کۆمۆنەی پاریس و ئەنتەرنناسیۆنالزمی یەکەمی کرد. لە مارکس و ئینگلز نزیك بوەوە،هاوبەشی کارەکانی کۆنگرەی یەکەمی ئەنتەرناسیۆنالزمی دووەمی کرد.

جولانەوەی کرێکاری لە خۆرئاوادا و چالاکی ئەنتەرناسیۆنالزمی یەکەم و کۆمۆنەی پاریس و بەدڵەدیی لە دانراوەکانی مارکس و ئنگلس.. کارێکی گەورەیان هەبووە لە سەر پێکهاتنی بیری لافرون.. بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە: (شۆرشی کۆمەڵایەتی و ئەرکی ڕەوشت) و(کۆمۆنەی پاریس) و ئەوانی تر بەلگەی ئەو ڕاستییەن..

لینین، یۆتۆپیی لافرۆن و مەزەبی و میللیی و سەرلێشێوانی خۆی، ڕەخنەی لێگرتووە. لەهەمان کاتدا باوەڕی شۆرشگێڕانە و خەباتی دژبە زۆرداری و بلاوکردنەوەی بیری شۆرشگێرانەی باش هەڵسەنگاندووە، ناوی ناوە (جەنگاوەری تیوری شۆرشگێڕانە) (٨١).

بەلام میخائیل باکۆنین ١٨١٤ـ١٨٧٦ تیورستی سەرەکی میللییە ئاژاوەچیەکان بوو. دوای ئەوەی چووە ئەنتەرناسیۆنالزمی یەکەمەوە، دەستی کردووە بە ململانێیەکی سەخت لە دژی مارکس و ئنگلس و لایەنگرەکانیان، بۆیە دەریان کرد.

بیروبۆچوونەکانی لە"دەولەت وئاژاوە"(١٨٧٣)و" سۆسیالزم و ئیلحاد" دا بلاو کردەوە. ئەم ڕێبازە هەروەك تەیارێکی کۆمەلایەتی ئیدیۆلوژی چینەکانی پیتی برژواو خلتەی پرۆلیتاریا" بوو بەهۆی جێگیربونی دەسەلاتی سەرمایەی گەورەوە توش هاتبون بۆ دەربازگەیەك دەگەران تالەو گۆڕانە ڕزگاریان بێ، ئەویش بەیاخیبوونی خۆکارو داتەپانی دەولەت. باکۆنین جودایی چۆنایەتی پرنسیپی نێوان دەولەتی بۆرژواو دەولەتی پرۆلیتاریا هی نێوان دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا

ودیکتاتۆریەتی بۆرژوای ئەدەبینی، هەردووکیانیشی وەکو یەك رەفز دەکرد.

باکونین لای وابوو کەشۆرشی کۆمەڵایەتی لەشێوەی یاخی بوونی جیهاندایە کەجەماوەری رەتاوەی جوتیارولۆمپین - پرۆلیتاریا پێی هەڵدەستن.. کەلەو وڵاتانەوە بەرپا دەبن و تیایا پرۆلیتاریا پیشەسازی زاڵ نییە بەڵکو زۆربەی جەماوەرە نەپساویان لەدژی رێبازی ئاژاوە چینەکان کرد...

۲ـ بیری فەلسەفەی سۆسیۆلۆژی لای گەلانی روسیای قەیسەری لەچەرخی نۆزدەهەمدا...

لەژێر کارتێکردنی باری گرژی ستێمی دەربەرەگێتی - بەندەگێتی و روخاندنی و بەنشونماکردنی خەباتی رزگاریخوازی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا... کلتوری شۆرشگێرانەو بیری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوانە لەلای گەلانی ئوکرانیاو روسیای سپی و پشتی قۆقاس و کازخستان و ئاسیای ناوەراست و گۆمی بەڵتیك و گەلانی تری روسیای قەیسەری پەرە پیسەند...

نسیان مێژوی بیری فەلسەفی وکۆلایەتی - سیاسی لای گەلانی روسیای قەیسەری لەسەدەی نۆزدەدا بەتۆندی بەمێژوی جولانەوەی

پزگاری خوازانەی گەلی ورس و کلتورە پێشکەوتوانەکەیەوە بەستراوەتەوە.

ئوکرانیا:

لەسەدەی نۆزدەدا پلەیەکی نوێ لە پەرەسەندنی کەلتوری پێشکەوتوانەی گەلی ئوکرانیا دەستپێکرد، لە ناو خەباتی دژ بەبەندەگێتی و قەیسەریەتدا، ڕێبازی دیموکراسی شۆرشگێر خەملی. لە ناو بەناوبانگترین نوێنەرانی :"تاراس شڤیتشکۆ"، " لیسیا ئۆکراینکا"، "م.کۆتسیۆبینسکی" و ژمارەیەکی تر بوون. ئەم فەیلەسوفە

خڵتەی پرۆلیتاریا - لۆمپن - پرۆلیتاریا: ئەوتوێژە ناچینایەتیە بێ بەرهەمەیەکەلە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دروست دەبێ وەك: تاوەنکارو پەڕەوازەو قەحبەو دەروازەکەرەکان.

مەلحیدانە خەباتێکی توندیان لە دژی ئاین و ئیدیالیزم لە فەلسەفەدا کرد" تاراس شیڤتشکو" سەرکردەی بیری جولانەوەی دیموکراسی - شۆرشگێری ڕوسیاو نوێنەری دەرکەوتوی بیری فەلسەفی ئوکرانیای سەدەی نۆزدەیەم بوو. ڕۆڵێکی گەورەی لە پەرەپێدانی هۆشی خۆی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی گەلی ئۆکرانیا وازی کرد، ئەوەش بەهۆی

نوسینەکانیەوە بو کی پڕبون لە ڕق و کینەی جۆش سەندوی دژیە زۆرداران.

بەرگری لە واقیعی بابەتی جیهان و ئەزەلیەتی مەتریال و لە ناوچونی ئەکرد، لای ئەم سروشتە نەمرەو بێ کۆتاییە، لە هەمەرەنگیدا و هەموو پروسەو دیاردەکانی ناوی لە جوڵان و گۆڕانی یەکبینەدان، بەڵام ڕیشەی چینایەتی ئاین و ڕێگەو شۆێنی سەفرازبوونی نەدەبینی. لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیدیالیست بوو، هەرچەندە بۆچونەکانی هەندێ ڕەگەزی تێگەیشتەی مەتریالزمی دیالیکتیکی تیا بووە...داوای سۆسیالزمی جوتیاری یۆتۆپی دەکرد. جوانی ناو سروشت و ژیانی بە سەرچاوەو سەرەتای هونەر دائەنا.لە کاتێکدا کە ئیدیالیستەکان"ئیدیەی جوانی"یان بە سەرچاوە دائەنا. بەڵام سیڤان فرانکۆ: نوسەرو ئیدیۆلۆگی دەرکەوتوی ئۆکرانیا زانا و زانای ئابوری و فەیلەسوفێکی بەرز بوو. بەرگری لە مەتریالزم دەکرد...مولحید و دژ بە هەمووو ئاینێك بوو. ئیدیۆلۆگیی مارکسیزم کارێکی باشی کردە سەر فرانکو. لە کۆتایی حەفتاکانەوە بایەخی دا بە سۆسیالزمی زانستی، هەندێ بەشیلە "سەرمایە"ی مارکس و"ئەنتی دۆهرینگ"ی ئینگلس وەرگێڕایە سەر زمانی ئۆکرانی و وتاری دەربارەی" بەیانی پارتی کۆمۆنیست" ئەنوسی.. هەرچەندە ئەم فەیلەسوفە ژمارەیەکی زۆر لە بابەتەکانی مارکسیزم تێگەیشت و ڕەواجی بە هەندێ لە بیرەکانی دەدا، بەڵام نەبوو بەلایەنگرو بانگاوێژی مارکسیزم.

روسیای سپی و لیتوانیا:

کۆنستانتین کالینۆفسکی۱۸۳٦ـ۱۸٦٤ نوێنەرێکی بەرزی بیری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو سەرکردەی خەباتی ئازادیخوازانەی جوتیارانی رۆسیای سپی بوو. کارتێکردنی دیموکراتە شۆرشگێرەکانی روسدا بیروراکانی دروست بوون. بڕوای وابوو کە ئازادی تەنها بە تێکۆشانی چەکداری بەدەست دەهێنرێ. داوای کۆماری دیموکراسی دەکرد کە لەسەر پرنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی دابمەزرێ.

دیسان"ئەنتاناس ماتسیکیڤیتشۆس" رۆلێکی بڵندی لە مێژوی گەلی لیتوانیا و جوڵانەوەی ئازادیخوازانەیدا بینی... بەرگریی لە جوتیاران ئەکرد کەداوای ئازادی و زەویان ئەکرد. لە ساڵی۱۸٦۲دا لەگەڵ هاورێکانی سەرکردەی راپەرینەکەی جوتیارانی لیتوانیای کرد.

پشتی قۆقاس:

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ژێر کارتێکردنی کلتوری پێشکەوتوانەی فەلسەفەی مەتریالیزم لە ناوچەکانی پشتی قۆقاس: ئەرمەنستان و جۆرجیاو ئازەربایجان پێکدەهات.

ئەرمەنستان:

لە ئەرمەنستان شاعیرو ئیدیۆلۆگی بە ناو بانگی ئەرمەنی میکائیل نالبەندیان(۱۸۲۹ـ۱۸٦٦) بانگی بۆ بیری مەتریالیزم ئەدا. بە بیرەکانی

هاورێی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی ڕووس بوو، ڕەخنەی لە فەلسەفەی ئیدیالیزمی ئەڵەمانی دەگرت. وا سەیری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەکرد کە پرۆسەی ململانێیە لە نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکان و هێزە کۆنە پەرستەکاندا کە تیایا نوێ و پێشکەوتو سەردەکەوێ. بەڵام نالبەندیان نەگەیشتە ئاستی مەتریالزمی مێژویی. ئەم ئیدیۆلۆگە سۆسیالیستێکی یۆتۆپی بوو کاتێ دەریخست کەلەڕۆلی مێژویی پرۆلیتاریا تێنەگەیشتووەو ئەوەی دەوتەوە کە جوتیاران بە سەربەخۆ ئەتوانن دەسەڵاتی فەرمانرەوایەتی بەدەست بهێنن، ئەیوت لە ڕێرەوەی میشاعەی لادێوە ئەتوانرێ سۆسیالزم دابمەزرێ چی لە ڕوسیا و چی لە ئەرمەنستان.

جۆرجیا:

ئیلیا تشافتشافادزێیە(١٨٣٧ـ١٩٠٧) دەرکەوتووترین ئیدیۆلۆگی کلاسیکیی ئەدەبی جۆرجیا و یەکێك لە جەماوەریترین سەرکردەی جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتیمانی جۆرجیای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بوو. لە فەلسەفەکەیدا مەتریالیستی بوو، گومانی لە بونی بابەتیی جیهانی نەبوو. لە ڕێرەوی خەباتیدا لە دژی ئیدیالیستە غەیبیەکانی جۆرجیا هەوڵی ئەدا ئەوە بسەلمێنێ کە بنچینەی زانیاری مرۆڤ"گیانی یەزدانی" یان ئیدیە نییە، بەڵکو دەرکی هەستی مرۆڤ خۆیەتی . جوڵە لای ئەم خاسیەتێکی بنچینەیی سروشتە. جولەو پەرەسەندن لە ڕێرەوی ململانێ و پێکدادانی دیدی جیاجیا پێك دێت.

ئـەم فەيلەسـوفە ڕۆڵێكـى گـەورەى لـە مێـژووى ژيـانى فەلسـەفى و كۆمەڵايەتى ـ سياسى لـە جۆرجيـاى سـەدەى نۆزدەهـەم وازى كـرد كـە لەگەڵ ئيديۆلۆگە پێشكەوتوخوازەكانى تردا زەمينەيان بۆ پەخشكردنى ماركسيزم خۆشكرد.

ئازەربايجان:

مێرزا ئاخونـدۆف (١٨١٢ــ ١٨٧٨) ئـەديبێكى بـەرز و ڕونـاكبيرێكى ديموكرات و دامەزرێنـەرى مـەترياليزم و ئيلحـاد بـوو لـە ئازەربايـجـان. بەڵام ئيلحادييەكان بە سنورو ڕوناكبيرى بوو، نەيتوانى بنەچەى ئـايين و ڕەگ و ڕيشەى كۆمەڵايەتييەكانى لێكبداتەوە. بەڵام بە خـەباتى لـە دژى ئـايين و جەبرييـەى ئـايين يـەكێك لـە پايـەگا سـەرەكييەكانى زورداريـى ڕۆژهـەلاتى هێنايـە لـەرزين. لەمەلبەنـدى ديموكراسـييەوە ڕەخنـەى لـە سسـتێمى كۆمەڵايـەتىو ميريـى خۆرهـەڵاتى دەرەبـەگێتى و ژيـان و ڕەوشتى ئەو خۆرهەڵاتە و زۆردارىى خۆرهەڵاتى كەبێ ڕەزاترين شێوەى زۆردارى دەرەبەگايەتى بووە، گرتووە.

ئاسياى ناوەڕاست:

لـەژێر كـارتێكردنى كلتـورى پێشـكەوتوانەى ڕۆسـدا لـە ئاسـياى ناوەڕاسـتدا كـە دواكـەوتوترين ناوچـەكانى ڕوسـياى قەيسـەرى ئـەو سەردەمە بووە، ڕێبازێكى نوێ لە بيرـ ڕێبازى ڕونـاكبيرى دەركـەوتووە. نوێنـەرانى ڕونـاكبيريى بـەرەنگارى نوێنـەرانى ئيـديۆلۆگى دەرەبـەگێتى

کۆنەپەرست بوون. دیسان لە دژی هێشتنەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییە پاتریارکییەکان بوون.

ئەحمەد دونیش(١٨٢٧ــ١٨٩٧) ناودارترین توێنەرەی بیری پێشکەوتووی ئاسیای ناوەڕاستبوو. لە بوخارا- تاجیکستان - هاتۆتە جیهانەوە. لە فەلسەفەکەیدا ئیدیالیست بوو. گیانی یەزدانیی بە فاکتوری بوون دائەنا، بەڵام لای وابوو کە گیانی مرۆڤی سەڵت هەر لەلەشدا ئەبێ بە لەناوچونی ئەو ئەمیش لە بەین دەچێت. یەکەم کەس بوو کە ڕەخنەی گرتووە لە سستێمی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی میری لە بوخارادا. داوای ڕیفۆرمی ئەکرد.. لە ڕۆژانی دوایی ژیانیدا گەیشتە ئەو باوەرەی کە دەبێت پەنا ببرێتە بەر ڕێبازی ڕادیکاڵانەتر، بەتوندوتیژیشەوە، بۆ ئەوەی بەو ڕێگایە گوزەرانی گەل باش بکرێت، بەڵام بە ئاشکرا داوای ڕۆخاندنی سستێمی فەرمانڕەوای نەئەکرد.

ئابای کونبانبایڤ (١٨٤٥ــ١٩٠٤) شاعیرو ڕوناکبیری پایەبەرزی کازاخستان بوو. تێندێنسی مەتریالیزم و ئیدیالیزم لە بیروراکانیدا تێکەڵبوبون. ڕەخنەی لە ڕێگەو شوێنەکانی سەنگی ڕەوشتی کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی پاتریارکی ئەگرت کە کەتیایا"کوڕ باوك و برا براکەی دەفرۆشێ" لە پێناو سامان و دەستکەوتی تایبەتیدا. هێرشی دەکردە سەر مشەخۆریی چینە چەوسێنەرەکانی کە بێز لە کار دەکەنەوە. ڕا ڕوناکبیرییەکانی ئابای، باڵا پێکردنی پایەی ئەقڵی مرۆڤ و تاوانبارکردنی نەزانین و خوو و نەریتی کۆنەپەرستانەی ئایینی، بوون ئەوانە بایەخێکی

پێشـــکەوتوانەی گرنگیـــان لـــە بـــارودوخی کۆمەڵگـــەی دەرەبـــەگێتی پاتریارکیدا هەبووە.

لاتڤیاو ئەستونیا:

دیـــارترین نوێنـــەری بـــیری پێشـــکەوتو لـــە لاتڤیـــای چـــەرخی نۆزدەهەمـــدا"پیوتـــەر بـــالود"(١٨٣٩ــــ ١٩١٨) بـــوو. ئیـــدیۆلۆگێکی مەتریالیست و مولحید بووە، شان بەشانی دیموکراتـە شۆڕشـگێڕەکانی ڕوس خـــەباتی نەپســـاوی لـــە دژی زۆرداری دەکـــرد بۆیـــە ســـیبریا دورخرایەوە.

"یان ڕاینیس"شاعێرێکی شۆڕشگێڕو ئیدیۆلۆگێکی مەزنی لاتڤیا بوو، لـــە دانراوەکانیـــدا بـــیری مـــەتریالیزم و دیـــالیکتیکی بڵاوکردوتـــەوە. پەرەســـەندن لای ئـــەم لـــەناو ململانێـــی نـــوێ لەگـــەڵ کۆندایـــە و کـــە بەسـەرکەوتنی نـوێش تـەواو دەبـێ. لـە ژێـر کـارتێکردنی کردارەکـانی مـــارکس و ئـــنگلس و بلیخـــانۆف و بەتایبـــەتی لیـــنین لـــە دیمـــوکراتی شۆڕشگێڕەوە بوو بە سۆسیالستی پرۆلیتاری. بـەڵام نـەبوو بەلایـەنگری تەواوی مارکسـیزم و نـەیتوانی بگاتـە ئاسـتی مەتریالیزمی دیـالیکتیکی تەواو.

لە ئەسـتۆنیای سـەدەی نۆزدەهەمـدا کـارل یاوبسـۆن(١٨٤١ــ١٨٨٤) وەك ئیدیۆلۆگێکی مەتریالیستی ڕوناکبیریی و"ئەدواردڤیلدە"ە نوسەری

بەرزو دیموکراسی شۆڕشگێر، کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری پێشکەوتوانە دەکرد.

٣- ڕێبازە پێشکەوتووەکانی بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لای گەلانی ئەورووپای خۆرهەڵات لە سەدەی نۆزدەهەمدا:

شان بە شانی ئیدیۆلۆگە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی ڕوسیای قەیسەری.. فەیلەسوفە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی ئەورووپای خۆرئاواش بەتایبەتی فەیلەسوفە ڕێباز دیموکراتە شۆڕشگێرەکان هاوبەشیەکی زۆریان لە پەرەپێدانی فەلسەفەی پێش مارکسیزم کرد. لەو سەردەمەدا لە ولاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا لە بارودوخی گەشەکردنی بزوتنەوەی جوتیارانەی دژ بە دەرەبەگایەتی و لە پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نیشتیمانی دژ بە دەرەبەگایەتی لە پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی دژ بە داگیرکردنی بێگانە بیری فەلسەفی نەشونمای ئەکرد.

سەرچاوەی تیوریی بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و جوانیی لە ئەورووپای خۆرهەلاتی سەدەی نۆزدەهەمدا... فەلسەفەی ئیدیۆلۆگە مەتریالیستەکانی ئەورووپای خۆرئاوا(لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا) و دیالیکتیکی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و سۆسیالزمی یۆتۆپی - ڕەخنەیی بووە، دیسان هەندێ جار دیموکراسی شۆڕشگێری ڕوس و فەلسەفە مەتریالیستەکەی و ڕای جوانیی ڕیالیستەکانی سەدەی

نۆزدەهەم یەکێك لەو سەرچاوانەی پێك دەهێنا. دیسان ئیدیۆلۆگەکانی ئەورووپای خۆرئاوا پەناشیان بۆ کەلەپوری فەلسەفی گەلەکانیان دەبرد.

ئەو پەرەسەندنەی ئیدیۆلۆگی دیموکراسیی شۆرشگێر بووە هۆی گۆران و چونە ناو پلەیەکی نوێ لە پەرەسەندنی مەتریالیزمدا.. ئەوەش هەنگاوێك بەرەو پێشەوە، چونکەئەو پەرەسەندنەی فەلسەفە، بیرەکانی دیموکراسی شۆرشگێرو پرنسیپەکانی سۆسیالزمی یۆتۆپی و دیالیکتیکی هیگلیی پێکەوە کۆکردەوە کەلە مەڵبەندی رەخنەگریی سەرنجلێدراوەو چارەسەرکران و لێکدرانەوە. نوێنەرانی بیری دیموکراسیی شۆرشگێر لە بیری مارکسیزم نزیك بونەوەو بوون بە یارمەتیدەرێکی گەورەی پەرەسەندنی ئەو بیرە. راستە کە دیمبۆفسکی، پوتیف، مارکوفتش و دیموکراتە شۆرشگێرەکانی تر دوای خوێندنەوەی کردارەکانی مارکس و ئنگلس نەبون بە ئیدیۆلۆگی مارکسیست، بەلام رۆلی پێشەنگی مارکسیستانەیان لە ولاتانی خۆیاندا وازی کرد.

لە قۆناغی گواستنەوە لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری، بیری دیموکراتی شۆرشگێر لە پۆلۆنیا، بولگاریا، سرب، تشیکا، سلۆڤاکیا، هەنگاریا رۆمانیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەیسەند کە لە زۆر کاتدا شەقامێکی مەتریالیستی هەبوو، هەندێ جاری تریش بیری دیالیکتیکانەی قول تیابووەو خزمەتی خەباتی رزگاریخوازانەی جەماوەری گەلی کردووەو بنچینەی تیوری شۆرشی دیموکراتی و زانست و کولتوری پێشکەوتوانەی پێکهێناوە.

دیموکراتە شۆڕشگێرەکان بەوە لە فەیلەسوفەکانی پێش مارکسیزم جیادەکرانەوە کە بە دابراوی کاریان نەدەکرد بەڵکو بەم یان ئەو شێوە بە جۆلانەوەی رزگاریخواززانەی گەلەوە بەسترابونەوەو بەرژەوندی جەماوەری پێشێلکراویان تەعبیر لێدەکرد بە تایبەتی جوتیاران.

مەتریالیزمی دیموکراتە شۆڕشگێرەکان و دیدە دیالیکتیکەکانیان مەزنترین بەرهەمە تەواوکەرەکانی فەلسەفەی مەتریالیزمی پێش مارکسیزم بووە. دیسان دیموکراتە شۆڕشگێرە بەتواناکان خەباتێکی نەپساوی سازش نەزانیان لە دژی هەموو جۆرە ئیدیالیزمێك کردووە تا بەمەتریالیزمی دیالیکتیکیشەوە لکان.. بەڵام هەروەك لینین ئەڵێ لە بەردەم مەتریالیزمی مێژوییدا وەستان(٨٢).

ئـ ئیدیۆلۆگە دیموکراتە شۆڕشگێرەکانی چین لە سەدەی نۆزدەیەمدا.

هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە وڵاتی چینی دەرەبەگایەتی دەگۆرا بۆ نیمچە کۆلۆنی. زیادبونی دەسەڵاتی دەوڵەتانی بیانی لە چینداو سیاسەتی خیانەتکارانەی خێزانی دەسەڵات بە دەستی مەنشوریا بووە هۆی زیاتر نارەزایی هێزە پێشکەوتووەکان.دوای شکستی چین لە جەنگی ئەفیوندا و سەرکەوتنی ئنگلستان ئەم نارەزاییە پەرەی سەند بۆ راپەرینی جوتیاریی کە لە مێژودا بەناوی"راپەرینی تایپینیەکان" باسکراوە(١٨٥١ـ١٨٥٦).

لە"دەولەتی ئاسمانیدا"کە تایپینییەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانی وڵاتەکەیان کە لە ژێر دەستی مەنشورییەکان دابوو، دایانمەزراند.

ریفورمی پێشکەوتوانە کرا... پێشەکی یاسای چارەسەرکردنی زەوی و ..ار بوو.. راپەرینی تایپنییەکان سەبارەت بە چەند هۆیەکی مێژویی.. لە ناو برا، لەگەڵ ئەوەشدا پاڵێکی گەورەی نا بە ژیانی بیری گەلی چین رەوە پێشەوە. دوای دەیان ساڵیش بیری یەکسانی کە تایپینییەکان خستیانە روو شۆرشگێرترین بیری جولانەوەیەکی ریفورم خواز دەستی پێکرد و ساڵی ١٨٩٨دا کپ کرا لەگەڵ ئەوشدا رۆڵێکی پێشکەوتوانەی وازی کردو هاوبەشیی کرد لە بلاوکردنەوەی گیانیی شۆرشگێری لەناو بەشە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگەی چیندا.

لە ئیدیۆلۆگە ریفورمیستە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمەی چین" تان سی‌تون"(١٨٦٥ـ١٨٩٧) بوو، فەلسەفەکەی، بەردەوامبوونی باشترین نەریتی فەلسەفەی مەتریالیزمی رێرەوی چەندین سەدە بو. تەقەلای ئەوەی ئەدا کە مەزەبێکی فەلسەفە سەربەخۆ دابنێ.

سون یان سن(١٨٦٦ـ ١٩٢٥)لە بەناوبانگترین شۆرشگێرەکانی چینی کۆتایی سەدەی نۆزدەو چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بوو. لە ساڵی ١٩٠٧دا بیرە بنچینەییەکانی لەم سێ پرنسیپەدا دارشت: نیشتیمانپەروەری، دیموکراسی و بەختیاری گەل. ئەم داخوازیانەی ئەم فەیلەسوفە پێشخواستی گەلی چین بووبۆ رزگار بوون لە زوڵمی دەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم و بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ لە چیندا.

ئەو بەرنامە ئابوورییەی سون یان سن داینا لە ڕووی بابەتییەوە ڕێگەی بۆ پەرە سەندنی سەرمایەداری کردەوە هەرچەندە خۆی ئەیوت بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، چین دەتوانێ خۆی لە قوناغی سەرمایەداری لابدات. لە ڕاکانی ئەم فەیلەسوفەدا تێندێنسی مەتریالیزم دەردەکەوت.لایەنگیری تیوریەکەی داروین"بنەچەی جۆرەکان"ی ئەکرد، هەڵوێستیشی لە تیوری"بەرزە پەرە" پۆسەتیف بوو. لەگەڵ ئەوانەشدا فەلسەفەکەی گەلێ ڕای هەڵبەستراوEclectic ناکۆکی تیابوو، دیسان گەلا ڕای ئیدیالیستانەی دەربارەی هەندێ مەسەلە خستە پێش چاو.

را فەلسەفی و کۆمەلایەتییەکانی سون یان سن مەتریالستی گونجاو نەبوون بەلکو ئامانجی سەرەکی لەو ڕایانەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەمی جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی وڵاتی چین بوو کە لە دژی دەرەبەگ و ئیمپریالیزم بووە. لە ژێر کارتێکردنی شۆرشی مەزنی ئۆکتوبەردا سون یات سن سەرنجی لە ڕاکانی پێشووی دایەوە و سێ پرنسیپی تری خستە سەر سێ پرنسیپەکەی پێشووی: هاوکاری لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، لایەنگیرکردنی خەباتی کرێکاران و جوتیاران لەپێناوی دیموکراسی لەهەمەوولایەنێکی ژیانی کومەلآیەتی چیندا،چونە ناو یەکێتی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەتەوە.

بەو جۆرەبیری دیموکراسی شۆڕەشگێرانە لەکۆتایی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەوڵاتی چین پەرەیسەند.واتە لەو کاتانەدا

کە چین لە قۆناغی گواستنەوەدا بوە لەدەرەبەگایەتییەوە بۆسەرمایەداری.

بەشی دەیەم

- سەرەتای هەڵوەشانی فەلسەفەی بۆرجوازی
- فەلسەفەی شۆپنهاوەر تۆژینەری تێندێنسی نائەقڵی بۆرجوازییە.
- سیورین گێرکیگارد فەیلەسوفی نا ئەقڵی ئایینی - پە.
پۆسەتیڤیزمی ئۆگەست کۆنت.

هەڵوەشانی فەلسەفەی بۆرجوازی

شۆڕشــە دیموکراسـییە ـ بۆرجوازییـەکانی سـاڵی ١٨٤٨ ئـەوەی سەلماند کە بۆرجوازی لیبراڵ بە تەواوی شۆڕشگێڕێتی لە دەست داوەو بۆتە چینێکی دوژمن بە پێشکەوتن. چینی کرێکار کە لـەوەو بـەر بـە هاوپەیمانی چینی بورژوا خەباتی لەدژ نوبەلاو حوکمی زۆرداری دەکرد، لـەو شۆڕشـانەدا لـە دژی خـودی بۆرجـوازی وەسـتا، ئـیتر ئیدیۆلۆگـە بۆرجوازییەکان واسەیری پرۆلیتاریایان ئەکرد کە هێزێکی کۆمەڵایەتییەو هەڕەشە لەبوونی سەرمایەداری دەکات. دوای ئەوە بۆرژوا بیری لە جێبە جێکردنـی گۆرانـە دیموکراسـییە بۆرجوازییـەکان نـەدەکردەوە، بـەڵکو ڕووی کردە پەیمان بەستن لەگەڵ هێزە دەرەبەگە کۆنە پەرستەکان.

سەرەتای داروخانی فەلسەفەی بۆرجوازی هەر لەپێش ساڵی١٨٤٨ـەوە سەری لە ئاسۆ دەرکێشابو. دوای شکسـتی شۆڕشـەکان ١٨٤٨یش ئەو فەلسەفەیە کەوتە ناو قوناغی دەست پێکردنی داڕوخانەوە. کەوتـە پاکانە لە دەستکەوتەکانی پێشووی فەلسەفەی بۆرجوازی، دیـالیکتیکی ئەخستە لاوەوبوو بە بانگاوێژو بەرگریکەر لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـە سەرمایەدارییەکان. دەردی نائەقڵی Inationallsm کە پایـەی زانسـت و ئەقڵ نـزم دەکاتـەوە بڵاوبونـەوەو نـازانمی Agnosticism کـە لـە دیـدی فەیلەسـوفەکانی بـۆرژواوە بوبـو بـە تاقـە دەروازەی زانسـتی ـ فەلسەفی بۆ تۆیژینەوە لە واقیع بوو بە فەلسەفەی زاڵ و باو.

لایەنگرانی نائەقڵی سەیری باوەڕکردن بە ئەقڵ و توانستەکانیان وادەکرد کە مەترسییەکە چواردەوری کۆمەڵگە داوەو هەڕەشەی لە قەوارەی دەکات، چونکە ئەو باوەڕکردنە ئەبێتە هۆی دۆزینەوەی یاسایی پەرەسەندنی کۆمەڵ و بینینی ئاسۆکانی، دیسان دەبێتە هۆی سەرنجدانی ڕەخنەگرانەی پشکنەری بنچینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ موڵکداریی تایبەتی مافی بۆرجوازی و ڕەوشت و ئایین.

ویستی نائەقڵی شۆبنهاوەر:

ئارورشۆبنهاوەر ١٧٨٨ـ ١٨٦٠لە نوێنەرە سەرەتاکانی تێندێنیی نائەقڵیی بۆرجوازیە. ڕوداوەکانی ساڵی ١٨٤٨کینەی ماتدراوو ڕقی بێسنوری ئاودەرونی شۆبنهاوەری لەدژی جەماوەرو پێشخواستە شۆڕشگێڕانەکەی وروژاند.

مەزەبەکانی کانت و ئیفلاتون و بەشێکی شیلنگ ـ یش سەرچاوەی بنچینەیی تیوری فەلسەفەکەی شۆبنهاوەر بوو. ئەم ئیدیۆلۆگە بەربەرەکانی دیدی مێژویی هیگڵ و نرخاندنی بەرزی بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە پەرەسەندنی کۆمەڵدا بەتێکەیشتەی نامێژویی پێرسۆناڵی.. بەسەڵتایەتی Individualism لە ڕەوشتدا. بەربەرەکانی دەکردو فرمانی دەوڵەتی هەر بەئەرکێکی پۆلیسی دادەنا. ماهییەتی مرۆڤ لە دیدی ئەمەوە خواستی سەربەخۆیە لە ئەقڵ، ئارەزوویەکی کوێرانەبەو لە بونی فیزیۆلۆژی مرۆڤ جیا نابێتەوە، دەرکەوتنێکی ویستی

سەرجەمیی کەونـە و بنچینەو نـاوەڕۆکی ڕاستەقینەی هـەموو ئەوانـەی هەن پێکدەهێنێ.

لە فەلسەفەکەی شۆپنهاوەردا ئیدیالیزمی بابەتی و ئیدیالیزمی خۆیی تێـك دەئـاڵێن. دیسـان ویسـتی Voluntarism شـەقڵی دەرخـەری مەزەبە فەلسەفییەکەیەتی.

بـە دەرکـەوتنی شـێوازە بـەرزەکانی ژیـان کـە مـرۆڤ ترۆپکیـان پێکدەهێنێ، هۆش وەك ئـامرازێکی یاریـدەدەر بـۆ کـردار بەوەڵـەد دێ. لەگـەڵ هۆشیشـدا" جیهـان وەکـو دیـد" بـە شـێوە جـۆراو جۆرەکـانی دەردەکەوێ: بابەت و خۆ، زەمین و زەمـان، فرەشتی تاکە پەیوەنـدی هۆییان. لەمەوبەر" جیهـان" تـەنها"ویسـت" بـووە، بـەڵام ئێسـتا بـووە بەبابەتێ بۆ خۆی ناسراو، یـان "دیـدێ". شۆپنهاوەر پێشـنیار دەکـات کـەنابێ دەسـت پێکـردن لەبابەتــەوە بـێ هـەروەکو مەتریالیسـتەکان دەیکەن، بەڵکو لەو دیدانەوە بێ کە ویستی هۆشمەند دەیخولقێنێ..... تێزی بنچینەیی لە فەلسەفەکەی ئەم ئیدیۆلۆگەدا ئەمەیە: مـن بـە تـەنها هەم، هەمووی جیهان هیچ نییە دیدەکانمە. بـەوەش شـۆپنهاوەر لەسـەر زەمینـە ئیدیالسـتەکەی، دەوەسـتێ هەرچـەندە بـڵاوی دەکـردەوە و دەیوت کە سەڵتایەتیSolipsism "فەلسەفەی شێتانە".

کرداری ویستراو،بەو پێیـەی لەگـەڵ کرداری لەشـدا جـوت دەبـێ یا ڕاستەوخۆ،یاـ لـەناو پرۆسـەی زانـین - بـە هـۆی بینـایی بـۆ هـۆش

دەردەکەوێ. بەو جۆرە دوو چەشن لە زانینمان دەربارەی لەشمان دەزێ:

١) زانینی ڕاستەوخۆ دەربارەی ماهییەتی لەش یان دەربارەی"ویست"،

٢) زانینمان دەربارەی لەش وەك بابەتێ لە نێوان بابەتەکانی تردا. سەرەنجام لەشیکردنەوەی زانینیی پەتی لای شۆبنهاوەر دەگۆڕێ بە ڕەخنەی کۆنەپەرستانە لەڕاست و لە بیری زانستانە. بەرگی شەقڵ ڕەخنە لە شێوە لۆجیکییەکانی تێگەیشتەو هێرش بۆ سەر دیالیکتیك،بە تایبەتی یاسای یەکێتی و ململانێی دژەکان، دەپۆشێ.

شۆبنهاوەر دەڵێ زانست چالاکیی زانراو نییە بە قەدەر ئەوەی چالاکییەکی بێگارانەیە بۆ خزمەتی ویستی Will. ئامانجی زانست لای ئەم ئیدیۆلۆگە جێبەجێکردنی مەبەستە پراکتیکییەکانە کە هەمیشە مەبەستەکانی ویستە، یان ئارەزووی کوێرانەیە...

دیدی شۆبنهاور بۆ ژیان پڕە لە بێ ئومێدی هەموو دەم لە نێوان ئارەزوو تێرکردنیدا لە هاتوچۆدایە... کەی ئەو ئارەزووە تێرکرا ئیتر هەست بە بێزلێکردن و بێ تاقەتی دووچاری مرۆڤ دەبێ و شەپۆلی بێ ئومێدی ژیان هەتا دەوڵەمەندو بەختیارەکانیش پڕدەکات. شۆبنهاوەر بە ئومێدیی، بە دیدێکی پوچ و گاڵتەیەکی تاڵی ئازاری مرۆڤایەتی دادەنێ کە لە سنور تێدەپەڕێ. بەلام هۆش، پاش ئەوەی مرۆڤ

حەتمیەتی سەرجەمیی شەڕ نەمریی ئەدۆزێتەوە ڕێگەی سەرفرازی بۆ ڕۆشن دەكاتەوە و فەیلەسوف و هونەرمەند بۆیان دەردەكەوێ كە ویست بە هەموو ئاشكراكاییەكانەوە یەكێكە و دابەش نابێت. جا ئەگەر خوێك هەبێ لەناو چینە دەوڵەمەندەكاندا وەك بێبەشەكان بێچاردبن ئیتر هیچ بۆ ڕەنجدەران نامێنێتەوە، وەك ئەم ئیدیۆلۆگە دەڵێ، ئەوە نەبێ كەواز لەو خەباتە بهێنێ كە لە پێناو ژیانێكی باشتردا دەیكا.. نەك هەر لەخەبات و بەس بەڵكو لە ئارەزوو پێویسیەكانیش.

پوختەی تێندێنسی ویستی شۆبنهاور داوا كردنی دەوڵەتی پۆلیسییە، دام و دەزگای تۆقاندن و لەناو بردنەكە زۆر پێویستێ بۆ لە ناوبردنی ڕاپەرینی جەماوەر كە لەدژی زۆرداریی مولكداریێتی و سستێمی خاوەن دەسەلات و دام ودەستگاكانی دەیكا.

لە بیستەكاندا ڕاكانی شۆبنهاور جێگەی سەرنج نەبووە، بەلام پێش شۆرشی١٨٤٨ هەڵگەڕانەوەیەكی بنەڕەتی لە هەڵوێستی بورژوای ئەڵەمانیدا ڕووی دا بەتایبەتی دوای ئەو شۆڕشە. ئیتر دیالیكتیكی هیگڵ بە كەڵكی ئەو بۆرژوایە نەدەهات كە لە بەردەم جوڵانەوەی شۆڕشگێریی كرێكاران و بەرین بوون و سەركەوتنەكانی سەرەتادا تۆقابو.. ئەو تۆقاندنە شەپۆلی نائومێدی و بەدگومانی لە ڕیزەكانیدا جێهێشت. دیسان مۆدەی نائەقڵی و نازانمی بڵاوبوەوە، ئیتر لە پڕ شۆبنهاور كە فەیلەسوفێ بوو كەس نەیدەناسی، بوو بە "سوڵتانی بیر" بەوی جۆرە

وەرچەخانی بۆرژوا بەرەو کۆنە پەرستیی سیاسی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی "ویستیی" و "نائەقڵیی" شۆبنهاوەر دەردەخات.

- سیورین گیرکیگارد

فەیلەسوفی نائەقڵیی ئاینی - یە

نوسەرو فەیلەسوفی نەمساوی سیورین گیرکیگارد(١٨١٣ـ١٨٨٥) ئیدیۆلۆگێکی بەرزی تری بوو کە بیروڕاکانی سەرەتای داتەپانی فەلسەفەی بۆرجوازی دەرئەخست. لە سەردەمی ژیانیدا ناوبانگی دەرنەکرد، ڕاکانیشی ئەبوو تاکۆتایی ئەو سەدەیە، ئەو کاتەی کە سەرمایەداری پەرەی سەند، بۆ دواقۆناغی - ئیمپریالیزم - چاوەڕوان بکات بۆ ئەوەی بۆرژوا بایەخی پێ بداو دەهۆڵی بۆ بکوتێ ، بە تایبەتی لە ئەڵمانیاو دەوڵەتانی تری ئەوروپای خۆرئاوادا. دیسان پاش جەنگی دووەمی جیهانی بایەخدان بەو فەلسەفەیە زیاتر بوو.

ئەم فەیلەسوفەش وەك شۆبنهاوەر بیری نائەقڵیی ڕێبازی بووە. لای ئەم بیر هەرگیز ناتوانێ دەرك بە واقیع نەكات. ئەوەی بیری لێ دەكەینەوە بوونی لە واقیعدا نییە، ئەوەی تەنها بابەتێکی بیرە، توانستێکە و هیچی تر. بیر پەتییە، بەڵام بوون چاوێنییە Concrete...ئەم فەیلەسوفە لە سەر ڕاکانی بەردەوام ئەبێت تا بیسەلمێنێ کە کارێکی مەحاڵە بتوانرێ مەزەبێك یان زانستێکی فەلسەفە دابمەزرێنرێ کە هەموو واقع بگرێتەوەو ڕێگەی پاشەڕۆژمان بۆ ڕۆشن بکات و ئاسوی لێوە دیاربێت.

گێرکیگارد تێگەیشتەی دیالیکتیکانەی بۆ گۆران ڕەت دەکردەوە کە پرۆسەیەکی یاساییەو گۆڕانە چەندایەتییەکانی ناوی ئاراستە دەکات بۆ دەرکەوتنی سیفەتە چۆنایەتییە نوێیەکان. دیسان بەربەرەکانی دیالیکتیکی" چەندایەتی"هێگلی بە دیالیکتیکی "چۆنایەتی" دەکرد کە جیاوازییە چۆنایەتییەکان بە سەرەتایی و چەسپیوو نەگۆڕی دادەنا، گۆڕانە پلە بە پلە بەردەوامە پێکگەیشتوەکانی نەدەسەلماند.

پەرەسەندنی، تەنها قبە پەرەسەندنی پێرسونالّی و پرۆسەی گیانی پاکژی دادەنا کە بەو گۆڕانە چۆنایەتییانەی لە گەڵیدا دەبێ لە پرۆسەی تر جیادەکرێتەوە. ئەم فەیلەسوفە تێگەیشتەی" چەندبارە"ی هێنایە پێشەوە تا بەربەرەکانی ئیدیەی هێگلی لە دەربارەی سازانی دژەکان لە ئاوێتەی **Synthesis** بەرزتر - ی پێ بکات."سازان"ی دژەکان لای هیگلّ لە سروشتی بابەتییەوە هەڵدەقولێ، بەلاّم لای گێرکیگارد پێویستی بە فاکتۆرێکی خۆیی نوێ هەیە - کرداری ویستی. لای ئەم دیالیکتیکی ململانێی دژەکان و یەکێتییان وا تەسک دەکاتەوە تا لە چوارچێوەی تەنها کرداری سەڵتیدا قەتیس دەکات.

راکانی گێرکیگارد هەر تەنها هەڵەیەکی تیوری نەبوو، بەڵکو بیرەکانیشی لە ڕادە بەدەر کۆنە پەرست بوو کە بە ویست و بڕیارەوە دەیخستە ڕوو. لای وابوو کە بێسودە قسە لەسەر ژیانی کۆمەلاّیەتی بکرێ چونکە سەرجەم ئەوەی بۆ کۆمەڵگە گرنگە، دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات و ئیتر سەڵت هیچی لەسەر نییە ئەو نەبێ کە کاری ئەو

سەرپەرشتییە بە کۆمەڵگە بسپێرێ و پێرۆزیی دەسەڵاتیی میریی ڕێز لێ بگیرێ. بۆیە قسەکانی لەسەر شۆڕشگێڕەکانی ١٨٤٨ پڕبوون لە ترسو لەرزو ڕق و کینە لە دژی جەماوەری ڕەنجدەرو و خەباتی شۆڕشگێڕانەیان.

قۆناغی ئایینی لای گێرکیگارد دوا قۆناغی پەرەسەندنی سەڵتەو بەرزترینیانە کە جوانیی و ڕەوشتی لە پێشەوە دێن. تەنها لە قۆناغی ئاینییدا بۆ یوکەم جار مرۆڤ خۆی دەناسێ... ئەبووت زانین تەنها لە ئایینەوە دێت.. مەسیحییەتیش تەنها ئایینە کە ڕێگەی ڕاستی ڕەوشتمان بۆ ڕوناك دەکاتەوەو مرۆڤ ئاراستەی ئەوەی بە کردار هەیە دەکات، بەوانەش دەیەوێ نکوڵی لە زانین بکات و ڕۆڵی ئەقڵ بکوژێنێتەوە. هەرچەندە لە سەر تێندێنسی بێ ئومێدی لەگەڵ کلێسەی پرۆتستانتی نەمساوی کەوتە ناکۆکیەوە، بەڵام ئەوە هیچی لە جەوهەری فەلسەفەکەی نەدەگۆڕی. ئەو تەنها ناخۆشی نێوان یەك سەریازگە بووە کە زۆرانبازی لە دژی هەموو جۆرە شێوەیەکی مەتریالزم و ڕوناکبیریی و ئیلحاد ئەکرد. بۆیە سەمەرە نییە کە ئەمڕۆ پیاوانی ئایینی کلێسەی پرۆتستانتی و فەیلەسوفە ئیدیالیستە ناتەقلیەکان شانازی بە گێرکیگارد دەکەن و سۆزو بیرەوەری پرشکۆ بۆ سەرۆکەیان دەردەبڕن.

پۆسەتیڤیزمی ئۆگەست کۆنت.

ئۆگەست کۆنت(١٧٩٧ــ١٨٥٧) لە دەرکەوتوترین نوێنەری پۆسەتیڤیزم **Positivism** بوو لە فەرەنسا. لە سەردەمی لاوێتیدا

شاگردی دەستی سۆسیالستی گەورەی یۆتۆپی سان ـ سیمۆن بوو. گەلێ لە بیرەکانی وەرگرت.. بەلام فەلسەفەکەی بە سەرجەمی دژی سۆسیالیزم و دژەکرداری بۆرژوای کۆنە پەرست بوو لە دژی جولانەوەی بالاگرتوی ڕزگاریخوازانەی ڕنجدەران.

بەدوانزدە سال(١٨٣٠ــ١٨٤٢) بەرهەمە سەرەکییەکەی" چەند وانەیەکی لە فەلسەفەی پۆسەتیڤیزم" تەواو کرد کە لەشەش بەرگدایە.ئەم پلەی ژیانی بیریی بە پلەی یەکەم ناوبراوە، تیایا کۆنت لە جیهانی دەرەوەوە لە سروشتەوە ڕوەو مرۆڤ دەچێ. لە پلەی دووەمدا"پلەی سۆفێتی" واز لە ڕەگەزە مەتریالیستەکانی دەهێنێ و وا پێشنیار دەکات کە تەنها لە باری سەرنجی مرۆڤەوە سەیری سروشت بکرێ نەك بەو پێیەی بوونێکی بابەتی سەربەخۆیە.. ئەیوت نابێت فەلسەفە بەتونها پێویستییەکانی هەستیش جێبەجێ بکات. دیسان لە ناو خۆشەویستی مرۆڤدا نقوم دەبێ و ئایینێکی تایبەتی"ئایینی مرۆڤایەتی" بۆ دائەنێ.

کۆنت لە تێگەیشتنی مێژودا ئیدیالیست بوو. جیهان لە دیدی ئەمەوە"را"ئاراستەی دەکات و پێشکەوتنی کۆمەلێ تەنها پێشکەوتنی بیرە. پێشکەوتنی بیریش هەر پێشکەوتنی کۆمەلایەتی ناکەوێ و بەس بەلکو هۆو بنچینەشیەتی.

مەزەبەکەی کۆنت لە زانین و زانستدا: دیسان مەزەبەکەی لە زانیندا ئیدیالیزم و پڕ لە ناکوکی بوو. کۆنت لەم گوتەیەیدا: بیری مرۆڤ بە

دیاردەكانی نەبێ دەرك ناكرێ، بەوەش بەلای نازانمیدا لایداو شوێن پێی "هیوم"ی هەلگرت.بەسنووردارکردنی بواری زانیندا کەلەبازنەی تەنها رواڵەتەكانا قەتیسی دەكات كۆنت ئەگاتە ئەم ئامانجەو ئەلێ:لەرووی پرنسیپەوە توانای لێكدانەوەی زانست لەئارادانییە.ئەركی زانست لای ئەم "لێكدانەوەی"روخسارەكان و توێژینەوەی"ماهیەتی"و"بەلگەكانی"نییە،بەلكو هەلهێنجانی دیاردە سانەوییەكانەلەدیاردە سەرەتاییەكان.كۆنت وای دەبینی كەزانیاری زانستی شتێكی وەرگیراو لەبابەت و شتێكی پەیوەست بە"خۆ"وەی تێدایە. تێگەیشتەی"خۆ"لای ئەم تەسك ئەبێتەوە تالەپێكهاتنی سایكۆفیزیۆلۆژی سەلت قەتیس دەكرێ.

كۆنت لەگەل خۆیدا ئەكەوێتە ناكۆكییەوە كە دەلێ زانست پێشكەوتووە لەلایەك،كەچی لە لای دووەم ئەوە رەت دەكاتەوە كە نزیك بوونەوەی زانین لە بابەتەكەی زیاترە لە زانینی دیاردەكانی تەنها دیاردەكان، ئەو جگە لە نەتوانینی زانینیی گشت دیاردەكان. بۆنمونە: بەهیچ جۆرێك ناتوانرێ ناوێتەی كیمیاوی ئەستێرەكان بزانرێ.كەچی هەردوو ساڵ بەسەر مردنی كۆنت - دا تێپەر نەبوو كە هەردوو وانا"بونزن" و"كیرهكوف" رێگەی شیتالكردنی شەبەنگ - ی رۆژیان دۆزیەوە كە توانستی زانینی ناوێتەی كیمیاوی رۆژی دەرەخساند.

یاسای سێ قۆناغی لە پەرەسەندنی مێژوویی زانین:

کۆنت سستێمە فەلسەفییەکەی لەسەر بناغەی مەزەبەکەی"سێ قۆناغی پەرەسەندنی بیرو زانیاری مرۆڤایەتی":"لاهوتی"و "میتافیزیکی"و"پۆسەتیڤیزم" دامەزراندووە. لە قۆناغی ئاینییدا زانیارییەکانی مرۆڤ سنووردارن و خەیاڵ بەسەر بیردا زاڵەو خەڵك لە لێکدانەوەی دیاردەکانی سروشتدا یەزدان و گیانیان دەهاوێشتە ناوی.. ئەم قۆناغە لە ڕووی پراکتیکەوە هێزی موتڵەقی دەقە پیرۆزەکانی Authorityتیا زاڵ بووە، لە ڕوی سیاسیشەوە دەسەڵاتی ئاینییەکان و پاشاکان ڕۆڵی بینیوە. لە قۆناغی دووەمیشدا، یەزدان بە یەکەم هۆ نامێنێ، بەڵکو سروشت وەیان"ماهییەت" ێکی پەتییە. لەم هۆی یەکەمە لقی هێزە جۆربەجۆرەکانی وەك: هێزی کیمیاوی،زیندو هیتریش جیادەبنەوە.

قۆناغی میتافیزیکیش قۆناغی گواستنەوەیە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا.. تییا دەقە پیرۆزەکان لاوازبوون و گومان و خۆپەرستی بڵاوبووەوە و پەیوەندی سەڵت و کۆمەڵ لاواز بوو، ڕۆڵی ئەقڵ لەسەر حیسابی سۆز بەهێز بوو، لەڕوی سیاسیشەوە تێندێنسی دامەزرانی دەوڵەت لەسەر بناغەی دەسەڵاتی گەل بوو بە باو. قوناغی پوسەتیڤیزم دوا قۆناغ و باڵاترین پلەی پەرەسەندنی زانینە بە تایبەتی کۆمەڵە بە گشتی. لەم قوناغە"زانستییە"دا ئەقڵ جێگەی لێکدانەوە لاهوتی و میتافیزیکییەکان ئەگرێتەوە و هەوڵئەدات پایەگای ژیانی کۆمەلایەتی

لەسەر بناغەی زانینە پوسەتیڤیەکان Positive دابمەزرێنێ. ئەم زانینەش هەربۆ زانستەکانی ماتماتیك و فەلەك و سروشت و شیمیا نییە بەڵچكو لەوانە تێدەپەرێ بۆ زیندەوەرزانی ە كۆمەڵناس - یش Sociology. ئامانجی زانستی پۆسەتیڤیزم و مەرجی توانستی، دۆزینەوەی سستێم و یاساو سروشتی كۆمەڵایەتییەكانە. بەڵام مەسەلەی هەبوون و نهێنییەكەی .. ئەوانە هەرگیز توانای چارەسەركردنیان لە ئارادا نییە، بۆیە دەبێ بخرێتە لاوەو دەست بەرداریان بێن. پەرەسەندنی زانست - بەپێی ئەم تیوریە - هێزی بنچینەیی جولێنەری پێشكەوتنە كۆمەڵایەتییەكانە. پێشكەوتنی زانستیش تەنها گواستنەوەیەكە لە دیدە ئاینییە غەیبییەكانەوە بۆ تێگەیشتەی پەتی لە دەربارەی سروشت ، لە وێشەوە بەرەو زانستی"پوسەتیڤ".

ئەو تێگەیشتە نوێیەی ئەركی" فەلسەفەی پۆسەتیڤیزم" خاوەنەكەی پالپێوەدەنێ كە پۆلێنێكی نوێ بۆ زانستەكان بهێنێتە ئاراوە،كەبەپێی ئاسانی و پەتێتیەكەی رێكیان دەخات:ماتماتیك و فیزیك وشیمیاو بایەلۆژی دواییەكەشی فیزیكی كۆمەلایەتی– سۆسیۆلۆژی– یە.لەم رێكخستنەدا زانستە بەرزەكان بندەستەی یاساكانی هەمووزانستە نزمەكان ناكرێ و بەس بەڵكو هی ئەو یاسایانەشن كە تەنها تایبەتن بە خۆشی.

کۆمەلناسییەکەی کۆنت هەر لاوازترین ئەلقەکانی سستێمە فەلسەفییەکەی نییە لە رووی تیۆرییەوە، بەڵکو لەرووی سیاسیشەوە کۆنەپەرستترینیانە. کۆنت پێشەنگی زنجیرە زانایەکانی پۆسەتیڤی کۆمەڵ بوو، کە ئەیانەویست کۆمەلناسی نەك لە رێرەوی تۆێژینەوەی مێژوی راستەقینەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتییەوە بینا بکەن بەڵکو لە سەرچاوە پەتییە پێشینییەکانەوە Apriori ئەوە ئەنجام بدەن. لینین هەرزوو کەوتە گیانی ئەو تیۆریانەو دەریخست کە:"کاتێ پرسیار دەکەیت: کۆمەڵ چییە، پێشکەوتن چییە؟ مانای وایە ئەبێ لە کوتاییەوە دەست پێبکەی.. ئەی لە کوێوە تێگەیشتەی کۆمەڵگەو پێشکەوتن بە شێوەیەکی گشتی وەردەگرێت ئەگەر تا ئێستا لە هیچ یەکێك لە سستێمە کۆمەڵایەتییەکان - مان نەتۆێژیبێتەوە. هەتا نەتوانیبێ تا ئێستا ئەو تێگەیشتەیە دابرێژۆێ و نەتوانێ هیچ کۆلینەوەیەکی بابەتی بۆ هیچ یەکێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکەی؟ ئەمە تەنها شەقلێکی ئاشکرای میتافیزیکییە..."(٨٣).

شەقلی کۆنەپەرستتانەی راکۆمەڵایەتییەکانی کۆنت لە دیدی بۆ کۆمەڵ دەرئەکەوی، بە پێیەی" بوونێکی کۆمەڵایەتییە و وەکو بوونە زیندووەکانی تر وایە، کە هەموو ئەندامەکانی هاوکاری دەکەن و بۆ" بەرژەوەندی گشت".

کۆنت کەشۆڕشەکانی هەردوو ساڵی ١٨٣٠و ١٨٤٨ ی فەرەنسەیبینی و هاوسەردەمی مێژوناسە فەرەنساوییەکانی سەردەمی

گەڕانەوە بوو، تولنی ڕێبازی گشتی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی فەرەنسا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم تێبگات، توندو تیژی ململانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریاو سەرمایەدارەکان کە ئالۆزتر دەبوون تێبگات . جا تەقەلای ئەدا کە پرۆلیتاریا ڕازی بکات کە کرێکاران و سەرمایەداران دوو چین نین، بەڵکو یەك چینن و ئەبێت ئاسودەیی و خۆشەویستی لە نێوانیاندا بەرکەمال بێ...لە دواییشدا دێتە سەر ئەوەی کە دووبارەی بکاتەوە دە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی سەرانی پیشەسازیدا بێ بە تایبەتی خاوەن بانکەکان ، سەبارەت بەوەی چینێکە بە گرنگتری و بەکەلکترو سەرجەمترین کار هەڵدەستێ..

بەو جۆرە فەلسەفەی بۆرجوازی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕێگەی داروخانی گرتەبەر. لەو کاتەشەوە فەلسەفەی بۆرجوازی بە تەواوەتی لە نەریتە شۆرشگێرە مێژوییەکانی دەستبەردار بوو، تا ببێتە شانۆی ڕاو تێندێنسی کۆنەپەرست و ئیدیالیستەکان هی خۆیی و نازانمی و پۆستەتێڤ و هەلبەستراوەکان.

فەرهەنگی زاراوەو وشەکان

لەم فەرهەنگەدا بەشێك لەو زاراوەو وشەو ناوانەی لەباسەکاندا هاتوون ڕوون کراونەتەوە، زۆری تر هەن سەبارەت بەوەی لەشوێنی خۆیاندا باسکراون بۆیە لێرەدا لو پێویستم نەزانی سەر لەنوێ لێرەدا باس بکرێنەوە.

بۆ لێکۆڵینەوەو ڕێنکردنەوەی زاراوەو وشەو ناوەکان و ڕێکخستنی ئەم فەرهەنگە پەنام بردۆتە بەر:

*سەرچاوەکە خۆی ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە ـ کە زانیاریەکان لەپەراوێزی لاپەڕەکاندا هاتوون و یاخود لەناو باسەکانەوە وەرگیراوون.

*مەوسوعەی فەلسەفەی ـ دانانی لیژنەیەك لەزاناو ئەکادیمییە سۆڤیەتییەکان ـ وەرگێڕاونی سەمیر کەرەم، چاپی پێنجەم ـ ١٩٨٥ ـ چاپگەی (الطلیعة) بیروت.

*دانراوەکانی مارکس، ئینگلس و لینین.

*مێژوو، د.کەمال مەزهەر ئەحمەد ـ چاپگەی (دار افاق عربیبە) بغداد، ١٩٨٣.

*چەند فەرهەنگێکی سیاسی و زمان ـ ی عەرەبی و سوێدی و ئینگلیزی.

*چەند فەرهەنگ و فەرهەنگیلەیەکی زمانی کوردی.

ئایدیۆلۆژی: ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕەیە کە لەناو کۆمەڵگەیەکدا بەهۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە دەردەکەون. زانستی پێناسی سروشت و ژیان و کولتوورو هونەرو ئایین و فەلسەفەیەو لای مارکسیست لینینییەکان ململانێی چینایەتی پێناس دەکەن، ئەشێ ئایدیۆلۆژی زانستی بێ یا زانستی نەبێ بەو پێیە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە یان درۆزنانەی واقیع دەبێ. ئایدیۆلۆژی هەمیشە بەشێکە لەسەرخانی کۆمەڵ بۆیە پەیوەندییە ئابورییەکانی کۆمەڵ ڕەنگ پێ

دەداتـــەوە... بەرژەونـــدی چـــینایەتیش یارمەتیـــدەری دروســـتکەری ئایدیۆلۆژییەکی سەریەم یان بەوچین بێت.

ئەپســـتیمۆلۆژی: Epistemology: لقێکـــە لەفەلســـەفەی زانـــین، لەئەسڵی زانین و سروشت و قوتابخانە جۆربەجۆرەکانی، لـە ئەنـدازەی دەکۆڵێتەوە.

ئەنتۆلۆژی: کۆمەڵە هەڵبژاردەی شیعر یا پەخشان یان مۆسیقا.

ئەرستۆکراتی: دەسەڵاتدارێتی خەڵکانی تایبـەتی، واتـە بەشـە هـەرە بەدەستەکەی چینی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا. چینی ئەرستۆکرات چینی ئەشرافە لەسـەدەکانی ناونجیـدا هـەموو دەسـەڵاتی ئـابووری سیاسـی و یاساییان بەدەستەوە بووە. تا دەسـەڵاتی چـینی بـۆرژوا فـراوان ببوایـە هی ئەمان کەم ئەبۆوە.

بیر Thought فکر: بەرهەمی بەرزی دەماخـە وەك مـەتریالێك کـە ڕێکخستنێکی ئۆرگانیکی تایبـەتی هەیـە. ئـەوەش پرۆسـەی پۆسـەتیڤە کەبەهۆیەوە جیهانی بابـەتی بەتێگەیشتەو بڕیارە تیۆرییـەکان... هتـد ڕەنگ دەداتەوە. بیریش لـە ڕێـڕەوی پرۆســەی چـالاکییە کۆمەڵایـەتی و بەرهەمییـــەکانی مـــرۆڤ دەردەکـــەوێ و پەیوەندییـــە سروشـــتییەکانی ناوەوەی دەردەخات.

بـەڵام ئیدیـە Idea - زاراوەیـەکی فەلسـەفییە... مانـای: مانـا یـا ناوەڕۆك یان جەوهەرە. واتـەی ئیدیـە لـە مێـژووی فەلسـەفەدا بـەمانای جۆربەجۆر بەکارهێنراوە، کە سەیری ئیدیـە ئـەکرێ کـە لەزەینـدا هەیـە

ئەوە دیارە ئەکات بۆ: ١ـ وێنەیەکی هەستی کە لەزەیندا دروست دەبێ وەك ڕەنگدانەوەی بابەتە هەستییەکان. ٢ـ "مانا" یان "جەوهەر"ی ئەو شتانەی دەتوانرێ بگێڕرێنەوە بۆ هەستەکان یان باری سەرنجی خۆیان بۆ پرەنسیپی ڕەوشتیی کە هەبوون ئەدات بەجیهان.

پانتیزم Panthesm: مەزەبی یەکێتی بوونە. ئەم ڕێبازە یەزدان و سروشت لەگەڵ یەکدا جووتدەکات.

پسیکۆلۆژی یان سایکۆلۆژی: واتە زانستی دەروونی، دەروونناسی. ئەقڵی.

پشتی قەفقاس: ئەم ناوچەیە ئێستاکە ئەکەوێتە ناو کۆمارەکانی: جۆرجیا، ئەرمەنستان و ئازەربایجان.

پێکهاتنی پێشەکی Preformationism: تێگەیشتەیەکە لەپەرەسەندندا پێچەوانەی دیالیکتیکە، بەپێی ئەوە گوایە سیفەت و پەیوەندییە جیاکەرەوەکانی بووی ئۆرگانیکی خەملێو لەوێنەیەکی ئامادەکراوی ناو ـ پزە ـ دایە بەڵام تیوریەکەی داروین لەپەرەسەندنی ـ پزە ـ بەهۆی گۆڕانە یەك لەدوای یەکەکانەوە دەبێ کەمەرجە تایبەتییەکانی وەراسەت ئاراستەی ئەکات کەبەتەنها لەبارودۆخی دیاردەکراوی ناو مەیانێکی دەرەکی دەردەکەوێ.

ترانسیندێنتاڵی Transcendental: ئەم زاراوە لای "کانت" ئەو شتانەی ئەگرتەوە کە لەپشت هۆش و چالاکی زانینەوە بوون وەکو سەربەستی ویست.. نەمریی دەرون و یەزدان" شتەکان لەخودی

خۆیاندا". بەلام ـ Transcendenta ـ لای کانت بۆ وەسفی هۆشی مرۆڤ و بەهرەی زانین بەکاردەهێنرا.

زانیاری ترانسیندینتالی ئەوەیە.. کەهەمووان بەو پێیە یەکسان دەبن و چەند وێنەیەکی پێشەکی "زەمان و زەمینی" تێیدایە کە تەنها بەهۆیانەوە هەموو زانین و ئەزموونێك ڕوو ئەدات.. هەموو پرنسیپەکانی بیری لۆژیکی بابەتی "لۆژیکی ترانسیندینتالی" پێکدەهێنن. لۆژیکی ترانسیندینتالیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

*شیکردنەوەی ترانسیندینتالی ـ بابەتەکەی: تێگەیشتنە.

*دیالیکتیکی ترانسیندینتالی ـ بابەتەکەی: پێچەوانەکانی ئەقڵە.

ئیستاتیکا: جوانیی یا زانستی جوانیی ـ بەگشتی لە جوانیی و هونەرو دیسان لەو هەستانەش دەکۆڵێتەوە کە جوانیی دەخەنە ناو دەروونەوە.

ئیستیقرا Induction: وشەکە خۆی مانای لەتەك ڕۆیشتنە بۆ زانینی هەواڵ و خەسڵەتەکانی ڕووداوێ، کارێ، ڕایە، تیوریە یا بیرێك. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە دەڵێن ئەوە بەم ڕێگەیە چارەسەر دەکرێ. ئەم ڕێبازە وەکو بەرنامەیەکی توێژینەوە مانای ڕێگەی توێژینەوەی دیاردەکانە بە ئەزموون کە لە ڕێرەویدا لە ڕاستییە تاکەکانەو ئەچی بۆ مەسەلە گشتییەکان و ڕاستییە تاکەکان دەبن بەمەسەلەی گشتی. ئیستیقرا هەمیشە بە یەکێتی لەگەڵ بەڵگەیدا Deduction ـ استنباطی دەردەکەوێ. مەتریالیزمی دیالیکتیکی هەردووکیان بەدوولا لە زانین، دیالیکتیکانە بۆ واقیع دادەنێ کە پێکەوە بە ستراونەتەوەو

لێك جیا نابنەوەو لەناو یەكدان و هەریەكە ئەوی تر سنوردار ئەكات.. ئەویان پەنا ئەباتە بەر ئەزموون بەڵام ئەمەی دوایی بڕوای بەوە نییە بەڵكو لەناو بەرنامەی شیكاری لۆژیكیدا پشتی بەبەڵگەی هەڵهێنجانە.

بەڵگەیی Oposteriori ـ استدلالی: ئەم ڕێبازە لە سەر كۆڵینەوە لە واقیعە جیاجیاكان و حاڵەتە تایبەتییەكان پێكهاتووە، مەبەست لێی هەڵهێنجان و دەرهێنانی پرنسیپە گشتییەكانە لێیان.

بەرنامە Metod ـ منهج: لەگشتی ترین مانایدا: ئامرازێكە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێ كەڕێگەیەكی دیاریكراوە بۆ ڕێكخستنی چالاكی. بەمانای فەلسەفیی تایبەتیش ئامرازێكە بۆ زانین. بەرنامە ڕێگەیەكە بۆ دەستكەوتنی وتنەوە ـ ترديد ـ ی زیهنی ئەم بابەتەیە كەلێی دەكۆڵرێتەوە. جەوهەری ترین مەرجەكانی پەرەسەندنی سەركەوتوویی زانین لە بەكارخستنی هۆشیارانەی بەرنامەیەكی زانستانەدایە.. ئەگەر بەرنامە لەگەڵ ئەو بابەتەی لەژێر لێكۆڵینەوەدایە جووت ببێ وا زانستانە دروست ئەبێ. وە لەبنچینەی هەر بەرنامەیەكی زانیندا یاسا بابەتییەكانی واقیعی تێدایە هەر لەبەر ئەوەشە كە پەیوەندییە لەجیابونەوە نەهاتووەكانی بەرنامە بەتیورییەوە هەیە.

بنەماو سەرخانی كۆمەڵ Basis and superstructure: دوو تێگەیشتەی مەتریالیزمی دیالیكتیكییە كەئاشنایی نێوان پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە ئابورییەكان و هەموو پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی تری ناو كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو دەردەخات. بنەما كۆی پەیوەندییەكانی

بەرهەمهێنانە کەبینای ئابوری کۆمەڵگە پێك دەهێنی. "تێگەیشتەی" "بنەماو" و تێگەیشتەی "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" بەمانای یەکتری و هاومانا نین بەلام جووت نین چونکە تێگەیشتەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەتێگەیشتەی "هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە" بەستراوە. بەلام تێگەیشتەی "بنەما"بە تێگەیشتەی"سەرخان"ەوە بەستراوە. سەرخانیش پەیوەندییە هەموو ڕێکخراو و بیرو دامودەزگاکان دەگرێتەوە. پەیوەندییەکانی سەرخانیش پەیوەندییە ئایدیۆلۆجییەکانیش دەگرێتەوە. هەر سستێمێکی ئابوری - کۆمەلایەتی بنەمای دیاری خۆی و سەرخانێکی هاوجووتی هەیە. مێژوونووسە مارکسیستەکان جیاوازی ئاشکرا بۆ بنەماو سەرخانی کۆمەڵگە جیاجیاکانی کۆیلەیەتی و دەربەگێتی و سەرمایەداری و کۆمۆنیزم دادەنێن. سەرخان کەئەبێتە هۆی دەرکەوتنی بنەمای ئابوری و کەئەمەش دەنگدانەوەیەتی.. شتێکی نێگەتیڤی نییە بەڵکو ئەو ڕۆڵێکی پۆسەتیڤ لە پرۆسەی مێژوویدا وازی دەکات و لایەنەکانیەوە کاری تێدەکات بەلایەنی ئابوریشەوە کەبوونی سەرخان خۆشی لەسەری دەوەستێ لەکۆمەڵگەی فرەچیندا بنەماو سەرخان ناکۆك و دژیەکن.

ئەزمونی نێگەتیڤ Empinisme: ئەم ڕێبازە ئیدیەیە بەرنامەی ئەزمونی پراکتیکی و ڕیالیست بەکاردەهێنێ بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە مەتریالیستی و مەعنەویەکان لەبری یاساو پرنسیپە ئەقڵییە دانپیانراوەکان. ئەزمونییەکان زانین ئەگێڕنەوە بۆ هەستەکان،

ئەقڵییەکانیش ئەوە دوپات دەکەنەوە کەسەرچاوەی هەندێ پرنسیپ ئەقڵە نەك ئەزمونی هەستی.

ئەفسانە، میسۆلۆژی: ئەفسانەگەری شێوەیەکە لەشێوەکانی گێڕانەوەی فۆلکلۆر.. ئەفسانە ئەو چیرۆکانەن کە لەسەرەتای پلەکانی مێژوودا دروستکراون. شێوە خەیاڵییەکانیش هەر بۆ لێکدانەوەی دیاردە جیاجیاکانی سروشت و کۆمەڵ بووە، ئەفسانەکان هەموو بەسەر هێزە سروشتیەکاندا زاڵ دەبن و بەلاوەکی دیاندەنێن، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەسەر هێزەکانی سروشتدا ئەفسانە ون دەبێ.

ئەکلیرۆس: دەستگایەکی ئایینییە ئەکلیرۆسی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەنجیدا لەژێر سایەی دەسەڵاتی کاسولیکی و پاپاکانی ڕۆمادا خاوەنی هەموو دەسەڵاتێك بووەو ڕۆڵێکی گەورەی لەژیانی ئەو سەردەمانەدا وازی کردووە.

ئەنسرۆپۆلۆژی: زانستی مرۆڤ یان زانستی کۆمەڵگە سەرەتاییە کۆنەکان، لەپەیدا بوونی مرۆڤ و پەرەسەندنی و جیاوازیی لەگەڵ ئاژەڵ دەکۆڵێتەوە. سەرجەم مرۆڤ ئەکات بەچەند ئەوە یا خێزانێکەوە.

ئەنسرۆپۆلۆژی فیزیکی: لە کولتورو چالاکیی ئەقڵ (ئەنسرۆپۆلۆژی کولتوری) دەکۆڵێتەوە.

ئەنسرۆپۆلۆژی بەکارخستن: لەریفۆرمی ستێمی پەروەردەو ئابوری و یاسایی و کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پێکدێت.

ئەنسرۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتی: لە دروست بوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو پەیدا بوون و پەرەسەندنی ستێمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کۆن و سەرەتاییەکان لەخێزان و ئابوری و پەروەردەی سیاسی و ئایینی و خوورەوشت و نەریت و... هتد دەکۆڵێتەوە.

ئۆلۆکراسی: دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی دەسەڵاتێکی تاکرەوی رەهای و زۆرەملێیە، واتە فەرمانڕەوایی. نوێنەری تویژاڵی هەرە سەرەوەی چینی خاوەن دەسەڵات، فەرمانڕەوایەتی بەدەستە.

ئورسۆزۆکسی: مانای وشەکە باوەڕ ڕاست، یان خاوەن بیروڕا دروستەکان. لەساڵی ١٠٥٤دا لە کڵێسەی کاسولیکی جیابۆوە، لەچەند کڵێسەیەکی نیشتمانی و سەربەخۆی وە (قوستەنتینییە، ئەسکەندەرییە، ئەنتاکییەو قودس)و کڵێسەکانی ڕوسیاو یۆنان و قوبرس و گەلێ وڵاتی ئەورووپای خۆرهەڵات و ئەمریکا پێکهاتووەو ڕێکخراوە.

ئۆنتۆلۆژی: بەشێکە لە میتافیزیک، لەسروشتی یەکەمی بوون دەکۆڵێتەوە، واتە لەمەتریاڵ و لەبوون.

ئیرومانتیا: سەیری جیۆمانتیا بکە.

تۆماویزم: ڕێبازی سەرەکی فەلسەفەی کاسۆلیکییە کە تۆمای ئەکوینی دەستی پێ کرد. تۆماریزمی نوێش لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوت بەمەبەستی ژیانەوەی تۆماویزم. تۆماویزمی نوێ فەلسەفە دەکاتە خزمەتکاری لاهوت و لەدژی کۆمۆنیزم بەکاری

دەهێنێ. پاپا لیوی دەیەم ـ ١٨٧٩ ـ دانی نا بە تۆماویزمی نوێدا کەتاکە فەلسەفەی دروست و گونجاوە لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحییەتدا.

تیوکراتی: ئەو ستێمەیە کە لەسەر باوەڕی ئاینی دامەزراوە، لەمەشەوە تیوری "مافی یەزدانی"، کەدەڵێ پاشا سێبەری یەزدانە لەسەر زەوی، داهاتووە. هەمیشە کڵێسەو دەوڵەتی پاشایەتی لەململانێدا بوون تا بەسەرکەوتنی پاشاو دەسەڵاتی دنیایی کۆتایی هاتووە. لایەنگرانی ئەم ستێمە ئاینییە دەیانووت سەبارەت بەوە کەفەرمانڕەوایەتی لەیەزدانەوە بەپاشا گەیشتووە دەبێ هەموان ملکەچی بن و کەس ناتوانێ لێی یاخی بێت.

جەردکردن Abstraction: وشەکە مانای "هەڵهێنجان" و "پوختەکردن"، زاراوەکە بەپڕۆسەو بەئەنجامەکەشی دەوترێ. بەپێی ئەم تیوریە دەبێ هەموو دەرك بە پڕۆسەکانی جەردەوە ببەسترێ چونکە بێ ئەوە دۆزینەوەی جەوهەری شت یان چونە ناو قوڵاییەکەیەوە مەحاڵ ئەبێ. لەلۆجیکی دیالیکتیکیشدا دیسان جەرد بۆ یەکلایەنی و ناپەرەسەندوش بەکار دێ یا لە چاوێنی جیا بکرێتەوە. لەم تیۆرییەدا: پرۆسەی بیرکردنەوە کەمرۆڤ جەوهەرەکەی دەرئەخات ئەیهێنێتە پێشەوەو گرنگ و هاوبەشییەکان هەڵدەهێنجێ و لە کۆنکریتییەکان قورتاریان دەکات. واتە خولقاندنی بیری پەتی و پاکژە.. ئەو بیرانەی کەناگیرێن یاناتوانرێ دەستیان لێبدرێ.. واتە ئەو بیرانە لەمانا کۆنگرێتییەکانیان جەرد ئەکرێن.

جیۆمانتیا: درۆبینە، ئەم زاراوە لەگەڵ ـ ئیرۆمانتیا، هیدرۆمانتیاو سیمیا. بەو زانستانە ئەڵێن "زانستە درۆزنەکان" ئەوانە لەڕوسیادا بڵاوبوونەوەو هەریەکەیان پەیوەندی بەشتێ یا بابەتێکەوە هەبووە بۆ نمونە: جیۆمانتیا پەیوەندی بەجیۆلۆجییەوە هەبوو، سیمیا پەیوەندی بەکیمیاوە هەبوو.. هتد.

خودی شتەکان Noumenon: وشەکە یۆنانییەو مانای ئەو شتەیە کەبیری لێ دەکرێتەوە یا تەسەووری دەکرێ.. زاراوەکە مانای ئەو جەوهەرەیە کەبەبێ عەقڵ تەسەوور ناکرێ، واتەی پێچەولنەی ئەوەیە کە دیاردەیە. ئیفلاتوون یەکەم کەس بوو ئەم زاراوەی بەکارهێنا.

دائیزم Deisme: یان "یەزدانی مەرجیی" واتە بڕوابوون بەیەزدان لەدەری ڕێبازە ئایینییەکاندا. لایەنگرانی ئەم فەیلەسوفە لایان وابو کەیەزدان هەیە بەڵام دەست ناخاتە ناو کارو باری ژیانی کۆمەڵ و سروشتەوە. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ئەیانووت با باوەڕ بە یەزدان بهێنین بەبێ ئەوەی هیچ ڕێبازێکی ئایینی بگرینە بەر.

دایک سالاری ـ ماتریارکی: پلەیەکی مێژووییە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی میشاعەی سەرەتایی کەدایك ڕۆڵی یەکەم لەبەڕێوەبردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بینیوە. ئەم ستێمە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەبێ دەگمەن، هەبوو. لەوسەرەتایەدا ژن و مێردی بەکۆمەڵ بووە.. بۆیە منداڵ هەر دایکی ناسراوەو هەر ئەمیش سەرناوی وەچەو نەوە بووە.. ئابوری تیرەو تایەفەش بەدەست ئافرەتەوە بووە. ڕاوشکار پیشەی

پیاو بووە بەڵام هەموو پێویستی ژیانی دابینکردووە.. لەپێشەوە هەموو ژن کاری کشتوکاڵ سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ و ئامادەکردنی خواردن و کاری کێڵگەیان کردووە، بۆیە خاوەن دەسەڵات بوون. لەگەڵ دەرکەوتنی بەخێوکردنی ماڵات و ئاژەڵدا رۆڵی پیاو زیاترو هی ژن کەمتر بووە.. ئیتر بەرە بەرە پیاو بۆتە هێزی بەرهەمهێنەرو خاوەن کەرەسەو ئامرازی بەرهەمهێنان و خاوەنی کۆیلە بەمەش ستێمی مەتریارکی نەماوەو ستێمی باوکێتی - پاتریارکی، باوک سالاری - دەستی پێ کردووە.

دەهری: ئەم تاقم و کۆمەڵە خەڵکە بوون کەبڕوایان بەیەزدان نەبووە، ئەیانووت: گیتی ئەزەلی بوەو هەر ئەزەلیش ئەبێ.. کەس دروستی نەکردووە.. دەهرییەکان هیچ جۆرە باوەڕێکی ئایینییان نەبووە.

دواپێکهاتن Epigenesis، تیوری پەرەسەندنی مەلۆتکەی تەنە ئۆرگانیکەکانە.. ئەم تیورییە بەپێچەوانەی تیوری "پێکهاتنی پێشین - Preformationism" وادانەنێ کەپەرەسەندنی ئۆرگانێکی پێکهاتنێکی نوێیەو هیچ شوێنەوارێکی پێکهاتنی پێشەکی پێوە دیار نییە.

دوانەیی Dualism: (دوانکاری) ئەو فەلسەفەیەیە کەدەڵێ گەردوون لەژێر رکێفی دوو پرنسیپی دژ بەیەکدایە - یەکەمیان "خێرە" و

ئەوەکەی تر "شەڕە" ئەوانەی پەیڕەوی ئەم فەلسەفەیان دەکرد بڕوایان وابو کەمرۆڤ لەدووشت پێکهاتووە ـ ئەو. دوانەش گیان و لەشە.

دۆگماتیزم Dogmatism: شوێنێکەوتنی کوێرانەی ڕێبازێک، چەقبەستویی عەقڵی. تێگەیشتەیەکی تایبەت بەباوەڕە. دۆگم یا دۆگمەکان کەباوەڕێکیان هەبێ ئیتر بواری هیچ جۆرە مشتومڕو ئاڵوگۆڕو کەم و زیادکردنی نادەن.. چونکە بڕوای تەواوەتییان بەوەیە کەخۆیان خاوەن حەقیقەتەکانن. کەچی لەبنەچەدا ئەو حەقیقەتانەیان سەلمێندراوی بێ بەڵگەن.

دۆمەنیکان: دامەزراویچکی ئایینی "ڕەهبانییە" ئەندامانی ئەم دامەزراوە بەبرایانی "ڕێ پیشاندەر" ناویان دەرکردووە لەساڵی ـ ١٢٠٦ ـ دا دامەزراوە بەو ئامانجەی ببێتە مەڵبەندی بەدرۆخستنەوەی هەموو ئەو داهێنە نوێیانەی لەسەر ئایین دەکرێن، بۆیە لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا بوون بەخاوەن فەرمانی فەلسەفی و لاهوتی.

دیالێکتیک Dialectics: بەرامبەر وشەی "جدل"ی زمانی عەرەبییە. کۆڵینەوەیە لە ناوەڕۆکی "بیر" خۆی نەك شێوەکەی.. مانای کۆڵینەوەیە لەیاسا بنچینەییکانی گۆڕان و جوڵەو پێکاچوون لەسروشت و کۆمەڵدا. کەناکۆکی بەبنچینەو خوڵقێنەری گۆڕانەکان دادەنێ و دەڵێ: شت لەگۆڕانی یەکبینەدایە. مەتریالیزمی دیالیکتیکیش زانستی یاسا گشتییە بنچینەییەکانی پەرەسەندنە لەسروشت و کۆمەڵدا. ناوەڕۆکی تیوری دیالیکتیکی بڕوابوونە بە ناکۆکی واتە هەر شتێك دوو لایەنی

پۆسەتیڤ و نێگەتیڤ، چاك و خراپی، تیایە، لایەك ئەمرێ و لاكەی تر گەشەئەكات. لای دووەمی ئەم تیۆرییە "نەفی نەفییە" كە ڕێڕەوی پرۆسەی دیالیكتیكی دیارئەكات.

دینامی - پۆزسەتیڤی: ئەم فەلسەفەیە لەناو ڕەگەزە مەتریالیستەكاندا تەنها بڕوا بەو هێزانە ئەكات كەكارە لێكدراوەكانیان بە درێژەوەبوونی تەنەكان و خسڵەتەكانیان دیار ئەكرێ. فەیلسوفی فەرەنسی كونت ١٧٩٨ - ١٨٥٧ داینا. نكوڵی لەزانینی پەیوەندییە یاساییەكانی ناوەكیی ئەكردو دیسان حاشای لەوە ئەكرد كە فەلسەفە بەرنامەیەكە بۆ زانین و گۆڕینی جیهانی بابەتی. ئەم فەلسەفەیە خۆی لەسەروو مەتریالیزم و ئیدیالیزمەوە دائەنا.

ڕۆمانسی - ڕۆمانتیزم: جوڵانەوەیەكی ئەدەبی هونەرییە، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە ئەوروپادا دامەزرا. لەئاكارەكانی ئەم ڕێبازە... زاڵبوونی هەواو خەیاڵی شاعیرانەیە بەسەر عەقڵدا، شاتوبریان بڵاوی كردەوە. لەنوێنەرە مەزنەكانی ئەم جوڵانەوەیە: لامارتین و هۆگۆ بوون.. ڕۆمانسییەكان خولیای داب و نەریتی كۆن بوون، لەدژی شۆڕشی فەرەنسا وەستان، لەگەڵ هەڵەكانیشیاندا ڕۆڵیان لەدۆزینەوەی چەند یاسایەكی زانستی مێژوودا وازی كرد.

ڕێنیسانس - سەردەمی بوژاندنەوە یا ڕاپەڕین: پلەیەكە لەپەرەسەندنی ڕۆشنبیری ئایدیۆلۆژی لەهەندێ وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاواو ناوەڕاستدا. دروست بوونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەكان پێویستی هاتنەكایەی ئەم

جولانەوەیەی سەپاند، بەگشتی گەشانەوەی بەربلاوی هونەرو زانست ئەکرێ بەهاوسەردەمی ئەو پلەیەی راپەڕین. مێژووناسان ماوەکەی لەسەدەی چواردەوە تاسەدەی حەڤدە دیاردەکەن.

رواقی Stoi: ئەم ناوە لە کۆندا بەو جێگەیە وتراوە کە شاعیرەکانی تیا کوبونەتەوە.. ئیتر ڕێبازە فەلسەفیەکە Stoicism یان پێ وتووە. فەیلەسوفە موسلمانەکان بە خاوەن چەتر یان خاوەن پایە ناوی پەیرەویکەرانی ئەم فەلسەفەیەیان بردووە.. (سەیری کۆسۆمۆپۆلیتی بکە).

زەردەشت: رابەرە ئاینییە لە دەوروبەری ٥٨٣ پ ع دا کۆچی کردووە پێغەمبەرێکی کۆن و داهێنەری ئاینی زەردەشتییە. زەردەشت لەمیدیا ـ کوردستانی ئێران ـ هاتۆتە جیهانەوە. یەکەم جار لە "بەلخ" ـ ئێستا دێیەکە دەکەوێتە ئەفغانستانەوە ـ ئاینەکەی بلاوکردەوە لەوێشەوە گەیاندرایە ولاتانی فارس. ئەخمینییەکان کردیان بەئاینی ڕەسمی دەولەتەکەیان. دیسان ساسانییەکان کردیان بەئاینی ڕەسمی دەولەتەکەیان تا عەرەبە موسلمانەکان ئێرانیان گرت و دەولەتی ساسانیان ڕوخاندو ئاینی ئیسلام جێگەی زەردەشتیی گرتەوە. خالی گرنگ لەم ئاینەدا بروابوونە بەململانێی یەکبینەی نێوان دووشتی دژ بەیەك کە "خێر" و "شەڕ"ە. خێر خوای ڕووناکییە (ئەهوارمازدا) و (ئورمازدا) شەڕیش خوای تاریکییە (ئانجرۆمینیۆش) ئەهریمەن.. زەردەشتی لەمەڕ: ئەو دونیا سزاو زیندوو بوونەوەی مردو و گەلێ شتی

کاری گەورەیان کردە سەر ئایینی جولەکەو مەسیحییەت.. زەردەشتی تا ئێستا لە هیندستان ماوە بە کەمیش لە ئێراندا.

زەمان و زەمین: دووشێوەی سەرەکی بوونی مەتریالە. فەیلەسوفە ئیدیالیستەکان بابەتی زەمان و زەمین نکۆلی لێدەکەن، بەلام مەتریالیزم بابەتی زەمان و زەمین دەرك پێ دەکات و نکۆلی لەبوونی شتی تر دەکات کەلە دەری ئەمان بن. زەمان و زەمین لەمەتریال جودا نابنەوە.

سەرەنجامی Apriori ـ ئێستنتاجی یا بەدیهی.

ستاتیك: زانستی پارسەنگی هێزەکان.

سۆسیۆلۆژی ـ کۆمەڵناسی ـ یازانستی کۆمەلایەتی.

سیمیا: سەیری جۆمانتیا بکە.

فەرەنسیسکانی: دامەزراوێکی ئاینییە، فەرەنسیس ئەسیزی لە ساڵی ١٢١٠دا دایمەزراند، هەزاریی کردە بنچینەی ژیانی ئەم دامەزراوە "رەهبانییە" قەشەکانی فەرەنسیسکانی خۆیان بۆ بلاوکردنەوەو فێرکردنی ئایینی مەسیحی تەرخان کرد. دوای بیست ساڵێك لەدامەزراندن خۆیان گەیاندە شارە گەورەکانی میسر و سوریاو لوبنان و فەلەستین. قەشەکانی ئەم دەزگا ئایینییە "پاسەوانی زەوییە پیرۆزەکان بوون".

فەلسەفەی تێوردبوون ـ تاملی: Spesulative philosophy فەلسەفەی (رەڵێدان) (ژێربێژی) کۆمەڵە رێکخراوەیەکی مەسەلە فەلسەفییەکانە کەبە بەلگە دەهێنرێنەوەو بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر

ئـەزموون. فەلسـەفە تێووربوونەوەییـەكان دەخولٚقێنـێ. بـەلاٚم هـیچ ڕێبـازێكی تێووردبـوونی نـەیتوانی لەبـەردەم تاقیكردنـەوەی ڕۆژگـاردا بوەسـتێ چـونكە لـە شـیكاركردنەوەی دواییـدا بەشـێوەیەك لەهـەموو هەمەجۆربوونێكی فەلسـەفەی تێوردبـوونی دەوڵەمەنـد تـرە كـە قـابیلی سنووردادكردن نەبێ.

فیزیۆلۆژی ـ فسیۆلۆژی: زانستی كارو فەرمانی ئەندامانی لەش.

فینۆمینۆلـۆژی: زانسـتی دیاردەكـان، لقێكـی زانسـتەكانەو لەوەسـفی دیاردەكان و پولینیان دەكۆڵێتەوە.

فینۆمینۆنس Phenonenons دیاردە ـ مانای: ڕوودواێ یان بوویـەك كەبتوانرێ سەرنجی لـێ بدرێ.

كۆسمۆپـــۆلێتی Kosmoplites، وشـــەكە یۆنانییـــەو مانـــای هاونیشـتیمانی جیهانییـەو، ڕواقییـەكان یـەكەم دەسـتە بـووە كـە ئـەو بیرەیـان بلاٚوكردۆتـەوە. ئـەم خواسـتی جیهـانیكردنی هاونیشـتمانییەو نەهێشـتنی سـنورە لەگـەڵ خواسـت و تێندێنسـی گیـانی سـەدەی هیلینیسـتی و گەلـە یەكگرتووەكانیـدا دەگونجـاو وەلاٚمدانەوەیـەكی ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ڕۆمانی "جیهانیی" بوو. لـە كاتێكـدا ئەرسـتۆو ئیفلاتـوون گـەلی یۆنانیـان لەسـەروو گـەلانی تـرەوە دائـەناو تەنانـەت مـافی كۆیلـەكردنی گەلانیشـیان بـەڕەوا ئـەزانی. لـەو كـات و سەردەمەدا ڕواقییـەكان هـەموو خـەڵكیان لەبـەردەم یاسـادا بەیەكسـان دائەنا كە ئازاد و كۆیلە، یۆنانی و بەربەرەكان و پیاو ژنیشی دەگرتەوە،

ئەمەش هەنگاوێکی پێشکەوتوانەی سەر ڕێگەی پەرەسەندنی بیری یەکسانی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە بوو. بۆ سەردەمانی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیستانە لەلایەك و یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکی ترە.. ڕەچەڵەکی بیرەکە هەر بۆ ئامانجی ئابووری و سیاسیی و دەستگرتنە بەسەر بازاڕەکاندا: تیورییەکی کۆنەپەرستانە بووە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.. داوای دەست بەرداری لەهەستی نیشتمانپەروەری کولتوری نەتەوایەتی و کەلەپوور نەریتی نەتەوە... هتد ئەکات، ئەمەش تەماعی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دەردەخات کەرەواج بەم بیرە ئەدەن تا دەست بەسەر جیهاندا بگرن و ئەوەی ناوی سەربەخۆیی و ئازادی گەلانە زەوت بکەن. بە جیهانیبونیی ئەم سەردەمەش قۆناغێکی نوێ و گەشەکردووی هەمان بیرە.

کۆسمۆجۆنی: لقێکە لەلقەکانی زانستی (گەردون)... باسی ئەسڵ و پەرەسەندنی ئەستێرەو تەنەکانی ئاسمان و سستێمەکانیان ئەکات، لەڕووی تیوریشەوە مرۆڤ ئەتوانێ باسی زانستی پێکهاتنی کەون لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ ئەستێرەکان و باسی زانستی پێکهاتنی کەون لەڕووی ئەستێرە گەڕۆکەکانەوە بکات، هەرچەندە لەڕووی پراکتیکەوە پەیوەندییەکی بەرابەرییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەمیش وەکو کۆسمۆلۆجی زۆر بەستراوەیە بەفەلسەفەوە... ئەمانەش شانۆی ململانێی نێوان ئیدیالیزم و مەتریالیزم، ئایین و زانست بووە.

کۆسمۆلـۆژی: لقێکـە لـە لقـەکانی زانسـتی (گـەردون)، ئـەم زانسـتە واتەسەووری گەردون ئەکات کەکۆیەکی ڕەسیوە. بەگشتی لەسەرچاوەو بنەچەی گەردوون و جۆری پێکهاتنی زانستی گەردونی نوێ دەکۆڵێتەوە تا ئەو سنوورو ناوچـەیە دەگرێتـەوە کـە تیایا زانسـتی فەلـەك و فیزیك فەلسەفە تێکەڵ دەبن.

گاڵتەجاڕی Cynosarg: وشـەکە خـۆی بۆگاڵتـە پـێ کردنـە یـان بـۆ سـەرنجێکی گاڵتینـە بـەکاردەهێنرێ. مانـای دەقـی وشـەکەش سـەگی خێزانـە. لەمـەوە Cynisn: هـاتووە. گوایـە دەڵـێن "ئەنتیسـقان" و قوتابییـەکانی لەشـوێنێکدا کۆدەبنـەوە کـەناوی ـ Cynosarg ـ سـەگی خێرل بووە، ئیتر بۆ گاڵتەکردن بەو کۆمەڵە وایـان ناونـاون. لەعەرەبیدا بە ال "کلبیە" ناودەبرێ. ئیتر فەلسەفەکەش بەو جۆرە نـاونراوە... بـۆ کوردییەکەشی "گاڵتە جاڕی" زیاتر لەناوەڕۆکی زاراوەکەوە نزیکە.

گەڕیـدەیی ـ میشـائی Periatetikos: واتـە گەڕۆکـەکان، ئـەم فەلسەفەیە بۆیە واناوی وتراوە چونکە کەئەرستۆ وانەی بەشاگردەکانی ئەوتـەوە بەڕێیشـتن و پیاسـەو گەڕانـەوە قسـەی بـۆ ئـەکردن وشاگردەکانیشـی بەدەوریـیەوە لەگـەڵیا ئـەجولان و گوێیـان ئـەگرت.. سەبارەت بەوەش ئەو زاراوەم بۆ هەڵبژاردووە.

گنۆستیزم Gnosticisn: ڕێبازی ئەو مەسـیحییانە بـووە کـە بڕوایـان وابو مەتریال شەڕەو بەزانیاریی گیانیی، لێی سەرفراز دەبن.

گومـانیی Scepticism: لایـەنگرانی ئـەم فەلسـەفەیە گومانیـان لەهەموو شتێ ئەکردو هیچیان بەیـەقینی نەئەسـەلماندو ئـەیانووت هـەر لـەم ڕێگەیـەوە دەگەینـە ئـەنجامی دروسـت و ڕاسـت. "بـیرون" ڕوونـاکبیرێکی ئـەم ڕێبـازەبوو ئـەیووت: فلانەشـت وادەردەکـەوێ کەسپییە، هەنگوین وا دەردەکەوێ کەتام و شیرینە، ئاگر وادەردەکەوێ کەسووتێنەرە... ئیتر بەو جۆرە ئەوانـەی پـەیڕەوی ئـەم فەلسـەفەیە ئەکەن بڕیاری تەواوەتی لەسەر هیچ شتێك نادەن. لەزمانی عەرەبیدا بـە "الفلسفه الريبيه" ناو دەبرێ.

لۆگۆس ـ (وشە، ئەقڵ، یاسـا): ئـەم زاراوە لەئـەدەبیاتی فەلسـەفی و ئاینیدا زۆر باو بووە، لای ئەرستۆو ئیفلاتـوون یاسـای هـەبووەو یـەکێك بووە لە پرنسیپە لۆجیکییەکان. ئیتر هەر فەیلەسوفەو بـەماناو واتایـەك بەکاریهێناوە. هـیگڵ والـە لـۆگس ئەگەیشـت کەتێگەیشتەیەکی ڕەهایـە (متڵەقـە). بیسـان فەلسـەفەکانی خۆرهـەلات و چـین و هندسـتان جۆراوجۆر لێکدانەوەیان بۆ ئەم زاراوە کردووە.

مانەوی: باوەڕی خێرو شەڕ، ڕووناکی و تاریکییە. ئەڵێن ئیزدییـەکان ئەوەی ئەم ڕێبازە ئاینییەن.

مەبەستی Telelogy **الغائیە:** ئەم تیورییە دەڵـێ هـەموو دیاردەکـانی سروشـت، مەبەسـتییە، بـەپێی ئـەم تیوریيـە نـەك هـەر مـرۆڤ بـەڵکو دیاردەکانی سروشتیش "مەبەست" ڕێنومای یەکە بە یەکەیانە و جۆرە گیانێکیـان هەیـە، جـا لەکاتێکـدا مـرۆڤ ئـەرکی خـۆی بەڕێگەیـەکی

هۆشیارانە دەستنیشان دەکات وا "مەبەست" بەرێگەیەکی ناهوشیارانە لەسروشتدا رووێنراوە.

مەبەستی بۆ ئەوەش چووە کە دەڵێ رەگ و پرنسیپی ژیان و بیر بۆ ناو بنچینەی مەتریال شۆڕبۆتەوە کەنەك لە گەردی زیندوو بەڵکو لە مۆناداتیش پێك هاتووە. ئەم تیۆرییە هەوڵ ئەدات پەیوەندی سەرجەمی ناوخۆی هەموو دیاردە سروشتیکان و شەقڵی ملدانی بۆ بڕیاری یاسا لێك بداتەوە.

مەتریالیزمی باو Vulgar: لە عەرەبیدا بەمەتریالیزمی "عامی" یا ئاسایی و بێ رتوش ناوبراوە. ئەمە رێبازێکی ناو فەلسەفەی سەدەی نۆزدە بوو، زیاد لەپێویست پرنسیپە بنچینەییەکانی مەتریالیزمی هاسان دەکرد.. هۆی دەرکەوتنی زیاتر پەرەسەندنە بەگوڕەکەی زانستی سروشتی بوو دیسان وەك دژە کردار بەرامبەر بە ئیدیالیزم... بەگشتی نکۆڵیان لە فەلسەفە دەکرد. ئەیانویست بە لێکۆڵینەوەی زانستانە گرفتە فەلسەفییەکان چارەسەر بکەن.

مەزدەکی: مەزدەك بانگاوێژێکی ئایینی ئێرانی بووە، پەیڕەوی فرمانەکانی "مانەوی" دەکرد، ئەیویست لەماڵ و ئافرەتدا هاوبەشێتی گشتیی و جۆرە سۆسیالیزمێ بێنێتە کایەوە. قوبادی یەکەم ـ ی شای ئێران مەزدەگی کردە ئایینی دەوڵەت تا هاتنی "کیسری ئەنۆشێروان" ئیتر زەردەشتی جێگەی گرتەوە.

مرۆڤ پەروەری: ئەم ڕێبازە مرۆڤ بە جەرگەی ژیان و گەردوون دائەنێ و لێیدەکۆڵێتەوە. لەسەردەمی گرێك و ڕۆمادا گەشاوەتەوەو دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیح، لاهوت جێگەی گرتۆتەوە، لەسەدەی پانزدەشدا لەسەردەمی "رینیسانس"دا سەر لەنوێ لەشێوەی گەڕانەوەی بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات و کولتوورو هونەری یۆنانی کۆن هاتۆتە ئاراوە.

مۆنارشی (مۆنارکی) Monarchy: پاشایەتی لەسەرەتادا دەسەڵاتەکەی ڕەهابووە، لەگەڵ باڵابونی دەسەڵاتی چینی بورجوادا سەری هەڵداوە. لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیدا گۆڕاوەو شێوەی جیاجیای لەخۆگرتووە... تا گەیشتە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە هەڵبژاردنی گشتی.

Absolute: فرمانڕەوایەتی سەڵتایەتی ڕەها (تاکڕەوی).

Absolutism: یا زۆرەملێ.

میترۆلۆژی: زانستی نیشانە گەری ئاسمان.

نازانمی **Agnosticism**: ئەم ڕێبازە لەزمانی عەرەبیدا بە "اللاادریە" ناودەبرێ. بەپێی ئەم ڕێبازە کەس جێگەی یەزدان و سروشت و ئەسڵیان نازانێ. وشەی **Agnostic** یش مانای "نازانم"ە ئیتر لەمەشەوە زاراوەکە داڕێژراوە، لینین ئەڵێ نازانمی کاکڵ لەتوێکڵ جوێ دەکاتەوەو لەهەست دوور ناکەوێتەوەو دوور لەدیاردەکان دەمێنێتەوەو نکوڵی لەشت دەکات کە ئەسڵی بێ. هەڵوێستی نازانمی

لەگونجاندنـــدا وا لەلایـــەنگرانی دەکـــات کـــە بیانخاتـــە ڕیـــزی ئایدیالیستەکانەوە.

ناوەڕۆك و ڕوخسار - یا "جەوهەرو ڕوکەش" یا "کاکڵ و تـوێکڵ" یـا "ناوەڕۆك وشێوە: دوو گوتەی فەلسەفین لایەنە بەپێویست ماتـدراوەکان لەهەر یەکە لەشتەکانی واقیعدا ڕەنـگ پێدەداتـەوە. نـاوەڕۆك: کۆگـەی سیفەت و پەیوەندییە هەرە قوڵ و هەرە جێگیربووەکانی شتە کە ئەسڵ و ڕەوتی پەرەسەندنی دیاردەکات. بـەڵام ڕوخسـار: کۆگـەی سـیفەت و پەیوەندییە جۆربـەجۆرە دەرەکـی و بەجوڵـەی شـتەوەیە کەڕاسـتەوخۆ بەهەسـتەکان ئەدۆزرێنـەوە. ڕوخسـار ئـەو حاڵەتەیـە کەجەوهـەری تیـا دەدۆزرێتەوە. یەکێتی ئەم دوولایەنە لەوەدا دەردەکـەوێ کەهەریەکـەیان دەگۆڕێ بۆ ئـەوی تـرو ئـەوەی ڕۆژێ لـە ڕۆژان لەشـوێنی لەشوێنەکان جەوهـەر بـووە ئەشـێ لـەکاتێکی تـردا (یـان لەشـوێنێکی تـردا) ببێتـە ڕووکەش... پێچەوانەکەشی هەربەو جۆرە ڕاستە بەڵام یەکێتی نـاوەڕۆك و ڕوخسار هەمیشە ناکۆك و هەردووکیان دوولای ناکۆکن.

ناوەڕۆك ئەو ڕەگەزەیە کە دیارو سنووردار ئەکات بەڵام ڕوخسار ئـەو ڕەگەزەیە کـەدیارو سـنووردار ئـەکرێ. ڕوخسـار ڕاسـتەوخۆ دەرئەکـەوێ بەڵام ناوەڕۆك شاراوەیە، ڕوخسـار لایەنـەکانی لـەناوەڕۆك زیـاترە بـەڵام ناوەڕۆك لەڕوخسار قووڵترە... ئیتر گەلـێ ناکۆکی تریان هەیە. نـاکۆکی نێوان ناوەڕۆك و ڕوخسـار، سروشـتی ئاوێتـەی نـاکۆکی پرۆسـەی زانـین سنووردارئەکات، چونکە "هەر زانستێك ڕووکەش دەبێ ئەگەر ڕوخساری

دەرەكی شتەكان لەگەڵ ناوەڕۆكیدا ڕاستەوخۆ ڕێك بكەون "(كارل ماركس ـ سەرمایە) یەكێتی ناوەڕۆك و ڕوخسار نیسبی وكاتییە، گۆڕان بەرەنگاربوون ململانێی دێتە ڕێ.. سەرچاوەی ناكۆكی نێوان ناوەڕۆك و ڕوخسار جیاوازیكاری هەریەكەیانە لە پەرەسەندندا.. ناوەڕۆك بنچینەی پەرەسەندنە. "شێوە" شێوەی بوونی شتێك لەشتەكانە، ناوەڕۆك جوڵەی خۆی هەیەو شێوە لەسەر ئەو بەندە... هتد.

ناوچەگەری Particularism: خۆ بەستنەوە بەناوچەیەكەوەو حەز نەكردن لەگەڵ بەشێ یا ناوچەیە یا شوێنی تردا یەك بگرێ.

ناویی Nominalism، لەزمانی عەرەبیدا بە "الاسمیە" ناو دەبرێ. فەیلەسوفەكانی ئەم مەزەبە ئەڵێن ڕاستیی بوونی "تۆخم و چەشنەكانی" وەك خۆیان نین. وایان دائەنا كەتێگەیشتەی جۆرە گشتییەكان "ناو"ی ئەنجامی بیری مرۆڤ ئەو زمانەیە كەهەر بەكەڵكی نیشانەو دیاردە كردن دێن، بۆ ئەو شتانەی كەلە ڕاستیدا هەن. بەپێچەوانەی ڕیالیستەكانەوە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە نكۆلییان لەوە دەكرد كەتێگەیشتن نمونەی پێشەكی و سەرچاوەی خوڵقێنەری شتە. دانیان بەیەكەمی بوونی شت و لابەلایی تێگەیشتە دائەنا. بەو جۆرە یەكەم تەعبیر بوو لە مەتریالیزمی سەدەكانی ناوەنجی.

واتا ـ معقولە Categoricc: وشەیەكی یۆنانییە مانای بەیان یان تائكیدە. لە فەلسەفەدا تێگەیشتە سەرەكییەكان كە زیاتر خاسییەت و لاو پەیوەندی دیاری واقیع و زانین بەگشتی و جەوهەری ڕەنگ پێ

دەداتــەوە. واتاکــان لەپرۆســەی پەرەســەندنی مێــژوی زانــین لەســەر بنچینەی پراکتیکــی کۆمەڵایــەتی کــەوا لــەمرۆڤ دەکــات زانیــاری و ڕۆڵــی جیهانی دەوروبەری وەربگرێ... پێکهاتووە.

یەعقوبییەکان: یەکێك لەو دوو تاقمەی (پارتی بۆرژوا)یە لەسـەردەمی شۆڕشـی فەرەنسـا ١٧٨٩ "پـارتی چـیا" شـیان پێدەوت. ئـەم تاقمـە نوێنەری بەشـی شۆڕشـگێڕی بـورژوای ئـەو سـەردەمەی فەرەنسـا بـوو. داوای لــەناوبردن مۆنارشــی و دەرەبــەگێتی دەکــرد. بەشــەکەی تــر جیرۆندییــەکان بــوون، ئــەمان ڕێگــەی ئاشــتبوونەوەو لەدواییشــدا سازشکارییان گرتەبەر.

یۆتۆپی: ئەز زاراوە لــەناوی کتێبەکــەی "تۆمــاس مــۆر"ەوە هــاتووە، هەنــدێ ئــەڵێن مانــای یۆتۆپیــا "ئــەو شــوێنەیە کەهــەر نییــە". ڕای دووەمیش ئەڵێ مانای "وڵاتی خێروخۆشییە".

هاوپەیوەستی Immanence ـ الفیض ـ نظریة الفیض. ناوەکیی پەیوەستیدارە.

هەرتەقــە Heresy: ئــەم وشــەیە یۆنانییــە، مانــای هەڵبــژاردن ئەگرێتەوە، مەبەستیش دوورکەوتنەوەیە لە تیوری ئایینی ئەسڵی. ئەم ڕێبازە داهێنراوە، لەئایینی نەسرانیدا هـەر بـەناوی ئایینـەوە هێزانەیـە کایــەوە، بــەڵام لەناوەڕۆکــدا دژی پرنســیپە ئایینییــەکان بــووە. بزوتنــەوەکانی هەرتەقــە بایــەخێکی گــەورەیان هــەبوو چــونکە مــژدەی ڕوخاندنی سستێمی دەرەبەگیی لە ئەورووپای خۆرئاوادا ڕادەگەیاند.

هیدرۆمانتیا: سەیری جیۆمانتیا بکە.

هیلینی Hellenism: پێڕەوکردنی بیرونەریتی شارستانێتی یۆنانی کۆنە ٣٢٣ ـ ٣٠ پ ع. مەبەستیش لەهیلینییەکان مەکدۆن و یۆنانییەکانی سەردەمی کۆنە. فەلسەفەی هێلێنستی و ڕێبازەکانی، لەشوێنی خۆیدا ڕوون کراوەنەتەوە.

وشەکان

ئاکام: ئەنجامی کۆتایی، کۆتایی کەوتنەوەی

ئاوێتە: مرکب، ترکیب، Synthesis=پێکهاتە

ئەدگار: خاسییەت= ئاکار، تایبەتمەندی

ئەلەکتراو: کهرمائی

ئەکتیڤ: فعال، چالاکی

ئەندازەی شیکاری: الهندسة التحلیلیة

ئۆرگانیکی: عضوی، ئەندامیی

ئینسکلۆپیدیا: موسوعة

بابەتی: موضوعی

باری سەرنج: انطباعات

بارودۆخ: ظروف، هەلومەرج

بالآکردن: نمو، نەشونما

بانگاوێژ:داعیە

باو: باو، زال،ساند

بەرزپەرەیی: ارتقائی

بەکارخستن: تطبیق، جێبەجێکردن، خستنەکار

بەڵەدویستی: حب الاستطلاع، حب الاطلاع

بەڵگە: علة، حجة، دليل

بەڵگەیی: سەرەنجامی، استدلالی، استباطی.

بڕ: مقدار

بڕیار: قرار، حكم

بڕیارە ئاوێتـە پێشـبینییەكان: الاحكـام التركيبيـة القبليـة، بڕیـارە پێكهێنەرە پێشینەكان.

بڕێنەرەوە: فاصل، قاطع

بسوت: قابیلی سووتاندن، لەبار بۆ سوتان

بنەچەی جۆرەكان: اصل الانواع، بنچەی چەشنەكان.

بوار: مەودا، مجال

بێ هەستیی: لاشعوری

بێ مەرجی: اللامشروط، مەرج بەدەر

بێوێنە: مثالی ـ شاری بێوێنە:المدينة الفاضلة، شاری نمونەیی

پاتریاركی: باوكێتی، باوك سالاری

پاشایەتی لا ڕووناك: الملكية المستنيرة(المتنورة)

پالەپەستۆی هەوا: ظغط الجو

پایەگا: أركان

پەتی: بەتەنها، ڕووتو قوت، مجرد، ڕوتوخاوێن

پەرەسەندن: تطور، تەشەنەكردن

پەسن: مدح، پیاهەڵدان

پرۆسە: عملية، صيرورة

پۆسەتڤیزم:Positivism ، الفلسفة الوضعية

پۆلین: جۆرکردن، تصنيف

پیتۆل: نۆرزان، زیت و وریا، زیت و نۆرزان

پێدراوە هەستییەکان: المعطيات الحسية، هەبووە هەستییەکان

پز، پزە: جنين

پێشبینی: تنبوء

پێشخواست: طموح، بەخواست

پێکهاتنی پێشین: التشكيل المسبق، شێوەی بەرایی.

پێکهــاتنی کۆمەڵایــەتی: مەبەســت تیــۆری "العقــد الاجتمــاعی" یــە، پەیمانی کۆمەڵایەتی.

پێگەیاندنی غەیبی: ايحا غيبي، بیر بۆ هاتنی غەیبی.

تایبەتێتی: خصائص، ئاکارو نیشانەکان، خەسڵەت.

تەدارەك: مرکب، کەژاوە، ئاپورە

تەن: جسم

تەوەر: محور

ترۆپك: لوتکە، قمة

توێژینەوە: دراسە، بحث، تەحلیل

توێکاری: تشریح

توێکارزانی: علم التشریح، زانستی توێکاری

تێز: طرح، موضوعة، اطروحة.

تێگەیشتە: مفهوم، چەمك

تێگەیشتن: فهم

تێوربوونی: تێوریبی، تاملی، ڕامانی.

تێندێنسی: نزعە، میل

جەرگە: ناوەند، مرکز، ناوجەرگە، چەق.

چاپگە: دار للطباعة والنشر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە

چاونەزێر: تەماحکار، چاوبرسی

بەرچاو: عینی، کۆنکرێتی، بەرجەستە.

چەق: جەرگە، مرکز، ناوەند

چەندبارە: تکرار، دووبارەبوونەوە

چوستی: کفاءة، چوست و چالاکی

خۆ: ذات ـ خۆی: ذاتی ـ خۆیەتی: ذاتیة

خورت: بەهێز، توندوتوڵ

خۆ: الانا ـ خودی

خۆنا ـ اللا انا، ناخودی

خۆکار: عفوی، بێ بەرنامەیی

هەستپێکەری خۆیی چالاك :حدس الذات الفاعلة

داپێچی: الحاح، اصرار، سوور بون، پێ لەسەر داگرتن

داڕشتن: فۆرمەلە کردن، صیاغە و داڕشتنەوە

داشكان: تنازل، وازهێنان له شتێك بۆ كهسێكی تر.

داهێنان: ابداع،بدعة.

زهمان وزهمين: شوێن وكات، الزمان و المكان.

زۆرهملیٚ: استبدادی

زۆرداری: دهستهلاتی زۆرداری، سلطةاستبدادية

زيادهوهری: مبالغه،زێدهوهڕی

سازان:وفاق،سازبون،كۆكبون

سازش: مساومة

سهرجهمی: شامل

سهرچاوه ئێشينييهكان: Apiori، منطلقاي قبليه-به پێی قۆناغ دهستنيشان دهكرێن

سهرداری: سياده

سنوردار: محدود

شاری بێوێنه: المدينه الفاضلة، شاری نموونهيی

شهبهنگی ڕۆژ: طيف الشمس

شهقلٚ: طابع، سمة

شمهكی نهختينهيی: سلع نقديه،شمهكی نهختی

شيكاری: تحليلی

شێواز: نمط

شێوه: شكل

ڕێنماکان، فرمانەکان: تعاليم

کاردانەوە: دژەکردار، رد فعل

کارلێك: تفاعل

کڵێسە: کەنیسە

کڵێسۆکێ: ادیرە

کۆنپارێز: محافظ، نەریت پارێز

کۆنکرێت: چاوێنی، ملموس

گەردوون: کەون

گەردیلە: ذرة

گەشەکردن: ازدهار

گریمانە: فرضية، بۆچوون

گشتێتی: سەرجەمیی هەموو، الکلی، العام

گوزەرگا: ممر، مسلك-ڕێڕەو

گومان: ظن

گیان: ڕوح

لاتنگیری: تطرف ـ لاتنگیری: متطرف، زێدەڕۆ،توندڕەو

لاشاندن: تجسید، بەرجەستەکردن، شێوەپێدان

لێکدانەوە: تفسیر

ماهییەت: ناوەڕۆك، جوهر، گەوهەر

ماندراو: شاراوە، کامن

ماترياركی: دایك سالاری، دایكێتی

مامناوەندی: معتدل

مشەخۆر: طفیلی

مۆڵبوون: تمركز، ناوەندگر

میللییە ئاژاوەچییەكان: الشعبیون الفرضویون

میللییە شۆڕشگێڕەكان: الشعبیون الثوریون

میللییە ھاندەرەكان: الشبعیون المحرضون

میتافیزیكی: بان سروشت، ئەودیو سروشت

ناكۆكییــە ھاوتەكــەكانی نــاوخۆ: التناقضــات الداخلــة اللازمــة،

ململانێ تەكیەكەكانی ناوخۆ

نامۆ: غریب، نەئاشنا

ناوەند: نێوكار، وسط

نەبوونی: عدمی

نەپەنی: شارراوە

نەفیگە: منفی، تاراوگە

نەنگ: عەیب، ناجۆر، ناپەسەند

نوبەلا: خاوەن مولكە گەورەكان(وەك خان و ئاغا)، پیاو ماقوڵ

نومینێنیسNoumenens: خودی شتەكان

واتا: مقولە، واتا، وتەزا

واقیعی پێدەری ڕاستەوخۆ: الواقع المعطى المباشر، واقیعی هەبوی ڕاستەوخۆ

ویست: ارادە

یەکبینە: بەردەوام، باستمرار

هاوبەشێتی سەرەتایی: میشاعەی سەرەتایی، المشاعة البدائية، پێکەیوە ژیانی بەرایی

هاوڕەگەز: هاوتوخم، متجانس

هەست: حاسە

هەستدانەوەAffecte: انفعال، دژە کردار، هەڵچوون

هەستوەر: حساس، بەهەست

هەستوەری: حساسیە

هەڵبەستراو: تلفیقی

هەڵچون و داچوون: المد والجزر

هەڵهێنجان: استنباط

هۆ: علە، سبب، فاکتەر، هۆکار

پەراوێزو تێبینییەکان

١ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەشی یەکەم، فەسڵی یەکەم،ل١٢

٢ـ مارکس و ئەنگلس،. دانراوەکان، بەرگی٢٠،ل٥١٣.

٣ـ سەیری کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەشی یەکەم، فەسڵی یەکەم بکە.

٤ـ مارکس و ئەنگلس، دانراوەکان، بەرگی ٢٣، ل٥٢٢.

٥ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢٠، ل١٨٥.

٦ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەشی یەکەم، فەسڵی سێیەم، ل٦١.

٧ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەشی یەکەم، فەسڵی سێیەم، ل٧٠.

٨ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەشی یەکەم، فەسڵی سێیەم، ل ٨٤و٨٥.

٩ـ مارکس و ئەنگلس، دانراوەکان، بەرگی ٣، ل١٢٦.

١٠ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢٣، ل٣٧٩.

١١ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، بەرگی یەکەم، فەسڵی سێیەم، ل١٠٠.

١٢ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ٢٩، ل٢٥٥.

١٣ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٢٩، ل٣٢٦.

١٤ـ مارکس و ئەنگلس، دانراوەکان، بەرگی٢٣،ل٦٩.

١٥ـ جواهیر لال نەهرۆ، دۆزینەوەی هیند، مۆسکۆ١٩٥٥،ل٢٣٣.

١٦ـ كورتەی مێژووی فەلسەفە، بەرگی یەکەم، ل٢٠٦.
١٧ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان،بەرگی٢٠، ل ٣٤٦.
١٨ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢، ل٣١٤.
١٩ـ هەمان سەرچاوەی، بەرگی٢، ل٣١٤.
٢٠ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل ٢٠٦.
٢١ـ هەمان سەرچاوە، ل٢١١.
٢٢ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی٢٠،ل٣٤٧.
٢٣ـ جۆردانۆ برنۆ. مناظرات،مۆسکۆ١٩٤٩،ل٢٩١.
٢٤ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان،بەرگی٤، ل٣٠٦.
٢٥ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٣٢،ل ٣٦١.
٢٦ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٣٢،ل.ل١٤٢ـ١٤٣.
٢٧ـ هەمان سەرچاوە،بەرگی ٢،ل١٤٠.
٢٨ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٢٤٧.
٢٩ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.
٣٠ـ هەمان سەرچاوە،،٢٨٠.
٣١ـ هەمان سەرچاوەل ٣١٠.
٣٢ـ هەمان سەرچاوە، ل٣١٩.
٣٣ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ٤٥، ل٢٦.
٣٤ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی١، ل ١٥٤.
٣٥ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢٥، ل ١٠٧.

٣٦ـ هەمان سەچاوە، بەرگی ٢٥، ل٩٣.

٣٧ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٢٧٤.

٣٨ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ٢، ل٧.

٣٩ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی٢١، ل٢٧٨.

٤٠ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢٠، ل.ل٥٦ـ ٥٧.

٤١ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ١٨، ل٢٠٦.

٤٢ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ١٨، ل٢٠٦.

٤٣ـ مارکس و ئنگلس، لەدانراوەکانی سەرەتا، مۆسکۆ١٩٥٦ـ،ل٤٤٢

٤٤ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٤١٠.

٤٥ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی ٢٠، ل٢٣.

٤٦ـ هیمبل، دانراوەکان، بەرگی١، ل ٢٦٤ـ٢٦٥.

٤٧ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی٢٠، ل٢٤.

٤٨ـ لینین، دانرلوەکان، بەرگی٢٩، ل١٦٢.

٤٩ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٢٩،ل١٧٩.

٥٠ـ هیمبل، دانراوەکان، بەرگی ١، ل٢٠٦.

٥١ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٤٢٣.

٥٢ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ٢٩، ل٢١٥.

٥٣ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢٩، ل٢١٥.

٥٤ـ هیگل، دانراوەکان، بەرگی١، ل ٣٤٤.

٥٥ـ هەمان سەرچاوە،بەرگی١،ل٦٠.

٥٦ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٣،ل٧٠.

٥٧ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٢،ل١٦.

٥٨ـ لینین، دانراوەکان،بەرگی٢٩،ل.ل١٧٨ـ ١٧٩.

٥٩ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ٢٩،ل٨٤.

٦٠ـ لۆدفێك فیورباخ، هەلبژاردە فەلسەفییەکان لە دوو بەرگدا، بەرگی١، ل١٩٩.

٦١ـ هەمان سەرچاوە،ل٢٠٢.

٦٢ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.

٦٣ـ هەمان سەرچاوە،ل٧١٣.

٦٤ـ هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

٦٥ـ هەمان سەرچاوە، ل٤٩٢.

٦٦ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٠٢.

٦٧ـ هەمان سەرچاوە، ل٤٣٠.

٦٨ـ هەمان سەرچاوە، ل١٩٠.

٦٩ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی ٢٩، ل٢.

٧٠ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٤٦٦.

٧١ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان،بەرگی٣، ل٤٤.

٧٢ـ هەمان سەرچاوە،بەرگی ٢١، ل٢٩٨.

٧٣ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل.ل٤٦٨ـ٤٦٩.

٧٤ـ مارکس و ئنگلس، دانراوەکان، بەرگی ٢١،ل٩٩.

٧٥ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی٢٠، ل٥٢٠.

٧٦ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی٢٠، ل٤٤.

٧٧ـ بیاینسکی، دانراوەکان،بەرگی ١٢، ل٣٣١.

٧٨ـ لینین، دانراوەکان،ل٢٦١.

٧٩ـ نامەکانی نێوان مارکس و ئنگلس لەگەڵ پیاوانی سیاسی ڕوس، مۆسکۆ١٩٥٦ل.ل١٨٧ـ١٨٨.

٨٠ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ١٨، ل٢٨٧.

٨١ـ هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢، ل٤٦٢.

٨٢ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە، ل٥٨٤.

٨٣ـ لینین، دانراوەکان، بەرگی ١، ل١٤١.

سەرنج:

١ـ ئەو ڕونکردنەوانەی لە پەراوێزی لاپەرەکاندا هاتوون ئەگەر ئاماژە بۆ هیچ شتێ یا ناوی نەکرابێ وا مانای ئەوەیە هەر لەدەقە عەرەبییەکەوە وەرگێراوون.

٢ـ مەبەست لە: لینین، دانراوەکان، "المو لفات الکاملە" یە.دیسان مەبەست لە: بیلینسکی، دانراوەکان،" المو لفات الکاملە"یە.

لەبەرهەمە بڵاوکراووەکانی نوسەر

١٩٧٣- ٢٠٠٥

یەکەم: نوسین و دانراو:

١ـ دیپلۆماسیتی بزوتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی ١٩٧٣.

٢ـ کۆماری میللی مەهاباد

چاپی یەکەم: کوردستان ـ ١٩٨٤.

چاپی دووەم: ستوکهۆڵم ـ ١٩٨٦.

٣ـ رەگ و ریشەی مێژوی تەقەلای بە عێراقی کردنی کوردو مەسەلەی کوردستان

چاپی یەکەم: سوید١٩٨٧

چاپی دووەم: سلێمانی ١٩٩٨

چاپی سێیەم: سلێمانی١٩٩٩

تێبینی: چاپی دووەم و سێیەم لەگەڵ (بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورددا رێکخراون).

٤ـ کوردو ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە

چاپی یەکەم: کوردستان ـ ١٩٨٨

چاپی دووەم: سلێمانی ـ ١٩٩٨

چاپی سێیەم: سلێمانی ـ ١٩٩٩

تێبینی: چاپی دووەم و سێیەم لەگەڵ(بازنەکانی ملمڵانێی و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورددا ڕێکخراون).

٥ـ دەوڵەتی جمهوری کوردستان ـ نامەو دۆکومێنت

بەرگی یەکەم ـ چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم ١٩٩٢

بەرگی دووەم ـ چاپی دووەم: ستۆکهۆڵم١٩٩٥

بەرگی سێیەم ـ چاپی سێیەم: ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

٦ـ بازنەکانی ملمڵانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد

چاپی یەکەم: سلێمانی ١٩٩٨

چاپی دووەم : سلێمانی ١٩٩٩

٧ـ کاروانی بێ کۆتایی:

چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٠

چاپی دووەم: سلێمانی٢٠٠٠

٨ـ ئەمریکاو عێراق و ئەگەرەکانی کورد لە بەردەم چاوەڕوانیەکاندا

چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٢

دووەم: وەرگێڕان:

١ـ دەرویشەکان بە دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن ـ لە عەرەبیەوە کراوە بەکوردی.

چاپی یەکەم: سوید ـ ١٩٨٣

چاپی دووەم: سلێمانی ـ ٢٠٠٠

٢ـ جولانــەوەی ڕزگاریخوازانــەی کــورد لــە خەباتیــدا بــۆ ســەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی ـ نووسینی پ. ڕادۆڤان پاڤیچ.

لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم ١٩٨٥

چاپی دووەم: کوردستان١٩٨٦

٣ـ کورتەی مێژووی فەلسەفە ـ لە عەرەبییەوە کراوە بەکوردی.

بەرگی یەکەم: چاپی یەکەم ـ سوید ١٩٨٨

٤ـ لە پێناوی گەشەپێدانی ئەرشیفە نوێ دامــەزراوەکانی کوردســتان ـ لەسویدییەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم: سلێمانی ـ ٢٠٠٠

٥ـ چون بنوسین ـ لە سویدیەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم ـ سلێمانی ـ ٢٠٠١

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی تری نوسەر کە بە ناوی ترەوە بڵاوکراونەتەوە.

خەباتی کرێکاران..

چاپی یەکەم ـ سلێمانی ١٩٧٣

چوارەم: لەگەڵ دەیان باس و لێکولینەوەو دیـدەنی کـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا لە وڵات و دەرەوەدا

بڵاوکراونەتەوە... بە تایبەتی:

لەڕۆژنامەی:

خـەبات، النـور، برايـەتی، التـاخی، كوردسـتانی نـۆی، ئـالآی ئـازادی، سـلێمانی نـوێ، رای گشـتی، ئۆپسـالانییە تیـدنینگ ـ سـویدی ـ سوید،كوردستانی نوێ ـ چاپی روسی ـ مۆسكۆ.

له گۆڤاری:

رزگاری، پەیڤ، رابوون، مرۆڤایەتی، گـزینگ، رێبـازی نـوێ، مامۆسـتای كورد، تایم، ئاینده، پێشمەرگه، گۆڤاری ناوخۆ، دەنگی مامۆسـتا، نـوێ دەم، نڤار، پەیڤین، ئاران، ئامانج...

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕ ٥
ـ ئەم چاپەی کورتەی مێژووی فەلسەفە	٧
ـ **بەشی یەکەم** ـ مێژووی فەلسەفە وەکو زانستێك.. بابەت و بەرنامەو بایەخی.	٢٢
ـ فەلسەفە لە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکاندا. ـ فەلەسە لە کۆمەڵگەی کۆیلەیەتیدا: لەمیسر، بابل ـ چین ـ هیندستان ـ یۆنان ـ ڕۆما.	٣٥
ـ فەلسەفەی کۆمەڵگەی کویلەیەتی لە ڕۆمای کۆندا.	٤١
ـ سەرەتای دەرکەوتنی دیالیکتیك و میتافیزیك.	٤٥
ـ مەتریالیزمی سەردەمی پەرەسەندنی دیمۆکراسیی کۆیلەیەتی.	٤٧
ـ فەلسەفەی سەردەمی هێلێنیستی.	٦١
ـ **بەشی دووەم** ـ فەلسەفە لەسەردەمەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا:	٦٩
١ـ بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی خۆرهەڵاتدا: چین ـ ئێران ـ ژاپۆن ـ بیزەنتە ـ هیندستان ـ فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی.	٧٠
ـ سۆفیزم و تەیارە کۆنپارێزەکان. فەلسەفەی جولەکە.. فەلسەفەی گەلانی پشتی قۆقاس و ئاسیای ناوەڕاست. بیری فەلسەفی لە ئەرمەنستان ـ لەجۆرجیا.	٨٣

٩٢	٢ـ فەلسەفە لەولاتانی ئەورووپای خۆرئاوادا.
١٠٣	٣ـ بیری فەلسەفی لەروسیادا (سەدەی نۆیەم ـ سەدەی حەڤدەیەم).
	ـ فەلەسەفە لەسەردەمەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا:
١١٢	ـ بەشی سێیەم ـ فەلسەفە لە ولاتانی ئەورووپای خورئاوا لە قوناغی گواستنەوەدا لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری
١١٦	ـ کولتووری مروڤایەتی و سەردەمی بوژاندنەوە ـ رینیسانس.
١١٨	ـ سوسیالیزمی یۆتۆپی
١٣٢	ـ بەشی چوارەم ـ پەرەسەندنی فەلسەفەو لەسەردەمی شورشە بورژوازییە کاندا کوتایی سەدەی ١٦ـکوتایی سەدەیی ١٨
١٤٣	ـ زانا و ئیدیۆلۆگەکانی فەلسەفەی بورژوای: لۆك دیکارت ـ هوبس ـ سپینۆزا
١٥٣	ـ فەلسەفە لەئینگلیستاندا کوتایی سەدەی ١٧ـ١٨.
١٥٥	ـ فەلسەفەی ئەڵمانی لەسەدەی حەڤدەهەمدا...
١٥٦	ـ روناکبیریی فەرەنساوی لەڤۆلتێرو ـ کوندیاك ـ رۆسۆ.
١٦٧	ـ مەتریالیستەفەرەنساویەکان لەسەدەی هەژدەمدا:دیدرولامتری ـ هولباخ ـ
١٧٠	ـ دانانی ئینسکلۆپیدیا.
١٧٤	ـ بەشی پێنجەم ـ پەرەسەندنی بیری فەلسەفە لە روسیای سەردەمی دەسەلاتی دەرەبەگێتی.
	ـ بەندەگێتی و سەرەتایی پێکهاتنی پەیوەندییە بورژوازییەکاندا.
[illegible]	ـ بیری فەلسەفی لە روسیا ـ کۆتایی سەدەی ١٧و نیوەی یەکەمی سەدەی

.١٨	
ـ را فەلسەفی و سۆسیۆلۆجییەکانی ڕووناکبیرانی نیوەی دووەمی سەدەی ١٨. ١٧٦	١٨٠
ـ ڕووناکبیرو نا مەتریالیستەکان لە کۆتایی سەدەی١٨و سەرەتتا سەدەی ١٩دا. ١٨٣	١٨٧
ـ را فەلسەفی و سۆسیۆلۆژییەکان.	
ـ **بەشی شەشەم** ـ فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی ١٩٠	~~١٨٤~~
ـ ڕیشەی مێژوی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵەمانی	
ـ فەلسەفە پێشکەوتولنەکەی کانت	
ـ فەلسەفەی فیختە	
ـ فەلسەفەی ئیدیالیستی بابەتی شیلنگ	
ـ **بەشی حەوتەم** ـ فەلسەفەی کلاسکی ئەڵەمانی ئیدیالزمی دیالیکتیانەی	٢٢٩
ـ فەلسەفەی هیگل لوتکەی ئیدیالیزمی کلاسیکی ئەڵەمانییە.	
ـ یەکێتی بون و نوختەی دەست پێکردنە لەفەلسەفەکەی هیگلدا.	
ـ تیۆری پراکتیکی لۆجیکسی هیگلی، هێلە گشتیەکانی دیالیکتیکی هیگلی.	
ـ فەلسەفەی سروشت.	
ـ فەلسەفەی گیان.	
ـ ستێم و بەرنامەی لەفەلسەفەکەی هیگلدا.	
ـ ناوکی ئەقڵیی دیالیکتیکی هیگلی.	
ـ **بەشی هەشتەم** ـ فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵەمانی:	٢٦١

	ـ مەتریالیزمی ئەنسرۆپۆلۆژی فۆیرباخ
	ـ هەڵوەشانەوەی قوتابخانەی فەلسەفەی هیگلیی.
	ـ مەتریالیزمی فۆیرباخ ـ گرنگترین ئەنجامەکانی هەڵوەشانەوەی قوتابخانەی هیگلیی بووە.
	ـ فۆیرباخ و ئەرکەکانی "فەلسەفەی نوێ".
	ـ رەخنە لە فەلسەفەی ئیدیالیزم.
	ـ رەخنە لە ئایین.
	ـ تێگەیشتنی مەتریالیستانەی سروشت.
	ـ تیۆری زانین.
	ـ پەرەپێدانی ئایندەی مەزەبی هەستیی.
	ـ را کۆمەڵایەتی و رەوشتییەکان.
٢٩٥ ٣٨٧	ـ بەشی نۆیەم ـ فەلسەفەی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان لە ڕوسیا و وڵاتانی تردا..
	١ـ بیری فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی لە ڕوسیادا لە چلەکانەوە تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم.
	ـ مەتریالیزمی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان و تێکۆشانیان لە دژی ئیمپریالیزم
	٢ـ بیری فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی لای گەلانی ڕوسیای قەیسەری لە سەدەی نۆزدەهەمدا.
	٣ـ رێبازە پێشکەوتووەکان لە بیری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لای گەلانی ئەورووپای خۆرهەڵات لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

٤. ئیدیۆلۆگە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی چین لە سەدەی نۆزدەهەمدا.سون یات سن.	٣٢٩
. بەشی دووەم . سەرەتای هەڵوەشانی فەلسەفەی بۆرجوازی [٣٢٦]	٣٣٤
. فەلسەفەی شۆپنهاوەر نۆژنەری تێندێنسی نائەقڵی بۆرجوازییە.	٣٣٥
. سیورین کێرکیگارد فەیلەسوفی نا ئەقڵی ئایینی . یە.	٣٣٩
- پۆسەتیفیزمی ئۆگەست کۆنت.	
. فەرهەنگی زاراوەو وشەکان [٣٣٨]	٣٤٨
. وشەکان [٣٦٤]	٣٧٤
. پەراوێزو تێبینییەکان [٣٧٢]	٣٨٢
. لەبەرهەمە بڵاوکراوەکانی نوسەر [٣٧٧]	٣٨٨

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر

ژ	ناوی کتێب	نووسەر	وەرگێڕان لە	وەرگێڕ	شوێن	چاپخانە	ساڵ	لاپەڕە	بابەت
١-	گرەو	عەزیز نەسین	عەرەبی	جەمال کریمستوری	هەولێر	(ب-ق)	٢٠٠٣	٢٨	چیرۆکی وەرگێڕدراو
٢-	بێناسناسەکان ب٢	عەزیز نەسین	فارسی	حەمە کەریم عارف	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٣	١٦٠	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
٣-	ئاگا و شێخ و دەوڵەت ب١		ئەڵمانی		سلێمانی	شڤان	٢٠٠٣	٣٦٠	کۆمەڵناسی
٤-	کورد و کوردستان- بەشی (١-٢) ب٢	محەمەد ئەمین زەکی			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٣	٢٧٢+ ٢٧٨	مێژووی کورد
٥-	مرۆڤ لە نێوان پەروەردە و چەرمەسەریدا	سابیر بەکر بۆکانی			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٣	٢١٦	کۆمەڵناسی
٦-	کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا	کریس کۆچێرا	فارسی		سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٤٦٤	مێژووی کورد
٧-	چارەکانی ب١	بزورگی عەلەوی	فارسی		سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٣٦٠	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
٨-	ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان	م. ڕۆزنتال	عەرەبی	محەمەد وەسمان	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٥٥٠	فەلسەفە
٩-	پەیوەندییەکانی کوردییان لە وڵاتی بابان و شیروان	د. جەمال ڕەشید	عەرەبی	ماسۆمی محەمەد حەمە قادر	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٣٣٠	مێژووی کورد
١٠	بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ ب٢	مارسێل بریۆن	فارسی	حامەی حەمە سەعید	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٣٢٤	بیرەوەری

	٨ھ								
-١٢	ئایکی ئینتەرنێت؟	سەرکەوت پێنجوێنی			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٩٨	ئینتەرنێت
-١٣	فێربوونی ئەرمەنی بە ئاسانی	کورتۆ ئەحمەد			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٦٣	زمان - فێربوون
-١٤	سەرۆک لە نێوان پەرلەمەنت و جەمهوریەتدا؟	سابیر بەکر بۆکانی			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٣٠	کۆمەڵناسی
-١٥	کێشە سێکسییەکان،ب٢،				سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٢٠	پەروەردەی سێکسی
-١٦	ئازادی یا مەرگ	نیکۆس کازانتزاکیس	فارسی	حەمە کەریم عارف	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٥٦٠	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
-١٧	فەرهەنگی [illegible]- کوردی	فازیل نیزامەدین			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٨٤٥	فەرهەنگ
-١٨	زمانناسی و هەندێک لە بابەتی زمانناسیی کوردی	سەلام ناوخۆش			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٠٣	زمان
-١٩	تەعەسوب و فەلسەفە	کەریم دەشتی			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٥٢٧	ئەدەب
-٢٠	چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی	سەمەدی بیهرەنگی	فارسی	حەمە کەریم عارف	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٢٤٠	چیرۆک
-٢١	ئێواران یادی خەوم لێ دێ	چلوور ئامیق حەسەن			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١١٢	شیعر
-٢٢	ئەفسانەی گریکی و ڕۆمانی	گرێس.ھ. کوپەر	فارسی	حەمە کەریم عارف	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٥٢	ئەدەب

-٢٣	جان جاك رۆسۆ				سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٩٨	فەلسەفە
-٢٤	ڤۆلتێر	ئەندریە كریسۆن	رەحیم سابیر	عەرەبی	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٥٦	فەلسەفە
-٢٥	سەدەی یەكەمی خەیاڵ	كاروان عومەر كاكەسوور			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٤	٢٢٤	چیرۆك
-٢٦	ڕێزمانی ئینگلیزی زانكۆیی				سلێمانی	گەنج	٢٠٠٤	٢٠١	زمان - فێربوون
-٢٧	لە نێوان (پێغەمبەرایەتی و شێتی)دا ب٢				سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٠٢	كۆمەڵناسی
-٢٨	دوا ڕۆژی مەحكومێك		ئەڵمانی	عەبدولرەحمن دەشتی	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٤	١٢٧	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
-٢٩	كورد لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا ب٢	كریس كۆچێرا	فارسی		سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	٤٦٤	مێژووی كورد
-٣٠	ژنە مۆمیاییەكە	ئەردەڵان عەبدوڵڵا			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٤	١٧٤	چیرۆك
-٣١	[illegible] ب٢	كاروان عومەر كاكەسوور			سلێمانی	شڤان	٢٠٠٥	٢٢١	چیرۆك
-٣٢	سەد ساڵ تەنیایی ب٢	گابریل گارسیا ماركیز	فارسی	حەسەن ڕەستگار	سلێمانی	شڤان	٢٠٠٥	٢٨٧	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
-٣٣	فەرهەنگی خاڵ (فارسی - كوردی)				سلێمانی	پەروەردە	٢٠٠٥	٢٧٠	فەرهەنگ
-٣٤	هەولێر و ... ب٢	سەعید مەولود بێخاڵی			سلێمانی	پەروەردە	٢٠٠٥	٣٧٤	مێژوو
-٣٥	سەدەی یەكەمی خەیاڵ	كاروان عومەر كاكە سوور			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٤	٢٢٤	چیرۆك
-٣٦		[illegible]			[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]

-				زانە					
-	زمانی کوردی و پەیامەوەنی ڕووداو و ئاوێنەیی شانۆیی	جەلیل کاکەوەیس			سلێمانی	بینایی	٢٠٠٥	١٥٣	ئەدەبی کوردی
-	هونەری شیعر ، ج ٢	هۆراس	ئینگلیزی	د. حەمید عەزیز	سلێمانی	چوارچرا	٢٠٠٥	٥٥	ئەدەب
-	ڕەهەندی (ڕەهەندی زمانی کوردی)	فوئاد ڕەشید			سلێمانی	ڕەنج	٢٠٠٥	١٩٧	ئەدەبی کوردی
-	ئیرۆتیکی – کۆمەڵە وتار	محەممەد ڕەسمان			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٠٧	زانیاری گشتی
-	مێژووی هاوچەرخی کورد ، ج٢	دیڤید مەکداول	فارسی	ئەبووبەکر خۆشناو	سلێمانی	پەروەردە	٢٠٠٥	٧٤٧	مێژووی کورد
-	بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی	د.عومەر ئیبراهیم عەزیز			سلێمانی	چوارچرا	٢٠٠٥	٣٢٠	بیبلۆگرافیا
-	زانستی گۆرانی – چەپکێک لە هۆنراوەی گۆرانی	شێروان حەسەن حوسێنی			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	٢٥٢	شیعر
-	لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ج ٢	ڕێبوار سیوەیلی			سلێمانی	شڵان	٢٠٠٥	٢٢٤	کۆمەڵناسی
-	فەلسەفەی ئازادی ، ج٢	سیامەند شێخ ئاغایی			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٥٣	چیرۆک
-	سەگی سووری	سیامەند شێخ ئاغایی			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٩٠	ڕۆمان

٤٨-	[illegible]	شێروان حەسەن حوسێنی			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٢٠	شیعر
٤٩-	کیمیاگەر	پاولۆ کۆیلۆ	فەرەنسی	ئاسۆی حەسەن زادە	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٤٨	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
٥٠-	[illegible] ٢	عەبدوڵڵا سەراج			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٧٢	ڕۆمان
٥١-	[illegible] ٢	زانا خەلیل			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	٥٠	شیعر
٥٢-	[illegible] ٢	عەبدوڵڵا سەراج			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	٨٥	نۆڤلێت
٥٣-	نیگا ٢	سابیت ڕەحمان	فارسی	حەمە کەریم عارف	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	٢٨٨	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
ژ	ناوی کتێب	نووسەر	وەرگێڕان لە	وەرگێڕ	شوێن	چاپخانە	ساڵ	لاپەڕە	بابەت
٥٤-	پێغەمبەر	جیبران خەلیل جیبران	فارسی	عیمران هاواری	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٠٦	پەخشان
٥٥-	[illegible]	سابیر ڕەشید			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	٧٩	چیرۆک
٥٦-	[illegible]	بەهرە موفتی			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٠٢	شیعر
٥٧-	مفهوم الفيدرالية	د. نوری طالبانی			السليمانية	گەنج	٢٠٠٥	٧١	یاسایی
٥٨-	[illegible]	زانا خەلیل			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٠٩	شیعر
٥٩-	[illegible]	عەزیز نەسین	عەرەبی	پەروەردە مەخموری	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٠٨	ڕۆمانی وەرگێڕدراو
٦٠-	[illegible]	عەزیز نەسین	عەرەبی	سەباح ئیسماعیل	سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٥٣	ڕۆمانی وەرگێڕدراو

-	تەزمەر	عەبدوڵڵا سەراج			سلێمانی	گەنج	٢٠٠٥	١٧٩	ڕۆمان
-	پەیڤخانەییەکان ماڵپاتێکی خەباتکار	یوسف ئەحمەد			هەولێر	منارە	٢٠٠٥	١٣٠	ڕۆژنامەگەری
-	سانی شەرەیی و سێ چاسی کوردی	حەمە ساڵح فەرهادی			سلێمانی	سیما	٢٠٠٦	٨٨	ئەدەب- ئیکۆلۆجیەوە
-	سەمای ئەهەندان	خالید جوتیار			سلێمانی	سیما	٢٠٠٦	٢٠٥	ئەفسانە
-	کەشتێکە بەرەو ژانەکان	زانا خەلیل			سلێمانی	سیما	٢٠٠٦	٢٧٥	ڕۆمان
-	کورتەی مێژووی فەلسەفە		عەرەبی	مەحموود مەلا عززەت	سلێمانی	سیما	٢٠٠٦	٢٩١	فەلسەفە